# کابینەی چوارەم
# تەمەنێکی کەم و بەرهەمێکی زۆر

چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢دا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

# کابینەی چوارەم
# تەمەنێکی کەم و بەرهەمێکی زۆر

## چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ۲۰۰۲دا

ئامادەکردنی:
**هەڵمەت حەمید**

پێداچوونەوەی:
**بەدران ئەحمەد**

ناوی کتێب: کابینەی چوارەم- تەمەنێکی کەم و بەرهەمێکی زۆر - چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ۲۰۰۲دا
ئامادەکردنی: هەڵمەت حەمید
پێداچوونەوە و سەرپەرشتی: بەدران ئەحمەد حەبیب
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ۱۸۰
دەرهێنانی هونەری و خشتەکانی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: ئەحمەد هاشم، ئاراس ئەکرەم، هەژار شێخ زرار
وێنەکانی بەرگ: عەبدولستار کەریم، ئەیوب محەمەدساڵح
وێنەکانی ناوەوە: وێنەگری وەزارەتەکان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، لوتفی شۆڕش
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ۲۰۰۳
تیرێژ: ٤۰۰۰ دانە
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (۷۸)ی ساڵی ۲۰۰۳ی دراوەتێ



باوکی نەتەوەی کورد: بارزانیی نەمر



سەرۆک مسعود بارزانی



نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان



سەرۆک مسعود بارزانی
لە وتارێکدا لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان



کۆبوونەوە مێژوویییەکەی پەرلەمانی کوردستان
بەئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆک بارزانی و مامجەلال و میوانانی بیانی و خۆیی
٤ تشرینی یەکەم ٢٠٠٢



کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران
بەسەرپەرشتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی



سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران
لە کۆبوونەوەیەکدا بۆ چارەسەری کێشەی کارەبا



تەلاری سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی
لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی پردی بەستۆرە – هەولێر



بەڕێزان سەرۆکی حکوومەت و وەزیری کاروباری ئەنجوومەن
لە دیمانەیەک لەگەڵ یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا



بەڕێزان جێگری سەرۆکی حکوومەت و وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری
لە بەسەرکردنەوەی پرۆژەیەکدا


لەژێر چاودێری بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین
وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران
دواناوەندی نێرگزی کچان
دووشەممە ٤/١١/٢٠٠٢ کاتژمێر (١٠)ی بەیانی

## کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم بەڕێزانە پێک دێت

١- بەڕێز نێچیرڤان بارزانی: سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران
٢- بەڕێز سامی عەبدوڕەحمان: جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران
٣- بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین: وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران
٤- بەڕێز کەریم سوڵتان سنجاری: وەزیری ناوەخۆ
٥- بەڕێز حەمید حوسێن مەلا: وەزیری کاروباری پێشمەرگە
٦- بەڕێز عەبدولعەزیز تەیب: وەزیری پەروەردە
٧- بەڕێز سەرکیس ئاغاجان: وەزیری دارایی و ئابووری
٨- بەڕێز عەدنان نەقشبەندی: وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی
٩- بەڕێز هادی عەلی: وەزیری داد
١٠- بەڕێز مەحمود محەمەد: وەزیری ڕۆشنبیری
١١- بەڕێز سەعد عەبدوڵڵا: وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری
١٢- بەڕێز شێخ عەبدولموهەیمن بارزانی (وەزیری هەرێم): وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار (بەوەکالەت)
١٣- بەڕێز یۆنان مرقس: وەزیری پیشەسازی و وزە
١٤- بەڕێز شەفیق قەزاز: وەزیری یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری
١٥- بەڕێز جەمال عەبدولحەمید: وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی
١٦- بەڕێز نەسرین مستەفا: وەزیری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان
١٧- بەڕێز نازەنین محەمەد وسو: وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن
١٨- بەڕێز حەیدەر شێخ عەلی: وەزیری گواستنەوە و گەیاندن
١٩- بەڕێز محەمەد ئیحسان ڕەمەزان: وەزیری مافی مرۆڤ
٢٠- بەڕێز فەلەکەدین صابر کاکەیی: وەزیری هەرێم
٢١- بەڕێز مەحمود کاوە حەفید: وەزیری هەرێم
٢٢- بەڕێز یوسف حەننا یوسف: وەزیری هەرێم
٢٣- بەڕێز جەودەت جەرجیس نەجار: وەزیری هەرێم
٢٤- بەڕێز نەمر کەچۆ هسام: وەزیری هەرێم
٢٥- بەڕێز عەبد کەریم مراد: وەزیری هەرێم

## پێشەکی

لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کابینەی چوارەم لە ڕێکەوتی ٢٠ی کانوون (١)ی **١٩٩٩** بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕاپۆرتێکی فرەوان و هەمەلایەنەی لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا پێشکێش کرد و تیایدا هێلە پانەکانی کارنامەی کابینەی چوارەمی خستە ڕوو. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر خاڵەکانی ئەو ڕاپۆرتە و بەراوردی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە بکەین لەگەڵ ئەو کارانەی لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا کراون، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کەو(وتار) و (کردار)ی حکوومەتی هەرێم یەک شت بوونە. ئەمەش دڵنیایی داوە بەمیللەت و وای لێ کردووە وا هەست بکات لەژێر سایەوانێکدا دەژی کە خاوەنی بەڵێن و کارنامەی خۆیەتی و بۆی تێ دەکۆشێ.

ئەو کاتەی بەڕێز سەرۆکی حکوومەت ڕاپۆرتی ئاماژە پێدراوی خۆی لەبەردەم پەرلەماندا خوێندەوە، خەڵک ئاواتەخواز بوو کەوا ئەو کابینەیە بتوانێ ئەو بەڵێنانە بەجێ بگەیەنێ. لەوانەیە هەندێک کەسیش دڵنیا نەبووبن کەوا حکوومەتی هەرێم لە هەلومەرجی ئاڵۆزی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا، بتوانێ هەموو ئەو قسە و بەڵێن و پرۆژە و پێشنیازانە بەئەنجام بگەیەنێ.

لە ماوەی سێ ساڵ و چەند مانگی ڕابردوودا، پرۆگرامی کارەکانی حکوومەت بەتیرەیەکی بەردەوام و هەڵکشاو بەرەوپێش ڕۆیشتووە. لە بواری هێمنی و تەبایی و تەناییدا، هەرێمی کوردستان هەرگیز ئەو جێگیری و ئارامییەی بەخۆیەوە نەدیوە کە ئەمڕۆ و لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا هەیبووە. لە بواری سەروەریی یاسا و جێبەجێکردنی پێڕەو و ڕێنوێنییەکاندا ڕۆژ بەڕۆژ هەنگاوی حکوومەت و میللەت بەرەوپێش بوونە. چالاکییە ئابوورییەکانی خەڵک و بزاڤی ڕۆشنبیری و ئازادیی هاتوچۆ و کارکردن و ڕۆژنامەوانی پێشکەوتنی بەرچاویان هەبووە.

ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاری و هاودەنگیی میللەت و حکوومەت. کورد گوتەنی (چەپڵە بەیەک دەست لێ نادرێ). گەلی کوردستان کە دەیان ساڵ قوربانیی داوە و ڕەنجی کێشاوە و خوێنی بەخت کردووە تا بەم ئازادی و ئەزموونە گەیشتووە، ئەمڕۆش پشتیوانیی لێ دەکات و دەیپارێزێ و بەرەوپێشی دەبات.

لەوانەیە بۆ ئێمە کە هەر لەناو کوردستاندا دەژین، کەمتر هەست بەپێشکەوتن و گۆڕانەکان دەکەین، بەڵام میوانانی بیانی یان ڕۆژنامەنووسانی دەرەوە یان کوردی خۆمان

کـە ناوبەناوێک دێنەوە بۆ سـەردان، هەست بەپێشـکەوتن و گـۆڕانەکـان دەکـەن. ئەمـڕۆ یەکەتییەکی ئەوتۆ لە نێوان میللەت و دەسەڵاتی کوردیدا هەیە کە ئەم پتەوی و یەکەتییە لەناو کورددا بەشێوەی ئەمڕۆی جێگیر و چەسپاو نەبووە.

هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستی بۆ وڵات و حکوومەتی هەرێم گەیشتووەتە ڕادەیەک کە خۆمـان و دۆسـتـانمان پێی شاگـەشکە ببین. ئەمـەش لەم ڕۆژانەدا دووپات بووەوە کە هەڕەشە و مەترسیی ڕاستەوخۆ لە دەرەوەڕا ئاڕاستەی ئازادی و ئەزموونەکەمان کران.

ئەمـانە نیـشـانەی ئەوەن کـەوا لە مـاوەی سـاڵانی ڕابردوودا حکوومـەتی هەرێم زۆر هەنگاوی ناوە و خـزمـەتگوزاریی زۆری پێـشـکێش کـردووە و زیاتر ئەزمـوونەکـەمـانی چەسـپـاندووە. بەڵام بۆ ئێـمـەی کـورد کـە زۆر لە کـاروانی گـەلان بەجێ مـاوین، ئەوەی کردوومانە لەچاو ئەوەی ویستوومانە زۆر کەمە. هەر ئەم ڕاستییەشە ئەو پێوانەیەی کە سـەرۆکـایەتیی حکوومـەتی هەرێم ڕەچاوی دەکـات. پرۆژە و نەخـشـە و ئامـانجـەکـانی داهاتووی یەکجار گەورەترن لەوەی ئەنجامی داون. ئەمانەش هەموویان بەیەکڕیزی و دەست لەناو دەستیی میللەت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دێنەدی.

ئەوەی لەم کتێبەدا پێشکێش دەکرێت بریتییە لە پوختەی چالاکییەکانی حکوومەت لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا. هەر بۆ وەبیرهێنانەوەی خوێنەران و شارەزایان ڕاپۆرتێکیشمان لەبارەی پوختەی کارەکانی حکوومەت لە ماوەی هەر سێ ساڵەکە ٢٠٠٠ - ٢٠٠١ - ٢٠٠٢ کردووە بەپێشەکی. هەر بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بارودۆخی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢، چەند وتارێکمان هەڵبژاردووە کە هەریەکەیان بایەخێکی مێژوویی هەیە بۆ ئێستا و پاشەڕۆژ. لەوانە، وتاری سەرۆک مسعود بارزانی لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە بەریتـانیـا لە کـانوونی (١) ٢٠٠٢؛ هەروەها وتاری بەڕێز سـەرۆکی حکوومـەت لە کـۆنفـرانسی کـورد کلیلی سـەقـامگـیـرییـە لە عـێـراق لە سـەنتـەری بارزانی لە زانکۆی ئەمـەریکا. هەروەها وتارێکی بەڕێز جێگری سـەرۆکی حکوومەت کـە لە کـۆنفـرانسـێکی تایبـەت بەحکوومـەتی هەرێم لە کـۆپنهـاگنی پایەتەخـتی دانمارک پێـشـکێش کـرا. دوا وتاریش وتاری بەڕێز وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیرانە کە لە ساڵوەگەڕی سێیەمی دامەزراندنی کابینەی چوارەمدا بڵاوکراوەتەوە.

هیـوادارین ئەم کارەمـان مـایەی ڕەزامەندیی هەموو لایەک بێت و خوێنەران و شارەزایان سوود لەم بەرهەمە وەربگرن.

بەدران ئەحمەد

## وتاری بەڕێز سەرۆک مسعود بارزانی
## لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

خوشک و برایان

ئەندامانی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، لەم کۆبوونەوە مێژووییەدا سڵاوتان لێ دەکەم، کە تیایدا گوزارشت لە یەکێتی نیشتمانەکەتان دەکەن، هەوڵ و کۆششی لیژنەی ئامادەکار بەرز دەنرخێنم و بەخێرهاتنی میوانان و دۆستان دەکەم کە موتابەعەی کارەکانی کۆنگرە دەکەن.

زۆر شادمانم کە کۆبوونەوەکەمان لە وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوەی مێژوویی نیشتمانەکەمان بەدەسپێشخەری زۆربەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و بەتەمویلی عێراقی دەبەسترێت. من لە بەردەم ئێوە و لە بەردەم جیهان قسە لەسەر گەورەیی ئەو قوربانییە زۆرانە ناکەم، کە گەلی عێراقمان بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی پێشکەشی کردووە لە بەرامبەر تەمیزی رەگەزپەرستی، پاکتاوی رەگەزی و سیاسەتی بەزۆر کۆچ پێکردن کە رژێمەکانی عێراق موومارەسەیان کردووە، کاتێک هەموو پەیماننامە و پابەندبوونە سیاسی و ئەخلاقییەکان و راسپاردەکانیان فەرامۆش کرد، کە دەوڵەتی عێراقی تازە لەسەریان دامەزراوە. بەڵام من ئەمڕۆ باس لەو وانە مەزنە دەکەم کە لە شەڕی رزگاریخوازی نەتەوەیی دوورودرێژ و دژواری خۆمانەوە دەستمان کەوتووە.

سەرەڕای هەموو برینەکان پابەندبووین بەسەوابتەکان، هەمیشە بۆمان دەرکەوتووە کە دیموکراسی بۆ عێراق باشترین چارەسەرە بۆ کێشەی حوکمڕانی و دۆزی کورد، هەروەها بەهەموو شێوە و شێوازێک کارمان بۆ لەناوبردنی زەبروزەنگ و تیرۆر کردووە، هیچ کاتێک ئێمە دەستپێشخەری شەڕ نەبووینە، ئەگەر هێرشمان نەکرابێتە سەر و شەڕ بەسەر گەلە بێ گوناهەکەمان نەسەپێندرابێت، بۆیە دروشمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەر لە ساڵی (١٩٦١)ـەوە (دیموکراتی بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان) بووە.

ململانێیەکانی ئێمە لەگەڵ رژێمە دیکتاتۆرییە فەرمانڕەواکان بوو. ئێمە لە ماوەی ئەزموونە درێژەکەماندا گیانی لێبوردەیی و برایەتی و پێکەوە ژیانی هاوبەشمان لە نێوان رۆڵەکانی یەک نیشتماندا لە عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشووری و کلدانەوە

بلاوکـردۆتەوە، هەمـیـشـە بڕوامـان بەوە هەبوو کـە گـفـتـوگـۆ و دیالۆک ڕێگامـانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان، هەر چ کاتێک هەستمان کردبێت کە ناوەند ئامادەیی هەیە بۆ قبوڵکردنی ئەمە.

هیچ کاتێک بزووتنەوەی خەباتگێڕی کورد بزووتنەویەکی نەتەوەیی سرف نەبووە، بەڵکو پەناگەیەک و سەنگەرێکی ئەمین بوو بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەهەموو لایەنەکانیەوە. لە ماوەی ئەو (٤٠) ساڵەی رابردوو کوردستان هەمیشە مینبەر و شوێنی کاری هەموو ئەو مرۆڤە ئازادانە بوو کە بۆ پاراستنی پرانسیپ و کەرامەتی خۆیان تێدەکۆشان.

فەزڵی پابەندبوونیشـمان بەم پرانسـیپـانە بۆ بارزانیی نەمـر دەگەڕێتـەوە، بەوەی جۆرە ڕێسایەکی بۆ بەهاکان دارشت کە بەهیواوە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان ببینەوەو بەپرانسیپ تیـمـاریان بکەین و هیـچ کـاتێکیش لە ناخـۆشـتـرین بـارودۆخ کـە بەسـەرمـان داهاتووە دەسـتـبـەرداری ئەم بەهایانە نەبووین. کورد لـە دروسـتـکردنی دەوڵەتی عـێـراقـدا ڕۆڵـێکی گـرنگی گێـڕاوە لەمـیـانەی هاوبەشی لەگـەڵ گەلی عـەرەب لە عـێـراقـدا کە بۆ (٧٥)سـاڵ دەگەڕێتەوە.

ئەمرۆ لەم مینەبەرەدا رایدەگەیەنین مافی هەموو عێراقیانە لە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی گـەلی کـورد و دروسـتـکردنی ئەزمـوونێکی سـیـاسی تەعـەددودی سـوود وەرگـرن کـە تـیـایـدا ئازادی ڕادەربڕین هەیە و کـەرامـەتی خـەڵکی پارێزراوە و یاسـا لەسـەر بنەمـای عـەدل و یەکسانی سەروەرە و کێشەکان لەسەر بنەمای دیالۆگی برایانە چارەسەر دەکرێت.

هەمیشـە خۆزگـەمان ئەوەیە کە ئەزمـوونەکەمان ببێـتە ئەزموونێکی گشـتی و هەمـوو عێراق بگرێتەوە. ئەو سیاسەتمەدار و پسپۆڕانەی ئەزموونی کوردیان دروست کردووە هیچ لەوە ناپرینگێنەوە کە شان بەشانی هەمـوو بـرا عـێراقـییـەکـانیـان، عـێراقـێکی نوێی ئازاد دروست بکەن. سەرەڕای سیاسەتە خوارەکانی ڕژێمەکانی عێراق و سەرەڕای شوێنەواری دوو شەڕە خاپوورکارەکانی هەشتاکان و نۆهەدەکان و شالاوە سەربازییە تێکدەرەکان دژی گـەلە بێ گـوناهەکـەمـان، سـەرەڕای کـۆڕەوە ملیـۆنیـەکـەی بەهاری (١٩٩١) و ئابلـوقـەی ئابووری، بەلام ئەزمـوونێکی دیموکراتی پێشکەوتوو لە کـوردسـتـانی عـێـراق دامـەزراوە و سەرنج و ڕێزی هەمـوو ویژدان زیندوویەکی جیـهـانی بۆ خۆی ڕاکێشـاوە، وەک ئەوەی بۆتە مایەی رەزامەندی گەلەکەشمان.

ئێـمـە بانگەشـەی ئەوە ناکـەین کە ئەزمـوونەکە تەواو و بـەبێ هەڵـەیە، بەلام ئێـمـە هەمـوو

لایەنە ئیجابییەکانی دەخەینە خزمەت هەموو عێراقیان بۆ دامەزراندنی ئەو دیموکراتییەی ماوەیەکی زۆرە خەباتی بۆ دەکەن.

گەلی کورد لە ئاکامی ئەزموونە دوورودرێژەکەیەوە و لە ئاکامی ئەزموونەکانی دیکەی جیهان بۆی دەرکەوتووە کە چارەسەری فیدرالّی باشترین چارەسەرە. هەر بۆیە گەلی کوردستان لە ڕێگەی پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکەیەوە بەکۆی دەنگ فیدرالیزمی وەک مەنهەجێک و ڕێگایەک هەڵبژاردووە، ئێمەش لەم کۆنگرەیە چاوەڕوان دەکەین کە وەڵامی ئەوە بداتەوە و وەکو سیستەمێکی سەرکەوتوو پشت بەفیدرالّیزم ببەستێ بۆ بەڕێوەبردنی عێراق و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە عێراقدا، فیدرالیزم یەکێتی نیشتمانی و سەروەری عێراق پتەو دەکات و ڕێگە لە بەردەم مەرگەساتی نوێ دادەخات و بەفیڕۆچوونی وزە و داهاتەکان قەدەغە دەکات، دیارە ئەم چارەسەرییەش چارەسەرێکی شارستانی و هاوسەنگ و دابینکەری مافی هەمووان دەبێت، وەک ئەوەی لە پێش ئێمەشدا زۆر گەلانی شارستانی و پێشکەوتوو پەیڕەویان کردووە.

خوشک و برایان

ئەو ئەمانەتەی لەم کۆنگرەیەدا لە ئەستۆتانە ئەوەیە کە دەبێت لە ئەوپەڕی هاریکاری و هاوکاریدابن بۆ ئەوەی هیوای گەلەکەمان لە ئێوەوە بێتە دی، ئامانج هەر یەکێکە، هەر چەندە ئیجتهادەکان فرەبن، ئەوەندەمان بەسە بۆ ئایندەمان کۆششەکانمان یەک بخەین لە بری ئەوەی خۆمان بکەینە دیلی ڕابردوو و شوێنەوارەکانی. ئێستا لەسەر هەموومان پێویستە ناکۆکییە لاوەکییەکانمان بەلاوە بنێین بۆ ئەوەی عێراقییەکان وەکو کەسانی ئەمین بمانبینن، کاتێک مژدەی دیموکراتی و تەعەدودی سیاسی و دادپەروەری و یەکسانی و بەرقەراربوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چاوەڕوان کراویان پێ دەدەین. هیوامان پێتانە کە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆنگرەدا پشت بەمەنهەجێکی عەمەلی و واقیعی دەبەستن.

ئەزموونی (٤٠) ساڵ فێری کردووم کە ئارامگرتن و لێبوردەیی ڕێگای گەیشتنە بەچارەسەری دروست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵم و تەحەدی.

خوشک و برایان

ئەو پەیامەی ئەمڕۆ دەمانەوێ بیگەینینە جیهان ئەوەیە کە ئێمە توانای بەڕێوەبردنی کاروباری خۆمان هەیە بەبێ ئەوەی کەس دەخالەت لە کاروبارمان بکات.

هیچ کاتێک ڕاست و دروست نییە بارودۆخی وڵاتی ئێمە لەگەڵ بارودۆخی وڵاتانی

دیکە بەراورد بکرێت، عێراق بەخەڵک و سامان و ئەزموونی سیاسەتمەدارانی و خەباتە دوورودرێژەکەیەوە دەوڵەمەندە، ئێش و ئازاری (٤٥) ساڵ رووبەڕووبوونەوەی زەبروزەنگ و زوڵم بەسە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ یا سبەی کاری خۆمان ئەنجام بدەین، ئەزموونی فراوانمان و دڵسۆزی بێ سنوورمان بەسن، بەوەی ئێمە ئامادەین کاروباری گەلی عێراقمان بەڕێوە ببەین، ئاسایش و سەقامگیرییەکەی دابین بکەین و پارێزگاری لە سەقامگیریی ناوچەکە بکەین بەبێ دەستتێوەردان لەکاروباری ئەوانی دیکە یا دەستتێوەردانی ئەوانی دیکە لە کاروبارماندا.

هەروەها نابێت هیچ گۆڕانکارییەک لە عێراقدا دژی بەرژەوەندی و کەرامەتی گەلی عێراق بێت. دیسان لێرەوە رایدەگەیەنم عێراقێکی ئازاد و دیموکراتی کەشوهەوایەکی متمانە لەگەڵ هەموو دراوسێکان دەخولقێنێ و ئاسایشی ناوچەکە و ئاسایشی هەمووان دەپارێزێت و دەبێتە توخمێکی ئیجابی بۆ دابینکردنی سەقامگیری چاوەڕوان کراو بۆ ئەم ناوچە هەستیارە.

بۆیە هەموو دەستتێوەردانێکی ئیقلیمی رەت دەکەینەوە، لەبەر ئەوەی ئاڵۆزی و پشێوی سلبی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. لەم مینبەرە نیشتمانییە گشتییەدا لە ئۆپۆزسیۆنی عێراق داوا دەکەین دەرفەت لە بەردەم هەموو وزە و ئەزموونەکان بەبێ جیاوازی و بەگیانێکی لێبوردەیی و برایانە بکاتەوە بۆ بەشداریکردن لە کاری سیاسی فرە لایەن لەژێر چەتری تەعەددودی و بەشداریکردنی کراوە بۆ هەموو ئەوانەی دیکتاتۆری و رەگەزپەرستی و تایفەگەریێتی رەت دەکەنەوە. عێراق نیشتمانی هەموو عێراقییانە و خزمەتکردنی ئەم نیشتمانەش لە پێشەوەی هەموو ئەولەویەتەکانی دیکەدایە.

ئەمەش نیشتمانپەروەریێتی راستەقینەیە کە ئازادیخوازانی ئەم وڵاتە بۆی تێنوون، با کار بۆ عێراقێکی نوێی دوور لە تەمیزکردن لەسەر بنەمای رەگەزی یا ئایینی یا مەزهەبی بکەین، عێراقێک، کە عێراقییەکان هیوای پاشەڕۆژیان لەسەر دابنێن و رێزی هەموو لایەکیش بۆ خۆمان راکێشین.

هەر لێرەوە سوپاسی هەموو دۆستانی گەلەکەمان لە دەوڵەت و حکوومەت و گەلان و رێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆییەکان و حزبەکان دەکەم بۆ ئەو یارمەتیانەی پێشکەشیان کردووین و، پێشکەشمان دەکەن بۆ یارمەتیدانی گەلی عێراقمان بەعەرەب و کوردەوە و هاریکاریکردنی لە مەینەتی و بەشدارییەکانیدا پاش گۆڕانی چاوەڕوانکراو.

سەرەڕای بەشداربوونی زۆربەی هەرە زۆری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەم کۆنگرەیەدا، بەڵام هەندێک هێز و کەسایەتی نیشتمانی و خەباتگێڕ بەهۆی هەندێک هۆی تایبەت بەزرووفیانەوە لێرە ئامادەنین، بەڵام نابێت وا لەم کۆنگرەیە بگەین کە موسادەرەی مافی ئەوانە دەکات کە لێرە ئامادەنین، بەڵکو دەبێت پێیان بگەن، چونکە عێراق بۆ هەموو عێراقییانە.

لە کۆتاییدا لە خوای گەورە داوا دەکەم کە هەمووان سەربخات بۆ سەرکەوتنی کارەکانی ئەم کۆنگرەیە و سەرکەوتووبن و سڵاو و رەحمەتی خواتان لێ بێت.

## وتاری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی
## سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا

ڕۆژی شەممە ٢٠٠٢/٦/٨ بەئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەبەشداریی پتر لە ٣٠٠ سیاسەتمەدار و دیپلۆمات و ئابووریناس و ڕۆژنامەوان و کەسایەتیی کورد و بیانی، سەنتەری ئاشتی جیهانی و مەڵبەندی مستەفا بارزانی بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن کۆنفرانسێکی یەک ڕۆژییان لەژێر ناوی (کورد کلیلی سەقامگیرییە لە عێراقدا) ڕێکخست.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ وەک ڕێزگرتنێک لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و میوانانی دیکەی کۆنفرانس ئێوارەخوانێک سازکرا. لەو ئێوارەخوانەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وتەیەکی پێشکەش کرد، لێرەدا دەقەکەی بڵاو دەکەینەوە.

لە دانیشتنەکانی ئەم کۆنفرانسەدا باسی زۆر گرنگ و جۆراوجۆر لەسەر ئێستا و ئایندەی عێراق پێشکەش کران. بێگومان هەر کۆششێکی لەمەودوا لەم بوارەدا دەشێ سوود لەم باسانەی ئەمڕۆ وەربگرێت.

عێراق کە لە دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد و، (اثنیاتی) وەکو تورکمان و کلدان و ئاشووری پێکهاتووە، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی سامانی سروشتی و توانای مرۆییەوە وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەنی یەکێکە لە کۆنترین شارستانییەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کەچی دەمێکە، نەک هەر لەناوخۆدا گیروگرفت و قەیرانی زۆری بەبار هێناوە، بەڵکو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا لە بارێکی نامۆدایە و بۆتە هۆکارێکی بەردەوامی سەرهەڵدانی شڵەژان و نائارامی.

گرفتی عێراق هەر لە سەرەتاوە گرفتی سیستەمی حوکمڕانی بووە. لەوەتای دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ دامەزراوە، نەیتوانیوە سیستەمێکی حوکمڕانی شایستە، کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی فرە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی چین و توێژەکانی خەڵکی عێراق بێ، پێک بهێنێ و ژیانێکی ئاسوودە و ئارام بۆ گەلەکەی دەستەبەر بکا. هەردەم کەمینە حوکمی زۆرینەی کردووە و هەر کاتێ تاکە کەسێک جڵەوی گرتبێتە دەست، ئەوا

هەمـوو کـۆمـەڵی خـسـتـۆتە بەر شـاڵاوی سـتـەمی تاکـڕەوی. بەو شـێـوەیە لە عـێـراقـدا نەیانهـێـشـتـووە تاک، مـاف یا ئازادی یا کـەسایەتی هەبێ، هەمـوو شـتێ گـشـتی بووە و گـشـتـییـەکـەش لە تاکـێک یان چەند تاکـێک کـۆبووەتەوە. ئەم بـارودۆخـە زەمـینەسـازی سەرهەڵدانی بەردەوامی تەنگژەی ناوخۆ و کێشە و ململانێی دەرەکی بووە و، لە ئەنجامدا ئەمـڕۆ عـێـراق وەک یاخـیـبـوو لە یاسـا و نەریتی نێـودەوڵەتی سـەیر دەکـرێت و بەدەست گەمارۆی ئابووری سەختەوە گیرۆدە بووە.

پێویستە گۆڕانێکی بەرچاو لە شێوەی پەیوەندی نێوان گەل و دەسەڵات لە ناوخۆ و، لە جۆری مامەڵە لەگەڵ ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بێتەدی. دەبێ سیستەمێکی سیـاسی شـایسـتـە دابمەزرێ کـە بەئاشتی و ئارامی سـەرەتا لەگـەڵ خـۆی و ئینجـا لەگـەڵ وڵاتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەڵ بکات.

عـێـراقی ئاینده دەبێ کـەلێنی گـەورەی نێـوان فـەرمـانڕەوایی و گـەل پڕ بکاتەوە و، دوورەپەرێزی و نامۆیی زۆر لە چین و توێژەکانی کۆمەڵ چارەسەر بکات، ئەو دوورییەی کە لە ژمـارەی زۆری ئاوارەی عـێـراق لە دەرەوەی وڵات و کـۆچکردنی زۆر لە شـارەزا و پسپۆڕانی خۆماڵی بۆ دەرەوە بەرجەستە دەبێ.

پێویستە برینە سـەختـەکـانی هەڵسوکـەوتی نامرۆیی و ڕەگەزپەرستانە لەگـەڵ کورد و تورکمان و ئاشووری و کلدان سارێژ بکرێن.

کێشـەی سەرەکی دەوڵەتی عێراق هەر لە دامەزراندنیەوە کێشـەی کورد بووە، لەگەڵ نابەرابەری و ناعـەدالەتی بەرامـبـەر بەخـەڵکی دیکەی عـێـراق. بەهۆی چارەسـەرنەبوونی کێشەی کورد هەمیشە گرفت و شەڕ و ئاڵۆزیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراقدا هەبووە. هەر کاتێ عێراق لە ناوەوە تووشی گرفت و سەختی بووبێ، قەیرانەکەی بۆ دەرەوە ناردووە و لەگەڵ وڵاتانی دراوسێـدا ناکۆکی پەیدا کردووە. جەنگی یەکەم و دووەمی کـەنداویش بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. کەواتە بۆ ئەوەی عێراق لەناوخۆدا ئارام و سەقامگیر بێ، دەبێ کێشە سەرەکییەکانی چارەسەر بکات، کێشەی سیستەمی حوکمڕانی و کێشەی کورد، کە ڕێگەچارەیان بەکورتی لەوەدا دەبینین:

یەکەم: عێراقی ئاینده دەبێ دەوڵەتێکی دیموکراتی فیدرالی پەرلەمانی بێ، لەجیاتی شەڕ و شۆڕ و ئاژاوە، بۆ پەرەپێدانیی وڵات و پێشکەوتنی کۆمـەڵایەتی کار بکات و، ئاسـوودەیی و خۆشگوزەرانی گـەلەکەی ئامـانجی هەرە سـەرەکیی بێت. داهاتەکـان بەعەدالەت بۆ پەرەپێدانی هەموو ناوچەکانی عێراق تەرخان بکرێن.

دووەم: گەلی کوردستان بەپێی ڕێژەی دانیشتووان لە دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا بەشداربێ و ڕۆڵی شایانی خۆی لە پاراستنی ئاسایش و بووژاندنەوەی وڵاتدا بگێڕێ. لە سنووری هەرێمدا کیانی فیدرالی هەبێ بەپەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و دام و دەزگاکانیەوە، ئەویش بەپێی دەستووری فیدراڵی عێراق. ئێمە لەگەڵ چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کوردین لەسەر بناغەی فیدرالیزم لە چوارچێوەی عێراقدا. بەڕای ئێمە پاراستنی ئەزموونی ئێستای خەڵکی کوردستان و قوڵکردنەوەی دەستکەوتەکانی ئەرکی سەرشانی هەر سیستەمێکی ئایندەی عێراقە. کورد لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو ڕەوشە ئازادەی ئەمڕۆ بێ وچان خەباتی کردووە و قوربانی زۆری داوە و هەردەم پەرۆش و ئامادەیە بۆ پاراستنی. عێراقی ئایندە نەک هەر دەبێ نموونەی دەوڵەتێکی شایستە بەو ئازادییەبێ، بەڵکو پێویستە ئەرکی ئەو پاراستنەش لە ئەستۆ بگرێ.

دەبێ ئەو ناوچە کوردیانەی کە حکوومەتی عێراق مۆرکی نەتەوەییان دەگۆڕێ، وەکو کەرکووک، مەخموور، خانەقین، شێخان، سنجار، زمار و مەندەلی (بخرێنەوە سەر سنووری هەرێم و گشت ئیجرائاتی ڕەگەزپەرستی دژی کورد و تورکمان و (اثنیات)ی دیکە هەڵبوەشێتەوە. کورد کە زیاتر لە ٢٥٪ی سەرجەم دانیشتووانی عێراق پێک دەهێنێ دەتوانێ فاکتەرێکی سەرەکی سەقامگیری بێ لە عێراقی ئایندەدا. تاقیکردنەوەی ١٠ ساڵی ڕابردووی هەرێمی کوردستانیش بەڕوونی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە ئەگەر کورد دەرفەتی بۆ بڕەخسێ دەتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەر لە سەقامگیری و پیادەکردنی دیموکراسی و پرۆسەی بووژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا بگێڕێت.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەچەند خاڵێک بکەین:

١- ئەزموونی ١٠ ساڵی ڕابردووی گەلی کوردستان لە ئازادی و دیموکراتی و پێشکەوتندا، سەرەڕای بارودۆخی دژوار و ئاستەنگ و گرفتی هەمەجۆر، بەشایەتی چاودێرانی ناوخۆ و دەرەوە، ئەزموونێکی سەرکەوتووە و دەستکەوتی گرنگی بۆ خەڵکی هەرێم بەدی هێناوە. ئەمڕۆ لە کوردستان سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی و ئازاد هەیە کە دەتوانێت ببێت بەنموونەیەک بۆ تەواوی عێراقی ئایندە.

٢- پێوەندی دۆستایەتی کورد، چ لەگەڵ عەرەبی شیعە یا سوننە مەزهەب و، چ لەگەڵ (اثنیات)ی دیکەی عێراقدا بەدرێژایی مێژوو باش بووە و کوردستان هەمیشە پەناگەی

ئەو کەسانە بووە کە لە دەست زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە ڕایان کردووە. گەلی کورد خاوەن کێشەیەکی ڕەوایە و هیچ کاتێ بەگیانی تۆڵە و تۆڵەسەندنەوە ڕەفتاری نەکردووە. بۆ نموونە دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئازاری ١٩٩١، سەرەڕای ئەنفال و کیمیاباران و گەلێ تاوانی دیکە دەرهەق بەخەڵکی کوردستان، ئەو سەرباز و ئەفسەرە عێراقیانەی کە خۆیان دایە دەست و ژمارەیان لە ١٢٠ هەزار کەس پتر بوو گیانیان پارێزرا و ئازاد کران. جگە لەوەش، وێرای بارودۆخی سەختی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و دڵڕەقی فەرمانڕەوایانی عێراق، کەچی بەڕێنوێنیی بارزانیی نەمر هیچ کاتێک ڕێگە نەدراوە شەڕی نێوان کورد و ڕژێمە یەک لە دوایەکەکانی عێراق ببێتە شەڕی نێوان کورد و عەرەب، هەرچەندە ڕژێمەکان بەردەوام هەوڵی ئەوەیان دەدا.

٣- تاقیکردنەوەی ١٠ساڵی ڕابردووی کوردستانی عێراق ئەوەی سەلماندووە کە گەلی کورد دەتوانێ هۆکارێکی گرنگی پاراستنی ئەمن و سەقامگیری بێ لە ناوچەکەدا. سەرەڕای گرفت و کۆسپی زۆر کە لە ڕێگەی ئێمەدا دروست کراوە، بەهەوڵ و کۆششی بەردەوام توانراوە لە بارودۆخێکی نائاسایی و دژواردا، پەیوەندی ئاسایی و تا ڕادەیەک باش لەسەر بناغەی دۆستایەتی و بازرگانی و هاتوچۆ و بواری دیکە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دروست بکرێ. هەرچەندە هەرێمی کوردستان سنوورێکی دوور و درێژی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا هەیە، بەڵام بەهەموو توانا هەوڵمان داوە لە ڕێگەی سنوورەکانەوە گیروگرفت بۆ ئەوان دروست نەبێ و هەرگیز دەستمان نەخستۆتە ناو کاروباری ناوخۆی دەرودراوسێکانمان.

٤- وێرای پروپاگەندەی زۆر دژی کورد، توانراوە ئاستێکی باشی پەیوەندی لەگەڵ زۆر لە وڵاتانی عەرەبیدا دروست بکرێ و پەرەی پێ بدرێ. جگە لەوەش پەیوەندی توند و تۆڵی دۆستایەتی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراو و کەسایەتییە کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی وڵاتانی عەرەب بەردەوامە.

٥- لەسەر ئاستی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا، بەسوود وەرگرتن لەو دەرفەتە بچووکەی کە بۆ کورد ڕەخساوە، توانراوە لە دەرگای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدرێت و پەیوەندی باش لەم ئاستەدا دروست بکرێت. لەو باوەڕەداین کە گەلی کورد لەم بوارەدا ئەزموونێکی باشی بەدەست هێناوە و کاری گرنگی لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و گشت عێراق ئەنجام داوە.

له ڕوانگەی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین کە تاقیکردنەوەی کوردستانی عێراق دەشێ بکرێت بەمۆدێلێک بۆ هەموو عێراق و، پردێک بێت لە نێوان عێراقی ئێستا و ئایندەدا، ئەو عێراقەی دەبێ پێش هەموو شتێک کێشەی حوکمڕانی و کێشەی کورد چارەسەر بکات.

ئێمەی خەڵکی کوردستان کە مافی خەڵکمان پێشێل نەکردووە، بەڵکو خۆمان قوربانی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەین، ئەگەر ئازادی و دەرفەتی چالاکیمان هەبێ، ڕەنگە بتوانین ڕۆڵێکی گرنگ لە دارشتنی عێراقی ئایندەدا بگێڕین.

دەبێ لە عێراقی ئایندەدا بەڕاشکاوی یەکتر بدوێنین، هەموو لاپەڕەکانی پێشوو بخوێنینەوە نەک بۆ تۆڵە وەرگرتن و ڕق هەڵگرتن، بەڵکو بۆ ئەوەی دەرس و پەندیان لێ وەربگرین. نابێ ڕێگە بدەین زوڵم و زۆر و نابەرابەری و کارەسات دووبارە ببنەوە. دەبێ کورد عێراقییەکی تەواو بێ نەک نیوە عێراقی یا عێراقییەکی پلە دوو، ئەمەش تەنها لە عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵیدا دێتەدی.

ئێمە لە ئەزموونی ئێستای کوردستاندا هەندێ بنچینەی کەلتووری و پەروەردەیی و مرۆڤ دۆستی و گیانی لێبوردەییمان داناوە و لەسەری دەچین، ئەو پەروەردە تازەیە بۆ گشت عێراق بەپێویست دەزانین.

پەروەردەی تازە کە مەبەستمانە، دەبێ ڕێگە بۆ ڕێزگرتن لە ڕای بەرامبەر و پاراستنی ماف و ئازادی تاک و کۆمەڵ، خۆش بکا. ئەو پەروەردەیە دژی تیرۆر و توند و تیژییە. بۆیە بەتوندی دژی تیرۆر وەستاوین و هەوڵمان داوە گروپە تیرۆریستییەکان و بیروڕای نادروستیان بەخەڵک بناسێنین.

داوا دەکەین چەکی کۆکوژی لەناو ببرێن و، عێراق لەو چەکانە پاکژ بکرێتەوە کە لە هەڵەبجە و دەیان شوێنی تردا مەرگ و کارەساتیان بۆ خەڵکی کوردستان هێناوە. ئارەزوو دەکەین کێشەی عێراق بەئاشتی چارەسەر بکرێ، عێراق گشت بڕیارە نێودەوڵەتییەکان جێ بەجێ بکات و ڕێگە بەپشکنەرانی چەکی کۆمەڵکوژ بدات بگەڕێنەوە عێراق.

بڕوامان وایە کوردستانی عێراق دەتوانێ پارسەنگی عێراقێکی دیموکرات و سەقامگیر و پێشکەوتووبێ، عێراقێک کە لەگەڵ خۆی و دراوسێکانیدا بەئاشتی بەسەر ببات و ئەندامێکی کارای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێ.

لە کۆتاییدا بەپێویستی دەزانین سوپاسی بێ پایانی خەڵکی کوردستان ئاراستەی ئەو

ولاتانە بکەین کە داکۆکیان لە خەڵکی کوردستان کردووە، بەتایبەتیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و تورکیا. سوپاس بۆ گشت ئەو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆست و ناحکومییانەی کە لە ڕۆژانی سەختی دوای ڕاپەڕیندا بەهانای گەلەکەمانەوە هاتن. سوپاس بۆ ئاژانسەکانی UN کە ئەرکی جێبەجێ کردنی بەرنامەی ٩٨٦یان لە ئەستۆ گرتووە لە کوردستاندا. سوپاس بۆ میدیاکانی جیهان کە ڕۆڵی مەزنیان گێڕاوە لە ناساندنی کێشەی کورد بەڕای گشتی و ناوەندە ڕەسمییەکانی جیهان.

## وتاری جێگری سەرۆکی حکوومەت

### بەڕێز سامی عەبدولڕەحمان لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە دانیمارک

۳۰ی تشرینی دووەم –۱ی کانوونی یەکەمی ۲۰۰۲

زانکۆی باشووری دانیمارک – ئۆدینس، دانیمارک

خوشک و برایانی بەڕێز

بەناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی کاک حکوومەت نێچیرڤان بارزانییەوە، خۆشحاڵم سوپاسی گەرمم ئاراستەی سەنتەری توێژینەوەی هاوچەرخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و زانکۆی باشووری دانیمارک و زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر بکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە بنیاتنەر و گرنگە. هەروەها سوپاسی گشت ئەو زانا لێهاتوو و سیاسەتوان و توێژەرەوانە دەکەم کە بەشداریی سەرخستنی ئەم کۆنفرانسە بوونە.

ئەزموونی دە ساڵی ڕابردووی خۆ بەڕێوەبردنمان یەکەمین تاقیکردنەوەیە لەم جۆرە کە گەلی کورد لە سەردەمی هاوچەرخدا بەخۆیەوە بینیوە و تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی بوو بۆ گەلی کوردستان و بەتایبەت بۆ سەرکردایەتییەکەی. من پێم وایە کاریگەرترین فاکتەری پێشکەوتنی هەر گەلێک لە مەودای دووردا سیستەمی سیاسیی ئەو میللەتەیە، گەلی ئێمە دوای دەیان ساڵ شەڕ وماڵوێرانی و جینۆساید و کیمیاباران؛ دوای هەڵەبجە و ئەنفال و کۆڕەوی ۱۹۹۱ سوودی لە پاراستنی هاوپەیمانەکان بەپێی ئیلتیزامی ئەخلاقی بەبڕیاری ژمارە ۸۸٦ی ئەنجوومەنی ئاسایش وەرگرت و لە سایەی ئەم ئازادییە ڕێژەییەشدا گەلی ئێمە ڕێگەی بەدیموکراتیبوونی هەڵبژارد. هەرچەندە ئەم ڕێگەیە پڕ بوو لە کۆسپ بەڵام توانیمان پێشکەوتنی بەرچاو بەدی بهێنین.

هەڵبژاردنی ئازادانەی پەرلەمان ئەنجام درا و، گشت لایەنە سیاسییەکان بەجیاوازیی بۆچوونەکانیشیانەوە بەئاشکرا و بەسەربەستی کار دەکەن و لە کوردستانی عێراقدا تا ئێستا یەک بەندکراوی سیاسی نییە. سەندیکای بازرگانی و ڕێکخراوی پیشەیی و ڕێکخراوی ناحکوومی و گشت پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دامەزران و هەوڵی بەردەوام بۆ دۆزینەوەی شێوازی باشتری بەڕێوەبردن لە ئارادایە.

سیاسەتێکی ئابووری بۆ ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی ژێرخانی هەرێمەکەمان جێبەجێ دەکرێ. سەرەتا پشتمان بەسەرچاوە سنووردارەکانی خۆمان بەست تا بڕیاری ۹۸٦ی ئەنجوومەنی ئاسایش، بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک جێبەجێ کرا، هەرچەندە ئەم

بەرنامـەیە کـەمـوکـوڕیی هەبووە و ئاسـتـەنگی هاتوونەتە، پێش بەڵام کـاریگەریی باشی لەسەر میللەتەکەمان کردووە. چونکە بۆ یەکەمین جارە لە مـێژووی عـێـراقدا بەشێک لە داهاتی وڵاتەکـەمـان بۆ بووژاندنەوەی گـەلی کـوردسـتـان تەرخـان دەکرێ. سـەرەڕای ئەو کـۆشـشـانەی کـە لەبەردەم بەرنامـەکـەدا هەن ئێـمـە وەکـو بەرنامـەیەکی یەکـپـارچەی ئاوەدانکردنەوە و بنیـاتنان و گەشەپێدانی ئەبینین و بەدڵنیـاییـیەوە دەڵێم پێشکەوتنێکی بەرچاو هاتووەتە دی هەرچەندە هێشتا زۆر ماوە کە بکرێ.

لێرەدا بواری پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلمان نییە سەبارەت بەو پێشکەوتنەی کـە گـەلەکـەمـان لەم سـاڵانەی دواییـدا، بەدیهـێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەباشی ئەزانم تیـشـک بخـەمـە سـەر چەند لایەنێکی زۆر گـرنـگ کـە بەدەسـتـمـان هێناون. ئەمـڕۆ لە کـوردسـتـاندا کـەس برسی نیـیـە، ئاوی خـواردنەوە لە گـشت شـوێنێک دەست دەکـەوێ و، چەندین پڕۆژەی مـەزنی ئاو بۆ دواڕۆژ یان لەژێر ئەنجامـدانە یان لە قـۆناغی پلان دانانە، بنکەی تەندروستی لە هەموو کونجێکی وڵاتدا هەیە و داوودەرمانی پێویست زۆربەی کات بەخـۆڕایی بەهاووڵاتیـان دەگـات. ژمـارەی پزیشـکان چوار ئەوەندەی دە سـاڵی بەر لە ئەمڕۆیە. هەموو منداڵێک لە کوردستان توانای چوونە قوتابخانەی هەیە، ئەم ساڵ زیاتر لە پێنج هەزار قـوتابی بڕوانامـەی زانکۆ یان ئینسـتـیـتـیـۆی تەکنیکـیـان وەرگـرتووە، پرۆگرامێکی گەورەی دروستکردنی خانووی گشتی و تایبەت شان بەشانی دابەشکردنی زەویی نیشتەجێ ئەنجام دراوە. ڕێگە سەرەکییەکان چاک کراونەتەوە و، ڕێگە گەیەنراوەتە هەموو جێیەک. هەروەها پێویستە بڵێم کە هێشتا پێویستمان بەڕێگەی زۆرتر هەیە.

لە ساڵانی پێشـوودا کارەبا ببوو بەخەونێک بەڵام ئەم ساڵ کارەبا گەیشتە گشت شار و شـارۆچکەیەک و ئەوەتا بۆ لادێکانیش دەچێ، پلانمان بەدەسـتـەوەیە بۆ دەسـتـهـێنانی سەرچاوەی تر بۆ کارەبا کە ئەمیش لە ماوەی دوو ساڵدا تەواو دەبێ.

کشـتـوکاڵ و ئاژەڵداری تا ئەو ڕادەیە پەرەیان پێ دراوە کە خـۆراکی دانیـشـتـوان دابین بکەن. لەم دواییـیـەشدا بەرهەمـهـێنان لە قـۆناغی چەندایەتی دەرچووە بەرەو چۆنایەتی و هەندێ بەرهەم شـیـاوی ئەوەن بۆ دەرەوە بنێـردرێن بەڵام گـەمـارۆی دوو لایەنەی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکوومەتی عـێراق ڕێ بەناردنی بەرووبوومی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات نادەن.

لە سـەرەتای نەوەتـەکاندا تۆڕی تەلەفـۆنی کـاریگـەر لە کـوردسـتـاندا نەبوو، بەڵام بەپشت بەستن بەتوانای خۆمـان ئێـسـتـا لە کـوردسـتـاندا تۆڕی تەلەفـۆنی ناوخـۆیی و نێودەوڵەتی و مـۆبایل دابین کـراون، بەرنامـەشـمـان بەدەسـتـەوەیە بۆ فـراوانکردنی ئەم تـۆڕانە تا هەمـوو

شارۆچکەکانیش سوودی لێ ببینن. چەندین پرۆژەی گەورەی ئاوەڕۆ لە هەولێر و دهۆک و شارەکانی تر لە قۆناغی دروستکردندان و ژمارەیەک پرۆژەی بچووکیش بەدەستەوەن. بەرنامەیەکی فراوانی بووژاندنەوەی دارستان و نەمام چاندن و خاوێنکاریی ژینگە ئەنجام دەدرێ.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە هەموو ئەوەی تا ئێستا کراوە زۆر کەمە ئەگەر لەگەڵ ئەوەدا بەراورد بکرێ کە ماوە و نەکراوە. بۆ نموونە تا ئێستا نزیکەی ٦٠٪ی خەڵکی وڵاتەکەمان هەژارن و بێ کاری لە کوردستاندا ڕوو لە زیادبوونە.

ئاسایش لە کوردستاندا باشە و لە هەمان ئاستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە و لە سایەی سەرکردایەتیی سەرۆک مەسعود بارزانیدا گیان و ماڵ و کەرامەتی خەڵک پارێزراوە و ڕێزیان لێ دەگیرێ.

لە کۆتاییدا، پرۆسەی ئاشتی و ئاشتبوونەوەی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) گەیشتە ئاستێکی باش کە دووبارە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەگشت ئەندامانییەوە لە ٤/١٠/٢٠٠٢ لوتکەی ئەم پرۆسەیەیە.

من پێم وایە کە تاقیکردنەوەی خۆ بەڕێوەبەردنی ئەم دە ساڵەی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە. لە داهاتووشدا هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی هەمیشەیی و ئاشتییانە بۆ مەسەلەی کورد لە عێراق دەدەین. ئێمە تەنها لایەن نین کە پێی وابێ گۆڕانی دیموکراتی باشترین چارەسەرە بۆ عێراق. سەرکردە و حزبە سیاسییەکانی کورد ڕۆڵێکی مەزن بۆ یەکخستنی ئۆپۆزسیۆنی عێراق دەگێڕن و چالاکانە بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی سەرانسەریی ئۆپۆزسیۆنی عێراق کار دەکەن.

دوای دەیان ساڵ لە دەسەڵاتداریی دیکتاتۆرییانە، زۆربەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە دیموکراسی تاکە چارەیە بۆ کێشەکانی عێراق. کۆمەڵگەی عێراق کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوەییە و جڵەوی کەوتە دەست دیکتاتۆرانەوە و ئەنجامیش کارەسات و ماڵوێرانی بوو. دوای چەندین ساڵ تێکۆشان و توێژینەوە بۆمان دەرکەوت کە چارەسەری مەسەلەی کورد و کێشەی عێراق بەتێکڕایی لە دامەزراندنی سیستەمێکی فرە لایەنی دیموکراسیی فیدرالیدایە و من پێم وایە کوردستان شیاوی ئەوەیە بکرێ بەنموونەیەکی زیندوو بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات بەشێوازی دیموکراسی و بنیاتنانەوەی بەشەکانی تری عێراق. سوپاس.

کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

لە سێیەمین ساڵوەگەڕی ڕاگەیاندنیدا

## تەمەنێکی کەم و بەرهەمێکی زۆر

شەوکەت شێخ یەزدین

وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران

لەم ڕۆژانەدا سێیەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٩/١٢/٢٠ تێدەپەڕێ. بەم بۆنەیەوە گەرمترین سڵاو و پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆکی هێژا و خۆشەویست مەسعود بارزانی و تەواوی گەلی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان و قوربانییانی کارەساتەکان و لەشکری پێشمەرگەی کوردستان دەکەین، کە ئەم دەسکەوتەی ئەمڕۆ پێی شاد بووین و لە سایەیدا دەژیین، بەری ڕەنج و خوێن و قوربانیدانی بێ وێنەی هەموو لایەکیانە. لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا هەرچییەکی لە توانادا هەبووبێ و بۆمان لوابێ، لەپێناو بەرژەوەندیی گەلەکەمان و پاراستنی ئەمن و ئاسایش و سەروەریی یاسا و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکاندا کردوومانە. ویستوومانە جێی بڕوا و متمانەی گەلەکەمان بین و داخوازەکانیان بەجێ بگەیەنین. لە دانانی نەخشە و پلان و هەڵنانی هەنگاوەکانیشدا هەر متمانەی میللەتمان لەبەرچاو بووە و بۆ ئەمە تێکۆشاوین.

لە نێوانی ڤیان و شیاندا یان لە نێوانی خواست و پێ ڕاگەیشتندا جیاوازییەکی زۆر هەیە. واتە ئەوەی لە پرۆگرامی ئێمەدایە و ئەوەی لەسەر زەویدا بۆمان بەدی هاتووە، جیاوازن. ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە بابەتییە دژوار و ئاڵۆزانەی کە گەلەکەمان و هەرێمی کوردستان تیایدا دەژین و تێپەڕدەبن. لەگەڵ ئەمانەشدا، وێڕای نەبوونی و دەسکورتی، هەروەها گەمارۆی ئابووری و کەمیی داهاتەکان، دەتوانین بڵێین کەوا هەرێمی کوردستان بەتیرەیەکی بەردەوام و یەکبینە هەر بەرەوپێش هەنگاوی ناوە و ڕۆژانە پێشکەوتن هەبووە.

ئەوەی زۆر گرینگە، ئەو یەکدەنگی و هاودەنگییەیە کە میللەتەکەمان و لایەنە سیاسییەکان لەپێناو بەرەوپێشبردنی ئەزموونەکەدا هەیانە، چ ئەو لایەنانەی لە پەرلەمان و حکوومەتدا بەشدارن یان ئەوانەش کە لە دەرەوەی پەرلەمان و حکوومەتدا ئەرکی خۆیان

له پاراستن و پەرەپێدانی ئەزموونەکەدا بەجێ دەگەیەن، هەموویان لەپێناو ئامانجەکانی میللەتەکەماندا هاودەنگ و یەکدەنگن. بۆیە بەهەلی دەزانین کە سوپاس و پێزانینی خۆمان لەم بۆنەیەدا پێشکێشی هەموو لایەکیان بکەین.

دەشێ ساڵی ٢٠٠٢ لە تەمەنی کابینەی چوارەمدا ناو بنێین سەردەمی دەسکەوت و هەنگاوە گرینگەکان. لەم ساڵەدا دۆزی رەوای گەلەکەمان لە ناوەخۆ و دەرەوەدا گۆڕان و پێشکەوتنی یەکجار گەورەیان بەخۆوە بینی. لە ئاستی ناوەخۆدا پرۆسەی ئاشتی گەیشتە ئەنجامێکی گرینگ و، بوو بەمایەی رەزامەندیی گەلەکەمان و دۆستانمان. ئەوەبوو کە پەرلەمانی کوردستان لە ٤/١٠/٢٠٠٢ دا بەتەواوی ئەندامانی هەر سێ لیستی زەرد و سەوز و مۆرەوە، کۆبوونەوەی خۆی لە باڵەخانەی پەرلەمان، بەئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆک بارزانی و مام جەلال و دایکی بەڕێز دانیال میتیران و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و کەسایەتییەکانی کورد و رۆژنامەنووسانی بیانی و خۆیی، گرێ دا. کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان رۆڵێکی مەزنی هەبوو لە رێکخستنەوەی نێومالّی کورد و، یەکخستنەوەی وتاری کوردی لە ئاست کێشە چارەنووسییەکاندا. هەر ئەم هەنگاوە مەزنەش بوو کە بوو بەمایەی ئەوەی هەردوو لایەنە سەرەکییەکەی کوردستان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، بەسەرۆکایەتیی بەڕێزان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە کۆنگرەی بەرفرەوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن لە رۆژانی ١٤-١٦/١٢/٢٠٠٢ بەیەک دەنگی لەبارەی مافی فیدرالیزم بۆ کوردستان بەشداری بکەن کە ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان پەسندی کردبوو و بڕیاری دابوو.

لەم ساڵەدا چەندان کۆنگرە و کۆنفرانس سەبارەت بەدۆزی کوردستان لە ئەوروپا و ئەمەریکا بەستران. دیارترینیان، کۆنفرانسی مەڵبەندی بارزانی بوو لە زانکۆی ئەمەریکا لە واشنتۆن لە ژێر دروشمی (کورد کلیلی سەقامگیرییە لە عێراقدا) کە بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تیایدا ئامادەبوو و وتارێکی گرینگیشی پێشکێش کرد. هەر لەم ساڵەدا چەندان کۆنفرانسی پێوەندیدار بەکێشەی کورد، لە ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپادا بەستران. هەموو ئەم کۆنگرە و کۆنفرانسانە لە تیشکدانە سەر دۆزی رەوای کورد و ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراقدا رۆڵی دیاریان هەبوو. هەر لەم رۆژانەی پێشوودا دوو کۆنفرانسی گرینگ یەکێکیان لە پاریس و ئەویتریان لە زانکۆی ئۆدێسە لە باشووری دانیمارک لەبارەی کێشەی کورد و ئەزموونی دە ساڵ خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانی عێراق بەستران.

ئەمانە، وێڕای ئەو سەردانە دیپلۆماسییە گرینگانەی کە لەم ساڵەدا لەلایەن سەرۆک بارزانی و سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی پەرلەمان و چەندان شاندی حزبی و حکوومییەوە بۆ وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا و وڵاتانی هەرێمی کراون. سەرۆک بارزانی لەم ڕۆژانەدا وێڕای ئامادەبوون و بەشداریی گرینگی لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، چەندان سەردانی مێژوویی بۆ سووریا و ئێران و فەرەنسا کرد. هەروەها بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەندان سەردانی گرینگی بۆ ئێران و تورکیا و وڵاتانی ئەورووپا وەک سوید و نەرویج و بەریتانیا کرد کە هەموو ئەمانە لە پێشخستنی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی کێشەی گەلەکەماندا کاریگەریی بێ وێنەیان هەبوو. هیچ ساڵێک هێندەی ئەم ساڵ دیپلۆماسییەتی کورد پێشکەوتنی بەخۆوە نەبینیوە. دەشێ بڵێین کەوا ساڵی ۲۰۰۲ ساڵی زێڕینی دیپلۆماسییەتی کوردی بوو. پێوەندی و تێکەڵاویی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی عەرەب و وڵاتە ئەورووپاییەکان و ئەمەریکادا لە ساڵی ۲۰۰۲دا زۆر پێش کەوت. نوێنەرایەتییەکانی حزب و حکوومەت لەم بوارانەدا ڕۆڵی چالاکانەیان گێڕا و هێژای ئەوپەڕی دەستخۆشی و پێزانینن.

لە هەمان کاتدا چەندان شاندی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و وڵاتانی عەرەب و دراوسێ، سەردانی هەرێمی کوردستانی عێراقیان کردووە. هەروەها چەندان پەرلەمانتەر و کەسایەتیی سیاسی و ڕۆشنبیریی بیانی و، کوردی بەشەکانی تر و ڕۆشنبیرانی عێراقی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و باری سەرنجی باشیان لەبارەی ئەزموونەکەمان وەرگرتووە. ئەمانە جگە لە دەیان ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر و چاودێری بیانی و عەرەب و دراوسێ کە سەردانیان بۆ کوردستان و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کاربەدەستاندا بوونەتە هۆی نووسینی چەندان ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن و وتار لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و ناوچەیی و جیهانیدا. شاندی ڕەسمی و میوانانی دەرەوە لە ماوەی ئەم ساڵدا ڕۆڵێکی مەزنیان گێڕاوە بۆ گەیاندنی وێنەیەکی ڕاست و ئەرێنیی کورد و ئەزموونەکەی بۆ دنیای دەرەوە.

لە ناوەخۆی هەرێمی کوردستاندا، بەدرێژاییی ساڵ چەندان کۆنفرانسی زانستی بەستراون. لەم کۆنفرانسانەدا پسپۆڕانی خۆیی و بیانی بەشدارییان کردووە، بەباس و لێکۆڵینەوەی بەپێز، تیشکیان خستووەتە سەر لایەنەکانی کێشەی گەلەکەمان. لەمانەش کۆنفرانسی ڕووبەڕووبوونەوەی شاڵاوەکانی تەعریب. وەک ئاشکرایە حکوومەتی عێراق لە ناوچە کوردنشینەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیدا بەدرێژاییی ساڵانی ڕابردوو بەردەوام بووە لە

شـــالاوی دەرکـــردن و ڕاگـــواســـتنی هاووڵاتیـــانی کـــورد و تورکـــمـــان و ئاشـــووری و نیـشـتـەجـێکردنی عـەرەب لە شـوێنی ئەواندا. لە مـاوەی ئەم سـاڵەدا ئەم سـیـاسـەتە ڕەهەندێکی ترسناکتری گرتەخۆ ئەویش ناچارکردنی هاووڵاتیانی کوردبوو بۆ ئەوەی یان نەتەوایەتی بگۆڕن یان کۆچ بکەن. سیاسەتی بەعەرەبکردن و شێواندنی سیما و مۆرکی نەتەوایەتیی ناوچە کوردەوارییەکانی ژێر دەستی حکوومەتی عێراق، ئەم ساڵ بەخەستی بەردەوام بوو. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم سـیـاسـەتە، لە هەرێمی کـوردسـتـاندا چەندان کۆنفـرانسـی گـرینگ لە بارەی تەعـریب و کـەرکـووک و کـردەوەکـانی ئەنفـال لە سـالانی هەشتاکاندا، بەستران. هەروەها داوودەزگاکانی هەرێمی کوردستان چ حکوومی و چ حزبی بەدرێژایی ساڵی ٢٠٠٢ بەردەوام بوونە لە ڕیسواکردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی و تەنگ پێ هەڵچنینی هاووڵاتیان و دەرکردنیان لە زێدی باب و باپیرانی خۆیان.

لە نـاوەخـۆی هەرێم و لە بواری ئەمن و ئاسـایـشـدا، هەرێمی کـوردسـتـان لە سـاڵی ٢٠٠٢دا ڕەوشێکی باشی هەبوو. ئەم ڕەوشە باشـەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ. یەکـەمـیان کـاراتربوونی دەزگـاکـانی پۆلیس و ئاسـایش و پۆلیـسی هاتوچۆ لەلایەک و، دووەمـیش: هاوکاریی بەردەوامی هاووڵاتیان و لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ داوودەزگاکانی حکوومەت لەلایەکەی ترەوە. هەڵبەتە (پاراستنی هێمنی و ئاسایشی هەرێم) و (سەروەریی یاسا) لە سـەرەتاوە دروشـمی ناوەندیی کـابینەی چوارەمی حکوومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان بوون. دەتوانین بڵـێین کـەوا لە بەدیهـێنانی ئەم ئامـانجـەدا دەزگـاکـانی حکوومـەتی هەرێم تاڕادەیەکی باش سەرکەوتنیان بەدی هێناوە. ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆمان.

لە سـایەی سـەقـامگیـریی ئەمن و ئاسـایشـەوە، بزووتنەوەی بازرگـانی و چالاکـیـیـە ئابوورییەکان و هاتوچۆی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە ڕۆیشتوون. کە ئەمانەش هەمـوویان بوونەتە هۆی بووژانەوە و گەشەکردنی هەرێمی کوردستـان لە هەمـوو لایەکەوە. هەر لە سـایەی بەرقـەراریی ئاسـایشـەوە، لە ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی کابینەی چوارەمدا ڕێژەی تـاوان و دەسـتـدرێژی، بەبەراورد لەگـەڵ سـالانی ڕابردوودا زۆر کـەم بووونەتەوە. هەرچەندە نـاوبەنـاوێ کـاری تیـرۆریسـتی و تەقـاندنەوەی سنووردار ڕوویـان داوە بەڵام دەسبەجێ لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشەوە کۆنترۆڵ کراون. هەڵبـەتە ئەوانەی کە کاری توندوتیژی یان تیـرۆریستـانە ئەنجام دەدەن سوودیان لە ژیانی ئازادی و دیموکراتیی ناو هەرێم وەرگرتووە.

جگە لە دابینـکردنی ئەمن و ئاســـایش، دروشـــمی دووەمی کـــابینەی چوارەم

ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بووە. هەرچەندە ئەمسال بەهۆی دەسکورتی لەباری داراییەوە نەتوانراوە بەپێی پێویست فریای پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە بکەوین و تا کرابێ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە خراونەتە سەر بڕیاری ۹۸٦ی نەوت بەرامبەری خۆراک و، حکوومەتی هەرێم بەهاوئاهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکاندا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لە بەڕێوەچوونی پرۆگرامی ناوبراو کە ئەم پرۆگرامە خێرێکی زۆری لە کوردستان داوەتەوە.

بەڵام وێڕای کەموکورتیی ئابووریی هەرێم، توانیومانە درێژە بەو پرۆژانە بدەین کە ساڵانی پێشوو دەستمان پێ کردبوون. لە بواری ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا دەتوانین ئاماژە بەهەندێ لەو پرۆژە سەرەکییانە بدەین کە ساڵانی پێشوو دەستیان پێ کرابوو و ئەمساڵیش کاریان تێدا کراوە. وەک:

* پرۆژەی جادەی دووسایدی هەولێر-پیرمام . لە هاوینی ڕابردوودا بەشێکی ئەم پرۆژەیە کرایەوە و ئێستا هاتوچۆی بەسەردا دەکرێت. پردی بەستۆڕە کە بەشێوەیەکی ئەندازیاریی هاوچەرخ بنیات نراوە، بەشێکە لەم پرۆژەیە کە تەواو بووە. بەشەکانی تری جادەکە ئێستا بەبەردەوامی کاریان تێدا ئەنجام دەدرێت.

* پرۆژەی کۆشکی هونەر کە ساڵانی ڕابردوو دەستی پێ کرابوو ئەمساڵ تەواو بوو. ئەم باڵەخانەیە ئێستا یەکێکە لە باڵەخانە هەرە نایاب و جوانەکانی پایەتەختی هەرێمی کوردستان. کۆشکی هونەر لە ۲۷ مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوودا لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی - سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە کرایەوە، ئەم پرۆژەیە لەسەر ڕووبەری ۹٦۰۰ مەتری چوارگۆشە دروست کراوە و پاتی ۱۳،٥٦۰،۰۰۰ دیناری لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم تێ چووە. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە وتەیەکدا بۆ هونەرمەندانی کوردستان لە ڕۆژی کردنەوەی پرۆژەکەدا گوتی: «هیوادارین کردنەوەی کۆشکی هونەر دەسپێکی قۆناغێکی تازە بێت بۆ داهاتوویەکی گەش و پرشنگدار بۆ هونەری کوردی. ئێوە لە ژێر ئەم چەترەدا یەک بگرن و داهێنان و هونەری بەرز بۆ میللەتەکەتان بخولقێنن، ئێمەش بۆ پشتیوانیتان دریغی ناکەین».

* باڵەخانەی کۆڕی زانیاری کوردستان کە لەسەر ڕووبەری ٤٥۰۰ مەتری چوارگۆشەیە و بڕی ۹ ملیۆن دیناری لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم تێ دەچێ. ئەم پرۆژەیە لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە و چاوەڕوان دەکرێت کە لە نیوەی یەکەمی ساڵی داهاتوودا تەواو ببێت.

* بەرزە پردی چوارڕیانی نەخۆشخانەی کۆماری کە لە تەواوبووندایە.

* پاركی هەولێـر بەردەوام كـاری تێـدا كـراوە. ئەم پاركـە یەكـێكە لە پرۆژە هەرە بەرچاوەكانی كـابینەی چوارەم و دەشێ بڵـێین لە ئاسـتی پاركی پایەتەختی وڵاتانی پێشكەوتووە، پاركی هەولێر لەسەر رووبەری ٨٠٠ دۆنم دروست كراوە و تا ئێستا پاتی ٢٨ ملیۆن دیناری لەسەر بودجەی حكوومەتی هەرێم لێ خەرج كراوە. ئەم پرۆژە گەشتەوەرییە كاریگەرییەكی گەورەی دەبێ بۆ هاووڵاتیانی پایەتەخت و، دەبێ بەسەیرانگەی یەكەمی هەولێر كە هاووڵاتیان لە بۆنە و پشووەكاندا رووی تێ دەكەن. هەروەها كاریگەریی لەسەر خۆشكردنی ئاووهەوای شارەكەش دەبێت.

* هەر لە درێژەی پرۆژە گەشتەوەرییەكاندا، بەسەرپەرشتی و پاڵپشتیی حكوومەتی هەرێم، دەست كراوە بەئاوا‌كردنەوەی ئۆتێلی هەولێر پەڵەس (شێراتۆنی جاران). هەروەها دروستكردنی ئۆتێل خانزادی گەشتەوەری كە دەكەوێتە سەیرانگەی خانزاد. ئەم دوو پرۆژەیە لەلایەن كەرتی تایبەت و بەپشتیوانی و سەرپەرشتیی دەستەی گەشتوگوزار لە وەزارەتی شارەوانی بەرێوە دەچن. پرۆژەی هوتێل خانزادی گەشتەوەری و تەواوی ئەو ئاواییە گەشتەوەرییانەی لە سەیرانگەی خانزاد لەژێر دروستكردندان، بەگەورەترین پرۆژەی گەشتەوەری لە هەرێمی كوردستان دەژمێردرێن. كوردستان وڵاتێكی رەنگینە و ئاووهەوای فێنك و خۆشە، ئەگەر بێ و بایەخی پێ بدرێت زوو پەرە دەستێنێ و دەبێ بەمایەی رووتێكردنی گەشتەوەران و، سەرچاوەیەكی گرینگیش بۆ داهات.

* بڕیاردرا بەكردنەوەی گەرەكی (هەولێری نوێ) لە دەرەوەی شار و دابەشكردنی هەزاران پارچە زەوی بەسەر فەرمانبەران و مامۆستایان و خەڵكی تردا بۆ ئەوەی تەنگژەی نیشتەجێبوون لەناو شاردا كەم بكرێتەوە.

* لە بواری خزمەتگوزارییەكاندا تەنیا ئاماژە بەچوار هەنگاوی حكوومەتی هەرێم دەدەین:

یەكەم: لە بواری دابینكردنی ئاو لە شار و شارۆكە و گوندەكاندا هەوڵێكی زۆر دراوە بۆ ئەوەی ئەم كێشەیە چارەسەر ببێت. بەتایبەتیش لە شاری هەولێر كە كێشەیەكی ئاوی لەمێژینەی هەبووە. هاوینی رابردوو دانیشتوانی شاری هەولێر بۆ یەكەمین جار لە مێژوودا هەستیان بەچارەسەر یان كەمبوونەوەیەكی زۆری ئەم كێشەیە كرد.

دووەم: كێشەی كارەبا كە ئەمەشیان تا رادەیەكی زۆر چارەسەربووە.

لە راستیدا بەفر و باران بارینی زۆری زستان و بەهاری ساڵی پار كاریگەرییەكی

گەورەیان هەبوو لە چارەسەری کێشەی ئاو و دابینکردنی وزەی کارەبا.

سێیەم: لە بواری گەیاندندا خزمەتگوزارییەکی گەورە لەم ساڵەدا پێشکێشی هاووڵاتیانی کوردستان کرا ئەویش گۆڕینی سیستمی بگۆڕە کۆنەکان بوو بۆ سیستمی نوێی دیجیتاڵ. لە زۆربەی شار و شارۆکەکاندا پێشکەوتنی بەرچاو روویان داوە بەتایبەتی لە هەولێر و دهۆک. لە هەولێر بگۆڕە کۆنە دواکەوتووە لە کارکەوتووەکەی سی ساڵ لەمەوپێش گۆڕدرایەوە بەبگۆڕێکی پێشکەوتووی حەوت ژمارەیی. هەروەها هەزاران ژمارەی تازەش بەنرخێکی گونجاو بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش کرا. ئەم پرۆسەیە ئێستاش بەردەوامە. ئەم سیستمە تازەیەی گەیاندن تەکانێکی تازەی دا بەژیان لە شاری هەولێردا.

چوار: لە بواری خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا، هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی لە ماوەی ئەم ساڵەدا هەبووە. بەهاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئاژانسەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان و لە چوارچێوەی پرۆگرامی نەوت بەرامبەری خۆراکدا، چەندان بنکەی تەندروستی و تیمارگە و نەخۆشخانەی نوێ لە شار و شارۆکە و گوند و کۆمەڵگەکاندا کراونەتەوە یان ئاواکراونەتەوە و فرەوان کراون. پەیداکردن و پێگەیاندنی کادیری پێویست بۆ ئەم بەرفرەوانبوونە لە ئەستۆی زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمدا بووە و، بەباشیش ئەرکەکەیان بەجێ گەیاندووە. پێگەیاندنی نەوەیەکی لەشساغ و تێر و تەسەل لە یەکەمینایەتیی بایەخدانەکانی حکوومەتی هەرێم بوونە.

لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و فێرکردنی بالادا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە لە بایەخەکانی خۆی بەقوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگەکان. دەتوانین بڵێین کەوا ئەم بوارانە لە سەردەمی کابینەی چوارەمدا گەورەترین گەشەکردنیان بەخۆوە بینیوە. جگە لە چاپکردنی ملیۆنان کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندن و دابینکردنی کۆمپیوتەر و کەرەستەی تاقیگە و ئینتەرنێت و سەرچاوەی زانستی و ناردنی شاند بۆ دەرەوەی هەرێم و بەستنی کۆنفرانسی زانستی و دەستەبەرکردنی کادیری زانستی بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، لە قوتابخانەی سەرەتاییی گوندەکانەوە بگرە تا دەگات بەخوێندنی دوکتۆرا. لەهەر شوێنێ مەرجی کردنەوەی قوتابخانە هەبووبێ، کراوەتەوە. چەندان پەیمانگە و کۆلێج و بەش لە زانکۆ و پەیمانگەکان کراوەتەوە. شانازییەکی گەورەیە بۆ گەلی کوردستان کە لە

ماوەی ئەم چەند ساڵە کەمەدا ئەم هەموو کادیرە زانستی و تەکنیکییە پێگەیشتوون. ئەمە نیشانە و ئاماژەی بایەخدانی ئەزموونەکەمانە بەپاشەڕۆژ. بەڵگەنەویستە کە پاشەڕۆژ بۆ زانست و تەکنیک و ڕۆشنبیرییە.

لە بواری بزاوتی هونەر و ڕۆشنبیری و وەرزشدا ئەم ساڵ هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی. جگە لە بەردەوامبوونی لێشاوی چاپەمەنی و ڕۆژنامە و کتێب، چەندان چالاکیی گەورە و جەماوەری پێشکێش کران. بەدرێژایی ساڵ چەندان پێشانگەی کتێب بۆ دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوخۆ و دەزگاکانی چاپەمەنیی کۆماری ئیسلامی لەلایەن (انتشارات اجتهاد) و چاپەمەنیی وڵاتە عەرەبییەکان لەلایەن (دار المدی)وە کرانەوە. هەروەها چەندان فیستیڤاڵ بۆ یادی شاعیرانی وەک هەژاری موکریانی و حەسیب قەرەداغی و کۆنفرانسێک بۆ چارەسەری کێشەکانی لاوان بەستران.

ڕووداوێکی گرینگ لە بواری چالاکییە وەرزشییەکان لەم ساڵەدا دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای وەرزش بوو لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کە بەڕێز سەرۆکی حکوومەت لەم بۆنەیەدا وتارێکی پێشکێش کرد و تیایدا گرینگی و بایەخی ئەم ئەنجوومەنە باڵایەی ڕوون کردەوە. ڕۆژی ٦/١٠/٢٠٠٢ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەکەدا بایەخی وەرزشی بۆ ئەمڕۆی دۆزی کورد ڕوون کردەوە و گوتی: «چالاکیی وەرزشی و پێشبڕکەی وەرزشی لە دنیای ئەمڕۆدا یەکجار گرینگە بۆ هەر گەل و وڵاتێک. وەرزش بووە بەپێناسەیەک لە پێناسەکانی گەلان. زۆر وڵات و گەلانی دوور لە ئێمە هەن کە تەنیا لە ڕێگەی وەرزشەوە دەیانناسین. پێشکەوتنی وەرزش لە کوردستان و گەیشتنی بەئاستی وەرزشی وڵاتان، دەبێ بەپشتیوانێکی گەورە بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە بایەخێکی زیاتریش بەم بوارە دەدەین».

بایەخدان بەمافی مرۆڤ یەکێک بووە لە ئەرکە ڕەچاوکراوەکانی ئێمە و، وەزارەتی مافی مرۆڤ دەستی بەکاری خۆی کردووە. ئەرکی ئەم وەزارەتە بریتی بووە لە ڕاهێنان و مەشقدانی کادیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا لەسەر بنەمای مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ. هەروەها بڵاوکردنەوەی وشیاریی پێوەندیدار بەمافی مرۆڤ لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا. پاراستنی مافی مرۆڤ ئەمڕۆ لە یەکەمینایەتی و ئەولەویەتی تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە و، پێناسەیەکیشە بۆ ئەوەی شوێن و پلەی هەر کارگێڕی و دەوڵەتێکی تێدا دەستنیشان بکرێت. بۆ ئێمەی کورد زۆر گرینگە کەوا شان بەشانی

فراژووبوون و هەراشبوونی ئەزموونەکەمان، هوشیاریی مافی مرۆڤیش لە کۆمەڵەکەماندا پەرەبستێنێ جا چ لەلای کادیری داوودەزگاکان بێت چ لە لەلای گشتیی خەڵک.

لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە لەبارەی سەرجەم پرۆژە و کارەکانی ئەمساڵ بدوێین. ئەمەی پێشکێشمان کرد تەنیا یادکردنەوەیەکی هەندێ لە رووداو و چالاکییەکان بوو. بەتەماین لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا سەرجەم چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە شێوەی کتێبێکی سەربەخۆدا بخەینە بەرچاو. ئەو کاتە دەرفەتی ئەوەمان دەبێت بەتێروتەسەلی لە بارەی پرۆژە و پلانەکانی حکوومەت قسە بکەین. وێڕای ئەمانەش لە ماوەی ئەم ساڵەدا رۆژنامە و گۆڤارەکان بەتایبەتی (هەرێم) و (برایەتی) و (گوڵان) و (خەبات) و تەلەفزیۆنەکان، رۆژانە چالاکی و پرۆژەکانی وەزارەتەکانیان خستووەتە بەرچاوی هاووڵاتیان.

لە کۆتاییی ئەم وتانەدا هەر ئەوە دەمێنێتەوە کە جارێکی تریش بڵێین، هیوای ئێمە ئەوەیە جیگەی بڕوا و متمانەی گەلی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان بین. لەبەرئەوەی ئەم دەسکەوتەی ئەمڕۆ بەدی هاتووە بەری ماندووبوون و قوربانیدانی ئەوانە. جارێکی تریش سەری رێز و نەوازی لە ئاستی گیانی شەهیداندا دادەنەوێنین کە سەروەریان بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوون. هەر پایەداربێ ئەزموونەکەمان و، بەهیوای ئەوەی کۆمەڵی کوردەواری بەهەنگاوی گورج و درێژ رێگەی هەوراز و لێژی خۆی لەپێناو پاشەڕۆژی گەشاوەتر ببڕێ.

# پوختەی
# چالاكییەكانی كابینەی چوارەم
# لە ماوەی سێ ساڵدا
# ٢٠٠٠-٢٠٠١-٢٠٠٢

## پوختەی چالاکییەکانی کابینەی چوارەم
## لە ماوەی سێ ساڵدا

وا ئەمڕۆ سێ ساڵ بەسەر دەستبەکاربوونی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێدەپەڕێت، هەر بۆیەش بەپێویستمان زانی لە ڕاپۆرتێکدا پوختەی گرنگترین ئەو کار و چالاکییانە بخەینەڕوو کە لەو ماوەیەدا ئەنجام دراون. بێگومان ڕەوتی کابینەی چوارەم هەر لە سەرەتاوە چەسپاندنی سەروەری یاسا و پەرەپێدانی بەردەوامی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بووژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی وڵات بووە.

ئامانجی یەکەمی هەموو کار و پرۆژەکانیش خزمەتکردنی مرۆڤی کوردستان خۆی و، ڕەخساندنی هەلومەرجی ژیانێکی ئازاد و ئاسوودە و سەرفراز بووە بۆ سەرجەم هاووڵاتیان. مایەی خۆشحاڵییە کە ئەمڕۆ ئاکامی ئەو سیاسەتە لە چاکتربوونی باری ژیانی خەڵک و باوەڕ بەخۆبوون و بەشداری زیاتریان لە کاروبارە گشتییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە.

ئاشکرایە کە داهاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کاتێک داهاتێکی چەسپاو نەبووە و بەپێی بارودۆخی ئیقلیمی و ڕەوشی عێراق و زۆر فاکتەری دیکە بەردەوام لە هەڵبەزو دابەزدا بووە، هەر بۆیەش زۆر سەختە بەپشت بەستن بەو داهاتە بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی درێژخایەن بۆ پەرەپێدانی وڵات دابڕێژرێت و جێبەجێ بکرێت. لەگەڵ ئەوەش بەسوود وەرگرتن لەو داهاتە سنووردارە توانراوە سەرەڕای دابینکردنی مووچەی فەرمانبەر و شەهید و پێشمەرگە گەلێ پرۆژە و چالاکی ئەنجام بدرێت.

لەلایەکی دیکەوە بەرنامەی ٩٨٦ لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن ئاژانسەکانی UNەوە جێبەجێ دەکرێت، وێڕای ئەوەش لە ڕێگەی ئامادەکردنی پرۆژەی گونجاو بۆ هەر فێزێک و بەدواداچوونی بەردەوام لە گەڵ یونۆکی و ئاژانسەکان، توانراوە بەباشترین شێوەی گونجاو لە بەرژەوەندی هاووڵاتیان و پەرەپێدانی وڵات بەرنامەکە پیادە بکرێ. بەشایەتی چاودێرانی ناوخۆ و دەرەوە، جێبەجێ کردنی بەرنامەی ٩٨٦ لە هەرێمی کوردستاندا، سەرەڕای بیروکراسیەتی UN و کەموکوڕیی زۆری ئاژانسەکان و گەلێ گیروگرفتی تر، بەرنامەیەکی سەرکەوتوو بووە و، دەسکەوتی زۆری بۆ گەلی کوردستان دەستەبەرکردووە، ئەمەش بەپلەی یەکەم بۆ پشوو درێژی و واقیع بینی حکوومەتی هەرێم و ئەو هاوکاری و هەماهەنگیە بەردەوامە دەگەڕێتەوە کە بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکە دەیڕەخسێنێ.

له ڕووی فراوانکردن و جێبەجێ کردنی پرۆسەی دیموکراسییەوە، لەسەر پێشنیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لەو یاسایانە هەموار کران کە لەگەڵ گیانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا گونجاو نین. لەم ماوەیەدا گەلێ پرۆژەی یاسای تازە دوای ئامادەکردن و دارشتنیان لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمەوە پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان کراون و بڕیاریان لەسەر دراوە.

هەر لە ڕوانگەی باوەڕی تەواوی حکومەتی هەرێم بەدیموکراسی و جێبەجێ کردنی بەشێوەیەکی پراکتیکی تا ئێستا ٢٤ حزبی سیاسی مۆڵەتیان وەرگرتووە و، ١٤ سەندیکا و ٦١ کۆمەڵە و ٣٢ بنکەی ڕۆشنبیری و ١٨ یەکێتی و ٤٧ یانەی وەرزشی دوای وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی بەشێوەیەکی ئازاد ئیشوکاری خۆیان ئەنجام دەدەن.

لە ساڵی دووەمی دەستبەکاربوونی کابینەی چوارەمدا، بۆ یەکەم جار پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی (٨٢) شارەوانی کە (٤٣)یان شارەوانی تازە بوون لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک لە بارودۆخێکی ئازاد و دیموکراسیدا بەڕێوەچوو.

دامەزراندنی وەزارەتی مافی مرۆڤیش هەنگاوێکە بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەی شارستانی و مەدەنی. مەبەستی سەرەکی لە دامەزراندنی ئەم وەزارەتە ئەوەیە کە دام و دەزگا کارگێڕییەکانی حکوومەت لە سەر ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی یاسا و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان ڕابهێنرێن. دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بایەخی زیاتر بەم بوارە بدەن و قوتابیانی پێ گۆش بکەن. دەزگاکانی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوخۆ لەسەر ئەم بنەمایە ڕەفتار لەگەڵ گیراوان و هاووڵاتیاندا بکەن.

جێگەی خۆشحاڵییە کە ئەمڕۆ ئەمن و ئاسایش لە هەموو کونجێکی وڵات تا ڕادەیەکی بەرز بەرقەرارە و، ماڵ و ژیان و کەرامەتی هەموو کەسێک پارێزراوە. دادگاکان لەگشت قەزاکان و تەنانەت لە هەندێک لە ناحیەکانیشدا بڵاوبوونەتەوە و، خەڵکی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و گیروگرفتەکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ڕوو لە دادگا دەکەن. دەزگای قەزائی بەشێوەیەکی بەردەوام بەرەو سەربەخۆیی تەواو هەنگاو دەنێ.

دیارە کە ئاستی ژیان و بژێویی هاووڵاتیان لە چاو ساڵانی ڕابردوو بەڕادەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە و، چینێکی ناوەڕاست لە کوردستاندا خەریکە سەر هەڵدەدات. کار و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکوومەتی هەرێم و پرۆژەکانی بەرنامەی ٩٨٦ دەرفەتی کاریان بۆ

دەیان هەزار هاوولاتی ڕەخساندووە، جگە لەوەش زیاتر لە ٢ هەزار کەس لە ئاژانسەکانی UN دامەزراون. هەموو خێزانێک لە کاتی دیاریکراودا بەشە ئازووقەی مانگانەی خۆی وەردەگرێ کە زۆربەی خۆراکە سەرەکییەکانی تێدایە.

وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕۆڵێکی گرنگی لە بواری ڕێکخستنی ژیانی دارایی و ئابووریدا گێڕاوە. بایەخ بەکاری بانکەکان دراوە و بەکادیری شارەزا و لێهاتوو دەوڵەمەند کراون. هەوڵ و کۆشش بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی تەواو لە نێوان هاوولاتیان و بازرگانان لە لایەک و بانکەکانی هەرێم لە لایەکی دیکە درێژەی هەیە. دروستکردنی باڵەخانەیەکی شیاو بۆ بانکی ناوەندیی هەرێم هەنگاوێکی کارایە بەرەو پەرەپێدانی کاری بانکی لە ولاتدا. دەزگای چاودێری داراییش ڕۆڵی خۆی لە جێبەجێ کردنی یاسا و ڕێنوێنییەکاندا گێڕاوە و زۆر لە دامودەزگاکانی حکوومەتی بەسەر کردۆتەوە بۆ ئەوەی چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کاروباری دارایی فەرمانگە و پرۆژەکان بپشکنێ.

لە سایەی پرۆژەکانی ئاودێری و ئەو هاوکارییەی کە بەهەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی (فاو) پێشکەشی جووتیاران دەکرێت، کەرتی کشتوکاڵ پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. سامانی ڕووەکی و ئاژەڵی پەرەی سەندووە و بەرهەمی گۆشت و دانەوێڵە و سەوزە و میوە پێداویستییەکانی بازاڕی ناوخۆ دابین دەکەن.

حکوومەتی هەرێم بەلێخۆشبوونی قەرزی کەڵەکەبووی جووتیاران و کڕینەوەی گەنم و دانەوێڵە و هەوڵی دابینکردنی قەرز بۆ جووتیاران دەستی یارمەتی بۆ جووتیاران درێژکردووە.

مایەی شانازییە کە ئەمڕۆ دەستی هەموو کوڕ و کچێکی کورد دەگاتە قوتابخانە و دەرفەتی فێربوون و خۆپێگەیاندن بۆ هەموو کەسێک ڕەخساوە. گرفتی سێ دەوامی لە قوتابخانە دواناوەندییەکاندا چارەسەرکراوە و، هەموو قوتابییەکی دەرچووی قۆناغی ئامادەیی دەتوانێ لە یەکێک لە زانکۆ یا پەیمانگەکاندا درێژە بەخوێندن بدات. ساڵ لە داوی ساڵ زانکۆ و پەیمانگەکان گەشە دەکەن و خوێندنی باڵای ماجستێر و دکتۆرا فراوانتر دەبێ.

لە بواری لەشساغیشدا، سەرەڕای فراوانکردن و نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەکان، گەلێ بنکەی تەندروستیی تازە بیناکراون. هەوڵ و کۆشش لەگەڵ ڕێکخراوی WHO بۆ دروستکردنی ئەو نەخۆشخانە تازانەی کە لە فێزەکانی پێشوودا پارەی پێویستیان بۆ

تەرخان کراوە بەردەوامە. زۆر ئامێر و کەلوپەلی پزیشکیی نوێ بۆ نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان دەستەبەر کراون. بەشێوەیەکی گشتی داو و دەرمان و ڤاکسێنی پێویست دابین کراوە و بەبێ بەرامبەر بەهاوولاتیان دەدرێت. هەردوو زانکۆی سەلاحەدین و دهۆک ساڵانە زیاتر لە (١٣٠) پزیشک دەردەچوێنن، ئەمە سەرەڕای هەردوو کۆلیژی پزیشکیی ددان و دەرمانسازی.

هەنگاوی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا نراوە. بەدامەزراندنی دوو پرۆژەی ٢٩ میگاواتی و چەندین موەلیدەی بچووک لە هەولێر و دهۆک، شان بەشانی ئەو برە کارەبایەی کە لە بەنداوی دووکان و دەربەندیخانەوە دەکڕدرێت گیروگرفتی کارەبا تاڕادەیەکی بەرز چارەسەرکراوە. ئەمڕۆ کارەبای ٤ ئەمپێری بەنرخێکی گونجاو بۆ هەموو ماڵێک دابین کراوە و، هەوڵ و کۆشش بۆ دەستەبەرکردن و دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێ بۆ وزەی کارەبا بەردەوامە.

لەلایەکی دیکەوە پشتگیریی کەرتی پیشەسازی تایبەت کراوە و، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر پرۆژە و کارگەی تایبەتی لە هەرێمدا دامەزراون. پیشەسازی خۆراک بایەخێکی تایبەتی پێ دراوە و هەردوو کارگەی قوتووبەندی حەریر و ڕۆنی ڕووەکیی ئاکرێ کەوتوونەتە بواری بەرهەمهێنان. بەدرێژایی ساڵ هەموو جۆرەکانی سووتەمەنی هەروەک بەنزین، نەوت، گازوایل، غاز، بەنرخێکی گونجاو بۆ هاوولاتیان دابین دەکرێ.

پێشکەوتنی بواری گەیاندن زۆر دیار و بەرچاوە. لە کاتێکدا دوو ساڵ لەمەوبەر سیستەمێکی گونجاوی تەلەفۆن لە شارەکانی هەرێمدا نەبوو، ئەمڕۆ بەدامەزراندنی هەردوو بەدالەی مەرکەزیی هەولێر و دهۆک و چەندین بەداله و ئامێری تر، پەیوەندی تەلەفۆنی لەناو شار و لە نێوان شارەکاندا دابین کراوە و، شان بەشانی ئەوەش بەهاوکاری لەگەڵ کەرتی تایبەتیدا سیستەمی مۆبایل کەوتۆتە کار. هەموو پرۆژەکانی ئەم بوارە لە سەر بودجەی حکوومەتی هەرێم ئەنجام دراون، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە پارەیەکی زۆر لە فێزەکانی بەرنامەی ٩٨٦ بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە، کەچی لیژنەی سزاکان تا ئێستا ڕەزامەندیی لەسەر جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی ئەم سێکتەرە نەداوە.

نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر تۆڕی ئینتەرنێت بۆ دامودەزگا ڕەسمییەکانی حکوومەت و زانکۆکان دابین کرا، بەڵام ئەمڕۆ ئینتەرنێت بەهاوکاریی کەرتی تایبەتی لە ڕێگای هێڵی تەلەفۆنەوە بۆ ماڵان و فەرمانگەکان بەنرخێکی گونجاو دەستەبەر کراوە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ کەمکردنەوەی ئاسەواری ئەو دابڕان و گۆشەگیرییەی کە بەسەر وڵاتدا

سەپێنراوە. ئینتەرنێت کەلێنێکی گەورەی بۆ زانکۆکان و ناوەندەکانی فێربوون لە هەرێمدا پڕ کردۆتەوە.

لە کۆی نزیکەی (٢٥٠٠) گوندی خاپوور کراوی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک، تا ئێستا زیاتر لە (١٦٠٠) گوند ئاوەدان کراونەتەوە. پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی لادێکان کە سەرەتا بەدەستپێشخەریی هاووڵاتیان و هاوکاریی ڕێکخراوە خێرخوازە ناحکومییەکان دەستی پێ کرد، لەگەڵ هاتنە مەیدانی بەرنامەی ٩٨٦دا لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەلێ پەرەی سەند. هەزاران خانوو ڕاستەوخۆ لە لایەن ئاژانسەکان یا حکوومەتی هەرێمەوە بینا کران. هەر بۆ نموونە خانوو بۆ هەموو گەڕاوەکانی ئێران دروست کراوە، بەتایبەتیش لە سۆران. لە بنەسلاوە و کەسنەزان و گوندە هاوچەرخەکانی دهۆکدا هەزاران خانوو دروست کراون. دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر لە شوقەی گونجاو بۆ خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتی شارەکان لە قۆناغی جێبەجێ کردندایە.

بێگومان پرۆسەی بیناسازی جگە لە بواری شوقە و خانوو، گەلێ بواری دیکەی گرتۆتەوە، هەروەک قوتابخانە و کۆلیژ و بنکەی تەندروستی و باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگای ڕۆشنبیری و ئایینی و هی تر. چەندین باڵەخانەی شارستانی بەشێوازی نوێ بیناکراون یا لەژێر جێبەجێ کردندان، هەروەک: باڵەخانەکانی بانکی هەرێم، کۆشکی هونەر، وەزارەتی داد، وەزارەتی شارەوانی، کۆڕی زانیاری، مەڵبەندی ڕۆشنبیری، سەرۆکایەتیی هەردوو زانکۆ و چەندین هوتێلی پلە یەک و هی تر.

لە ڕووی ڕێگاوبانیشەوە سەدان کیلۆمەتر ڕێگا و چەندین پردی جۆراوجۆر دروست کراون یا چاک کراونەتەوە. بەجۆرێ کە دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ ڕێگاوبانەکانی هەرێم بەگشتی گونجاو و لەبارن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگاوبانێکی زۆر لەژێر جێبەجێ کردندان، یا نەخشەیان بۆ کێشراوە، هەروەک ڕێگای ڕاستەوخۆی هەولێر - دهۆک، جووت سایدی هەولێر - کەڵەک، جووت سایدی هەولێر - سەلاحەدین، ڕێگای چۆمان - حاجی ئۆمەران و هی تر. جمووجۆڵێکی فراوانی ڕۆشنبیری، شان بەشانی بزاڤی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان، هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە. چەندین ڤیستیڤاڵی هونەری و ئەدەبی و یادکردنەوەی شاعیر و ئەدیبانی کورد ئەنجام دراون و گەلێ ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی سازکراون. بایەخ بەپاراستنی زمان و پەرەپێدانی فۆلکلۆری میللی و بووژاندنەوەی هونەر و ئەدەبی کوردی و ڕۆشنبیری تورکمانی و ئاشووری دراوە. هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا بایەخ بەپاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان دراوە کە مۆرکی ڕەسەنایەتی و

دەوڵەمەندیی شارستانیی نیشتمانین. جگە لەوانەش بواری وەرزش و لاوان ئاوڕی لێ دراوەتەوە و چالاکی وەرزشی جۆراوجۆر لە زۆربەی شار و شارۆچکەکاندا ئەنجام دراوە.

دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١ دا دەسکەوتێکی دیکەی حکوومەتی هەرێمە بۆ چارەسەرکردنی پرس و کێشەکانی پەیوەندیدار بەزمان و کەلتووری نەتەوایەتیی کوردی. ئێستا دروستکردنی باڵەخانەیەکی گونجاو بۆ کۆڕی زانیاریی کوردستان لە قۆناغی تەواوبووندایە.

بێگومان ژینگەیەکی دروست و پاک و خاوێن پێداویستییەکی گرنگی ژیانی مرۆڤە، هەر بۆیە بایەخێکی تایبەتی بەم بوارە دراوە و هەلومەرجی ژینگەیەکی لەبار بۆ هاووڵاتیان ڕەخسێنراوە. هەر بۆ نموونە پرۆسەی پەرەپێدانی شارەکان درێژەی هەیە. هەموو شارێک لە هەوڵی ئەوەدایە کە شەقامەکانی بەدارودرەخت برازێنێتەوە، لە هەموو شارەکانی کوردستاندا پارکی گەورە و بچووک کراونەتەوە کە پارکی هەولێری پایەتەخت نموونەیەکی بەرچاوە لەم بوارەدا. زیاتر لە (٣) ملیۆن درەختی جۆراوجۆر لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا چێنراوە. تا پێش چەند ساڵێک، کەمیی ئاوی پاکی خواردنەوە گرفتێکی گەورەی هاووڵاتیان بوو، ئەمڕۆ لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکدا ئەم گرفتە تاڕادەیەکی بەرز چارەسەرکراوە و، بۆ داهاتووش گەلێ پرۆژە بۆ ڕاکێشانی ئاوی خواردنەوە لە ڕووبارەکانەوە بۆ شار و شارۆچکەکان لەژێر نەخشەکێشان و جێبەجێ کردندان. هاوشان لەگەڵ ئەوەش پرۆژەی دروستکردنی کەناڵی ئاوەڕۆ و زێراب درێژەی هەیە.

ئەم تەوەرە سەرەکییانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن پێوەرێکی سەرەکین بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی گەلان. بەرەخساندنی پێداویستییە ماددیەکانی بەرەوپێش چوونی ژیانی هاووڵاتیان و لە سایەی ئەو ئازادییەدا کە بەقوربانیدانی شەهیدان و خەباتی گەلەکەمان بەسەرکردایەتیی بارزانی هاتۆتەدی هاووڵاتیانی کوردستان بەئاسوودەیی بەرەو دواڕۆژێکی ڕووناکتر هەنگاو دەنێن.

بێگومان هێشتا لە زۆر بواردا کەموکوڕی بەرچاو دەکەوێت، لەم لاو ئەولا گیروگرفت و ئاستەنگ سەر هەڵدەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕمان بەهێزە کە ئاسۆیەکی ڕوون لەبەردەم کاروانی ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوەی وڵاتدایە.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرنگترین چالاکییەکانی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە بوارە جیاجیاکاندا:

**دارایی و ئابووری:**

ڕێکخستنی کاروباری دارایی و پەرەپێدانی ئابووریی وڵات فاکتەرێکی سەرەکیی پێشکەوتن و بووژاندنەوەی کۆمەڵگاکەمانە. هەروەک ئاماژەمان بۆ کرد داهاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە ڕێگەی باج و گومرگ و سەرچاوەکانی دیکەی داهاتەوە دێتەدی، داهاتێکی سنووردار و نەچەسپاوە و بەگوێرەی بارودۆخی ئیقلیمی لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدایە. لەگەڵ ئەوەش توانراوە بەپشت بەستن بەم داهاتە سنووردارە، سەرەڕای دابینکردنی مووچەی فەرمانبەر و شەهید و پێشمەرگە و خانەنشینان و نەسریەی سەرجەم وەزارت و دامودەزگاکان، زۆر پرۆژە و کاری گرنگ بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی کوردستان ئەنجام بدرێت.

ساڵانە بودجەی حکوومەتی هەرێم و ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئامادە کراوە و دوای پەسندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە جێبەجێ کراوە.

هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری گومرگەکان و پێشکەشکردنی ئاسانکاریی پێویست بۆ بازرگانەکانی هەرێم. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٢دا (١٢٦) گۆڕانکاری لە پێناسەی گومرگیدا کراوە و زۆر لە باجەکان کەم کراونەتەوە. کاڵای بازرگانی بەڕێژەی ٩٠٪ و ترانزێت بەڕێژەی ٢٥ تا ٤٥٪ داشکێنراون. باجی دەرامەت لەسەر هەموو کەرەستە و کاڵایەک یەکخراوە و لە ڕێژەی (٢٥٪)ەوە بۆ (١٥٪) کەم کراوەتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی باجی گومرگی حکومەتی هەرێم لە چاو باجی گومرگی وڵاتانی دراوسێ کەمە و ئەمەش هاندەرێکە بۆ بەرەوپێشبردنی بازرگانی ترانزێت.

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی حاجی ئۆمەران دەستبەکار بووە و، کاری گومرگ کردنی ئەو کاڵایانەی کە لە ئێرانەوە بۆ ناو هەرێم دەهێنرێن یا بەپێچەوانەوە، ئەنجام دەدات.

بەپێی یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ١٩٩٩ باجی دەرامەت بەڕێژەی ٢٥٪ کەم کراوەتەوە، کە ئەمەش ئاسانکارییە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری هاووڵاتیان. باجی سەرجەم پیشەکان ڕێک خراوە و ئاسانکاریی گونجاوی تیادا پێشکەش کراوە. هەروەها باجی خانووبەرەش دوای دیراسەت و لێکۆڵینەوەی پێویست بەشێوەیەکی بەرچاو کەم کراوەتەوە. باجی ئەو کۆمپانیانەش کە لە چوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦دا کاری ڕێکخراوە بیانییەکان ئەنجام دەدەن

ڕێک خراوه و، کرێی خزمەتگوزاریی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکاندا کار دەکەن و دانیشتووی هەرێمی کوردستانن دەستنیشان کراوه و جێبەجێ دەکرێت.

زۆر ئاسانکاری دیکە لە ڕووی باجەوە پێشکەش بەهاوولاتیان کراوه و، بڕیار دراوه فەرمانگەکانی باجی دەرامەت و خانووبەرە لە سۆران و ئاکرێ بکرێنەوە کە لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٣)دا دەستبەکار دەبن.

(٢٦٦٤) خانوو و شوقەی حکوومەتی بەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵدا تەملیک کراون هەروەک: خانەوادەی شەهیدان، پێشمەرگە، کادیران، فەرمانبەران، خانەنشین کراوان، کاسبکاران... هتد.

لە ماوەی کابینەی چوارەمدا ٢٩٢ کۆمپانیا تۆمار کراون. ئێستا ژمارەی کۆمپانیاکان لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکدا دەگاتە ٥٥٣ کۆمپانیا، کە (٥١٤) کۆمپانیا خۆماڵین و (٣٩) کۆمپانیاکەی تر بیانین.

بەردەوام پشتگیریی کەرتی تایبەتی کراوه و سیاسەتی بازاڕی ئازاد جێبەجێ دەکرێت، بۆیە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ ئەم کەرتە زیاتر دەبووژێتەوە و جموجۆڵی بازرگانی بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت. لە ماوەی کابینەی چوارەمدا ٤٤٤٨ مۆڵەتی بازرگانی بەو بازرگانانە دراوه کە لە ڕێگای گومرگی ئیبراهیم خەلیلەوە بازرگانیی کەرەستەی جۆراوجۆر دەکەن و ٤٢ ملیۆن دینار وەکو ڕەسمی مۆڵەت وەرگیراوه.

بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخ و چاودێری کردنی بازاڕ، بەردەوام سەردانی بازاڕ و کەرتە گرینگەکانی بازرگانی کراوه و سەرپێچیکاران بەپێی یاسا سزا دراون. ڕۆژانە بەرێوەبەرایەتیی چاودێریی بازاڕ لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی ئابووری لە پارێزگاکاندا بازاڕەکان دەپشکنن و کاری خۆیان ئەندام دەدەن.

گەورەترین کۆگاکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ ئەمبارکردنی کەرەستەی خواردەمەنیی بەرنامەی ٩٨٦ تەرخان کراون و، دابەشکردنی بەشە ئازووقەی مانگانەی هاوولاتیانیش لە ڕێگەی بریکارەکانی خۆراکەوە کەسەر بەوەزارەتی داراییین ئەنجام دەدرێت. لە پێناوی یارمەتیدانی جووتیاران و پشتگیری کردنی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لە کوردستاندا ساڵی ٢٠٠١ نزیکەی (٥٠) هەزار تەن گەنمی برا جووتیارەکان بە(٧٢) ملیۆن دینار کڕایەوە کە ئێستا ٢٨ هەزار تەن لەو گەنمە لە سایلۆکانی هەولێر و زاخۆدایە.

بایەخ بەرێکخستنی ئیشوکاری بانکەکان دراوه و تا ئێستا ٥ خولی تایبەت بۆ

پێگەیاندنی کادیرانی بانکەکان بەبەشدایی ٨٨ فەرمانبەر کراوەتەوە. ئامێر و کەلوپەلی نوێ بۆ بانکەکان دابین کراوە و دەیان فەرمانبەری کارامە و شارەزا کاریان تیادا دەکەن. هەوڵ دراوە ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان لە رووی پێدانی مووچە یان راپەڕاندنی هەر ئیشوکارێکی دیکە پێشکەش بکرێت. لە ئەنجامی ئەو بایەخ پێدانەشدا داهاتی بانکەکان لە چاو ساڵانی پێشوو زیادی کردووە. بۆ نموونە لە کاتێکدا ساڵی ١٩٩٦ داهاتی بانکەکان ١,٤٠٠,٠٠٠ دینار بوو، کەچی لە ساڵی ٢٠٠١دا گەیشتۆتە نزیکەی ١٤ ملیۆن دینار و لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢شدا زیاتر لە ٨ ملیۆن دینار بووە.

تەواو کردنی پرۆژەی بانکی هەرێم کە ٢٨,٥٠٠,٠٠٠ دیناری تێ چووە و بایەخێکی زۆری هەیە لە بواری بەرێوەبردنی کاروباری دراوی لە هەرێمی کوردستاندا بەڵگەیەکی دیکەی ئەم بایەخ پێدانەیە.

هەوڵی بەردەوام دراوە بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان لە رێگەی کەمکردنەوەی سولفەی مانگانەی فەرمانبەران بەرێژەی ٥٠ ٪ و راگرتنی خەرجییەکانی تری دەرەوەی مووچە و دەرماڵە و گواستنەوەی فەرمانبەرە زیادەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بەراژەیان هەیە.

جگە لەوانەش زۆر کار و چالاکیی دیکە ئەنجام دراون هەروەک: چاپکردنی پوولی دارایی و دابەشکردنی بەسەر بنکەکان بەمەبەستی فرۆشتنی بەبریکارەکانی پوول، کە داهاتی ساڵانەی ئەو هەنگاوە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دینارە، کردنەوەی پێشانگەیەکی نێودەوڵەتیی گەورە لە پارێزگای هەولێر بۆ کەلوپەلی کۆماری ئیسلامی ئێران، پێشکەشکردنی (١٥٠) دینار وەکو هاوکاری بۆ خانەنشینان، سەرفکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ خێزانی هەر خانەنشینێک کە لە هەرێمدا کۆچی دوایی بکات، ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی بیناسازی لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆک هەروەک پرۆژەکانی کۆمەڵگەی ئیبراهیم خەلیل و بەرێوەبەرایەتیی گومرگی دهۆک و چەندین پرۆژەی تر.

**پاراستنی ئەمن و ئاسایش:**

دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی گیان و موڵکی هاووڵاتیان ئەرکێکی هەرە لە پێشی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم و لە سایەی هاوکاری و پشتیوانیی جەماوەری کوردستانەوە هێمنی و ئاسودەیی تارادەیەکی بەرز باڵی بەسەر هەموو کونجێکی وڵاتدا کێشاوە.

ئەمڕۆ هاووڵاتیان لە سەر و ماڵی خۆیان دڵنیان و بەئاسودەییەوە دەتوانن ئیشوکاری خۆیان ئەنجام بدەن و سەرمایەکانیان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی جۆراوجۆر بخەنەکار.

ئاکامی ئەو سیاسەتەی حکومەتی هەرێم لەوەدا رەنگ دەداتەوە کە رێژەی تاوان لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرادەی ٣٥٪ تا ٤٥٪ دابەزیوە و زیاتر لە ٩٠٪ی تاوان و رووداوەکان بەهیممەتی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و بەهاوکاری هاووڵاتیان ئاشکرا کراون. هەوڵ و کۆشش بەردەوامە بۆ جێبەجێ کردنی ئازادییە گشتییەکان و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و رێنوێنیی پێویست بەدەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ دراوە کە پابەندی بنەما یاساییەکان و مافەکانی مرۆڤ بن. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین خولی بەردەوامی مەشق و راهێنان بۆ پیاوانی پۆلیس و ئاسایش و ئەفسەر و پلەدارانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ کراوەتەوە. هەر لە روانگەی باوەربوون بەدیموکراسی و جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی پراکتیکی، تا ئێستا (٢٤) حزبی سیاسی مۆڵەتیان وەرگرتووە و (١٤) سەندیکا و (٦١) کۆمەڵە و (٣٢) بنکەی رۆشنبیری و (١٨) یەکێتی و (٢٤) رێکخراو و (٤٧) یانەی وەرزشی مۆڵەتی یاساییان پێ دراوە.

سەنتەری پێشخستنی کارگێری بۆ سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان کراوەتەوە و ئێستا خولی دووەمی ئەم سەنتەرە بەرێوە دەچێت کە (٢٨) بەرێوەبەری ناحیە تیایدا بەشدارن.

بەهاوکاری لەگەڵ مامۆستایانی کۆلیژەکانی یاسا و رامیاری و ماف و ئاداب و پەروەردە، بۆ یەکەم جار لە هەرێمدا سەنتەرێکی توێژینەوەی تاوان و کۆمەڵایەتی دامەزراوە. ئامانجی ئەم سەنتەرە دراسەتکردن و بەدواداچوونی هۆبەکانی تاوان و دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاوە بۆ ئەم دیاردەیە.

بایەخێکی تایبەتی بەکۆلیژی پۆلیس دراوە و، هەموو پێداویستی و کەلوپەلێکی بۆ ئامادەکراوە. تا ئێستا ٣ خول لە قوتابیانی ئەم کۆلیژە کە ژمارەیان (٢٤٠) قوتابی بوو، دوای تەواوکردنی خوێندنی سێ ساڵە بەپلەی ئەفسەر دەرچوون.

جگە لەو ٣ خولەش چەند خولێکی ٦ مانگی تایبەت کراونەتەوە و، ژمارەیەک ئەفسەر لەو خولانەدا دەرچوون. هەروەها خولێکی دیکەش ساڵی ٢٠٠٢ بۆ ژمارەیەک ئافرەتی هەڵگری بروانامەی بەکەلۆریۆس کرایەوە و (٦) ئافرەت بەپلەی ئەفسەری پلە دوو دەرچوون.

بەرنامەیەکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی دەزگای ئاسایشی گشتی دارێژراوە و سیستەمێک

بۆ جیاکردنەوەی ئیشوکارەکان و لیژنەیەکی تایبەت بۆ وەرگرتنی کارمەندانی ئاسایش دامەزراوە.

داوا لە سەرجەم بنکەکانی پۆلیس و ئاسایش کراوە کە پەلە لە بەجێهێنانی دەفتەری لێکۆڵینەوەکان بکەن، بۆ ئەوەی ڕەوانەی دادگاکان بکرێن و بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. هەوڵی جددی دراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی قاچاغچێتی و دەستگیرکردنی ئەوانەی بەشێوەیەکی نایاسایی کەلوپەل دەهێنن و دەبەن. چەندین بنکەی پۆلیس و ئاسایش بەپێی پێویست لە شوێنە جیاجیاکاندا کراونەتەوە و، بایەخی زۆر بەڕێکخستن و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ لەناو شار و لە نێوان شارەکاندا دراوە.

لە بواری بیناسازیشدا زۆر پرۆژە جێبەجێ کراون یان لەژێر جێبەجێ کردندان، هەروەک دروستکردنی گرتووخانەی مەڵبەندی لە پارێزگای دهۆک و، چەندین هۆڵی نووستن و ژووری کۆمپیوتەر بۆ کۆلیژی پۆلیس و، دروستکردن یان نۆژەنکردنەوەی چەندین باڵەخانەی تر کە تا ئێستا لەم بوارەدا (٥١) ملیۆن دینار لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم سەرف کراوە. جگە لەوانەش دروستکردنی چەندین کۆمەڵگەی ئیداری لە گەلاڵە و سیدەکان و شوێنی تر خراونەتە ناو فێزەکانی بەرنامەی ٩٨٦ەوە، کە وا چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا جێبەجێ بکرێن.

بەردەوام جلوبەرگی زستانە و هاوینە بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دابین کراوە و، چەک و تەقەمەنی و ئامێری پەیوەندی و ئۆتۆمبێل و ماتۆرسیکلێت و کۆمپیوتەر و پێداویستیی دیکە دەستەبەرکراون کە بەگشتی (٢٧) ملیۆن دیناریان بۆ تەرخان کراوە.

**داد و سەروەریی یاسا:**

سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و بەهێزبوون و پاراستنی لە هەرجۆرە دەست تێوەردانێک یەکێکە لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی سیستەمی دیموکراسی و لە هەمان کاتیشدا سیمای کۆمەڵگەی جێگیر و هێمای سەروەریی یاسایە. هەر لەم ڕوانگەیەوە پاراستنی سەروەریی یاسا کراوەتە دروشمی کابینەی چوارەم. پرۆژەی دروستکردنی تەلارێکی شایستە بۆ وەزارەتی داد کە ئێستا لە قۆناغی تەواوبووندایە بەڵگەی بایەخدانی حکوومەتی هەرێمە بەوەزارەتی داد و دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمدا.

کار و کۆشش بۆ بەهێزکردنی دادگاکان و پەنابردنە بەر یاسا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان

بەردەوام بووە و، لەم بوارەدا کاروباری دادگاکان بەرەوپێش چوونی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە. بۆ نموونە لە کاتێکدا ساڵی ١٩٩٩ تەنها (٢٠) هەزار کێشە لە دادگاکاندا تەواوکراون، کەچی لە ساڵی ٢٠٠٠دا زیاتر لە (٣٦) هەزار کێشە و، لە ساڵی ٢٠٠١یشدا نزیکەی (٣٠) هەزار کێشە یەکلاکراونەتەوە.

ژمارەی تاوانە مەترسیدارەکانیش ڕوو لە دابەزینە. لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٩٩دا نزیکەی (٨٠٠) تاوانی لەم جۆرە ئەنجام دراوە، دەبینین کۆی تاوانی گەورەی ئەنجامدراو لە هەردوو ساڵی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١ دا کەمترە لە (٩٥٠) تاوان.

هەر لەم ماوەیەدا ئەم دادگایانە کراونەتەوە: دادگای بەرایی بەردەڕەش، دادگای بەرایی بنەسلاوە، دادگای بەرایی چۆمان، دادگای دووەمی تاوان لە هەولێر، دادگای دووەمی لێکۆڵینەوە لە هەولێر، نۆژەنکردنەوەی هۆڵی تاوانە گەورەکان لە هەولێر.

بایەخێکی زیاتر بەدەزگای داواکاری گشتی و سەرپەرشتیاری دادی دراوە بۆ ئەوەی کاروباری دادگاکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر بەڕێوەبچێ.

لەبەرئەوەی پێویستیمان بەدەزگایەکی شارەزا و بەتوانا هەیە بۆ پێداچوونەوە و دارشتنەوەی پرۆژەی یاساکان پێش ئەوەی لە پەرلەمان بڕیاریان لەسەر بدرێ، بۆیە گۆڕانکاری لە دیوانی دارشتنەوەی یاساییدا کراوە.

بۆ کەمکردنەوەی کاری نایاسایی و پێشکەشکردنی ئاسانکاریی پێویست بۆ بەڕێوەچوونی ئیشوکاری هاووڵاتیان، دەزگاکانی تاپۆ و کاتب عەدل توندوتۆڵ کراون. ئاکامی ئیجابی ئەم هەنگاوەش لە زیادبوونی داهاتی ئەم دەزگایانەدا ڕەنگی داوەتەوە. لە کاتێکدا ئەم داهاتە ساڵی ١٩٩٩ تەنها (٢٠) ملیۆن دینار بوو، کەچی لە ساڵی ٢٠٠٠دا بۆتە نزیکەی (٢٩) ملیۆن و، لە ساڵی ٢٠٠١دا نزیکەی (٣٢,٥) ملیۆن دینار بووە. تەنها لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢شدا داهاتەکە لە (٢٠) ملیۆن دینار تێپەڕیوە.

جگە لەوانەش چەند کار و چالاکی دیکە ئەنجام دراون هەروەک: دانانی بەرنامەیەک بۆ خەزنکردنی دۆسییەکانی تاپۆ لە کۆمپیوتەر، کردنەوەی تێبینەرایەتی تاپۆ لە بنەسلاوە، دانانی بەرنامەیەک بۆ دابەشکردنی تاپۆی هەولێر بۆ دوو بەڕێوەبەرایەتیی کە ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە، دەرکردنی (٣٤) ژمارە لە گۆڤاری (وەقایعی کوردستان)، جێبەجێکردنی بەرنامەیەک بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان و دەزگاکانی سەر

بەوەزارەت، دابینکردنی هێڵی ئینتەرنێت و (٢٠) ئامێری کۆمپیوتەر بۆ دادگاکان و دەزگاکانی وەزارەتی داد و کڕینی چەندین ئۆتۆمۆبێل و کەلوپەل و پێداویستی تر.

**پەروەردە:**

بەرەوپێش بردنی ڕەوتی پەروەردە و هێنانەدیی کوردستانێکی خاڵی لە نەخوێندەواری ئامانجێکی سەرەکیی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوەرستان بووە. لە ژێر ڕۆشناییی ڕاسپاردەی سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی کە دەفەرموێ (لە هەر شوێنێک دوو ماڵ هەبێت، دەبێت ماڵی سێیەم قوتابخانە بێت) هەوڵ دراوە هیچ شوێنێک لە کوردستان نەمێنێت کە قوتابخانەی تیادا نەکرێتەوە. ئەنجامی ئەو سیاسەتەش ئەوەیە کە ئەمڕۆ دەستی هەموو منداڵێکی کورد، تەنانەت لە دوورترین گوندەکانیشدا، دەگاتە قوتابخانە و دەرفەتی خوێندن و خۆ پێگەیاندن بۆ هەموو کەسێک ڕەخساوە. ئەمەی خوارەوەش گرنگترین کار و چالاکییەکانی بواری پەروەردەیە کە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی چوارەمەوە تا ئەمڕۆ ئەنجام دراون:

لە پێناوی بەدەستهێنانی ئامارێکی ڕێکوپێک دەربارەی باری پەروەردە لە کوردستان و زانینی ژمارەی نەخوێندەواران بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و دیاریکردنی ژمارەی ئەو منداڵانەی کە هەر ساڵ دەچنە قوتابخانە و گەلێ زانیاریی تر، حکوومەتی هەرێم بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٠١دا ڕووپێوێکی پەروەردەیی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک ئەنجام دا. بەپێی ئەنجامی ئەو ڕووپێوەش پلانی پەروەردەیی لە سەر بنەمایەکی ڕاست و دروست داڕێژرا و جێبەجێ کرا.

لە ساڵی ٢٠٠٠دا حکوومەتی هەرێم بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف بەپێی بەرنامەیەکی فراوان توانی بۆ ٢٩٨ گوند قوتابخانەی دوو ژووری دروست بکات، مەبەست لەم هەنگاوەش ئەوە بوو کە منداڵانی ئەو گوندانە لە خوێندن و فێربوون دانەبڕێن و لە داهاتوودا ئەم قوتابخانانە ببنە خانوو بۆ مامۆستایان و قوتابخانەیەکی ٦ پۆلی تەواو بۆ هەر گوندێک دروست بکرێت. هەر لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بایەخێکی زۆر بەدروستکردن و کردنەوەی قوتابخانەی نوێ دراوە بۆ ئەوەی ئاستی زانستیی قوتابیان بەرز ببێتەوە و لە دەوامی دوو شەفتی ڕزگاریان بێت. لەم ماوەیەدا ٥٤٨ قوتابخانەی سەرەتایی و ٨١ قوتابخانەی نوێی ناوەندی و دواناوەندی کراونەتەوە.

له ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠ – ٢٠٠١دا (٣) پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان لە قەزاکانی (زاخۆ، سۆران، مێرگەسوور) بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی ئەم دەڤەرانە کراونەتەوە. جگە لەمانەش کۆلیژی مامۆستایان لە زانکۆکانی سەلاحەدین و دهۆک دامەزراون. ئەمساڵیش لە زانکۆی دهۆکدا کۆلیژی زانست بووە بەکۆلیژی پەروەردە بۆ ئەوەی دەرچووان بەمامۆستا دابمەزرێن و لەم ڕێگایەوە کەم وکوڕیی میلاکی مامۆستایانی پارێزگاکە چارەسەر بکرێت.

دوو قوتابخانەی نموونەیی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک کراونەتەوە و هەموو پێداویستییەکانی خوێندنیان بۆ دابین کراوە، هەروەک تاقیگەی کۆمپیوتەر و تاقیگەی دەنگ.

لە پێناوی زیادکردنی توانای چاپکردنی کتێب بۆ قوتابیانی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بایەخێکی زۆر بەفراوانکردن و پەرەپێدانی چاپخانەی پەروەردە دراوە. لەکاتێکدا ساڵی ١٩٩٩ کەمتر لە ٢ ملیۆن کتێب لەم چاپخانەیەدا چاپ کرا، کەچی ئەمڕۆ توانای هەمان چاپخانە ساڵانە لە ٣ ملیۆن کتێب تێپەڕ دەکات. بەگشتی لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمدا تا ئێستا نزیکەی ٩ ملیۆن کتێب چاپ کراوە و بەسەر قوتابیاندا دابەش کراوە.

هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن بەشێوەیەکی زانستی و لەسەر بنەمای نەتەوەیی و نیشتمانی دابڕێژرێنەوە. بۆ نموونە هەموو بابەتەکانی پەروەردەی نیشتمانی لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە تا پۆلی سێیەمی ناوەندی بەڕێژەی ٨٠٪ تا ١٠٠٪ دەستکاری کراون. چەندین بابەت دەربارەی مێژووی گەلی کورد و شۆڕشەکانی خراونەتە ناو کتێبەکانی مێژووەوە. جوگرافیای کوردستانی عێراق لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بەپوختی باس کراوە. هەوڵ و کۆشش بەردەوامە بۆ ئەوەی بەبۆچوونێکی زانستی و مرۆیی و نیشتمانی پێداچوونەوە بەپرۆگرامەکاندا بکرێت و کەموکوڕییەکان کە پاشماوەی سالانی پێش ڕاپەڕین چارەسەر بکرێن.

بۆ پڕکردنەوەی هەر کەموکوڕییەک لە ژمارەی مامۆستایانی قوتابخانەکان، لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە تا ئێستا نزیکەی ٦٠٠٠ مامۆستا لە هەردوو پارێزگا دامەزراون. بایەخ بەچاککردنی باری بژێویی مامۆستایان دراوە و دەرماڵەی پیشەیی سەرجەم مامۆستایان لە (١٥٠) دینارەوە بۆ (٣٠٠) دینار زیاد کراوە. جگە لەوەش کرێی وانە وتنەوەی مامۆستایان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن زیاد کراوە. هەروەها خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ

گشت مامۆستایان کراوەتەوە و مانگانە بۆ هەر مامۆستایەکی بەشدار بوو (٢٠) دۆلار دابین دەکرێت.

هەوڵ و کۆشش بەردەوامە بۆ ئەوەی ڕێژەی کچان لە قوتابخانەکاندا زیاد بکرێت و لەم بوارەدا پێشکەوتنی بەرچاو بەدی هاتووە، لەکاتێکدا ساڵی خوێندنی ٩٦ – ٩٧ ڕێژەی کچان لە قوتابخانەکاندا نزیکی ٤٣٪ بوو، کەچی لە ساڵی ٢٠٠٠ – ٢٠٠١دا ئەم ڕێژەیە بۆ نزیکەی ٤٨٪ بەرز بووەوە ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەم پێشکەوتنە دەخاتەڕوو کە لەم بوارەدا بەدی هاتووە.

لە ڕووی نەهێشتنی نەخوێندەواریشەوە وەزارەتی پەروەردە بەهاوکاری لەگەڵ ئاژانسی یونیسێف و چەند ڕێکخراوێکی تر تا ئێستا چەندین خولی نەهێشتنی نەخوێندەواریی کردۆتەوە کە زیاتر لە ٤٤ هەزار فێرخواز بەشدارییان لەم خولانەدا کردووە.

بایەخ بەخوێندنی تورکمانی و سریانی و ئێزیدی دراوە و، دوو بەڕێوەبەرایەتیی گشتی لەناو دیوانی وەزارەتی پەروەردە دامەزراوە، یەکەمیان بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تورکمانی و ئەوەی تریان بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی سریانییە.

١٥ قوتابخانەی تورکمانی و ٣٣ قوتابخانەی سریانی لە هەردوو پارێزگاداهەن، جگە لەوانەش دوو قوتابخانەی سەرەتایی بەزمانی عەرەبی وانەیان تیا دەوترێتەوە.

لەو شوێنانەشدا کە برا ئێزیدییەکانی تێدایە هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی ئایینی ئێزیدی دەخوێندرێت.

جگە لەوانەش زۆر کار و چالاکیی دیکە لە بواری پەروەردەدا ئەنجام دراون هەروەک، بەستنی ٣ کۆنفرانسی پەروەردەیی، نەهێشتنی قوتابخانەی ٣ دەوامی، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە ١٢ قوتابخانەی ئامادەیی و لە هەموو پەیمانگە و دەزگا پەروەردەییەکاندا، جێبەجێ کردنی پرۆژەی خوێندن لە دوورەوە، دابەشکردنی قرتاسیە بەسەر قوتابیاندا، گواستنەوەی قوتابیان و کردنەوەی چەندین خول بۆ بەهێزکردنیان، هێنانی سیستەمی سویدی بۆ باخچەی ساوایان و گەلێ دەسکەوتی تر.

**فێرکردنی باڵا:**

پەرەپێدانی ئاستی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان و بەرەوپێش بردنی خوێندنی باڵا بوارێکی دیکەی گرنگی چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە. ئاکامی ئەو بایەخ پێدانەش لە پێشکەوتنی زانکۆ و پەیمانگەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەک دەزگایەکی بەرپرس لە ڕووی داڕشتن و جێبەجێ کردنی ستراتیجیەتی فێرکردنی باڵا لە هەرێمدا، دانیشتن و کۆبوونەوەکانی خۆی ئەنجام داوە و گەلێ ڕێنوێنی و ڕاسپاردە و بڕیاری بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و بەرەوپێش بردنی زیاتری ئەم بوارە دەرکردووە، هەروەک: دەرکردنی بڕیاری ئەنجامدانی یەکەمین کۆنفرانسی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان کە لە ٢١ تا ٢٣ی نیسانی ساڵی ٢٠٠١ بەبەشداربوونی ژمارەیەک لە مامۆستا و پسپۆڕ و شارەزایانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم لە هەولێر بەسترا و بڕیار و ڕاسپاردەکانی لەلایەن ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵاوە پەسندکران، بڕیاری کردنەوەی چەندین کۆلیژ و بەشی تازە لە هەردوو زانکۆدا هەروەک کۆلیژی پەرستیاری و کۆلیژی مامۆستایان و کۆلیژی شەریعە و دیراساتی ئیسلامی لە زانکۆی سەلاحەدین و کۆلیژی پەروەردە لە زانکۆی دهۆک، پەسندکردنی پلانی ساڵانەی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگەکان و پلانی وەرگرتن لە خوێندنی باڵا و چارەسەرکردنی زۆر لە کێشە و گرفتەکانی مامۆستا و قوتابیان.

هەوڵ و کۆشش بۆ بەستنەوەی زانکۆکانی هەرێم لەگەڵ زانکۆ و ناوەندە زانستییەکانی دەرەوە بەردەوامە و، ئەمساڵ هەر سێ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە کۆنگرەی یەکگرتووی زانکۆکانی جیهاندا بەشداربوون کە لە باشووری ئەفریقیا سازدرا. تا ئێستا چەندین ڕێککەوتننامەی هاوکاری لەگەڵ چەند زانکۆیەکی گرنگی ئەلمانیا و هۆلەندا و نەرویج مۆر کراون و، بەم زووانەش لەگەڵ هەندێ زانکۆی سوید و فەرەنسا ئەنجام دەدرێ. لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکانیشدا ژمارەیەک مامۆستا بەمەبەستی مەشق و ڕاهێنان ڕەوانەی دەرەوە کراون. گەڕانەوەی مامۆستایانی کوردی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات بەردەوامە و، ناوبەناو مامۆستا و پسپۆڕانی جیهانی وانە و موحازەرە لە زانکۆکاندا پێشکەش دەکەن. ناردنە دەرەوەی ژمارەیەک لە مامۆستا و دەرچووانی زانکۆ بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی ئیسپانیا و فەرەنسا دەرگایەکی گرنگی درێژەپێدانی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزی زانستی بۆ دەرچووان کردۆتەوە. بەکارهێنانی ئینتەرنێت شوێنی شایستەی خۆی گرتووە و لەم ڕێگایەوە تاڕادەیەک گرفتی کەمی گۆڤار و کتێب و سەرچاوەی دیکەی زانستی چارەسەر کراوە.

هاوکاری و هەماهەنگی تەواو لە هەموو ئاستەکاندا لە نێوان هەر سێ زانکۆ و لە نێوان پەیمانگەکانی هەرێم بەردەوام بووە و، کردنەوەی بۆردی پزیشکیی کوردستانیش لە زانکۆی سەلاحەدین لە چوارچێوەی ئەو هەماهەنگیەدا ئەنجام دراوە. ئەمڕۆ ئاکامی ئەو بایەخ

پێــدانەی حکوومــەتی هەرێم لە پەرەســەندنی بەرچاوی زانکۆ و پەیمانگەکــاندا ڕەنگی داوەتەوە. زانکۆی سەلاحەدین کە گەورەترین دەزگـای زانسـتی ئەکـادیمییـە لە هەرێمی کــوردســتــاندا، ڕۆڵێکی بەرچاو لە پێگەیاندنی کــادیری پســپــۆڕ و کــارامــە لە بوارە جیاجیاکانی زانستیدا دەگێڕێ. تەنها لە ساڵی ٢٠٠١دا زیاتر لە (١٨٠٠) قوتابی لە زانکۆی سەلاحەدین دەرچوون کە ئەمەش ژمارەیەکی بەرزە و مایەی خۆشحاڵییە.

سەرەڕای کردنەوەی کۆلیژی پەرستیاری و کۆلیژی مامۆستایان و کۆلیژی شەریعە و چەندین بەشی تازە لە زانکۆی ســەلاحــەدین، زۆر کــار و چالاکی دیکە ئەنجــام دراون هەروەک: دروستکردنی کۆلیژی دەرمانسازی و تاقیگەی کۆلیژ کە (٩) ملیۆن دینار و (١٥٠) هەزار دۆلاری تێ چووە و لە ســەر بودجــەی حکوومــەتی هەرێم ئەنجــام دراوە، بەشداربوون لە کۆڕ و کۆنفرانسە زانستییەکان، بەکرێگرتنی ١٦ باڵەخانە بۆ بەشە ناوخۆییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان، دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆ و زۆربەی کۆلیژ و بەشەکان، دروستکردنی باڵەخانەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی، دروستکردنی خانووی میوانداری و دەروازەی هەردوو کۆلیژی زانست و پەروەردە، دروســتکردنی هۆڵی خــوێندن لە کــۆلیــژی پزیشکیی ددان و دابینکردنی پێداویستییەکانی، دەستەبەرکردنی سەرچاوەی زانستی و ئامێری تاقیگە و ئۆتۆمبێل و گەلێ کەلوپەلی تر.

هەر لە سایەی پشتگیری و بەدواداچوونی بەردەوامەوە زانکۆی دهۆکیش لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە بواری پەرەپێدانی خوێندن و ژمارەی دەرچووان و کردنەوەی کۆلیژ و بەشی تازە و بیناسازیدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لەوانەش: کردنەوەی کۆلیژی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان و پڕکردنەوەی ئەو کەموکورییەی کە لەم بوارەدا هەیە، کردنەوەی بەشی ئینگلیزیی ئێواران، دروستکردنی باڵەخانەی کارگێڕی و ئابووری کــە (٧٠٠) هەزار دۆلاری تێ دەچێت، ڕێکخــســتنی یەکــەمین کــۆنفــرانسی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی هاوبەش لە نێوان زانکۆی (دۆرتمۆند)ی ئەڵمــانی و هەر سێ زانکۆکــانی هەرێم، بەشــداریکردن لە کــۆنفــرانسی ئوستراليا و پەیوەندی کردنی بەردەوام لەگەڵ زۆر لە زانکۆکانی جیهان، ڕێکخستنی چەندین خولی ئەکادیمی هەروەک ئەو خولەی کە بەهاوکاری زانکۆی (دۆرتمۆند) لە ماوەی نێوان ١٥ تا ٢٠٠١/١٠/٤ ئەنجام درا و تایبەت بوو بەبواری نەخشــەکــێشــان لە مەڵبەندی شارەکاندا، دابینکردنی چەندین پاس و ئۆتۆمبێل و سەرچاوەی زانستی و

کەلوپەل و پێداویستی دیکەی کۆلیژەکان. بەهۆی ڕۆڵی گرنگی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە پێگەیاندنی کادیری ناوەندی پراکتیکیدا بایەخێکی تایبەتی بەرەخساندنی هەلومەرجی پێویست بۆ پێشخستنی خوێندنی تەکنیکی دراوە. کردنەوەی چەندین پەیمانگەی تەکنیکی تازە لە شەقلاوە و سۆران و ئاکرێ هاوشان لەگەڵ پەیمانگەی تەکنیکی زاخۆ کە ئەمساڵ دەستبەکاربوو، لەگەڵ کردنەوەی چەندین بەشی تازە، هەروەک بەشی ڕاگەیاندن و بەشی دەرمانسازی و بەشی دروستکردنی ددان لە پەیمانگەی تەکنیکیی هەولێر و بەشی کۆگە و بەشی پەرستیاری و بەشی بیناسازی لە پەیمانگەی تەکنیکیی ئاکرێ بەڵگەیەکی ڕوونی پێشکەوتن و فراوان بوونی پەیمانگە تەکنیکییەکانن.

بەم شێوەیە ئەمساڵ دەرگای ٦ پەیمانگەی تەکنیکی بۆ وەرگرتنی قوتابیان لەم دەڤەرەدا کرایەوە، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی دوای ڕاپەڕین کە تەنها دوو پەیمانگەی تەکنیکی هەبوو دەسکەوتێکی گرنگە.

هاوشان لەگەڵ پەرەپێدانی زانکۆکانی هەرێم گەلێ پرۆژەی جۆراوجۆر لە ڕووی بیناسازی و دابینکردنی ئامێر و کەلوپەلی پێویست بۆ هەموو بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکییەکان ئەنجام دراون، هەروەک: دروستکردنی باڵەخانەی پەیمانگەی تەکنیکی لە شەقلاوە کە زیاتر لە نیو ملیۆن دیناری تێ دەچێت، دروستکردنی باڵەخانەی بەشە پزیشکییەکانی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر کە (١٧٠) هەزار دۆلاری تێ چووە، دروستکردنی باڵەخانەیەک بۆ دەستەی پەیمانگە تەکنیکییەکان کە (١٠٠) هەزار دۆلاری لێ خەرج دەکرێت، نزیکەی (٤٠٠) هەزار دۆلار بۆ دروستکردنی تەلاری سەرۆکایەتیی دەستەی پەیمانگە تەکنیکییەکان تەرخان کراوە کە بەم زووانە جێبەجێ دەکرێت، پرۆژەی دروستکردنی بەشە ئیدارییەکانی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر کە زیاتر لە (٤٠٠) هەزار دۆلاری تێ دەچێت بەم زووانە دەست پێ دەکات، دابینکردنی سەرچاوەی زانستی و کەلوپەل و ئۆتۆمۆبێل و کۆمپیوتەر و پێداویستیی تر بۆ گشت بەشەکان، هەر بۆ نموونە تەنها لە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە (٣) ملیۆن دینار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم بۆ ئەم بوارە خەرج کراوە. جگە لەوانەش بۆ پەرەپێدانی ئاستی زانستی و شارەزاییی کادیرانی پەیمانگەکان ساڵانە چەندین خولی زانستی بۆ مامۆستایان و کارمەندان سازکراوە.

**تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە هەوڵ و ئیمکانیاتێکی ماددی و مرۆیی زۆر بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم بوارە گرنگە سەرف دەکات. بواری تەندروستی دوو لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە کە بریتین لە خۆپاراستن و چارەسەرکردن.

ئاشکرایە کە خۆپاراستن لایەنێکی زۆر گرنگە بۆئەوەی رێگا لە بڵاوبوونەوەی زۆر لە نەخۆشییەکان بگیرێت. چالاکییەکانی ئەم بوارە بریتین لە: کوتانی بەردەوامی منداڵان و دایکان دژی نەخۆشییە درمەکان هەروەک سیل و ئیفلیجی منداڵ و کۆکەڕەشە و... هتد، کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیی مەلاریا، چاودێریی تەندروستی لە شوێنە گشتییەکاندا هەروەک چێشتخانەو هوتێل و سەرچاوەکانی ئاو و کۆگاکان، چاودێریی تەندروستی لە قوتابخانەکاندا، چاودێریی لەشساغیی دایکان و منداڵان و نەهێشتنی بەدخۆراکی.

لە هەموو ئەم بوارانەدا کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێم بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە.

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی یونیسێف بواری تەندروستی لە کوردستاندا لە چاو بەشەکانی دیکەی عێراق زۆر پێشکەوتووترە. هەر بۆ نموونە رێژەی مردنی منداڵانی تەمەن کەمتر لە یەک ساڵ لە کوردستان نیوەی رێژەی مردنی منداڵانە لە عێراقدا. بەهەمان شێوە رێژەی مردنی منداڵانی کەمتر لە ٥ ساڵ لە کوردستان نزیکەی نیوەی رێژەی مردنی منداڵانی هاوتەمەنیانە لە عێراقدا.

هەر بەپێی راپۆرتەکە رێژەی بەدخۆراکی بەرادەیەکی بەرچاو دابەزیوە و لە کاتێکدا ساڵی ١٩٩٤ رێژەی منداڵانی بەدخۆراک ٢٨ ٪ بوو، کەچی ئەم رێژەیە لە ساڵی ٢٠٠١دا بۆ ٩ ٪ دابەزیوە. نەخۆشیی ئیفلیجی منداڵان لە کوردستاندا بنەبڕکراوە و، لە ماوەی کابینەی چوارەمدا تەنانەت یەک حاڵەتی کۆلێرا تۆمار نەکراوە. نەخۆشی مەلاریا تارادەیەک باش کۆنترۆڵ کراوە و ژمارەی تووشبووان لە سەدان هەزار حاڵەتەوە بۆ تەنها دەیان حاڵەت دابەزیوە. رێگا نەدراوە هیچ نەخۆشییەکی ترسناک لە کوردستاندا بڵاوبێتەوە. ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئەو پێشکەوتنەن کە لەم بوارەدا بەدی هاتووە.

لە بواری چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیشدا کار و چالاکیی گرنگ ئەنجام دراون. لە ماوەی کابینەی چوارەمدا بەکۆی گشتیی (٧,٥٠٠,٠٠٠) دۆلار (١٦٩) دەزگای تەندروستی جۆراوجۆر لە نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و کۆگای دەرمان و

قوتابخانەی پەرستیاری و خانووی پزیشکان و کارمەندان و دایەنگە و دەزگای دیکە دروست کراون یا نۆژەن کراونەتەوە. (٨) ملیۆن دۆلار بۆ دروستکردن یا نۆژەنکردنەوەی ٤٤ دەزگای تەندروستی سەرف کراوە. لە پلاندایە چەندین نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی دیکە لە داهاتوودا دروست بکرێت.

داو و دەرمان و ئامێری پزیشکی و خزمەتگوزاریی پێویست بۆ سەرجەم نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان دابین کراوە. (٣١) ملیۆن دۆلار بۆ دابینکردنی چەندین موەلیدە و ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن و کۆمپیوتەر و جۆرەها ئامێری پێشکەوتووی پزیشکی خەرج کراوە کە هەندێک لەو ئامێرانە بۆ یەکەم جارە دەگەنە کوردستان، هەروەک ئامێری لەرینەوەی موگناتیسی MRI، ئامێری نەشتەرگەری بەپێنۆڕی ناوسک، ئامێری وردکردنی بەردی گورچیلە، لێزەری چاو، ئامێری شوشتنەوەی گورچیلە لە رێگەی خوێن و چەندین ئامێری تر. هەروەها دوو کارگەی نوێی ئۆکسجین بۆ هەولێر و دهۆک هێنراون.

جگە لەوانەش تا ئێستا گەلێ کار و چالاکی تر لەم بوارەدا ئەنجام دراون هەروەک: بەستنی کۆنفرانسی زانستی پزیشکی، بەستنی کۆنفرانسی کارگێڕی، ناردنە دەرەوەی (٦٠) پزیشک و (٩) دەرمانساز و (٢٥) ئەندازیار بەمەبەستی مەشق و ڕاهێنان بۆ دەرەوەی وڵات، دەرکردنی دوو گۆڤاری مانگانە بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی هاووڵاتیان، سازدانی چەندین بەرنامە و کۆڕ و سیمیناری تەندروستی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گەلێ کار و چالاکیی تر.

هەر لە پێناوی بەهێزکردنی توانای وەزارەتی تەندروستی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بەهاووڵاتیان، لە سەر بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران، دوو بریکار بۆ وەزارەتی ناوبراو دانران، یەکێکیان بۆ کاروباری تەندروستی و دووەمیان بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی.

لە بواری کۆمەڵایەتیشدا کە ٣ بواری خزمەتگوزاری دەگرێتەوە، کار و چالاکییەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:

* لە ڕووی چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە بایەخ بەخانووی نەوجەوانان دراوە کە ئەرکی چاودێریکردن و بەخێوکردنی منداڵانی بێ دایک و باوک و بێ جێگا و شوێن دەگرێتە ئەستۆ. هەموو کەرەستەکانی خوێندن و هاتوچۆ بۆ پەیمانگەی کەم ئەندامان دابین کراوە کە ئەرکی فێرکردن و ڕاهێنانی کەم ئەندامان جێبەجێ دەکات. لە داینگەکاندا خواردن و

خواردنەوە و پێداویستی تر بۆ منداڵانی ٦ مانگ تا ٤ ساڵ دەستەبەر دەکرێت و، خانەی بەساڵاچووان خواردن و شوێنی حەوانەوە و خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ ئافرەتان و پیاوانی بەساڵاچوو پێشکەش دەکات، ئەوانەی کە خزم و کەسوکاریان بەخێویان ناکەن.

* لە بواری کار و دابینکردنی کۆمەڵایەتیشدا هەوڵ و کۆشش بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەک لە نێوان کرێکار و خاوەن کاردا بەردەوامە، هەروەها بایەخ بەخانەنشین کردن یا قەرەبووکردنی کرێکاران لە کاتی پێکان و کەمئەندام بووندا دراوە.

* لە ڕووی چاکسازیی کۆمەڵایەتیشەوە کە سەرپەرشتیی گیراوانی ئافرەت و منداڵ دەکات، ئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش کراون: کردنەوەی بنکەیەکی تەندروستی لەناو باڵەخانەی چاکسازیی کۆمەڵایەتیدا بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی، دابینکردنی خۆراک و پۆشاک بۆ گیراوان، بەردەوامبوونی خوێندنی گیراوان لەناو چاکسازیدا کە بۆ ئەم مەبەستە مامۆستا و پێداویستیی خوێندن دابین کراوە، نەهێشتن و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بەگیراوان، کردنەوەی خولی جۆراوجۆر هەروەک دروومان و مۆسیقا و شانۆ و گەلێ چالاکی تر.

جگە لەو کارانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن، لە ماوەی کابینەی چوارەمدا ئەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییانەی خوارەوە پێشکەش بەهاووڵاتیان کراون:

ئەنجوومەنی باڵای چاودێریی خێزان لە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیدا دامەزراوە و تا ئێستا چەندین چالاکیی ئەنجام داوە لەوانەش: یارمەتیدانی خێزانی بێ سەرپەرشت کە لە مانگی ٤ی ساڵی (٢٠٠٢)ەوە (١٠٠٠) خێزانی بێ سەرپەرشت بڕی ٢٠٠ دینار یارمەتی لە حکوومەتی هەرێم وەردەگرن. هەروەها بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی (WFP) پرۆژەی پەرەپێدانی توانای ئەو ئافرەتانەی کە کەم ئەندامن یا هاوسەریان نەماوە جێبەجێ کراوە. مەبەست لەم پرۆژەیە ڕاهێنانی ئافرەتانە لەسەر کار و پرۆژەی بەرهەمهێن، هەروەک کردنەوەی خولی فێرکردنی دروومان بۆ ئافرەتانی شار و چۆنیەتیی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات بۆ ئافرەتانی لادێ.

جگە لەوانەش ئەنجوومەنی چاودێریی نەوجەوانان کە بەرنامەی سەرپەرشتیکردن و شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ نەوجەوانانی چاکسازیدا دادەڕێژێت و جێبەجێی دەکات، دووبارە دامەزراوەتەوە و چالاک کراوە. بەهاوکاری ڕێکخراوی (دیاکۆنیا)ی سویدی بنکەیەک بۆ منداڵانی سەرجادە و بنکەیەکی دیکەش بۆ ئەو ئافرەتانەی کە گرفتی کۆمەڵایەتیان هەیە لە دهۆک دامەزراوە. ئەنجوومەنی کارگێڕی کار و خانەنشینی کرێکاران

و مەڵبەندی مەشق پێکردنی پیشەیی بۆ کوڕان و کچانی نەوجەوان دامەزراوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەم مەڵبەندەوە فێری پیشەیەک بکرێن کە بتوانن لە ئایندەدا بژێوی خۆیانی پێ دابین بکەن. لە پلانیشدایە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان جگە لە سەنتەری پارێزگاکان، شار و شارۆچکەکانیش بگرێتەوە.

**کشتوکاڵ و ئاودێری:**

کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵییە و، زەمینەی بوونی کشتوکاڵێکی بەهێز لە وڵاتەکەماندا ڕەخساوە، هەر لە خاکی بەپیت و ئاو و هەوای لەبار و زۆری سەرچاوەکانی ئاوەوە، تا دەگاتە ئەزموون و شارەزایی باشی خەڵکەکە لەم بوارەدا. دیارە لە ئاکامی سیاسەتی چەوتی خاپوورکردنی گوند و دێهاتەکانی کوردستان لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە، ئەو کۆڵەگە گرنگەی بوون و ژیانی میللەتی کورد زەرەر و زیانێکی زۆری بەرکەوت. بۆ سارێژکردنی ئەو زامە سەختە و بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری هەوڵ و کۆشش و توانایەکی بەرچاوی ماددی و مرۆیی خەرج کراوە. بەرهەمی ئەو بایەخ پێدانە بەردەوامەش لە بووژاندنەوە و بەرەوپێش چوونی کەرتی کشتوکاڵدا خۆی دەنوێنێ.

بەروبوومی ڕووەکی کە دانەوێڵە و سەوزە و درەختی بەردار دەگرێتەوە بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە. پار ساڵ (٤٠٠) هەزار تەن گەنم و (١٨٠) هەزار تەن جۆ لە زەویوزاری کوردستاندا بەرهەم هێنرا. جگە لەوەش بەرهەمی سەوزە بەشێوەیەکی زۆر فراوان زیادی کردووە، هەر بۆ نموونە بەرهەمی تەماتەی ئەمساڵ سەرەڕای دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی کوردستان زیادەکەی ڕەوانەی عێراق کراوە.

بۆ پاراستنی ڕووەک و دارو درەخت لە نەخۆشی و مێرووی زیانبەخش، سەدان تەن دەرمانی قەڵاچۆکردنی مێروو بەکارهێنراوە. لەڕووی پاراستن و پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵیشەوە دەسکەوتی گرنگ لە بواری زیادکردنی ژمارەی هەموو جۆرەکانی ئاژەڵ و پەلەوەر و ماسی و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی ئاژەڵدا بەدی هاتوون. بۆ نموونە لە کاتێکدا ساڵی ١٩٩٨ تەنها (٢٦) پرۆژەی پەلەوەر لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکدا هەبوون کە ساڵانە (٤٥٠) هەزار مریشکیان بەرهەم دەهێنا، وا ئەمڕۆ (٣٦٩) پرۆژەی پەلەوەر لە هەردوو پارێزگادا ساڵانە (١٨ - ٢٠) ملیۆن مریشک بەرهەم دەهێنن. واتە بەرهەمهێنانی مریشک نزیکەی ٤٤ بەرابەری ساڵی (١٩٩٨)ە، کە ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەیە.

هەر لە مـــاوەی ســـاڵانی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٢ دا (١٤٥) پرۆژەی کـــۆنکرێت کـــردنی کەناڵەکانی ئاودێری لە گوندەکاندا جێبەجێ کراوە و، (١٣١) بیری ئیرتیوازیش لێ دراوە. جگە لەوانەش زۆر پرۆژەی دیکەی ئاودێری لەژێر جێبەجێ کردندان. بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی وشکەساڵیش (٥٢٧) حەوز و کۆل دروست کراوە.

لە ڕووی بیناســازیشـــەوە (٦١) باڵەخـانەی جـۆراوجـۆر دروست کـراون و، (٧٠) باڵەخانەی دیکەش نۆژەن کراونەتەوە. (٢٢٩) حەوزی شوشتنەوە و هەسارە بینا کراون.

ســیــاســەتی حکوومــەتی هەرێمی کـوردســتـان لە ڕووی پاراستن و بووژاندنەوەی دارستانەکاندا دەسکەوتی بەرچاوی لێ هاتۆتە بەرهەم کە لە دوو خاڵدا بەرجەستە دەبێ:

١- بووژاندنەوەی دارستانەکان و زیادکردنی ڕووبەری ئەو زەویانەی کە بەدار و درەخت داپۆشراون. تا ئێستا (١٥) هەزار دۆنم دارستان و (٧٩٧) دۆنم لە ڕێگاوبانە گشتییەکاندا چێنراون. (٤) نەمامگەی دارستان دروست کراوە و (٣)ی دیکەش لەژێر دروستکردندان. ساڵانە لە نەمامگەکاندا ٢ ملیۆن شەتڵ بەرهەم دەهێنرێت.

٢- زیادبوونی هۆشیاریی هاووڵاتیان و بایەخدانیان بەپاراستنی دارستانەکان و چاندنی دارودرەختی جۆراوجۆر.

لە مـاوەی کـابینەی چوارەمی حکوومـەتی هەرێمـدا لە ڕێگەی دابەشکردنی پەینی کیمیاوی و ئالیکی ئاژەڵ و مزەخەی ئیرتیوازی و بۆڕی و شانە هەنگ و تۆوی چاک کراو و گازوایل و ئامێر و کەلوپەلی جۆراوجۆرەوە هاوکاری جووتیاران کراوە.

پرۆسەی پاککردنەوەی زەویوزار لە بەرد بەردەوامە و تا ئێستا نزیکەی (١٢) هەزار دۆنم زەوی لە (١٦١) گوند پاک کراونەتەوە.

جگە لەوانەش چەندین ئۆتۆمۆبێل و ئامێری بیرلێدان و تانکەری ئاو و هی تر بۆ دام و دەزگا و فەرمانگە کشتوکاڵییەکان دابین کراون. چاپخانەیەکی ئۆفسێت کە نزیکەی (١) ملیۆن دۆلاری تێ چووە دامەزراوە. تا ئێستا (٦٣٠) خولی جۆراوجۆری بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی بۆ فەرمانبەران و جووتیاران کراونەتەوە. (٤١) ئێستگەی کەشناسی گەورە و بچووک لە هەموو شوێنەکانی کوردستان بۆ زانینی ڕادەی باران و باری ئاو و هەوا دانراون. بەپێی بەرنامەیەکی گونجاو هەوڵ و کۆشش بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان و پەرەپێدانی زیاتری کەرتی کشتوکاڵ لە وڵاتەکەماندا.

**پیشەسازی و وزە:**

هەرچەندە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، واتە هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان، لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمدان، لەگەڵ ئەوەشدا بەهەوڵ و کۆشش و بەدواداچوونی بەردەوام لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکانی UN توانراوە کار و چالاکیی گرنگ لەم بوارەدا ئەنجام بدرێت. تا ئێستا (٣٥) پرۆژە بەبڕی (٤٠٤) ملیۆن دۆلار پەسند کراون کە بەشێکیان ئەنجام دراون و بەشەکی دیکەش لە قۆناغی جێبەجێ کردندان. (١٨) پرۆژەی دیکەش کە (١٢٣) ملیۆن دۆلاریان تێ دەچێت لەژێر دیراسەت و لێکۆڵینەوەدان.

گرنگترین ئەو پرۆژانەی کە ئەنجام دراون، دامەزراندنی دوو وێستگەی ٢٩ مێگاواتییە لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک. جگە لەوانەش (٤١٠) مەولیدەی بچووک لە پارێزگای هەولێر و (٢٧٢) مەولیدەی بچووکی دیکەش لە پارێزگای دهۆک دامەزراون، کە بەگشتی (٦٢) میگاوات کارەبا بۆ بیرەکانی ئاو و نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستی و هاووڵاتیان بەرهەم دەهێنن.

بەهاوکاری لەگەڵ ئاژانسی (UNDP) کاری دامەزراندنی (٣٦) وێستگەی ناوەندی کارەبا و نۆژەنکردنەوەی (٧) وێستگەی تر کە بەگشتی (١٠٨) ملیۆن دۆلاری تێ دەچێت دەستی پێ کراوە و، ڕێژەی جێبەجێ کردنی هەندێکیان لە ٨٥٪ تێ پەڕیوە.

(٧٣) ملیۆن دۆلار هەر لە فێزی ٤ی بەرنامەی ٩٨٦ەوە تا ئێستا بۆ چاککردنەوەی هێڵەکانی گواستنەوەی کارەبا و دامەزراندنی (١٣٠٠) کم هێڵی نوێ لە هەولێر و دهۆک تەرخان کراوە کە لەژێر جێبەجێ کردندان.

نزیکەی (٦٤) ملیۆن دۆلاری دیکەش لە فێزەکانی ٥ تا ١١ بۆ چاککردنەوەی تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبا تەرخان کراوە، کە پرۆژەی فێزەکانی (٥ تا ٨) لە ژێر جێبەجێ کردندان. لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ دابینکردنی سەرچاوەی نوێی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر سەرەنجام پرۆژەی وێستگەی کارەبای (دبس) بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ هەولێر و سلێمانی لەلایەن (UN) پەسند کرا کە بەگشتی (٣٠٠) میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێ و ماوەی جێبەجێ کردنی دوو ساڵ دەخایەنێ.

ئەم پرۆژەیە (١٠٥) ملیۆن دۆلاری تێ دەچێت کە بەشی هەولێر و دهۆک (٦٢) ملیۆن دۆلارە. گرنگیی پرۆژەکە لەوەدایە کە نزیکە لە سەرچاوەی سووتەمەنی و بەگازی شل

کاردەکات و پرۆژەیەکی ئابوورییە و بەرهەمهێنانی کارەبا کەم دەکاتەوە. وا چاوەڕوان دەکرێ بەئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە گرفتی کارەبای هەرێم تا ڕادەیەکی بەرز چارەسەر بکرێت.

سەرچاوەکانی ئێستای وزەی کارەبا لە هەولێر و دهۆک بەشێوەی خوارەوەیە:

(٨٠) میگاوات لە دوکانەوە بۆ هەولێر، (٤٥) میگاوات لە موسڵەوە بۆ پارێزگای دهۆک، (٥٤) میگاوات لە هەردوو وێستگەی ٢٩ میگاواتی بەرهەم دەهێنرێت، (٦٢) میگاوات لە موەلیدە بچووکەکانەوە دێتە بەرهەم کە کۆی گشتی هەموو سەرچاوەکان دەکاتە (٢٤١) میگاوات. بەم جۆرە توانراوە کارەبای ٤ ئەمپێری بەشێوەیەکی بەردەوام و بەنرخێکی گونجاو بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێت.

لە بواری نەوت و کانزاکانیشدا گرنگترین کار و چالاکییەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێ:

ئەنجامدانی چەندین مەسحی جیۆلۆجی بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی کانزا و دەستنیشان کردنی شوێنەکانی دەرهێنانی بەردی مەڕمەڕ و مەوادی سەرەتایی چیمەنتۆ و خۆڵی شیاو بۆ دامەزراندنی کارگەی کەرپووچ، دەرهێنانی بەردی حەلان و مەڕمەڕ و فرۆشتنی بەبەڵێندەران کە لە ماوەی ١٠ مانگی ڕابردوودا زیاتر لە (٤٢) هەزار مەتری سێ جا بەرد دەرهێنراوە و فرۆشراوە، پێدانی مۆڵەت و چاودێری کردنی کانە بەردەکانی ئەهلی، دابەشکردنی زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن لیتر نەوتی سپی و (٨٨) ملیۆن لیتر گازوایل و نزیکەی (٢) ملیۆن بوتڵی غاز.

لە بواری پیشەسازیشدا کار و چالاکییەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:

- مەسحکردن و پشکنین و چاودێری کردنی سەرجەم کارگە ئەهلییەکان و کۆنترۆڵکردنی جۆری بەرهەمەکانیان.
- لە ئەنجامی ڕەخساندنی ئاسانکاریی پێویست بۆ کەرتی تایبەتی، لە ماوەی ڕابردوودا (٢٦) کارگەی پیشەسازیی تایبەتی لە هەولێر و دهۆک بۆ دروستکردنی ئیسفەنج و دەرگا و پەنجەرە و پاتری و جامی ئۆتۆمبێل و سەلاجە و خواردەمەنی و کەرەسەی بیناسازی و هی تر دامەزراون.
- کارگەکانی حکوومەت کە بریتین لە کارگەکانی (جگەرە و، مەڕمەڕ و، ڕستن و چنین) زۆربەیان لە ڕووی ئابوورییەوە سوودبەخش نین، چونکە لەلایەکەوە کەرەستەی سەرەکی

بەرهەمهێنانیان لە دەرەوە دەهێنرێت و لەلایەکی تریشەوە ئامێر و ماشێنەکانیان کۆنن و بەرهەمەکانیان ناتوانن لە بازاڕدا پێشبڕکێ بکەن. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کارگەکانی جگەرە و مەرمەڕ بەکرێ دراونەتە کەرتی تایبەتی و، بەکرێدانی کارگەی ڕستن و چنینیش لەژێر دیراسەتدایە.

- بەهەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی فاو (٢٠) پرۆژەی پیشەسازیی خۆراک لەلایەن UNەوە پەسند کراوە، کە بەگشتی نزیکەی (٣٥) ملیۆن دۆلار بۆ ئەم پرۆژانە تەرخان کراوە. تا ئێستا ٣ پرۆژە بەبودجەی (٨,٥) ملیۆن دۆلار تەواو کراون و، ٦ پرۆژەی دیکەش بەبودجەی (٧) ملیۆن دۆلار لەژێر جێبەجێ کردندان.

کارگەی قوتوبەندی هەریر بۆ بەرهەمهێنانی دۆشاوی تەماتە و ئاوی ترێ و مورەبا، نزیکەی (٧) ملیۆن دیناری تێ چووە و بەرهەمەکەی پێشبڕکێ لەگەڵ بەرهەمی بیانی دەکات. کارگەی ڕۆنی ڕووەکی ئاکرێش کە بەنزیکەی (٢) ملیۆن دۆلار دامەزراوە کەوتۆتە بواری بەرهەمهێنانەوە.

ئەم کارگانە جگە لە دۆزینەوەی دەرفەتی کار بۆ زیاتر لە (٢٠٠) کارمەند، هاندەرێکیشن بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و زیادکردنی بەرهەمهێنانی تەماتە و ترێ و گوڵەبەڕۆژەی جووتیارانی کوردستان، چونکە بەپشت بەستن بەکەرەستەی خاوی خۆماڵی کار دەکەن.

### گواستنەوە و گەیاندن:

لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی چوارەمدا پێشکەوتنێکی ڕیشەیی لە بواری گەیاندندا بەدی هاتووە. گرنگترین دەسکەوت لەم بوارەدا دامەزراندنی هەردوو بەدالەی دیجیتاڵی نوێی هەولێر و دهۆکە لە شوێنی هەردوو بەدالە کۆن و پەککەوتووەکەدا. دوای ئەوەش چەند بەدالەیەکی دیکە لە هەولێر و دهۆک دانران.

ئێستا لە شاری هەولێر قەوارەی بەدالەی مەرکەزی (١٥) هەزار هێڵی تەلەفۆنە، جگە لەوەش بەدالەکانی شۆڕش و عەنکاوە و نەورۆز و برایەتی و زانکۆ و بنەسڵاوە و کەسنەزان و پیرمام نزیکەی (١٨) هەزار هێڵی تەلەفۆنی تر دابین دەکەن.

لە شاری دهۆکیش بەدالەی (گرێ باسێ) ٧ هەزار هێڵ و بەدالەی (نزار) ٣ هەزار هێڵە. ئێستا کۆی گشتیی هێڵی تەلەفۆن لە شاری هەولێر و قەزا و ناحیەکانی

دەوروبەریدا دەگـاتە (٣٩) هەزار هێڵ و، لە شـاری دهۆک و قـەزا و ناحـیـەکـانی دەوروبەریدا نزیکەی (١٧) هەزار هێڵ هەیە. واتە کۆی هەموو هێڵەکانی هەردوو پارێزگا دەکـاتە نزیکەی (٥٦) هەزار هێـڵی تەلەفـۆن، ئەمـەش بەبەراورد لەگـەڵ سـاڵی ١٩٩٩ ژمارەیەکی گەورەیە.

هەموو بەدالەکان بەسیستەمی (دیجیتاڵ ترانک) بەیەکتر بەستراونەتەوە و وەکو یەک سیستەم کاردەکەن.

گرێبەستێک لە نێوان وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و کەرتی تایبەتی مۆرکراوە بۆ ئەوەی بەدالەیەکی دیجیتاڵ بەقەوارەی (٥) هەزار هێڵ لەگەڵ دامەزراندنی تۆڕی کێبڵات لە سۆران ئەنجام بدرێت. دیارە بەدالانی ئەو بەدالەیەش هاوشان لەگەڵ بەدالەی ئێستا کە (١٤٥٠) هێڵە، خزمەتێکی گەورە پێشکەش بەخەڵکی ناوچەکە دەکرێت.

تێچووی سەرجەم بەدالەکانی سەرەوە زیاتر لە دوو و نیو ملیۆن دۆلارە و فراوانکردنی تۆڕی کێبڵەکانیش نزیکەی یەک ملیۆن دۆلاری تێ چووە کە هەمووی لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم ئەنجام دراوە.

بۆ ئەوەی باری گەیاندنی نێوان شارەکان باشتر و بەهێزتر بکرێت، تۆڕی مایکرۆیڤی نێوان هەولێر و دهۆک لە (٢٧) کەناڵەوە بۆ (٦٠) کەناڵ فراوان کرا. هەروەها تۆڕی مایکرۆیڤی نێوان هەولێر و وێستگەی کۆڕەک لە (١٢) کەناڵەوە بۆ (٦٠) کەناڵ فراوان کراوە، کە نزیکەی (١٠٠) هەزار دۆلاری تێ چووە و، بەمەش سەنتەری شاری هەولێر ڕاستەوخۆ لەگەڵ سۆران و ڕەواندز و مێرگەسوور و بارزان و چۆمان و حاجی ئۆمەران گرێ درا.

تا ئێستا تۆڕی کێبڵاتی تەلەفۆن لە قوشتەپە و بەستۆڕە و بێتواتە و کەسنەزان و چەند شوێنێکی تر دامەزراوە کە بەگشتی زیاتر لە ملیۆنێک دیناری لێ خەرج کراوە. هەروەها چەند بەدالەیەکی ئەلکترۆنی بەقەوارەی (٥٠٠) هێڵ لە مێرگەسوور و ڕەواندز و خەبات دامەزراون. بەدالەی زاخۆش لە (١٥٠٠) هێڵەوە بۆ (٣٥٠٠) هێڵ فراوان کراوە کە زیاتر لە نیو ملیۆن دۆلاری تێ چووە.

لەلایەکی دیکەوە ئامێری گەیاندنی جۆری (سینگل کەناڵ) بۆ ئەم شوێنانەی خوارەوە دامەزراون:

لە نێوان وێستگەی کۆڕەک و چیای گەلاڵە، چیای کۆڕەک و ناحیەی ڕێزان، لە نێوان

هەولێر و شەقڵاوە، لە نێوان وێستگەی کۆڕەک و قەزای چۆمان، وێستگەی کۆڕەک و ناحیەی حاجی ئۆمەران، لە نێوان بەدالەی ئاکرێ و ناحیەی بەردەڕەش، وێستگەی کۆڕەک و ناحیەی شێروان، وێستگەی کۆڕەک و ناحیەی دۆری، لە نێوان وێستگەی کۆڕەک و بازگەی بالیسان.

لە بواری بیناسازیشدا چەندین باڵەخانە نۆژەن و چاک کراونەتەوە کە بەگشتی نزیکەی (٧٠٠) هەزار دیناریان لێ سەرف کراوە.

لەلایەکی دیکەوە هەوڵ و کۆشش بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزاریی پۆستە و هاندانی نووسراوی پۆستە لە نێوان شارەکانی هەرێم و دەرەوەدا درێژەی هەیە. لەم ڕووەوە ڕێککەوتنێک لەگەڵ تورکیا مۆرکراوە بۆ ئەوەی پۆستە و کەلوپەلی ترکە کێشیان لە (٣)کگم تێپەڕ نەکات لە هەرێمەوە بنێردرێن بۆ ئەوروپا و وڵاتانی دیکەی دنیا، یا بەپێچەوانەوە. جگە لەوەش (٧٢) جۆر پوولی پۆستی لە چاپ دراوە.

لە بواری گواستنەوەشدا هێڵەکانی گواستنەوەی ناوشار و دەوروبەری شارەکان بەهەماهەنگی نێوان وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ڕێک خراون. لە فیزی ١٢ بڕی (٢٠) ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی پاس تەرخان کراوە. هەروەها پرۆژەی کڕینی (١٠٠) پاسی تر لە فیزەکانی بەرنامەی ٩٨٦ دا پارەی پێویستی بۆ تەرخان کراوە و هێشتا بەئەنجام نەگەیشتووە.

گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیای (کوردستان نێت) ئەنجام دراوە بۆ ئەوەی تۆڕی ئینتەرنێت بەبەدالەی هەولێر ببەسترێتەوە کە ئێستا لە کاردایە و هاووڵاتیان لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بەشداری لە تۆڕی ئینتەرنێت دەکەن.

تا ئێستا (٢٢) مەڵبەندی ئینتەرنێت (کۆفی نێت) مۆڵەتیان پێ دراوە و هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ کراوە. ئێستا بەدالەی هەولێر و دهۆک لەگەڵ دنیای دەرەوە بەیەکتری بەستراونەتەوە و لە ماوەیەکی نزیکدا هاووڵاتی دەتوانێ ڕاستەوخۆ تەلەفۆن بۆ دەرەوەی هەرێم بکات.

ڕێککەوتنێک لەگەڵ سلێمانی مۆر کراوە بۆ بەستنەوەی بەدالەی هەولێر و سلێمانی لە ڕێگای تۆڕی مایکرۆیڤەوە. ئێستا کەلوپەلی پێویست بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە و لە ماوەیەکی نزیکدا پرۆژەکە جێبەجێ دەکرێت.

**له بواری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێداندا:**

بایەخێکی تایبەتی بەئاوەدانکردنەوەی گوندە خاپوور کراوەکانی کوردستان دراوە و لەم بوارەدا سوودێکی زۆر لە بەرنامەی ۹۸٦ وەرگیراوە. ئەمڕۆ کوردستان لە رووی ئاوەدانکردنەوەدا گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە و دەستی ئاوەدانکردنەوە گەیشتۆتە هەموو کونجێکی وڵات. لەم ماوەیەدا جگە لەو گوندانەی کە بەهۆی بارودۆخی نائارام یا مین ڕێژبوونی ناوچەکە دەستی ئاوەدانکردنەوەیان پێ نەگەیشتووە، توانراوە لە کۆی ۲۵۰۰ گوندی خاپوورکراوی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک نزیکەی ۱٦۰۰ گوند بەتوانا و شارەزایی خۆماڵی ئاوەدان بکرێنەوە. جگە لەوەش سەدان خانووبەرە و بنکەی تەندروستی و قوتابخانە و سەدان کیلۆمەتر ڕێگا بۆ گوندەکان دروست کراون.

لە ماوەی ڕابردوودا زیاتر لە (۱۳۸) ملیۆن دینار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم بۆ دروستکردنی خانوو و باڵەخانە و ڕێگاوبان سەرف کراوە. بۆ نموونە (۳۵) باڵەخانەی جۆراوجۆر لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون، هەروەک باڵەخانەی بانکی هەرێم کە (۲۸) ملیۆن دیناری تێ چووە و، یاریگەی وەرزشی سەلاحەدین کە نزیکەی ۳ ملیۆن دیناری لێ خەرج کراوە.

(۳۵۰) خانوو لە کەسنەزان و حەسارۆک و سۆران بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دروست کراون. جگە لەوانەش گەلێ پرۆژەی ڕێگاوبان لە سەر بودجەی حکوومەتی هەرێم ئەنجام دراون، لەوانەش دروستکردن و چاککردنەوەی زیاتر لە (۱۰۰)کم ڕێگا لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک.

لەلایەکی دیکەوە بەسوود وەرگرتن لە بڕیاری ۹۸٦ کار و چالاکی فراوان ئەنجام دراوە. هەر لەم ڕووەوە بۆ دابینکردنی جێگا و ڕێگای حەوانەوەی برا ئاوارەکانی ئێران و ئاوارەکانی ناوخۆ، تا ئێستا لە پارێزگای هەولێر زیاتر لە (۱٦۰۰) خانوو دروست کراوە، زیاتر لە هەزار خانووش لەژێر جێبەجێ کردن دایە و، (۲٤۰۰) خانووی دیکەش نەخشەی بۆ کێشراوە و لە داهاتوودا جێبەجێ دەکرێ.

لە پارێزگای دهۆکیش زیاتر لە (۱۵۰۰) خانوو دروست کراوە. جگە لەوانەش (۵۳۰) خانووی دیکە لەگەڵ (۸۹٦) شوقە بۆ ئاوارەکانی نیشتەجێی کەسنەزان و بنەسڵاوە دروست کراوە و ژمارەیەکی زۆری دیکەش لەژێر جێبەجێ کردندایە.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە جگە لە ئەرکەکانی سەرشانی، بەشداریی لە هەڵمەتی

پەرەپێدانی شاری هەولێردا کردووە و زۆر پرۆژەی شەقام و ئاو و ئاوەڕۆ و باخچەی ساوایانی بەئەنجام گەیاندووە، هەروەک دروستکردنی (٢٦)کم ڕێگا لە ١٨ گەڕەکی ناو شاری هەولێر، کە ڕێگای ١١ی ئەیلول یەکێکە لەو ڕێگایانە.

بەدرێژایی وەرزی زستان و بەفر بارین تیمەکانی بەفر ڕامالین لە ڕامالینی بەفر و پاککردنەوەی ڕێگاکانی ناوچە شاخاوییەکان بەردەوام بوون.

دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ گوندنشینان، بەتایبەتیش لە وەرزی وشکەساڵی و بێ بارانیدا ئەرکێکی گرنگی دیکەی ئەم بوارەیە. لە دوو ساڵی ڕابردوودا (٤١٦) گوند لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک ڕۆژانە بەتانکەر ئاوی پاکی خواردنەوەیان بۆ دابین کراوە، (٣٩٥) گوندی دیکەش لە ڕێگای هەڵکەندنی بیر یان لە ڕێگای سەرچاوەی دیکەوە کێشەی بێ ئاویان بۆ چارەسەرکراوە.

بیر لەوە کراوەتەوە کە سوود لە ئاوی ڕووبارەکان وەربگیرێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتی بێ ئاویی گوندەکان و لەم بوارەدا چەند پرۆژەیەکی گرنگ لە ژێر جێبەجێ کردندان، هەروەک: پرۆژەی (کانی بەردەری) لە قەزای مێرگەسور کە لەژێر جێبەجێ کردندایە و ئاوی پێویست بۆ ٢٠ گوندی ناوچەکە دابین دەکات، (پرۆژەی ئاوی فەقیانە) کە ١٤ گوند سوودی لێ دەبینێت و (پرۆژەی ئاوی گردبیدەک) کە ئاوی خواردنەوە بۆ ١١ گوند دابین دەکات بەم نزیکانە دەستی پێ دەکرێت.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا نەخشەی (٢٨٣)کم ڕێگا و (٢١٥٠) خانوو و (٢٠)کم تۆڕی ئاوەڕۆ و (٢٧)کم تۆڕی ئاو و (٨) بینای گەورە کێشراوە.

چەندین خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی ئاستی زانستی و شارەزاییی کادیران کراوەتەوە و، ژمارەیەک لە کادیرانیش بۆ هەمان مەبەست ڕەوانەی خولەکانی دەرەوەی وڵات کراون. دوو ئامێری پێشکەوتووی هەڵکەندنی بیر و نزیکەی (١٢٠) ئامێری جۆراوجۆر لە چەشنی تراکتۆر و تانکەر و ئامێری قورس و سەیاراتی بچووک و هی تر بۆ فەرمانگەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان دابین کراون.

بێگومان جگە لەو پرۆژانەی کە ئەنجام دراون، گەلێ پرۆژەی دیکەش لەژێر جێبەجێ کردندان و، ژمارەیەکی زۆری دیکەش نەخشەیان بۆ کێشراوە و خراونەتە ناو فێزەکانی بەرنامەی ٩٨٦ەوە، کە ئەوانیش قۆناغ بەقۆناغ جێبەجێ دەکرێن.

**ئەشغال و نیشتەجێ کردن:**

لە درێژەی پرۆسەی بووژاندنەوە و پەرەپێدانی کوردستاندا گەلێ پرۆژەی جۆراوجۆری رێگەوبان و بیناسازی و نیشتەجێکردن لە رێگەی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردنەوە ئەنجام دراون. لەو روانگەیەی کە شەقام و رێگاوبان شادەماری ئاوەدانکردنەوەی ولاتەکەمانە، لە ماوەی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمدا (١٨٦) پرۆژەی رێگای سەرەکی بەدرێژی (٩٩٥)کم لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک لەلایەن وەزارەتی ئەشغال دروست کراون یا چاک کراونەتەوە و قیرتاو کراون، هەروەک رێگەی جووت سایدی هەولێر - سەلاحەدین کە پێنج قۆناغە و سێ قۆناغی ئەنجام دراوە و قۆناغی چوارەم تا لۆفەکانی سەلاحەدین لەژێر ئەنجامدایە، رێگەی پیرەفات - شێروان مەزن، دوو سایدی حاجی ئۆمەران تا سنووری ئێران، رێگاکانی بێخاڵ و خەلیفان و زارگەلی، رێگای (زاوێتە - ئاکرێ - قەندیل)، رێگای (دهۆک - زاخۆ) و گەلێ پرۆژەی تر.

لەم ماوەیەدا (١٦) پرد دروست کراون یا چاک کراونەتەوە، هەروەک پردی (بەستۆڕە، قەندیل بەرسلێن، کەڵەکی کۆن) لە پارێزگای هەولێر و پردەکانی (کارۆخ، جودی، سێ مالکا، قەسرۆک، حسینیە) لە پارێزگای دهۆک.

هەر لەم ماوەیەدا (١١) چاڵە قیر بۆ ئەمبارکردنی قیری شل بۆ کارگەکانی قیر دروست کراون، (٢٠) کارگەی قیر و بەردشکێن چاک کراونەتەوە و (٧٦٧) هەزار تەن قیر لە کارگەکانی هەولێر و دهۆکدا بەرهەم هێنراوە. (٣٥٠) ئامێری قورسی رێگاوبان چاک کراونەتەوە و لە زستانی دوو ساڵی رابردوودا زیاتر لە (٥) هەزار کیلۆمەتر رێگا لە بەفر پاک کراوەتەوە. وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن بەشدارییی لە پرۆسەی پەرەپێدانی شاری هەولێردا کردووە و، لەناو شاردا (٣٥)کم رێگا لە ١٣ پرۆژەدا قیرتاو کراون.

پرۆژەکانی رێگاوبان بەگشتی (١٥٧) ملیۆن دیناریان لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لێ سەرف کراوە. جگە لەوانەش (٤٨) پرۆژەی رێگاوبان بەدرێژیی (٢٨٤)کم لەگەڵ دوو پرد لە رێگای بڕیاری ٩٨٦ەوە ئەنجام دراون، هەروەک: دروستکردن و قیرتاوکردنی رێگای جووت سایدی (کاوانیان - شەقڵاوە) و رێگەی (گەلاڵە - حوجران) و دروستکردنی پردێک لە خەبات لە پارێزگای هەولێر و قیرتاوکردنی رێگەی گەلی زاخۆ و شەقامەکانی ناوخۆی گەڕەکی شەهیدان لە زاخۆ و دروستکردنی پردی سپیندار لە پارێزگای دهۆک.

له بواری بیناسازیشدا نزیکەی (٥٥) ملیۆن دینار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم بۆ دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکان خەرج کراوە. (١٦) باڵەخانەی حکومی لە سنووری هەر دوو پارێزگادا دروست یا فراوان کراون هەروەک باڵەخانەی کۆڕی زانیاریی کوردستان کە لەژێر ئەنجام دایە و زیاتر لە (٤,٣٠٠,٠٠٠) دیناری تێ دەچێت، چاککردنەوە و فراوانکردنی گرتووخانەی مەحەتە کە نزیکەی ٣ ملیۆن دیناری لێ خەرج کراوە، دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبانی هەولێر کە نزیکەی ٢ ملیۆن دیناری تێ چووە، دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبانی دهۆک کە زیاتر لە (١,٥٠٠,٠٠٠) دیناری تێ دەچێت و چەندین باڵەخانەی تر. جگە لەوانەش کاری نەخشەکێشانی (٤٦) باڵەخانەی جۆراوجۆر لە وەزارەتی ئەشغالدا ئەنجام دراوە.

(٢٥٠) خانوو بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان لە هەولێر و سۆران و (١٠٠) خانووش بۆ ئاوارەکان لە کەسنەزان و (١٠٠) خانووی دیکەش بۆ خانەوادەی شەهیدان لە مێرگەسوور دروست کراون.

سەرەڕای ئەمانەش زۆر پرۆژەی گرنگی ستراتیجی لە بواری ڕێگاوبان و بیناسازیدا خراونەتە ناو فێزە جیاجیاکانی بەرنامەی ٩٨٦ەوە کە بەگشتی نزیکەی (١٠٠) ملیۆن دۆلاریان بۆ تەرخان کراوە و بەئەنجامدانیان پێشکەوتنێکی ڕیشەیی لەم بوارەدا سەرهەڵدەدات.

**شارەوانی و گەشتوگوزار:**

لەو ڕوانگەیەی کە خزمەتگوزاریی شارەوانی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی هاوولاتیاندا هەیە و ڕۆڵێکی کاریگەر لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار و پێدانی سیمایەکی شارستانی بەشار و شارۆچکەکان دەگێڕێ، هەر لە سەرەتاوە کابینەی چوارەم ئاوڕێکی تایبەتیی لەم بوارە داوەتەوە و هەوڵ و ئیمکانیاتێکی زۆری ماددی و مرۆیی تیادا سەرف کردووە.

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ١٦٨ ملیۆن دینار و ١,٣٠٠,٠٠٠ دۆلار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم بۆ پەرەپێدانی شار و شارۆچکەکان و ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر لە بوارەکانی کردنەوە و قیرتاو کردنی شەقام و ئەنجامدانی پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و دروستکردنی پارک و بواری تردا سەرف کراوە.

هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا ٥٨٢ پرۆژە بەکۆی گشتی نزیکەی ٦٦ ملیۆن دۆلار لەسەر

بوودجەی بەرنامەی ٩٨٦ ئەنجام دراون و، ١٢ پرۆژەی دیکەش کە زیاتر لە ٣٧ ملیۆن دینار و ١٣ ملیۆن دۆلاریان تێدەچێت لەژێر جێبەجێکردندان.

ئەمانەش هەمووی بەڵگەی ئەو بایەخ پێدانەن کە ئاراستەی بواری شارەوانی کراوە و ئەنجامەکەی لە پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە شارەوانییەکان و بەرەوپێش چوون و جوان بوونی سیمای شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا بەئاشکرا دەردەکەوێ.

لە ساڵی ٢٠٠١دا بۆ یەکەمین جار لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنەکانی شارەوانی ئەنجام درا کە بەشێوەیەکی زۆر ئازاد و شارستانی بەڕێوەچوو و نوێنەرانی گشت حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەشدارییان تیادا کرد. لەم هەڵبژاردنەدا ٥٤٥ کەس بەسەرۆک یا ئەندامی ئەنجوومەنەکانی (٨٥) شارەوانیی کۆن و نوێ هەڵبژێردران. چاودێرانی ناوخۆ و بیانی کە هەر لە سەرەتاوە چاودێریی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەیان دەکرد ستایشی پاکی و ڕێکوپێکیی هەڵبژاردنەکەیان کرد و بەڕاشکاوی ئەم ڕایەی خۆیان بڵاوکردەوە.

هاوشان لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنەدا ٢٤ شارەوانیی تازە لە پارێزگەی هەولێر و ١٩ شارەوانیی دیکەش لە پارێزگەی دهۆک لە چەندین کۆمەڵگە و ناحیە و ئەو گوندە گەورانەدا کراونەوە کە ژمارەی دانیشتوانیان لە ٣٠٠٠ کەس زیاتر بوو.

بایەخێکی تایبەتی بەجوانکردن و پەرەپێدانی هەولێری پایەتەخت دراوە و تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ زیاتر لە ١٣٣ پرۆژەی جۆراوجۆر کە بەگشتی زیاتر لە ٢٩ ملیۆن دیناریان تێ چووە لەم پێناوەدا ئەنجام دراون و (٢٧) پرۆژەی دیکەش کە بەگشتی زیاتر لە ٣٤ ملیۆن دیناریان تێ دەچێت لە ژێر جێبەجێکردندا بوون. پرۆژەکان زۆر بواری جیاجیایان گرتۆتەوە هەروەک: چاککردنەوەی شەقام و شۆستەکان، شتایگەرکردنی ڕێگای هاتوچۆی هاووڵاتیان، چاندنی نەمام و دارودرەخت لە هەردوو دیوی شەقامەکاندا، پەرەپێدانی باخچەکان و کردنەوەی باخچەی تازە.

پرۆسەی دابەشکردنی زەوی بەسەر خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و کادیر و پێشمەرگە و مامۆستا و فەرمانبەران درێژەی هەیە و هەر تەنها لە ساڵی ٢٠٠٢دا بەرنامەیەکی فراوان بۆ دابەشکردنی زیاتر لە ١٥ هەزار پارچە زەوی بەسەر هاووڵاتیاندا جێبەجێ کرا. هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ و کۆشش بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی شەقام و کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ و هی تر بۆ زەوییە دابەشکراوەکان بەردەوامە.

له ڕووی پەرەپێدان و دروستکردنی پارک و ناوچەی سەوزیشدا زۆر کاری گرنگ ئەنجام دراوە. جگە لە هەڵمەتی بەردەوامی چاندنی دار و درەخت لە شەقامەکانی ناو شار و دەوروبەری شارەکان و لە شوێنەکانی گەشتوگوزاردا، پرۆژەی دروستکردنی چەندین پارکی گەورە لە هەولێر و دهۆک و زاخۆ و شوێنەکانی دیکە جێبەجێ کراوە. پارکی هەولێر کە یەکێکە لە گرنگترین پرۆژەکانی ئەم بوارە و لە کۆنە سەربازگەی هەولێر جێبەجێ دەکرێت پرۆژەیەکی شارستانیی کەم وێنەیە و ڕووبەرەکەی بەگشتی ٢ هەزار دۆنم دەبێت. تا ئێستا قۆناغی یەکەم (أ) کە ڕووبەرەکەی ٣٥٠ دۆنمە ئەنجام دراوە و قۆناغی یەکەم (ب) کە ڕووبەری ٤٥٠ دۆنمە لەژێر جێبەجێ کردندایە.

کار و کۆشش لە پێناوی پەرەپێدانی بواری گەشتوگوزاردا درێژەی هەیە هەروەک: نوێکردنەوەی هاوینەهەواری جوندییان، جێبەجێ کردنی پرۆژەی خانزاد و شێرەسوار، دروستکردن و چاککردنەوەی چەندین باڵەخانە و گازینۆ و هی تر. جگە لەوانەش زۆر پرۆژەی تر لەلایەن کەرتی تایبەتییەوە ئەنجام دەدرێن هەروەک پرۆژەی دروستکردنی هوتێل و کافیتیریا و شوێنی گەشتیاری لە خانزاد کە زیاتر لە ٧ ملیۆن دۆلاری تێ دەچێت، نۆژەنکردنەوەی هۆتێلی شیراتۆن لە پارێزگەی هەولێر کە بودجەکەی ٦ ملیۆن دۆلارە.

زۆر کار و چالاکیی دیکەش لەم بوارەدا ئەنجام دراون هەروەک: دروستکردنی بەرزە پرد لە شاری هەولێر کە زیاتر لە ١,٣٠٠,٠٠٠ دۆلاری تێ دەچێت، دانانی چەندین نیشانە و هێمای هاتوچۆ لەسەر شەقام و شۆستەکان کە زیاتر لە ٢ ملیۆن دیناری تێ چووە، ژمارە لێدانی سەرجەم شەقام و گەڕەک و کۆڵان و ماڵەکان لە شاری هەولێر، دانانی نەخشەی بنەڕەتیی شار و شارۆچکەکان و گەلێ چالاکیی تر.

### ڕۆشنبیری:

بووژاندنەوەی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشی ڕوویەکی دیکەی گەشی چالاکیی حکوومەت و کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانە. چالاکیی ڕۆشنبیری و هونەری لە پێناوی بووژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ناساندنی کار و خزمەتی نیشتمانپەروەرانەی حکوومەتی هەرێم بەردەوام بووە و، هەنگاوی بەرچاوی بەرەوپێش ناوە.

ئەمڕۆ لە هەرێمدا چەندین دامودەزگای تایبەتیی ڕۆشنبیری و هونەری لە چالاکیدان، کە شان بەشانی وەزارەتی ڕۆشنبیری جووڵانەوەی فەرهەنگی میللەتەکەمان بەرەوپێش دەبەن.

له مـــاوه‌ی ٢٠٠٠/١/١ تا ٢٠٠٢/١١/٣٠دا وه‌زاره‌تی رۆشنبـــیـــری له بواری رۆشنبیـری و هونه‌ر و راگه‌یاندن و شـوێنه‌وار و وه‌رزشـدا، به‌وردی و به‌رده‌وامی له‌سـه‌ر به‌رنامه‌ی خۆی رۆیشـتـووه، ئه‌مه‌ش پوخته‌ی ئه‌و چالاکییانه‌یه که له ماوه‌ی سێ ساڵی دواییدا ئه‌نجام دراون:

له‌و ماوه‌یه‌دا (٢٥) کتـێبی جۆراوجـۆری له چاپ داوه له‌گه‌ڵ ده‌رچوونی گۆڤـاره‌کـانی وه‌زاره‌ت هه‌روه‌ک گـۆڤـاری هه‌رێم (٢٥ ژمـاره)، کـاروان (٢٧ ژمـاره)، دیجله به‌لاتینی (١٦ ژمـاره)، سـینه‌مـا و شـانۆ (٤ ژمـاره)، بارش به‌تورکمـانی (٩ ژمـاره)، بانیـبـال به‌سریانی (٨ ژماره)، ئاسۆی فۆلکلۆر (٥ ژماره)، هه‌فته‌نامه‌ی وه‌رزشی (١٥٣ ژماره)، شانه‌ده‌ر بۆ شوێنه‌وار (٦ ژماره)، هه‌نگ بۆ منداڵان (٣٢ ژماره).

هه‌روه‌ها بایه‌خ به‌کردنه‌وه‌ی پێشانگای کتێب دراوه و له‌م ماوه‌یه‌دا چه‌ندین پێشانگای له‌م جۆره له هه‌ولێر و دهۆک کراونه‌ته‌وه.

به‌هاوکاری و سه‌رپه‌رشتی وه‌زاره‌تی رۆشنبیری گه‌لێ کۆڕ و سیمیناری ئه‌ده‌بی و هونه‌ری به‌سـتـراون، به‌تایبه‌تیش کـۆمـه‌ڵێک مـیـهـره‌جـانی گـرنگ کـه جێگه‌ی بایه‌خی کـۆڕ و کۆمه‌ڵه‌کانی ناو هه‌رێم و ده‌ره‌وه بوون، له‌وانه‌ش: میهره‌جانی شاعیری گه‌وره‌ی عه‌ره‌ب و دۆستی کورد (محمد مهدی جواهیری) که کۆمه‌ڵێک رووناکبیری گه‌وره‌ی وڵاتانی عه‌ره‌بی ئاماده‌ی بوون و، له ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم ده‌نگی دایه‌وه، میهره‌جانی شاعیری گه‌وره‌ی کورد (مه‌حوی) که کۆمه‌ڵێک رووناکبیر و شاعیرانی گشت شاره‌کانی هه‌رێم و هه‌ندێ رووناکبیری ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێمیش به‌شداری بوون، میهره‌جانی شاعیری نه‌ته‌وه‌په‌روه‌ری گه‌وره (مام هه‌ژار) که به‌ئاماده‌بوونی رووناکبیرانی کوردی کوردستانی ئێران و به‌غدا و شاره‌کانی هه‌رێم ئه‌نجام درا.

له بواری هونه‌ریشدا ٤ میهره‌جانی گه‌وره بۆ سینه‌ما و شانۆ ساز دراون، بۆ لێکۆڵینه‌وه له باری ئه‌م هونه‌رانه و ده‌ستنیشانکردنی رێگه‌ی پێشکه‌وتنیان. جگه له‌وانه‌ش وه‌زاره‌تی رۆشنبیری له دوو میهره‌جانی رۆشنبیریدا به‌شداربووه.

له‌و روانگه‌یه‌ی که مـۆسیـقـا و گـۆرانی لقـێکی گـرنگی هونه‌ره جـوانه‌کـانه وه‌زاره‌تی رۆشنبیری به‌پێی توانا و بودجه‌ی ته‌رخانکراو پشتگیریی له چالاکی جۆراوجۆری هونه‌ری مۆسیـقا کردووه. له‌و بواره‌شدا چالاکی جۆراوجۆر ئه‌نجام دراون هه‌روه‌ک: سازدانی دوو شـانۆگـه‌ری گـۆرانی و ئۆپه‌رێت، ١٩ ئاهه‌نگی مـۆسـیـقـا، چه‌ندین تابلۆی هونه‌ری، ئه‌نجامدانی ١١ ئاهه‌نگ، پێشکه‌شکردنی ٥ کۆنسێرت و رێکخستنی ٣ خولی مۆسیقا و

دامەزراندنی ٢ تیپی مۆسیقای تر. بۆ پێشخستنی جووڵانەوەی هونەری شانۆ و سینەما یارمەتی دەرهێنان و پیشاندانی ٢٩ شانۆ و رێکخستنی ٨ کۆڕی لێکۆڵینەوە و رەخنەی شانۆیی دراوە. لەم ماوەیەدا ٣٥ فلیمی سینەمایی نمایش کران و ٦ کۆڕی هەڵسەنگاندنی سینەمایی ساز دران.

بۆ یەکەمین جار سینەمای کوردی (بەیارمەتی راستەوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان) کەوتە بەر چاوی بینەرانی کوردستان و جیهان، وەکو فلیمی (ژیان) کە چەندین خەڵاتی جیهانی وەرگرت، هەروەها چەندین فلیمی سینەمایی دیکە ئامادە کرا.

هونەری شێوەکاری لە هەرێمدا بەرەوپێش دەچێ و پشتیوانی تەواو لە هونەرمەندانی شێوەکار کراوە، وەکو سازدانی ١٣ پێشانگای هاوبەش و ٣٢ پێشانگای تایبەت و ٣ پێشانگای شێوەکاری وەرزشی و ٥ پێشانگای کاریکاتێر و ، میهرەجانێکی هونەری خۆشنووسی لەسەر ئاستی عێراق و ٣ پێشانگای خۆشنووسیی کوردستان و بەستنی ٢٣ کۆڕ و سیمیناری هونەری بۆ رەخنە و لێکۆڵینەوەی هونەری شێوەکاری.

چالاکییەکی دیکەی بواری رۆشنبیری بایەخدانە بەراگەیاندن، بەتایبەتیش بەرێوەبردنی رادیۆ و تەلەفزیۆن و چالاکیی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان و رێکخستنی بەرنامەی رۆشنبیری بۆ ئینتەرنێت. لەم سێ ساڵەدا رادیۆ و تەلەفزیۆنی هەرێم سەدان بەرنامەی رۆشنبیری و راپۆرت و هەواڵ و چاوپێکەوتنی بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ بەرنامەی تایبەتی تورکمانی و سریانی. هەروەها سەدان هەواڵ و بەرنامەی جۆربەجۆر و (١٤٤) دۆبلاژی فلیم و (٨٢) وەرگێران و سەدان راپۆرت و دەیان چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.

چاپخانەی وەزارەت لەم ماوەیەدا ئەرکی خۆی بەم جۆرە ئەنجام داوە: چاپکردنی نزیکەی (٤٨٠) هەزار دانە رۆژنامە، نزیکەی (٢١٢) هەزار دانە گۆڤار، زیاتر لە (٨٥) هەزار کتێب و، نزیکەی (٥١٤) هەزار چاپکراوی گشتی.

لەلایەکی دیکەوە پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان ئەرکێکی گرنگی دیکەیە کە بەهاوکاریی وەزارەت و دامودەزگاکانی تری حکوومەتی هەرێم ئەنجام دەدرێت. لەم ماوەیەدا ئەم چالاکییانە ئەنجام دراون:

پشکنین و هەڵکۆڵینی شوێنەوارەکانی خەنەس، چارستوون، گردی وەستا عەرەب، چاککردنەوەی دەروازەی سەرەکی قەڵای هەولێر، چاککردنەوەی رێبەدی کەرکووک و چەند خانووێکی قەڵای هەولێر.

هەروەها مووزەخانەی هەولێر لەو ماوەیە بۆ میوانان کرایەوە کە نزیکەی ٧ هەزار میوان و قوتابی و خەڵکی تر سەریان لە مووزەخانەکە داوە.

سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی وەرزشی لاوان ئەرکێکی گرنگە و بەئەندازەی چالاکیی ڕۆشنبیری بایەخی هەیە، چونکە وەرزش پەروەردەیە و جۆرێکی ڕۆشنبیرییە. لەم ماوەیەدا دەیان پاڵەوانێتی وەرزشی ئەنجام دراوە، لەوانەش: ٧ خول بۆ تۆپی پێ، ٢ بۆ ڕاکردن، ٩ بۆ تۆپی بالە، ٦ بۆ باسکە، ٥ بۆ تۆپی سەرمێز، ٥ بۆ تۆپی دەست، ٢١٣ یاری دۆستانە، ٢٤ خولی یاری، ١ شەترەنج، ٤ یاریی کچان، ١ پێشانگە، ٣ پاڵەوانێتی ئافرەتان، ٦ گۆڕەپان و مەیدان و چەندین پاڵەوانێتی تر. هەروەها ٦ چالاکی و خولی چاودێریی زانستی بۆ لاوان سازدراوە.

دروستکردنی باڵەخانەی کۆشکی هونەر لە هەولێر، کە لەسەر شێوازێکی نوێ بینا کراوە و ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ لە کۆکردنەوەی هونەرمەندانی کوردستان و ئەنجامدانی چالاکیی هونەری، بەڵگەیەکی بەرچاوی بایەخدانی حکوومەتی هەرێمە بەبواری هونەر و هونەرمەندانی کوردستان.

هەر لەو ماوەیەدا وەزارەتی ڕۆشنبیری بەردەوام بووە لە سەر پێشوازی و میوانداری کردنی نووسەر و هونەرمەندانی کوردستانی ئێران و بەغدا و سوریا و جێگەکانی تر. هەروەها هونەرمەندانی کورد و عەرەب کە هاتوونەتە سەردانی هەرێم کۆڕ و سیمینارییان بۆ سازدراوە.

ئەم پەیوەندییەش ڕۆڵێکی ئیجابی و بەرزی هەیە بۆ چەسپاندنی برایەتی و ناساندنی ڕووناکبیرانی هەرێم و دەرەوە بەیەکتر و دەرخستنی ڕووی گەشی ئەزموونی دیموکراتی کوردستان.

**یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری:**

یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری زۆر بواری جیاجیا دەگرێتەوە هەروەک ڕێکخستنی سەفەری هاووڵاتیان بۆ دەرەوەی هەرێم یا بەپێچەوانەوە، بەدواداچوونی کاری ڕێکخراو و ئاژانسە جۆراوجۆرەکان، نوێنەرایەتی حکوومەتیی هەرێم لە دەرەوەی وڵات و چالاکییەکانی تایبەت بەهەڵگرتنەوەی مین.

لە پێناوی بەدواداچوونی ئەو کار و پرۆژانەی کە لە چوارچێوەی بەرنامەی ٩٨٦دا ئەنجام دەدرێن و چارەسەرکردنی کەموکوڕی و گیروگرفتەکان لەکاتی خۆیاندا، بەشێوەیەکی

بەردەوام دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ ئاژانسەکانی UN ئەنجام دراوە. ئەو هەماهەنگی و چاوپێکەوتن و کۆبوونەوانەش کاریگەری ئیجابییان هەبووە لەسەر خێراتر کردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان، کە لە بەرژەوەندی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیاندایە.

هەروەها دیدار و کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانە ساز دراوە کە لە کوردستاندا چالاکی دەنوێن، هەروەک ڕێکخراوی SCFی بەریتانی و ڕێکخراوی مین هەڵگرتنەوە (MAG) و ڕێکخراوی ئیمرجێنسی. پێشوازی لە چەندین شاندی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمیی دەرەوەی وڵات و کەسایەتیی جۆراوجۆر کراوە و دیدار و کۆبوونەوەیان لەگەڵدا سازکراوە.

هاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەرسنوور و کەمبوونەوەی ڤیزا، توانراوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی سەفەر لە وەزارەتی مرۆڤایەتیدا سەفەری هاووڵاتیان ڕێک بخرێت و زیاتر بایەخ بەو کەسانە دراوە کە پێویستیان بەسەفەر هەیە. لەم بوارەدا هەماهەنگیی تەواو لە نێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمدا هەیە.

دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی سەفەری دهۆک کارمەندی شارەزا لەم بەڕێوەبەرایەتییە دامەزراون و گرفتە دارایی و ئیدارییەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە چارەسەر کراون. ئێستا ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئیشوکاری سەفەری هاووڵاتیانی دەڤەرەکە ڕێک دەخات بەشێوەیەک کە تەنها لە کاتی سەفەرکردندا سەردانی وەزارەتی مرۆڤایەتی دەکەن.

تەواوبوونی پرۆژەی تەلاری نوێی بەڕێوەبەرایەتیی سەفەری ئیبراهیم خەلیل کاریگەریی ئیجابیی بەرچاوی کردۆتە سەر بەڕێوەچوونی ئیشوکاری هاووڵاتیان لەم بەڕێوەبەرایەتییەدا.

هەر بۆ ئاسانکردنی سەفەری هاووڵاتیان، خاڵی پیشخابوور کە دەکەوێتە سەر سنووری سوریا بەوەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکارییەوە گرێ دراوە و پێویستییەکانی بۆ دابین کراوە. پرۆژەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی شایستە کە لە تەلاری ئیدارە و بانک و بنکەی پۆلیس و گومرگ پێک هاتووە، کاری ئیجابی کردۆتە سەر بەڕێوەچوونی ئیشوکارەکان. نرخی گواستنەوەی هاووڵاتیان چ بەبەلەم و چ بەئۆتۆمۆبێل کۆنترۆڵ کراوە و لە چاو جاران هەرزانتر دەوەستێ. کردنەوەی لقی بانک بۆ گۆڕینەوەی پارەی بیانی و مامەڵەی شارستانیی باش، لەگەڵ هاووڵاتیاندا مایەی ڕەزامەندیی ئەو کەسانە بووە کە لەم خاڵە سنوورییەوە سەفەریان کردووە.

سازدانی کۆنفرانسێکی تایبەت بەسەفەر لە دیوانی وەزارەتی مرۆڤایەتیدا هەنگاوێکی کاریگەر بوو بۆ ڕێکخستنەوەی ئیشوکاری سەفەر و دەرکردنی ڕێنماییی نوێ کە لە بەرژەوەندی حکوومەتی هەرێم و هاوولاتیاندایە.

داهاتی هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەفەر بەشێوەیەکی یاسایی و بەپێی پسوولە کۆکراوەتەوە کە کۆی گشتی ٢٧ ملیۆن دینار و زیاتر لە ٢ ملیۆن دۆلار بووە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی سەفەر لە وەزارەتی مرۆڤایەتیدا بەشێوەیەکی بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە بیانییانەدا کردووە کە لە کوردستاندا چالاکی دەنوێنن.

ناوی سەرجەم ڕێکخراوە بیانییەکان بەپێی فۆرمێک تۆمار کراوە و زانیاریی پێویست دەربارەی هەر ڕێکخراوێک لە ڕێگەی نوێنەری حکوومەتی هەرێم لەو ولاتەی کە ڕێکخراوەکەی لێوە هاتووە تۆمار کراوە. ئاسانکاریی پێویست بۆ هاتوچۆی ڕێکخراوەکان بۆ ناوەوە و دەرەوەی هەرێم پێشکەش کراوە.

بەمەبەستی سوود وەرگرتنی زیاتر لە بەرنامەی ئاژانسی UNOPS بۆ یارمەتیدانی ئاوارە و گەڕاوەکان، دوای دوو ساڵ هەوڵ و کۆشش توانرا ئۆفیسێک لە وەزارەتی مرۆڤایەتی دروست بکرێ کە سوود لە بڕیاری ٩٨٦ وەردەگرێت و کاروباری لیژنەکانی پەیوەندیدار بەئاوارە و گەڕاوەکان ڕیک دەخات و لە ڕووی دارایی و کارگێڕییەوە یارمەتیی لیژنەکان دەدات.

کاری سەرەکیی ئەم ئۆفیسە دارشتنی بەرنامەیە بۆ یارمەتیدانی ئاوارە و گەڕاوەکان و دابەشکردنی کەلوپەلی هاوینە و زستانە بەسەریاندا.

بەهاوکاریی ڕێکخراوی SCFی بەریتانی دوو کۆمیتە لە پارێزگای هەولێر و دهۆک دروست کراون بۆ ئامادەکردنی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی کارەساتەکان.

هەیکەلی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی فریاکەوتن دارێژراوە و خراوەتە بەردەم ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی UN بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە بڕیاری ٩٨٦ لەم بوارەدا.

سیستەمی کارگێڕیی تایبەت بەڕێکخستنی چالاکی و بوونی ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییەکان لە هەرێمدا ئامادە کراوە و لەم زووانەدا بڕیاری پێویستی لێ دەدرێ. هەماهەنگی تەواو لەگەڵ یونۆکیدا کراوە بۆ جێبەجێکردنی خێراتری ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندییان بەبەرنامەی (٩٨٦)ەوە هەیە.

نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات لە زۆر لە کۆنفرانس و کۆبوونەوەکاندا بەشدارییان کردووە و چاویان بەبەرپرسانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان کەوتووە و ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە بۆ ڕێکخستنی سەردانی چەندین شاندی کوردی و بیانی بۆ هەرێمی کوردستان. هەروەها لە بانگهێشت کردنی گەلێ شاندی کورد بۆ دەرەوەی هەرێم ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە. لە ساڵی (٢٠٠٠)دا کۆنفرانسێک لە شاری هەولێر بۆ سەرجەم نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات سازکرا. لە تەمووزی ساڵی (٢٠٠١)یشدا بەسەرپەرشتیی بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی لە سەلاحەدین کۆنفرانسێک سازکرا کە تایبەت بوو بەدیاریکردنی ئیشوکاری نوێنەرانی حزب و حکوومەت و هەماهەنگی لە نێوانیاندا. ساڵی ڕابردوو سێ نوێنەرایەتیی تازەی حکوومەتی هەرێم لە وڵاتانی فەرەنسا و ڕوسیا و سویسرا کرانەوە. نوێنەرانی حکوومەت لە دەرەوە ئیشوکاری برا کوردەکانی دانیشتووی هەندەران لە جۆری وەکالەتنامە و زۆر بەڵگەنامەی تر ڕادەپەڕێنن. بەهۆی بەکارهێنانی ئینتەرنێت گەیاندنی زانیاری لە کوردستانەوە بۆ نوێنەرانی حکوومەت لە دەرەوە زۆر خێراتر بەڕێوەدەچێت. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕیگەی بەڕێوەبەرایەتیی هەڵگرتنەوەی مین لە وەزارەتی مرۆڤایەتیدا موتابەعە و سەرپەرشتیی کاروباری هەڵگرتنەوەی مین و قەرەبووکردنەوەی قوربانییان و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لە مەترسی مین دەکات. لەم بوارەدا چالاکیی هەمەجۆرە پێشکەش کراوە هەروەک:

بەشداریکردنی بەڕێوەبەرایەتیی مین هەڵگرتنەوە لە کۆنفرانسی جنێف کە تایبەت بوو بەهەڵگرتنەوەی مین و ٧٩ حکوومەت بەشدارییان تیادا کرد. لە کۆنفرانسەکەدا ڕاپۆرتێک دەربارەی گرفتی مین لە کوردستان و سیاسەتی حکوومەتی هەرێم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم گرفتە بەسەر ئەندامانی کۆنفرانس دابەش کرا.

لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی چەتری هاوبەش لەگەڵ UN جێبەجێ کراوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم و ئاژانسی UNOPS دا ئەنجام بدرێ.

دوابەدوای گوشارێکی زۆر بەشی عەمەلیاتی UNOPS لە هەولێرەوە گواسترایەوە بۆ سۆران کە لە کێڵگەکانی مینەوە نزیکە و، دەتوانرێ لەم شوێنەوە بەشێوەیەکی کاریگەرتر ئیشوکاری هەڵگرتنەوەی مین سەرپەرشتی بکرێ. بەشداری لە دوو کۆنفرانسی تایبەت بەپلاندانانی ستراتیجی بۆ پرۆگرامی هەڵگرتنەوەی مین کرا، کە یەکێکیان لە سلێمانی و

ئەوەی دیکەیان لە هەولێر بەسترا، ئەمەش کاریگەریی ئیجابی دەکاتە سەر خێراییی بەڕێوەچوونی پرۆسەی مین هەڵگرتنەوە لە کوردستاندا.

جگە لەوانەش زۆر کار و چالاکیی تر لەم بوارەدا ئەنجام دراون هەروەک چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان یونۆپس و دانیشتووانی دەڤەرەکانی کوردستان و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانییانی تەقینەوەی مین، مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مین لە کوردستاندا لەگەڵ ڕێکخراوی (بانگەوازی جنێف)، کردنەوەی بەشی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتیی هەڵگرتنەوەی مین بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لە مەترسیی مین و تەقەمەنییەکان و زۆر چالاکیی دیکە.

**ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی:**

پەروەردە کردنی زانایانی ئیسلامی لە سەر ڕێبازی پیرۆزی ئایینی ئیسلام و جۆشکردنیان بەهەستی نەتەوەیی و ئاراستەکردنیان بەگیانی هاوکاری و تەبایی و لێبوردەیی لە نێوان گشت ڕەگەز و ئایینەکان، هاوشان لەگەڵ گرنگیدان بەخوێندنی ئیسلامی لە قوتابخانە و حوجرەکان و چاودێریکردن و پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان و سەرپەرشتی کردنی دەزگاکانی ئایینی و خێرخوازی و گەشەپێدانی مۆڵگە وەقفییەکان ئەرکێکی گرنگی سەرشانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە. هەرچەندە بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراک ئەم بوارەی نەگرتۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش بەپشت بەستن بەتوانای زاتیی حکوومەتی هەرێم زۆر کارو چالاکی لەم بوارەدا ئەنجام دراون، هەروەک دروستکردن یا نۆژەنکردنەوەی ژمارەیەک مزگەوت و هۆڵی بۆنەی ئایینی و باڵەخانە و خانووی مامۆستایان و تەکیەو خانەقا و قوتابخانەی ئیسلامی و دابینکردنی کەلوپەلی جۆراوجۆر کە بەگشتی نزیکەی ١٥،٥ ملیۆن دیناریان لێ سەرف کراوە.

بۆ یەکەم جار لە دوو ساڵی ڕابردوودا توانرا دوو کاروانی سەفەری حەج بۆ هاووڵاتیانی هەرێم لە ڕێگای کۆماری ئیسلامیی ئێران و کاروانێکیش لە ڕێگای کۆماری عێراقەوە بەڕێ بکرێن. بۆ ئەمساڵیش نیاز وایە کاروانێکی ٧٠٠ کەسی لە ڕێگای کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ڕەوانە بکرێت.

هەروەها بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ گەلانی موسڵمان و جیهانی ئیسلامیدا پێشوازی لە ژمارەیەک وەفد و کەسایەتیی ئایینی وڵاتانی دەوروبەر کراوە، هەروەک شاندەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و وەکیلی ئەزهەری شەریف و هی تر.

لەلایەکی دیکەوە چەندین خولی بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی بۆ وتاربێژان کراوەتەوە و، مامۆستایانی زانکۆکانی سەلاحەدین و دهۆک بەشدارییان تێدا کردووە. هەموو بۆنە ئایینی و نیشتمانییەکان لەوانەش یادی مەولودی پێغەمبەر (د.خ) و ئیسرا و میعراج و شەوی (لیلة القدر) و سەری ساڵی کۆچی و یادەکانی ئادار و نەورۆز و هی تر کراونەتەوە. جگە لەوانەش بۆ خزمەتکردن و زیادکردنی داهاتی موڵکە وەقفییەکان، ژمارەیەک پرۆژەی یاسایی و سیستەم و ڕێنماییی تایبەت ئامادەکراون، کە بەرهەمی بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوەش بەرزبوونەوەی بەرچاوی داهاتی موڵکە وەقفییەکان بووە. بایەخ بەباشترکردنی ژیان و بژێوی مامۆستایانی ئایینی دراوە و، (٢٥٠) دینار وەک دەرماڵە بۆ پێش نوێژ و وتارخوێنەکان زیاد کراوە. مووچەی بڕاوە بۆ (١٧٠٠) لە مامۆستایان و خانەوادەی کۆچ کردوو و پەککەوتەکان تەرخان کراوە. (٧٠) دینار مووچەی بڕاوەی مانگانە بۆ فەقێیەکانی حوجرەکان دابین کراوە و، پێداویستیی مزگەوتەکان لە سووتەمەنی و کەلوپەل و شتی تر دەستەبەر کراوە.

ساڵانە جلوبەرگ و کتێب و مەلزەمە و مامۆستا و وانەبێژ بۆ قوتابخانە ئیسلامییەکان دابین دەکرێت و زیاتر لە ١,٥ ملیۆن دینار بۆ کڕینی کتێب و جلوبەرگ و قرتاسیە و پێداویستی ئەزموونەکان تەرخان کراوە. دەرماڵەی مامۆستایانی قوتابخانە ئایینییەکان لە (١٥٠) دینارەوە بۆ (٢٠٠) دینار زیاد کراوە.

هەوڵ و کۆشش بۆ ڕاگرتنی پاک و خاوێنیی مزگەوتەکان و یەکخستنی بانگ و بۆنەکانی ئیسلامی و بەسەرکردنەوەی وتارە ئایینییەکان و قەدەغەکردنی هەر کارێکی لاوەکی لە مزگەوتەکاندا درێژەی هەیە. لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوە بەدرێژاییی ساڵ هەموو وتارەکانی هەینی ئامادە دەکرێت و هەر هەینییەک لە یەکێک لە مزگەوتەکاندا پێشکەش دەکرێت. لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشدا چەندین وتاری ئایینی و مێزگەڕ و بەرنامە پێشکەش کراون. گۆڤاری (خۆری ئیسلام) بەشێوەیەکی وەرزی دەردەچێت و گەلێ کتێب و نامیلکە بۆ بلاوکردنەوەی هۆشیاری ئایینی لە چاپ دراون.

**مافی مرۆڤ:**

ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و داڕشتنی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پاراستن و پیادەکردنی ئەو مافانە یەکێکە لە بنەماکانی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەر لەم ڕوانگەیەوە کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا

وەزارەتێكی تازەی بەناوی (وەزارەتی مافی مرۆڤ) دامەزراند. لە ماوەی ڕابردوودا هەیكەلی تەنزیمیی وەزارەت دانراوە كە لە دوو بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و نووسینگەی لێكۆڵینەوە و توێژینەوە پێك هاتووە.

وەزارەتی مافی مرۆڤ لە سەرەتای دەست بەكاربوونیەوە تا ئەمڕۆ چەندین چالاكیی جۆراوجۆری چ لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی كوردستان و چ لە ڕووی بەشداربوون لە كۆنفرانس و سیمینار و كۆبوونەوەكانی دەرەوەدا ئەنجام داوە، لەوانەش:

پەیوەندیكردن بەزۆربەی ڕێكخراوە ناحكومییەكان و ئاژانسەكانی UN بۆ ڕوونكردنەوەی مەبەست و ئامانجی دامەزراندنی ئەم وەزارەتە، كردنەوەی ٣ خولی تایبەت بە(ئاسایش و مافی مرۆڤ) كە هەر یەك لەم خولانە ٣ هەفتەی خایاند و لە ئاسایشی گشتی بەڕێوەچوو، سازدانی سیمیناری (مافی مرۆڤ و تیرۆر) بۆ یەكێتی نووسەرانی كورد لە هەولێر، سازدانی سیمیناری (گرنگیی جاڕدانی مافی مرۆڤ و كورد) لە زانكۆی سەلاحەدین، پێشكەشكردنی سیمینارێكی هاوبەش لەگەڵ لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبكردن لەژێر ناوی (مافی مرۆڤ لە ڕووی یاساوە).

لە لایەكی دیكەوە وەزارەتی مافی مرۆڤ مانگانە بەشداری لە لیژنەی دادوەریی نەوجەواناندا دەكات كە ڕێكخراوی (SCF)ی بەریتانی سەرپەرشتیی دەكات. مەبەست لەم كۆبوونەوانەش لێكۆڵینەوەیە لە كێشەی نەوجەوانان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاوە بۆیان. هەروەها بۆ زیاتر لێكۆڵینەوە لە گرفتەكانی منداڵان، وەزارەت مانگانە بەشداری لە كۆبوونەوەی لیژنەی پاراستنی مافەكانی منداڵدا دەكات كە هەمان ڕێكخراوی سەرەوە سازی دەكات. لەلایەكی دیكەوە بۆ لێكۆڵینەوە لە كێشەی ئەو ئافرەتانەی كە خۆیان دەسووتێنن بەردەوام سەردانی بەشی سووتان لە نەخۆشخانەی فریاكەوتن كراوە. كارێكی دیكەی وەزارەت لێكۆڵینەوەیە لەو سكاڵایانەی كە هاووڵاتیان ئاراستەیان دەكەن، كە بەپێی پێویست بایەخ بەكێشەكانیان دراوە و پەیوەندی بەفەرمانگە و لایەنە پەیوەندیدارەكانەوە كراوە بۆ چارەسەركردنیان.

هەر لەم ماوەیەدا زۆر چالاكیی دیكە ئەنجام دراون، هەر وەك:

سازدانی كەرنەڤاڵێك لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان و، دابەشكردنی دیاری بەسەر (٧٠) منداڵی نەخۆش لە نەخۆشخانەی ڕزگاری، كردنەوەی پێشانگایەكی تایبەت بەئەنفالكراوە بارزانییەكان، ئامادەكردنی ڕاپۆرتێك لەمەڕ بار و گوزەرانی ئاوارە و ڕاگوێزراوان،

کردنەوەی خولێکی تایبەت بەرێکخراوە ناحکومیەکان بەبەشداری چەندین مامۆستای پسپۆڕ و لێهاتوو، بەشداریکردن لە (Work Shop)ی ڕێکخراوی یونیسێف لە هەولێر و دهۆک و، بەشداربوون لە کۆبوونەوەی مانگانە لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف.

لیژنەیەکی یاسایی لە وەزارەتی مافی مرۆڤ دەستی کردووە بەئامادەکردنی دیراسەتێکی تێروتەسەل بۆ گۆڕین و لابردنی ئەو یاسایانەی لە کوردستاندا پەیڕەو دەکرێن و لەگەڵ بەندەکانی مافی مرۆڤدا ناگونجێن. هەروەها وەزارەت بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی کۆنفرانسێکی زانستی بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵ ساز کرد.

بەردەوام سەردانی بنکەی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتان دەکرێت و لە کێشە و پێداویستییەکانیان دەکۆڵدرێتەوە. لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەت سەردانی بەندیخانەکان دەکات و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەندکراوەکاندا ساز دەکات و لە کێشە و گرفتەکانیان دەکۆڵێتەوە.

گەلێ پرۆگرامی تایبەت بەدیموکراسی و مافی مرۆڤ و پەروەردەی مەدەنی کە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دەخوێندرێت ئامادەکراون و لەگەڵ پسپۆڕانی وەزارەتی پەروەردە لە قۆناغی کۆتایی و گفتوگۆکردندان، بۆ ئەوەی لە دارشتنی پرۆگرامی قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا سوودیان لێ وەربگیرێت. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا بەشداری لە چەندین کۆنفرانس و سیمینار و چاوپێکەوتن کراوە، هەروەک: کۆنفرانسی دوربان لە باشووری ئەفریقیا دژی ڕەگەزپەرستی، کۆڕێک دەربارەی دیاردەی دیموکراسی لە لەندەن، بەشداربوون لە پرۆگرامی جیهانی دەربارەی دیموکراسی بوون لە واشنتۆن، بەشداربوون لە کۆنگرەی ساڵانەی (سیڤتاس) بۆ پەروەردەی مەدەنی لە مۆسکۆ و چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی تر.

سەردانی ژمارەیەک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی دەرەوەی وڵات کراوە و پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵدا دامەزراوە، هەروەک: ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ، پەیمانگەی کوردی واشنتۆن، گرووپی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، پەیمانگەی کۆمەڵگەی کراوە، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی و چەندین ڕێکخراوی تر.

جگە لەو چالاکییانەش بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بەپرنسیپەکانی مافی مرۆڤ، بابەتی جۆراوجۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکراونەتەوە.

**کاروباری پێشمەرگە:**

هەموو ئەرک و کارەکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی بەڕێوە دەچێت، کە بەڕێزیان فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. لەشکری کوردستان کە قەڵغانی بەرگریکردن لە دەسکەوتەکان و پاراستنی ئەزموونی دیموکراتیی گەلەکەمانە هەمیشە لە هەوڵی جددیدایە بۆ خۆ ڕێکخستنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و توانای بەرگریی پێشمەرگە بەو ئاراستەیەی کە لەشکرێکی نیزامی لەسەر بنەمای زانستی نوێی سەربازی پێک بهێنرێت.

ئەکادیمیای سەربازی لە زاخۆ کە یەکێکە لە دەسکەوتە گرنگەکانی ئیدارەی کورد، بەردەوام بووە لەسەر پێگەیاندنی ئەفسەری شارەزا بۆ ڕیزەکانی لەشکری کوردستان. تا ئێستا نزیکەی (٥٠٠) ئەفسەر بەپلەی ملازم لە پێنج خولدا پێشکەش بەلەشکری کوردستان کراون و ئێستاش قوتابیانی خولی شەشەم وەرگیراون. ئەکادیمیا بەشێواز و پرۆگرامێکی هاوچەرخ وانە و ڕاهێنانی سەربازی پێشکەش بەبەشداربووانی خولەکان دەکات.

تا ئێستا پێنج فێرگەی سەربازی لە سەر شێوازی نوێ بۆ بەنیزامیکردنی لەشکری کوردستان دامەزراون. لەو فێرگانەدا پێشمەرگە بەشێوازی سەربازی ڕێک دەخرێن و دوای ئەوە لەناو هێزە نیزامییەکاندا ڕێک دەخرێن.

بۆ پاراستنی خاکی نیشتمان و بەرگریکردن بەشێوازێکی نوێ، لەشکری کوردستان ژمارەیەکی بەرچاو لە سەنگەر و قەڵای گرنگی لە شوێن و ناوچە جیاجیاکاندا دروست کردووە، دەیان پرۆژەی دیکەی بیناسازی و ڕێگاوبان و ئاوی خواردنەوە و نۆژەنکردنەوەی بنکە و بارەگاکان ئەنجام دراوە.

بۆ ڕێزلێنان لە خەبات و ماندووبوونی پێشمەرگە قارەمانەکانی لەشکری کوردستان لەسەر پێشنیاری فەرماندەیی لەشکری کوردستان پرۆژەی خانەنشینیی پێشمەرگە بۆ پەرلەمانی کوردستان بەرزکرایەوە و، یاساکە پەسند کرا. هەروەها یاسای خانەنشینکردنی پێشمەرگەی پەککەوتە دەرچووە و کەتۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

هەر لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین خولی جۆراوجۆر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی و سەربازی پێشمەرگە و فەرماندەکان ساز کراون.

لەلایەکی دیکەوە لە هەموو بازگەکانی دەوروبەری شارەکاندا ئینزیباتی سەربازی

دانراوه، بەمەش توانراوە ڕێگا لە چەک هەڵگرتنی پێشمەرگە لەناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا بگیرێت.

بەتەنسیق لەگەڵ ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی خولێک سەبارەت بەیاساکانی جەنگ کرایەوە کە لەشکر بەیاسا و ڕێساکانی کاتی جەنگ ئاشنا و شارەزا دەکا.

هەروەها بەهاوکاریی وەزارەتی پەروەردە خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەنێو لەشکری کوردستاندا کراوەتەوە. وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە و پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری و ئامادەییی لەشکری کوردستان.

پوختەی چالاکییەکانی

حکوومەتی هەرێم لە ساڵی ۲۰۰۲دا

# دارایی و ئابووری

# دارایی و ئابووری

ڕێکخستنی باری دارایی و کۆکردنەوە و بەکارهێنانی ڕێکوپێکی داهاتەکان بەپێی نەخشە و پلانێکی گونجاو ڕۆڵێکی گرنگ لە بووژاندنەوەی وڵات و پەرەپێدانی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا دەگێڕێ. لەم ڕووەوە کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتاوە بایەخێکی زۆری بەڕێکخستن و پەرەپێدانی هەردوو بواری دارایی و بازرگانی داوە و، توانیویەتی سەرەڕای گۆڕانکاریی باری ئابووری عێراق و هەڵبەز و دابەزی بەردەوامی نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر بەدراوەکانی تر، بەرەنگاری کێشە و گرفتەکان ببێتەوە و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە.

دەتوانین پوختەی گرنگترین چالاکییەکانی ئەم بوارە لەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**یەکەم- ڕێکخستنی باری دارایی:**

١- سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ وەکو ساڵانی پێشوو بودجەی حکوومەتی هەرێم و ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٢، کە (٢,٥٣٦,٦٧٤,٠٠٠) دینار و (١٨٠) هەزار دۆلار بوو ئامادەکراو، دوای پەسندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە جێبەجێ کرا. بودجەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

- ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان: (٣٨,٢٥١,٠٠٠) دینار و (١٨٠) هەزار دۆلار.
- وەزارەت و دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: (٢,٤٨٩,٤٢٣,٠٠٠) دینار.
- فەرمانگە خۆبژێووەکان:

* بانکە بازرگانییەکان: (١٧,٣٦٧,٠٠٠) دینار.
* کارگە و فەرمانگەکانی وەزارەتی پیشەسازی و وزە: (٣٧٩,٧٧٥,٠٠٠) دینار.

- بودجەی پلان: (٣٨٨,٢٢٤,٠٠٠) دینار.

ئامانجی ئەم بودجەیەش بریتی بوو لە:

أ- مسۆگەرکردنی مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی هەموو دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

ب- مسۆگەرکردنی مووچەی مانگانەی شەهیدان و پێشمەرگە و خانەنشینانی کەرتە جیاجیاکان.

ج- بایەخدان بەبەدی هێنانی پێداویستییەکانی بواری تەندروستی و پەروەردە و پتەوکردن و دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی ناوخۆ.

د- بایەخدان بەبەهێزکردنی ئابووری کوردستان لە رێگەی پاڵپشتیکردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری لە بوارە جیاجیاکاندا.

دوای پەسندکردنی بودجەکەش نامیلکەی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٢ کە تایبەتە بەرێنماییەکانی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٢ دەرکرا. ئینجا بەپێی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٢، موفرەداتی میلاکاتی وەزارەت و فەرمانگەکان بەگوێرەی یاسای میلاک پەسندکراو دابەش کرا بەسەریاندا.

بودجەکەش بەسەر وەزارەت و فەرمانگەکانی حکوومەت دابەش کراو، ئاگاداری بانکەکان کرایەوە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت.

٢- بۆ کۆنترۆڵکردنی لایەنی دارایی لە دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمدا، بەڕێوەبەرایەتیی چاودێری و پشکنینی دارایی لە ساڵی ٢٠٠٢دا چەندین وەزارەت و فەرمانگەی لە رووی ژمێریاریەوە وردبینی کردووە، کە ئەمەش لە خشتەکانی هاوپێچدا روون کراوەتەوە.

٣- بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فەرمانبەرانی ژمێریاری و وردبینی لە گشت وەزارەتەکان و جێبەجێکردنی یاساو رێنماییەکانی دارایی و کارگێڕی، لە ساڵی ٢٠٠٢دا هەشت خولی جۆراوجۆر کراوەتەوە، ئەمەش بەوردی لە خشتەکانی هاوپێچدا روون کراوەتەوە.

٤- دوای دیراسەتێکی تێروتەسەل لەو گرفتانەی کە رووبەرووی فەرمانبەران و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێم دەبنەوە، (٥٢) رێنمایی دارایی و (٣٢) تەعمیم بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە و پەرەپێدانی ئاستی کار و چالاکییەکان دەرکراون.

٥- دانانی رێوڕەسمی بەخشین و زیادکردنی دەرماڵە و هەموارکردنی رسوماتی وەرگیراو لە دامودەزگاکانی حکوومەت کە لە خشتەکانی هاوپێچدا روونکراوەتەوە.

٦- وردبینکردن و تەواوکردنی مامەڵەی تەملیککردنی (٢٨٥) شووقە و خانووی حکومی کە کۆی گشتی داهاتی ئەم هەنگاوە زیاتر لە (١٦) ملیۆن دینار بووە.

٧- وەزارەتی دارایی و ئابووری چەندین چالاکیی دیکەی لە بواری چاودێریکردنی

میلاکی فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکوومەت و خانەنشینکردن و گواستنەوەی فەرمانبەرانی زیاد بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستیان پێیان هەیە ئەنجام داوە.

**دووەم- داهات:**

داهاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە گومرگ و باج و چەند بوارێکی دیکە پێک هاتووە، داهاتێکی چەسپاو نییە و بەپێی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە لە گۆڕانی بەردەوامدایە. لە ڕووی ڕێکخستن و پەرەپێدانی ئەم داهاتەدا لە ساڵی ۲۰۰۲دا ئەم کار و چالاکییانە ئەنجام دراون:

۱- گومرگ:

أ- چەندین ڕێنماییی تایبەت بەڕێکخستنی بازرگانی هێنانی ئۆتۆمۆبێل لە دەرەوە دەرکراوە و، بازرگانەکان بەپێی ڕێنوێنییەکانی بازرگانی گشتی ڕێگایان پێ دراوە کە ئۆتۆمۆبێل بۆ ناو هەرێم بهێنن.

تا سەرەتای مانگی ۱۲ی ساڵی ۲۰۰۲، (۸۰۵۲) ئۆتۆمۆبێل لەلایەن بازرگانان و (۱۲۱۵) ئۆتۆمۆبێلی دیکەش لە لایەن هاووڵاتییانەوە هێنراون و، بەپێی یاسا گرمرگ کراون. هەر لەم ماوەیەدا (۱۱۰۸) پیکابی بچووک و (۵۱۳) ئۆتۆمۆبێلی بارهەڵگر لە ڕێگەی خاڵی ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ ناو هەرێم هاتوون، کە ٦٥٪ی بارهەڵگرەکان بۆ دەرەوەی هەرێم گەڕاونەتەوە. جگە لەوانەش (٤٥) پاسی گواستنەوە و (٤١) کارگە و دەزگای بەرهەمهێن بۆ ناو هەرێم هێنراون.

ب- کۆمەڵگەی گومرگیی حاجی ئۆمەران لە دەروازەی سنووری ئێران دامەزراوە و لە ۲۰۰۲/۸/۲٦ دەستبەکار بووە. باڵەخانەی کۆمەڵگاکە لە ژێر جێبەجێکردندایە و (١٦) کابینە بەشێوەیەکی کاتی بۆ حەوانەوەی کارمەندانی گومرگ دابین کراوە. نووسینگەی سەفەر و پاسپۆرت لەگەڵ یەکەی پشکنینی کەرەستەی بیناسازی لەژێر جێبەجێ کراندایە.

ج- چەندین کۆبوونەوەی بەرفراوان بۆ ڕێکخستنی کاروباری گومرگ ئەنجام دراوەو، لە کۆبوونەوەکاندا بابەتی بازرگانی ئۆتۆمۆبێل و بازرگانی ترانزێت و چەندین بابەتی تر تاوتوێ کراون.

د- بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کاروباری گومرگی و لابردنی خەرجیی زیادە، دوو

فەرمانگەی گومرگی هەڵوەشێنراونەتەوە و لەگەڵ فەرمانگەی گومرگی هەولێر یەک خراون.

هـ- بەنیازی ئاگاداربوون لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کاروباری گومرگ و پشکنینی ئیشوکارەکان، پشکنەرانی گومرگ بەردەوام سەردانی بەڕێوەبەرایەتی و بنکەکانی گومرگیان کردووە.

و- چوار باڵەخانە بۆ بنکەی گومرگ لە بەڕێوەبەرایەتیی گومرگی هەولێر و دهۆک دروست کراوە.

ز- پێناسەی گومرگیی کە (١٧٧١) بابەتی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە و لە (٣٥) پۆلدا پۆلێن کراوە، بەشێوەیەکی گونجاو ڕێک خراوە و چەندین بابەتی تازەی خراوەتە سەر.

ح- زیاتر لە (٨) ملیۆن دینار بۆ بنیاتنان و نۆژەنکردنەوەی چەندین باڵەخانە و گۆڕەپان لە گومرگی ئیبراهیم خەلیل خەرج کراوە کە بەوردی لە خشتەکانی هاوپێچدا ڕوون کراوەتەوە.

گ- نزیکەی نیو ملیۆن دینار بۆ دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی چەندین باڵەخانەی بنکەکانی گومرگ و بەڕێوەبەرایەتییەکان و هی تر سەرف کراوە کە لە خشتەکانی هاوپێچدا دەردەکەوێت.

٢- باجەکان:

بێ گومان سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو باجەیە کە لە بوارە جیاجیاکاندا کۆدەکرێتەوە، هەر بۆیەش بایەخێکی زۆر بەڕێکخستنی باجەکان دراوە بەشێوەیەک کە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی هاووڵاتیان و پێداویستییەکانی پەرەپێدان و بووژاندنەوەی وڵات هاوسەنگ و گونجاو بێت. بۆ ئەم مەبەستەش بەشێوەیەکی بەردەوام ڕێنمایی دەردەکرێت و لە کاتی پێویستدا پێداچوونەوە بەباجەکاندا دەکرێت.

بۆ نموونە بۆ قەرەبووکردنەوەی کۆمپانیاکان لە دابەزینی بەهای دۆلار بڕیاردرا باجی پرۆژەکانی ئەم کۆمپانیانە لە ڕێژەی (٥٪)ەوە بۆ (٣٪) کەم بکرێتەوە. هەر لە ڕوانگەی ڕەچاوکردنی باری گوزەرانی هاووڵاتییان و پەرەپێدانی جموجۆڵی بەرهەمهێنان و بازرگانی و هی تر زۆر لە باجەکان بەرێژەیەکی بەرچاو کەم کراونەتەوە.

هەروەها باجی ئەو کۆمپانیانەی کە پرۆژەکانی ئاژانسەکانی UN ئەنجام دەدەن ڕێکخراوە و ئاسانکاریی پێویستیان پێشکەش کراوە.

**سێیەم- بانکی ناوەندیی هەرێمی کوردستان:**

بانکی ناوەندیی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا ئەم چالاکییانەی خوارەوەی ئەنجام داوە:

١- کردنەوەی چەندین خولی تایبەتی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی و تەکنیکی فەرمانبەرانی بانکەکان.

٢- کردنەوەی نووسینگەیەکی بانکیی لە کۆمەڵگەی حاجی ئۆمەران بۆ ئاسانکردنی ئیشوکاری هاووڵاتیان.

٣- بەگەڕخستنەوەی هەر دوو بانکی کشتوکاڵی لە هەولێر و دهۆک.

٤- ئیش پێکردنەوەی یەک دیناری کاغەز لە بازاڕەکان و، دانی مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان لە (١٥٠٠) دینار بەسەرەوەیە بەدۆلار.

٥- وەگێڕانی گشت بەڵگەنامە و نووسراوەکانی دیکەی بانکەکان بۆ سەر زمانی کوردی.

٦- پشکنینی بەردەوامی سەرجەم بانکەکانی هەرێم بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ڕێنماییبە بانکییەکان و دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان.

**چوارەم- خانەنشینی:**

بایەخ بەژیان و گوزەرانی خانەنشینان دراوە و بەشێوەیەکی بەردەوام مووچەی مانگانەیان بۆ سەرف کراوە. چالاکییەکانی ئەم بوارە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- ئەنجامدانی (١٥٧٩) مامەڵە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە خانەنشین کراون لە فەرمانگە جیاجیاکانی حکوومەتی هەرێمدا.

٢- ڕێکخستنی (١٧٢٦) ناسنامە بۆ فەرمانبەرە خانەنشین کراوەکان.

٣- هەژمارکردنی (١٠٥٨) مامەڵە بۆ ڕاژەی خانەنشینی.

٤- نوێکردنەوەی زیاتر لە (٢) هەزار کارت.

٥- وردبینکردن و ڕێکخستنی زیاتر لە (٢) هەزار مامەڵەی خانەنشینی.

٦- پرۆگرامی دابەشکردنی مووچەی خانەنشینانی کوردستان (کە خۆی لە ٢٥ هەزار خانەنشین دەدات) خراوەتە ناو بەرنامەی کۆمپیوتەر و، لەم ڕێگایەوە دابەشکردنی مووچە بەماوەیەکی زۆر کەم تەواو دەبێت.

**پێنجەم- بازرگانی:**

کار و چالاکییەکانی ساڵی ٢٠٠٢ لە بواری بازرگانیدا، کاری کردۆتە سەر پێشخستنی جموجۆڵی بازرگانی و پەرەپێدانی ئابووریی کوردستان. ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرنگترین چالاکییەکانە:

١- تۆمارکردنی (٨٨) کۆمپانیای جۆراوجۆر لە پارێزگاکانی هەرێم و نوێکردنەوەی مۆڵەتی (١٤٠) کۆمپانیای دیکە. بەگشتی ئێستا لە پارێزگای هەولێردا (٣٥٢) کۆمپانیای بازرگانی و پیشەسازی و بەڵێندەرایەتی و، لە پارێزگای دهۆکیش (٢٠٦) کۆمپانیای لەم جۆرە مۆڵەتی کارکردنیان پێ دراوە. واتە کۆی گشتی سەرجەم کۆمپانیاکانی هەر دوو پارێزگا دەکاتە (٥٥٨) کۆمپانیا کە زۆربەیان کۆمپانیای خۆماڵین.

٢- کردنەوەی پێشانگایەکی نێودەوڵەتی گەورە لە شاری هەولێر بۆ کەلوپەلی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بووە مایەی بووژاندنەوەی جموجۆڵی بازرگانیی لەنێوان بازرگانیی هەردوولادا. جگە لەوەش چەندین سەردان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران رێک خراوە و دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئابووری و بازرگانی ئەو وڵاتە ئەنجام دراوە. لەئەنجامی ئەوەشدا زۆر لە گیروگرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی جموجۆڵی بازرگانی چارەسەر کراون و پەیوەندیی بازرگانی نێوان هەردوو لا پتەو کراوە. ئاکامێکی ئیجابی پتەوبوونی ئەو پەیوەندییەش بریتییە لە پەرەپێدانی جموجۆڵی بازرگانی لە سنووری حاجی ئۆمەران و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گومرگی حاجی ئۆمەران کە ئێستا دەست بەکارە و تاڕادەیەکی بەرز باری بازرگانی لەم خاڵەدا بەگەڕخستۆتەوە.

٣- دەست بەکاربوون لە جێبەجێکردنی رێنمایی پۆلینکردنی بەڵێندەران کە تا ئێستا (١٩) بەڵێندەر داواکاری و پێداویستی پۆلینکردنیان پێشکەش کردووە.

٤- بەخشینی (١٥٩٢) مۆڵەتی بازرگانی و، ئەنجامدانی کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ بازرگانەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم جموجۆڵی بازرگانیدا دروست دەکەن. ئەم کارەش بەهەماهەنگی لەگەڵ هەردوو ژووری بازرگانی هەولێر و دهۆک ئەنجام دراوە.

٥- دەرکردنی چەندین رێنمایی نوێ بۆ رێکخستنی بازرگانیی ترانزێت و پێدانی مۆڵەتی ترانزێت بەبازرگانان، کە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا زیاتر لە (١٠٠) مۆڵەتی ترانزێت بەبازرگانان دراوە.

٦- دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بەبازرگانانی ئۆتۆمۆبێل، کە تەنها لەم ساڵەدا (١٧٦) مۆڵەت بەبڕی(٤٤٠) ملیۆن دینار بۆ هێنانی(٨٨٠٠) ئۆتۆمۆبێل بەهاووڵاتیان دراوە.

٧- بەهەماهەنگی لەنێوان هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری و یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری ئاسانکاریی پێویست بۆ سەفەری بازرگان و خاوەن کۆمپانیاکان بۆ دەرەوە و ناوەوەی هەرێم پێشکەش کراوە.

٨- ڕۆژانە بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی بازرگانیی هەولێر و دهۆک سەردانی بریکارەکانی خۆراک و ئارد و دوکان و بازاڕەکانیان کردووە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئیشوکارەکان بەپێی ڕێنماییەکان ئەنجام دەدرێن و، سەرپێچیکارانیش سزا دراون. چاودێریی بازرگانی ڕۆژانە لە بازگەکانی هەرێمدا چاودێریی هێنانی چیمەنتۆ و کەلوپەلی جۆراوجۆر بۆ هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دەکات. هەروەها چاودێری دەرمانخانەکان کراوە و، بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی فرۆشتنی دەرمان لە بازاڕدا قەدەغە کراوە.

٩- چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی هەردوو سایلۆی هەولێر و زاخۆ و ئامادەکردنیان بۆ وەرگرتنی بەرهەمی دەغڵودانی جوتیاران.

١٠- بۆ ئاسانکردنی دابەشکردنی بەشە ئازووخەی مانگانەی هاووڵاتیان چەندین ڕێنماییی نوێ سەبارەت بەبەخشین یا گۆڕین و هەڵوەشاندنەوەی بریکاری خۆراک و ئارد دەرکراوە. هەروەها گەورەترین کۆگاکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ ئەمبار کردنی کەرەستەی خواردەمەنی بەرنامەی ٩٨٦ تەرخان کراون. ئێستا (٤٧٨٦) بریکاری خۆراک و (١٣١١) بریکاری ئارد لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکدا هەن، کە جگە لە ئارد و خۆراک، نەوت و غازیش لە ڕێگەی ئەوانەوە بەسەر هاووڵاتیان دابەش دەکرێت.

١١- فراوانکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی و دروستکردنی پەرژینی ئەو پارچە زەوییەی کە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی تەرخان کراوە. تێچووی هەردوو پڕۆژەکە (١٨٧) هەزار دینار بوو.

**خشتەی ژمارە (١)**
**ناوی ئەو وەزارەت و فەرمانگانەی کە لە ساڵی (٢٠٠٢)دا وردبینی کراون**

| ژ | ناوی فەرمانگە | فەرمانی وردبینکردن | مێژووەکەی |
|---|---|---|---|
| ١ | وردبینکردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری و فەرمانگە لە هەولێر:<br>أ- دیوانی وەزارەت<br>ب- بەڕێوەبەرایەتی گشتی داهات و فەرمانگەکان:<br>بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرە<br>بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت<br>بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی دەوڵەت<br>بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەرێم<br>بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر<br>بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگ<br>ج- بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی گشتی و فەرمانگەکانی:<br>کۆمپانیای گشتیی کەلوپەلی خۆراک<br>لقی کۆمپانیای گشتیی دروستکردنی دانەوێڵە<br>لقی کۆمپانیای گشتیی کەرەستەی بیناسازی<br>لقی کۆمپانیای گشتیی بازرگانی ئۆتۆمبیل و ئامێرەکان<br>بازاڕی ناوەندی<br>لقی کۆمپانیای گشتیی بازرگانی دانەوێڵە<br>د- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خانەنشین<br>هـ- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینە | ن/١٦ | ٢٠٠٢/٥/١٨ |
| ٢ | وردبینکردن و پشکنینی مووچەکان و سەرمووچەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر | ١١٥ | ٢٠٠٢/٦/١٠ |
| ٣ | وردبینکردنی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر | ١٢٠ | ٢٠٠٢/٨/٣ |
| ٤ | وردبینکردنی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | ١٣٠ | ٢٠٠٢/٨/٣ |
| ٥ | وردبینکردنی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دهۆک | ن/٢٧ | ٢٠٠٢/٩/٢٨ |

## خشتەی ژمارە (٢)
## خولەکانی ژمێریاری و وردبینی و کارگێڕی لە ساڵی ٢٠٠٢

| ژ | جۆری خول | مێژووەکەی | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|---|
| ١ | خولی ژمێریاری پرۆژەکان لە هەولێر | لە ٢٠٠٢/٥/٢ تا ٢٠٠٢/٥/٩ | ١٦٣ |
| ٢ | خولی ژمێریاری پرۆژەکان لە دهۆک | لە ٢٠٠٢/٥/١١ تا ٢٠٠٢/٥/١٥ | ٩٢ |
| ٣ | خولی کارگێڕی و خۆبەتی لە هەولێر | لە ٢٠٠٢/٥/٢٥ تا ٢٠٠٢/٦/٦ | ١٥١ |
| ٤ | خولی کارگێڕی و خۆبەتی لە دهۆک | لە ٢٠٠٢/٦/٨ تا ٢٠٠٢/٦/٢٠ | ١١٦ |
| ٥ | خولی ژمێریاری لە هەولێر | لە ٢٠٠٢/٦/٢ تا ٢٠٠٢/٧/١١ | ١٦٣ |
| ٦ | خولی ژمێریاری لە دهۆک | لە ٢٠٠٢/٧/١ تا ٢٠٠٢/٧/٢٥ | ١٢٩ |
| ٧ | خولی بەهێزکردنی فەرمانبەرانی ژمێریاری لە هەولێر | لە ڕۆژانی ١٨ و١٩ و٢٠/١١/٢٠٠٢ | ١٢٨ |
| ٨ | خولی بەهێزکردنی فەرمانبەرانی ژمێریاری لە دهۆک | لە ڕۆژانی ١١/٣٠ و١و٢٠٠٢/١٢/٢ | ١٢٤ |

## خشتەی ژمارە (٣)
## دەرماڵەی بەخشراو و زیادکراو لە ساڵی ٢٠٠٢دا

| ژ | ناوونیشان | دەرماڵەی بەخشراو | دەرماڵەی زیادکراو |
|---|---|---|---|
| ١ | دەرماڵەی پزیشکی دادگوزاری | ٤٠٠٠ دینار مانگانە | – |
| ٢ | دەرماڵەی کارمەندانی تیمارگەی دادگوزاری | ٢٠٠٠ دینار مانگانە | – |
| ٣ | دەرماڵەی کادیری تەندروستیی و هونەریی لە تیمارگەی دادگوزاری | ١٠٠٠ دینار مانگانە | – |

ماویەتی

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | دەرماڵەی کادیرە خزمەتگوزارەکان کە لە تیمارگەی دادگوزارییەکان کاردەکەن | ٥٠٠ دینار مانگانە | – |
| ٥ | دەرماڵەی شوفێرەکان: | | |
| | أ- شوفێری ئۆتۆمبێلی لۆری | – | لە (١٣) دینارەوە بۆ (٥٠) دینار مانگانە |
| | ب- شوفێری ئۆتۆمبیلی کۆستەر | – | لە (٦,٥) شەش دینار و نیو بۆ (٣٠) دینار مانگانە |
| | ج- شوفێری ئۆتۆمبیلی تانکەر | – | لە (١٣) دینارەوە بۆ (٣٠) دینار مانگانە |
| | د- شوفێری ئۆتۆمبیلی سالۆن و لاندکرۆز و بیک اب. | – | لە (٦,٥) شەش دینار و نیو بۆ (٢٠) دینار مانگانە |
| | دەرماڵەی عەتالەکان | – | لە (١٣) دینارەوە بۆ (٣٠) دینار مانگانە |
| ٦ | دەرماڵەی براوە بۆ یاریدەدەری سەرپەرشتیاری پسپۆری پەروەردەیی یەکەم لە ب. گ. پەروەردە | ٢٠٠ دینار مانگانە | – |
| ٧ | دەرماڵەی براوە بۆ یاریدەدەری سەرپەرشتیاری پسپۆری پەروەردەیی یەکەم و منسقی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی قەزاکان | ١٥٠ دینار مانگانە | – |
| ٨ | دەرماڵەی تایبەتی براوە بۆ قوتابیانی کۆلیژی مامۆستایانی هەردوو زانکۆی سەلاحەدین و دهۆک. | ١٠٠ دینار مانگانە | – |
| ٩ | دەرماڵە بۆ ئیمام و ئیمام خەتیب | ١٥٠ دینار مانگانە | – |
| | دەرماڵە بۆ قاریئ و قاریئ مۆژن | ١٠٠ دینار مانگانە | – |
| | دەرماڵە بۆ موئەزن و خادم و موئەزن | ٥٠ دینار مانگانە | – |
| | دەرماڵە بۆ خادم | ٥٠ دینار مانگانە | – |
| | دەرماڵە بۆ فەقێ حوجرەکان | ٧٠ دینار مانگانە | – |

تەواو

خشتەی ژمارە (٤)

**بنیاتنان و نۆژەنکردنەوە لە گومرگەکانی هەرێم:**

| | |
|---|---|
| ١ | ٨٨,٠٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی بینایەی گومرگی هەولێر. |
| ٢ | ٣١,٠٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ تەواوکردنی پێداویستی قەپانی گەورەی ئەلکترۆنی بۆ کێشانەی ئۆتۆمبیل لە گرمرگی هەولێر. |
| ٣ | ٦,٠٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی ژوورێک بۆ (سجن)کردنی قاچاغی لە پۆلیسی گومرگی هەولێر. |
| ٤ | ٢٢,٠٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی ژوور بۆ هۆبەی (رصید) لە گومرگی هەولێر. |
| ٥ | ٤٠,٧٨٠ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی بنکەی گومرگی قۆڕیتان سەر بەگومرگی هەولێر. |
| ٦ | ٤٠,٥٨٠ دینار خەج کراوە بۆ دروستکردنی بنکەی گومرگی (سفیبە) سەر بەگومرگی هەولێر. |
| ٧ | ٤٦,٠٨٠ دینار خەرج کراوە بۆ فرەوانکردنی جێگای پۆلیسی لە بنکەی گومرگی سۆران. |
| ٨ | ٤٥,٠٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ فرەوانکردنی بنکەی گومرگی ئالانە سەر بەگومرگی هەولێر. |
| ٩ | ٤٠,٨٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ فرەوانکردنی بنکەی گومرگی قوشتەپە سەر بەگومرگی هەولێر. |
| ١٠ | ١٠٧,٨٠٥ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی (٨) ژوور بۆ بەڕێوەبەرایەتی گرمرگی کەرکووک. |

**بنیاتنان و نۆژەنکردنەوە لە گومرگی ئیبراهیم خەلیل:**

| | |
|---|---|
| ١ | ٥١١,٩٢٢ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی بنایەی بەڕێوەبەری گشتی سەر بەئیبراهیم خەلیل. |
| ٢ | ١٠٠٠,٠٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی هۆڵی پێشوازی سەر بەئیبراهیم خەلیل. |
| ٣ | ٤٥,٦٥٠ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی مرافق صحی سەر بەئیبراهیم خەلیل. |
| ٤ | ٣٧,٤١٠ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی ژووری مختبر ئینشائی سەر بەئیبراهیم خەلیل. |
| ٥ | ٤,٠٠٠,٠٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی گۆڕەپانی سەیارەی تانکەر سەر بەئیبراهیم خەلیل |
| ٦ | ٢٦٠,١١٠ دینار خەرج کراوە بۆ فرەوانکردنی بنایەی پەیوەندییەکان وە کڕینی کەلوپەل سەر بە ئیبراهیم خەلیل |
| ٧ | ٤٨,٨٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ چاککردنی ئاوەڕۆکانی سەر بەئیبراهیم خەلیل. |
| ٨ | ١٤,٧٩٠ دینار خەرج کراوە بۆ لەبغ و بۆیەکردنی سەربانەکانی کۆمەڵگا سەر بەئیبراهیم خەلیل. |

ماویەتی

| | |
|---|---|
| ٩ | ٣٠,٦٩٠ دینار خەرج کراوە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی مرافق صحی و مزگەوت سەر بەئیبراهیم خەلیل. |
| ١٠ | ٨١,٨٩٠ دینار خەرج کراوە بۆ چاککردنی خاڵی گومرگی فیش خابوور سەر بەئیبراهیم خەلیل. |
| ١١ | ١٧٣,٧٥٠ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی باغچە سەر بەئیبراهیم خەلیل. |
| ١٢ | ١٩٥,٦٨٤ دینار خەرج کراوە بۆ بۆیەکردنی بینایەی گومرگ سەر بەئیبراهیم خەلیل. |
| ١٣ | ٦٤,٧١٠ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی کڕینی کەلوپەل بۆ ژووری پێشوازی سەر بەئیبراهیم خەلیل |
| ١٤ | ٧٦٣,٥٤٥ دینار خەرج کراوە بۆ دانانی دبەی پەڕینەوە لە فیش خابوور سەر بەئیبراهیم خەلیل. |
| ١٥ | ٢٤٥,٦٢٥ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی گۆڕەپان لەگەڵ دەروازەی فیش خابوور سەر بەئیبراهیم خەلیل |
| ١٦ | ٢١٢,٣٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی هۆڵی پێشوازی لە جانبی سووریا - خابوور سەر بەئیبراهیم خەلیل |
| ١٧ | ١٨٣,٥٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی گۆڕەپان لەگەڵ ڕێگە لە خابوور سەر بەئیبراهیم خەلیل |
| ١٨ | ١٣٤,٣٨٥ دینار خەرج کراوە بۆ دروستکردنی ژووری پاسەوان سەر بەئیبراهیم خەلیل. |
| ١٩ | ١٦,٠٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ کڕینی خانوو وە چاککردنەوەی بۆ گومرگی سەر بەئیبراهیم خەلیل. |

تەواو

خشتەی ژمارە (٥)

**خشتەی کۆمپانیاکان لە پارێزگاکانی هەرێم:**

| پارێزگا | کۆمپانیا | خۆماڵی | تورکی | جۆری کۆمپانیا | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بازرگانی | بەڵێندەرایەتی | پیشەسازیی | جۆری تر |
| هەولێر | ٣٥٢ | ٣١٨ | ٣٤ | ٥٥ | ٢٨٥ | ٧ | ٥ |
| دهۆک | ٢٠٦ | ٢٠٠ | ٦ | ١٤١ | ٦٠ | ٢ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٥٥٨ | ٥١٨ | ٤٠ | ١٩٦ | ٣٤٥ | ٩ | ٨ |

خشتەی ژمارە (٦)

**دابەشکردنی خۆراک لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک بەپێی بەرنامەی ٩٨٦:**

| | | |
|---|---|---|
| برنج | ٩٤,٦٩٠,٧٣٩ | تەن |
| ڕوون | ٣٢,٨٩٨,٣٧١ | تەن |
| شەکر | ٩٣,١٢٧,١٥٢ | تەن |
| تاید | ١٤٥,٠١٨,٥٥٦ | تەن |
| سابوون | ١٠,٠١٣,٤٣٢ | تەن |
| خێ | ٣,٥٥٤,٥١٨ | تەن |
| بقولیات | ١٥,١٦١,٢٣٨ | تەن |
| چای | ٤,٩٦٠,٦٤١ | تەن |



دیمەنێکی گشتی لە کۆمەڵگەی برایم خەلیل



دەروازەی پردی هاتن – برایم خەلیل



سالۆنی پشکنین – فحص– لە برایم خەلیل



هۆڵی پێشوازی – برایم خەلیل



ژووری کۆمپیوتەر - برایم خەلیل



نووسینگەی پێوەندییەکان - پیشخابوور



بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان
ڕۆژی ٢٠٠١/١٢/٣١ لە کاتی پێشکێش کردنی
بودجەی گشتیی ساڵی ٢٠٠٢



کۆمەڵگەی پیشخابوور



چێشتخانەی نوێ - برایم خەلیل



بەڕێوەبەرایەتیی گومرگی حاجی ئۆمەران

# پاراستنی ئەمن و ئاسایش

# پاراستنی ئەمن و ئاسایش

بێگومان بەرقەراریی هێمنی و ئاسوودەیی لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا، هۆکارێکی سەرەکیی بەرەوپێش چوونی باری ئابووری و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی وڵاتە و کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر سەرجەم بوارەکانی ژیان. هەر لەم ڕوانگەیەوە کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆری بەڕێزلێنانی سەروەریی یاسا و بەرقەراریی ئەمن و ئاسایش لە هەموو شار و کۆمەڵگە و گوند و ماڵێکی ئەو نیشتمانە داوە، کە ئەمەش زامنی پاراستنی دەسکەوتەکانی گەل و ئەزموونی ئازادی و دیموکراسییە لە کوردستاندا. لە هەمان کاتدا دیسپلین و پرنسیپە گشتییەکانی یاسا و عەدالەت و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پەیڕەو کراوە.

هەماهەنگیی تەواو لە نێوان سەرجەم دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ، لە یەکە ئیدارییەکان و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی هاتوچۆ و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکە بەرقەراربووە. هاوکاری و پشتگیری بەردەوامی جەماوەری کوردستانیش، کە خۆیان خاوەنی کێشەکەن و لە پێناوی هێنانەدیی ئەو ئەزموونەدا ئەزیەت و ئازاری زۆریان بینیوە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پێشکەشکردنی ئاسانکاری لە کاتی پێویستدا و هێنانەکایەی ئەو هێمنی و ئاسایشەی کە ئەمڕۆ باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە. هەر بۆیەش ساڵ بەساڵ ڕێژەی تاوانی کوشتن و دزی و ڕفاندن لە دابەزیندایە و زیاتر لە ٩٥٪ی ڕووداوەکان ئاشکرا کراون.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرنگترین کار و چالاکییەکانە لەم بوارەدا:

١- بەمەبەستی تاوتوێکردن و بەدواداچوونی هۆیەکانی تاوان و دەستنیشان کردنی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە دەبنە مایەی سەرهەڵدانی تاوان و دیراسەتکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دەروونیی تاوانباران، هەروەها لە پێناوی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ڕیشەکێشکردنی زەمینە و هەلومەرجی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە، وەزارەتی ناوخۆ بەهەماهەنگی لەگەڵ چەند مامۆستایەکی دڵسۆزی زانکۆی سەلاحەدین لە کۆلیژەکانی (یاسا و ڕامیاری، ماف، ئاداب، پەروەردە) توانی بۆ یەکەمین جار سەنتەری توێژینەوەی تاوان و کۆمەڵایەتی دابمەزرێنێ. تا ئێستا ئەم

سەنتەرە چەندین چالاکیی ئەنجام داوە، هەروەک: بەستنی سیمینارێک سەبارەت بە(دیاردەی خۆسووتاندنی ئافرەتان)، کردنەوەی خولی فێربوونی ئاماری تاوانی، ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو نەوجەوانانەی دووچاری تاوان دەبن و دەستنیشانکردنی توانای دەزگاکانی چاکسازیی هەرێم بۆ ڕاستکردنەوە و ئاراستەکردنی ئەو مێردمندالانە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە تاوان و تاوانکاری دوور بکەونەوە.

٢- یەکەمین خولی سەنتەری پەرەپێدانی کارگێڕی بەبەشداریی (٢٠) بەڕێوەبەری ناحیە کە زۆربەیان سەر بەپارێزگای دهۆک بوون لە ٢٠٠١/١١/١٧ دەستی پێ کرد و تا ڕۆژی ٢٠٠٢/٣/١٩ بەردەوام بوو. خولی دووەمیش لە ٢٠٠٢/٩/١١ بەبەشداریی (٢٧) بەڕێوەبەری ناحیەکانی سنووری پارێزگای هەولێر کرایەوە و، تا ئێستاش بەردەوامە. سەنتەری پەرەپێدانی کارگێڕی یەکێکە لە دەزگا گرنگەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و کارگێڕیی بەرپرسانی یەکە کارگێڕییەکان و فەرمانبەرانی حکوومەت.

لە خولەکاندا بابەتەکانی کارگێڕی و یاسا و ڕۆشنبیریی گشتی و نەتەوەیی پێشکەش بەبەشداربووان دەکرێت، هەروەها لە هەر هەفتەیەکدا سیمینارێکی تایبەت دەربارەی ڕووداوەکانی ڕۆژ ساز دەکرێت. وانەکانی ئەم سەنتەرە لەلایەن وەزیرە بەڕێزەکان و شارەزایانی بواری کارگێڕی و مامۆستایانی پسپۆڕی زانکۆ دەگوترێتەوە و، لە بەرنامەدایە کارەکانی سەنتەرەکە بەشێوەیەک فراوان بکرێت کە سەرجەم بەرپرسانی یەکە کارگێڕییەکان و فەرمانبەران بگرێتەوە. هەر خولێکی سەنتەری پەرەپێدانی کارگێڕی (١٥) هەفتە دەخایەنێت.

٣- بۆ پێشخستنی ئاستی زانیاریی کارمەندانی دەزگاکانی کارگێڕی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و لە پێناوی ڕاهێنانیان لەسەر بواری یاسا و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ڕەچاوکردنی ئازادیی کار و مافە دیموکراتییەکان، چەندین خولی بەردەوام بەهاوکاری مامۆستایانی زانکۆ ئەنجام دراوە.

٤- کارمەندانی دەزگا کارگێڕییەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەشداری چەندین خولی ژمێریاری و کارگێڕی و پلاندانان و ئامار و مەشق و ڕاهێنانیان کردووە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە ئاستی شارەزایی و هۆشیاریان بەرز ببێتەوە و بەشێوەیەکی چالاکتر ئیشوکارەکان ئەنجام بدەن.

٥- بەمـەبەسـتی ڕێکخسـتنی زیاتری ئیـشـوکـارە ئیـدارییـەکـان و پێـشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر بەهاوولاتیان بڕیاردرا ناحیەی بنەسلاوە بکرێت بەقەزای دەشتی هەولێر و، هەردوو کۆمەڵگەی کەسنەزان و دارەتووش کران بەناحیە و بەقەزای دەشتی هەولێرەوە گرێ دران. هەروەها ناحیەی قوشتەپە و ئاڵتون کۆپری بۆ هەمان قەزا ئیزافە کران و بارەگا و کـادیری ئیـداری هەروەک قـائمقـام و بەڕێوەبەری ناحیـە و کارمـەندی پێویستیان بۆ دابین کرا.

٦- پڕکـردنەوەی بۆشـایی پلە کـارگـێـڕییـەکـان هەروەک قـائمـقـامی قـەزاکـانی چۆمـان و شەقلاوە، ناحیەکانی مەزنێ و پیران لە قەزای مێرگەسوور، ناحیەی شۆڕش لە قەزای کـۆیە، ناحـیـەی کـەسنەزان و دارەتوو لـە قـەزای دەشـتی هەولـێـر، ناحـیـەی قـەراج و کەندێناوە لە قەزای مەخمور، ناحیەی بەحرکە لە قەزای ناوەندی هەولێر، ناحیەی هیران لە قەزای شەقلاوە، ناحیەی سمیلان لە قەزای چۆمان و ناحیەی جەمانکێ لە قەزای ئامێدی.

٧- کـردنەوەی فـەرمـانگەی ڕێنمـایـیی مـەعنەوی بۆ وشـیـارکـردنەوەی دەزگـاکـانی سـەر بەوەزارەتی ناوخۆ لە ڕووی ئەنجامدانی ئەرکەکـان و بەدواداچوونی ئیـشـوکـارەکـانیـان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک. ئەرکێکی دیکەی فەرمانگەکە سازدانی چالاکیی هەمەجۆری ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشییە بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پەرەپێدانی وشیاری نەتەوایەتییە لە نێوانیاندا. ئەم فەرمانگەیە ڕۆژی ١٢/١٠/٢٠٠٢ ئیشوکاری خۆی دەست پێ کردووە.

٨- لە ڕوانگەی باوەڕی تەواو بەدیموکـراسی و لە بواری جـێـبـەجـێکردنی بەشـێـوەیەکی پراکتیکی، لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا مۆڵەتی یاسایی کارکردن بە(١) حزبی سیاسی و (٨) کۆمەڵە و (٩) ڕێکخراو و (٦) سەنتەر و ناوەندی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و (٣) یەکێتی و (١) یانەی وەرزشی دراوە. ئەمەش بەڵگەی پابەندبوونە بەبنەماکانی سیستەمی دیموکراسی و هەنگاوێکە بەرەو بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگەی کوردستان. هەر لە مـاوەی ئەمـسـاڵەدا ڕەزامـەندی لەسـەر کـردنەوەی (٨٦) نووسـینگەی تەلەفـۆن و فاکسی جیهانی و (٣٢) قاوەخانەی ئینتەرنێت لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دراوە.

٩- بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاچاغچییەکان و ڕێگەگرتن لە هێنان و بردنە دەرەوەی کەلوپەل بەشێوەیەکی نایاسایی، لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا پۆلیسی سنوور و گومرگ (١٤٢٨)

سەرپێچیی دەستگیر کردووە کە بەگشتی بە( ١,٣٣٨,٥٦٠ ) دینار سزا دراون.

١٠- بۆ زیاتر ڕێکخستنی هاتوچۆ لە شار و شارۆچکەکاندا بەڕێوەبەرایەتی و بنکە و کەرتی نوێی پۆلیسی هاتوچۆ دامەزراوە و پێشکەوتنی باش بەدی هاتووە. بێگومان هاوکاری هاوولاتیانی کوردستان و پابەندبوونیان بەڕێنوێنییەکانی هاتوچۆ جگە لەوەی کە ڕووی شارستانی کۆمەڵگاکەمان دەردەخات، لەهەمان کاتیشدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ کەم کردنەوەی ڕووداوەکانی ئۆتۆمۆبێل و پاراستنی گیان وماڵی هاوولاتیان. لە ساڵی ٢٠٠٢دا زیاتر لە (٢١) ملیۆن دینار لە ڕێگای مۆڵەتدان و کۆکردنەوەی ڕەسمی جۆراوجۆرەوە بەدەست هاتووە. بەهاوکاریی نێوان وەزارەتی ناوخۆ و سەرجەم دامودەزگا حکومییەکان هەوڵ دراوە ڕێککاری زیاتر لە بواری هاتوچۆدا بکرێت، چونکە وەکو دیارە ژمارەی هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمۆبێل لە زیادبووندایە و ئەو زیادەیەش لە توانای شەقامەکان زۆرترە، بۆیە وەزارەت هەوڵی داوە ژمارەی پۆلیسی هاتوچۆ و بنکەکانی زیاتر بکات تا لە ئاستی ئەم ئەرکەدا بێت. هەر لەماوەی ئەم ساڵەدا (٦١٣٥) ئۆتۆمۆبێل لە پارێزگای هەولێر و (٤١٠١) ئۆتۆمۆبێل لە پارێزگای دهۆک بۆ یەکەم جار ژمارەیان پێ دراوە. هەروەها (٨٢٢) ئۆتۆمبێلی کۆن و پەککەوتە هەڵوەشێندراونەتەوە.

١١- لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا پسوولەی زانیاری بۆ زیاتر لە (٢) هەزار لەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە سالانەیان نییە و هاتوونەتە ناو هەرێم ڕێک خراوە. (١٤٣) تابلۆی میری بۆ ئۆتۆمۆبێلی دامودەزگاکانی حکوومەت تەرخان کراوە و (٤١) مۆڵەتی نێودەوڵەتی بەهاوولاتیان دراوە. هەر لە ماوەی ئەم ساڵەدا ئەو شۆفێرانەی کە سەرپێچییان لە یاساکانی هاتوچۆ کردووە تۆمار کراون و بەپێی یاسا سزادراون. سەرپێچییەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

- ٤٤٥٠٢ سەرپێچی لە سنووری پارێزگای هەولێر.
- ٢٢٨٢٢ سەرپێچی لە سنووری پارێزگای دهۆک.

١٢- وەزارەتی ناوخۆ بەردەوامە لەسەر تەملیک کردنی خانوو و شوقە حکومییەکان بەنرخێکی داشکاو بەسەر هاوولاتیاندا. لەم ڕووەوە (٣٨) خانوو و (١٦) شوقە بەبڕی پارەی (٢,٩١٢,٦٤٨) دینار لە پارێزگای هەولێر و، (٧٦) خانوو بە( ٣,١٨٧,٧٥٠ ) دینار لە پارێزگای دهۆک لەسەر هاوولاتیان تەملیک کراون.

١٣- هەوڵ دراوە سەرجەم پێداویستییەکانی کارکردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دابین

بکرێت بۆ ئەوەی بەچاکترین شێوە ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن. هەموو ئەو پێداویستییانەش لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم دابین کراون:
أ- دابینکردنی (٤٠) ئۆتۆمۆبێلی نوێ بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.
ب- دابینکردنی (١٧) مۆتۆرسیکل بۆ پۆلیسی هاتوچۆ.
ج- دابینکردنی (٧) ڕاداری ئاشکراکردنی خێرایی ئۆتۆمۆبێل.
د- دابینکردنی دەیان ئامێری کۆمپیوتەر بۆ دەزگاکانی وەزارەت و کۆلێژی پۆلیس.
هـ- دابینکردنی (١٧٦) فەرارەی (گەورە و بچووک)ی سەر ئۆتۆمۆبێلەکانی پۆلیسی هاتوچۆ، لەگەڵ (٥٢) ئامێری بێتەل.
١٤- بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکان و پەردە دامالّین لە ڕووی تاوانباران، ساڵی ٢٠٠٢ (بەڕێوەبەرایەتیی بەڵگەی تاوان) کرایەوە. ئەرکی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بریتییە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ورد لە تاوانەکان و بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتوو بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی پێویست و ئاشکراکردنی تاوانباران.
١٥- پەلەکردن لە بەجێهێنانی پەڕاوی لێکۆڵینەوەکان لە بنکەکانی پۆلیس و ئاسایش لەکاتی دیاریکراوی یاساییی خۆیدا، بۆ ئەوەی کێشەکان لەکاتی خۆیاندا کۆتاییان پێ بهێنرێت و ڕەوانەی دادگا بکرێن تا بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و بڕیاریان لەسەر بدرێت.
١٦- وەزارەتی ناوخۆ بەچاودێری ڕاستەوخۆی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بایەخێکی زۆری بەکۆلێژی پۆلیس داوە، کە دامەزراوێکی ئەکادیمیی سەربازیی پێشکەوتووە لە هەرێمی کوردستاندا و تا ئێستا دەیان ئەفسەری لێهاتووی پۆلیسی پێشکەش بەڕیزەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ کردووە. ئەم هەنگاوانەی کە لەساڵی ٢٠٠٢دا نراون بریتین لە:
أ- بۆ یەکەمین جار لە کوردستان و ناوچەکە خولێکی تایبەت بەئەفسەرانی ئافرەت کرایەوە کە ٦ ئافرەتی دەرچووی کۆلێژەکانی زانکۆکانی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد و ئێستا لە ڕیزەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ بەپلەی ملازمی دوو خزمەت دەکەن.
ب- خولی ژمارە (٣) بۆ دەرچووانی کۆلێژەکان کرایەوە. خولەکە (٧) مانگی خایاند و (٤٠) قوتابی بەشداریان تیادا کرد کە لە مانگی ٢٠٠٢/٧دا ئاهەنگی دەرچوونیان بۆ سازدرا.

ج- له سەرەتای ساڵدا خوولی ٥ی کۆلیجی پۆلیس بەبەشداری (١٠٠) قوتابی دەستی پێ کرد کە تا ئێستاش بەردەوامە.

د- له ٢٠٠٢/٩/١١دا خولێکی تایبەت بەئەفسەرانی ئاسایش کرایەوە کە بۆ ماوەی (٧) مانگ بەردەوام دەبێت.

ه- بەر لە کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠٠٢ لە بەرنامەدایە خولێکی تری تایبەت بەئافرەتان و دەرچووی کۆلیژەکان بکرێتەوە.

و- لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پرۆژانەی خوارەوە لە کۆلیژی پۆلیس جێبەجێ کراون:

- دروستکردنی (٢) هۆڵی نووستن و گەرماو بۆ قوتابیان کە (٥١٠,٤٢٠) دیناری تێ چووە.

- دروستکردنی کۆگە و هۆڵەکانی خوێندن بە(٦٠٩,٢١٠) دینار.

- دروستکردنی گۆڕەپانی مەشق و یاری کە (٦١,٥٦٨) دیناری لێ خەرج کراوە.

١٧- بۆ گرنگی دانی زیاتر بەپاراستنی ئەمن و ئاسایشی هاوولاتیان، لە ساڵی ٢٠٠٢دا چەندین بنکەی تازەی ئاسایش و پۆلیس کراونەتەوە، هەروەک:

* بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ناوشاری سۆران.

* بنکەی پۆلیسی گومرگی هەولێر.

* بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی دەشتی هەولێر - بنەسلاوە.

* گۆڕینی مەخفەرەکانی (دارەتوو، کەسنەزان، بەحرکە) بۆ بنکەی پۆلیس.

* کردنەوەی هۆبەی ڕووداوەکانی کوشتن لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکانی کوشتن.

١٨- ڕووداوەکانی تاوان بەهەموو جۆرەکانیەوە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش تاوانە ترسناکەکان لە چەشنی کوشتنی بەئەنقەست و دزیی گەورە بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە. هەروەک لە خشتەی هاوپێچدا ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی تاوانی تۆمارکراو لە ١/١/٢٠٠٢ تاکو ٢٠٠٢/١١/١٠

| ز | جۆری تاوان | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|
| | | تۆمارکراو | ئاشکرا کراو | ئاشکرا نەکراو |
| ١ | کوشتنی بەئەنقەست | ١٠٢ | ٨٦ | ١٦ |
| ٢ | هەوڵدان بۆ کوشتن | ١٣٤ | ١٢٧ | ٧ |
| ٣ | کوشتنی بەهەڵە | ٧ | ٧ | – |
| ٤ | کوشتنی ئافرەتان لەسەر نامووس | ١٢ | ٨ | ٤ |
| ٥ | هەوڵدان بۆ کوشتنی ئافرەتان لەسەر نامووس | ٨ | ٧ | ١ |
| ٦ | لێدانی ئافرەت | ٢٥٢ | ٢٥١ | ١ |
| ٧ | ڕووداوی ئۆتۆمبیلی کوشندە | ١٢٧ | ١٢٥ | ٢ |
| ٨ | ڕووداوی ئۆتۆمبیلی نا کوشندە | ٨٦٢ | ٧٨٩ | ٧٣ |
| ٩ | لێدانی بەئەنقەست | ٢٠٠٧ | ١٩٤٠ | ٦٧ |
| ١٠ | هەڵگرتن | ٥٥ | ٥٥ | – |
| ١١ | دزی گەورە | ٢٩٣ | ٢٠٩ | ٨٤ |
| ١٢ | دزی گچکە | ٤٧٩ | ٣٩٥ | ٨٤ |
| ١٣ | هەوڵدان بۆ دزی | ٢٦ | ٢٥ | ١ |
| ١٤ | دزینی ئۆتۆمبیل | ٣٦ | ٢١ | ١٥ |
| ١٥ | پارە وەرگرتن | ١ | ١ | – |
| ١٦ | دزین لە پارەی گشتی | – | – | – |
| ١٧ | سووتانی کوشندەی ئافرەت | ٤٧ | ٤٧ | – |
| ١٨ | سووتانی نا کوشندەی ئافرەت | ١٣٢ | ١٣٢ | – |
| ١٩ | هەندێ لە پۆلێندراوی تر | ٥١١٣ | ٤٨٥١ | ٢٦٢ |
| ٢٠ | کۆی گشتی | ٩٧٣٤ | ٩١١٧ | ٦١٧ |



ئاهەنگی دەرچوونی خولی یەکەمی
سەنتەری پەرەپێدانی کارگێڕی



ڕێوڕەسمی کردنەوەی ناحیەی هیران
لەلایەن بەڕێز وەزیری ناوخۆ



ڕێوڕەسمی دەرچوونی خولی سێیەمی کۆلیجی پۆلیس



دەرچووانی خولی سێیەمی کۆلیجی پۆلیس



خۆنواندنی دەرچووانی کۆلیجی پۆلیس



ژووری وانەوتنەوە لە کۆلیجی پۆلیس



کردنەوەی کۆمەڵگەی کارگێڕیی سیدەکان



ڕێوڕەسمی کردنەوەی ناحیەی بەحرکە

# داد و سەروەریی یاسا

# داد و سەروەریی یاسا

سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و پتەوکردن و پاراستنی لە هەر دەست تێوەردان و کاریگەرییەکی دەرەکی، یەکێکە لە پرنسیپە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری نیشانە و هێمای بەرقەراربوونی دروشمی سەرەکیی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، کە لە پاراستنی سەروەری یاسادا بەرجەستە دەبێ.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢دا، بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵی پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی لە هەر دەست تێوەردانێکی نایاسایی و لابەلا داوەو، بۆ بەهێزکردنی متمانەی هاووڵاتییان بەدادگاکان و پابەندبوونیان بەیاساو ڕێساکان کاری کردووە.

هەوڵ دراوە خزمەتگوزاریی دادوەری بگەیەنرێتە سەرجەم شارۆچکەکانی هەرێم و شوێنە دوورەکان، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بۆ چارەسەرکردنی عادیلانەی کێشە و گرفتەکانیان ڕوو لە دادگە و دەزگا دادییەکان بکەن.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرنگترین کارو چالاکییەکانی ساڵی ٢٠٠٢ی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە بواری داد و پاراستنی سەروەری یاسادا:

**یەکەم- کردنەوەی دادگە و فەرمانگە و بەشی نوێ:**

بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن سوود لە دەسەڵاتی دادگە و فەرمانگە دادییەکان وەربگرن و، کێشە و گرفتەکانیان لە دادگاکاندا یەکلا بکەنەوە، لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا چەندین دادگە و بەڕێوەبەرایەتی و تێبینەرایەتیی نوێ بۆ خزمەتی هاووڵاتیانی کوردستان کراونەتەوە، کە ئەمانەن:

١- کردنەوەی دادگەی دووەمی تاوانە گەورەکان لە هەولێر.

٢- کردنەوەی دادگەی دووەمی لێکۆڵینەوە لە هەولێر.

٣- کردنەوەی دادگەی بەراییی چۆمان کە لە ساڵی ٢٠٠١دا بڕیاری کردنەوەی دەرکرابوو. بۆ ئەم مەبەستەش نزیکەی (٥١) هەزار دینار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی باڵەخانەی ئەم دادگایە خەرج کراوە.

٤- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی دووەمی تۆمارگەی خانووبەرەی هەولێر، کە ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە و (٢٦٣,٣٥٥) دیناری بۆ تەرخان کراوە.

٥- کردنەوەی تێبینەرایەتیی تۆمارگەی خانووبەرەی بنەسڵاوە لە قەزای دەشتی هەولێر.
٦- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی ژمێریاری لە سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی.
٧- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی وردبینی لە دیوانی وەزارەتی داد.
٨- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی وردبینی لە سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی.

**دووەم- دامەزراندنی دادوەر:**

بۆ بەڕێوەچوونی باشتری کاروباری دادگەکان و بەهێزکردنیان بەدادوەری تازە و پڕ کردنەوەی هەر کەلێنێک لەم بوارەدا، لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا (٩) دادوەر و (٤) جێگری داواکاری گشتی دامەزراون.

هەوڵ دراوە ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکی لەنێوان دادوەراندا ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە ئاستی کار و چالاکیی دادگاکان، بەتایبەتیش لە ڕووی ژمارەی داوا بینراوەکاندا، پەرەی پێ بدرێت.

**سێیەم- بەهێزکردنی دەزگاکانی دادوەری:**

دەزگای داواکاری گشتی و سەرپەرشتیاری دادی، کە پاڵپشت و تەواوکەری دادگاکانن، بایەخێکی تایبەتیان پێ دراوە و پێداویستییەکانیان دەستەبەر کراوە. گۆڕانکاریی پێویست لە سەرۆکایەتیی دەستەی دارشتنی یاساییدا ئەنجام دراوە، بۆ ئەوەی ڕۆڵی گرنگی خۆی لە بواری پێداچوونەوەو دارشتنەوەی یاسا و بڕیارەکاندا بگێڕێت و، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک پرۆژەی یاساکان ئامادە بکات بەرلەوەی لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاریان لەسەر بدرێت. مەبەست لەم کارەش ئەوەیە کە یاسا و بڕیارەکان لە شێواز و قاڵبی یاسایی گونجاو دابڕێژرێن و لە هەر کەموکوڕی و ناتەواوییەک بەدوور بن و، لە کاتی پیادەکردندا گرفت و هەڵەیان تێ نەکەوێت.

لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا، (١٤) یاسا و (١٢) بڕیار و (١) سیستەم و (١٠) بیرورا لەلایەن ئەم دەستەیەوە دارێژراون. لەلایەکی دیکەوە لە دادگە و فەرمانگە دادییەکاندا سوود لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت وەرگیراوە، بەتایبەتیش لە فەرمانگەی تۆمارگەی خانووبەرە، کە بەرنامەیەکی فراوانی بۆ خەزنکردنی دۆسیە و تۆمارەکان لەناو کۆمپیوتەردا جێبەجێ کردووە.

**چوارەم- بایەخدان بەزیندانیان:**

لە ڕێگەی دەزگای داواکاری گشتییەوە سەردانی گرتووخانە و بەندیخانە و چاکسازیی نەوجەوانان کراوە و، لە حاڵ و وەزعی گیراو و بەندکراوان کۆڵراوەتەوە و گیروگرفتەکانیان چارەسەر کراوە. جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ زیندانییاندا بکرێت و تەواوی مافەکانیان دەستەبەر بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی داد بەشێوەیەکی بەردەوام هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ و مافی مرۆڤ و یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی دەکات.

**پێنجەم- بیناسازی:**

١- پرۆژەی تەلاری وەزارەتی داد کە نزیکەی ( ٢٠ ) ملیۆن دیناری لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تەرخان کراوە، ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایە. پرۆژەکە، لە ڕووی نەخشەکێشان و کەرەسەی بەکارهێنراوەوە، بەشێوازێکی تازە لە چوارڕیانی (فرانسوا میتران) لە شاری هەولێر ئەنجام دەدرێت و، بەتەواوبوونی شوێنێکی شایستە بۆ ڕاپەڕاندنی کار و چالاکییەکانی وەزارەتی داد دەستەبەر دەکات و، سیمایەکی جوان بەشوێنەکە دەبەخشێ. پرۆژەکە لەسەر ڕووبەری ( ٢٤٠٠٠ )م٢ دروست کراوە و، لە (١٠٨) ژوور و چەند هۆڵێک پێک هاتووە و، تا ئێستا ٩١ ٪ی ئیشوکارەکانی تەواو کراون.

لە بەرنامەدایە دوای تەواوبوونی تەلاری وەزارەتی داد، ئەم دامودەزگایانە بگوازرێنەوە بۆ ناو تەلارەکە:

* دیوانی وەزارەتی داد.
* سەرۆکایەتیی دادگەی پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان.
* سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی.
* سەرۆکایەتیی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی.
* سەرۆکایەتیی دەستەی داڕشتنی یاسایی.
* بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تۆمارگەی خانووبەرە.

٢- دروستکردنی تەلاری دادگەی بەرایی چۆمان کە ( ٥١ ) هەزار دیناری لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تەرخان کراوە.

٣- دروستكردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتیی دووەمی تۆمارگەی خانووبەرەی هەولێر کە لە قۆناغی جێبەجێکردندایە و، (٢٦٣,٣٥٥) دیناری بۆ تەرخان کراوە.

٤- تەلار و خانووبەرەکانی دادگە و فەرمانگە دادییەکان نۆژەن کراونەتەوە و کەلوپەلی پێویستیان بۆ تەرخان کراوە.

٥- لە بەرنامەدایە لە گشت قەزا و ناحیەکاندا دادگە و دەزگای دادی بکرێنەوە و، باڵەخانەی گونجاو بۆ دادگەکان و خانووی شیاو بۆ نیشتەجێبوونی دادوەران دروست بکرێن.

**شەشەم- کڕینی ئامێر و کەلوپەلی پێویست:**

١- کڕینی ئامێری فۆتۆکۆپی بۆ دیوانی وەزارەتی داد (١٠١٥ دۆلار).

٢- کڕینی ئامێری کۆمپیوتەر بۆ دیوانی وەزارەتی داد (١٠٨٠ دۆلار).

٣- کڕینی ئامێری تەلەفۆن بۆ دادنووسی هەولێر (٢١٥ دۆلار).

٤- کڕینی کورسی و دۆڵاب و کەلوپەلی دیکە بۆ دادگاکانی سمێل و زاخۆ و سەرسەنگ و ئاکرێ و ئامێدی (٢٦,٢٥٠ دینار).

٥- ڕاکێشانی هێڵی تەلەفۆن بۆ سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی (٥٠١٥ دینار).

**حەوتەم- ڕاگەیاندن:**

١- دەرکردنی (١٣) ژمارە لە بڵاوکراوەی (وقایعی کوردستان)، کە نزیکەی (٤٢) هەزار دیناری لێ سەرف کراوە. ئەم بڵاوکراوەیە، بڵاوکراوەی ڕەسمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و، تایبەتە بەبڵاوکردنەوەی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان و سیستەم و ڕێنمایی و بەیاننامەکان. بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٩ی پەرلەمانی کوردستان، ئەرکی چاپ و دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە کەوتۆتە ئەستۆی وەزارەتی داد.

٢- چاپکردنی نامیلکەی (قانون الرسوم العدلية).

٣- لیژنەی بەکوردی کردنی زمان و نووسین لە دادگە و فەرمانگە دادییەکاندا درێژەی بەکارەکانی داوە و، تائێستا سەرجەم کلێشەکانی دادگە و فەرمانگە دادییەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لیژنەکە بەردەوامە لەسەر وەرگێڕانی سەرجەم زاراوە یاساییەکان بۆ سەر زمانی کوردی.

٤- بەسوود وەرگرتن لە تۆڕی ئینتەرنێت، شوێنێکی تایبەتی بۆ وەزارەتی داد کراوەتەوە، کە گشت ژمارەکانی بلاوکراوەی (وقایعی کوردستان) لە ڕێگەی ئەم سایتەوە بلاودەکرێنەوە.

٥- بلاوکراوەیەک بەناوی (من الأنترنیت) ئامادە دەکرێت، کە تیایدا بابەتی یاسایی و مافی مرۆڤ و چەندین یاسای نێودەوڵەتی لە ئینتەرنێت وەردەگیرێت و بەسەر دەزگا دادییەکاندا بلاودەکرێتەوە.

٦- لە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٣/٣١دا، وەزارەتی داد پێشانگایەکی تایبەتی بەناوی (مەرگەساتەکانی ئادار و مافەکانی مرۆڤ) لەگەلەریی کوردستان لە هۆڵی میدیا کردەوە، کە سێ ڕۆژی خایاند و (١٠٠) تابلۆی جۆراوجۆری دەربارەی جینۆساید و کۆچی بەکۆمەڵ لە خۆوەگرت.

**هەشتەم- بڕیاری ٩٨٦:**

تا ئێستا گشت پرۆژە و چالاکییەکانی بواری داد لە سەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون. بەڵام لە فێزی ١٣ی بەرنامەی ٩٨٦دا سێکتەرێکی تازە بەناونیشانی سێکتەری داد ئیزافە کراوە و، بەسوود وەرگرتن لەم دەرفەتە، ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی جۆراوجۆر خراونەتە ناو ئەم فێزەی بەرنامەکەوە، هەروەک:

* نۆژەنکردنەوە و بیناکردنی خانووی گونجاو بۆ دادگە و دامودەزگا دادییەکان.
* دابینکردنی ئامێری تایبەت بەنەخشەسازی زەوی و موڵک بۆ تۆمارگەی خانووبەرە.
* دابینکردنی کۆمپیوتەر و ئۆتۆمۆبێل و زۆر کەلوپەل و پێداویستی دیکە.

**خشتەی ژمارە (١)**
**داهات و خەرجییەکانی دادگا و فەرمانگەکانی وەزارەتی داد لە ساڵی ٢٠٠٢دا**

| ز | ناوی فەرمانگە | خەرجییەکان | داهاتەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی وەزارەت | ١,٣٤٧,٩٥١ | ٤,٩٢٧ |
| ٢ | سەرۆکایەتی دادگەی تەمییز | ١,١٠٤,٢٣٦ | ٤٧,٦٢١ |
| ٣ | سەرۆکایەتی داواکاری گشتی | ٩٠٧,١٣٠ | |
| ٤ | سەرۆکایەتی دادگەی تێ هەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر | ٦,٥٣٠,٤٣٩ | ١,٩٣٧,٨٤٧ |
| ٥ | سەرۆکایەتی دادگەی تاوانی دهۆک | ٢,٣١٣,٧٦٥ | ٨٠٨,٥٤٦ |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانووبەرە | ٧٨٩,٠٦١ | |
| ٧ | بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دهۆک | ٥٣٦,٣٢٦ | ١٨,٨٢٦,٧١٤ |
| ٨ | بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی هەولێر | ١,٢٥٥,٦٠٢ | ٢٤,٠٧٤,٢١١ |
| ٩ | بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامانی هەولێر | ٢٢٤,٥٠٤ | ١٢٠٠ |
| ١٠ | بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامانی دهۆک | ٤١,١٣٧ | |
| | کۆی گشتی | ١٥,٠٥٠,١٥١ | ٤٥,٧٠١,٠٦٦ |

## خشتەی ژمارە (٢)

## مامەڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆمارگەی خانووبەرە لە ماوەی ١/١/٢٠٠٢ تا ٣٠/٩/٢٠٠٢

**یەکەم: مامەڵە ڕەفتارکارییەکان**

| ز | جۆری مامەڵە | هەولێر | شەقلاوە | سۆران | بنەسلاوە | دهۆک | ئاکرێ | ئامێدی | زاخۆ | کۆی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فرۆشتن | ٨,٠٥٩ | ٣١١ | ٥٨ | ١٤٣ | ٣,٤٧٢ | ٤٣٠ | ٢٨ | ٥٤٩ | ١٣,٠٥٠ |
| ٢ | بەمولککردن | ٢,٢٩٣ | ١٦٧ | ١٥ | ٢ | ٨٠٧ | ٥٦ | ٧٠ | ١٣٤ | ٣,٥٤٤ |
| ٣ | ڕەگەز ڕاستکردنەوە | ١,٢٤٥ | ٣٥ | ١ | ٩٥ | ٤٤٣ | ٣ | ٢ | ٣٤ | ١,٨٥٨ |
| ٤ | سەرلەنوێ | ٤ | | | ٣ | | | ٥ | ٣ | ١٥ |
| ٥ | دابڕکردن | ٢,٠٨١ | ٦٦ | ٢ | | ٦٢٩ | ٤٤ | ١٧ | ٣٢ | ٢,٨٧١ |
| ٦ | گەڕاندنەوەی سامانی دەست بەسەرگیراو | | | | | ١٥ | | | | ١٥ |
| ٧ | میرات | ٤٩٨ | ٥١ | ٩٤ | ٢ | ٢٦٧ | ٢٥ | ٥٤ | ٢٤ | ١,٠١٥ |
| ٨ | کاری دیکە | ٢,٧١٤ | ٦٢ | ١٤٠ | ١٢ | | ٣٠ | ٥٤ | ١١٦ | ٣,١٢٨ |
| ٩ | هەڵوەشاندنەوەی قەرزکاری | ١٨ | | | | ١ | ١ | | | ٢٠ |
| | کۆی گشتی | ١٦,٩١٢ | ٦٩٢ | ٣١٠ | ٢٥٧ | ٥٦٣٤ | ٥٨٩ | ٢٣٠ | ٨٩٢ | ٢٥,٥١٦ |

**دووەم: کارە پەرتوازەکان**

| ز | جۆری مامەڵە | هەولێر | شەقلاوە | سۆران | بنەسلاوە | دهۆک | ئاکرێ | ئامێدی | زاخۆ | کۆی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مامەڵەی پێشینەدانی تایبەت بەبنکەکان | | | | | | | | ٥ | ٥ |
| ٢ | پشتگیرییەکان | ٤,٤٣٤ | ٥٨ | ٩ | ٤ | ٢٧٨ | ١١٨ | | ١٨ | ٤,٩١٩ |
| ٣ | وێنەی تۆمار | ٢٠,٩٤٢ | ٥١٨ | ٢٦ | ١٧٣ | ٧,١٩٩ | ٦٤٨ | ٥٥ | ١,٢٤٥ | ٣٠,٨٠٦ |
| ٤ | مامەڵەی ڕۆژانە | ٩,٧٩٤ | ٢٤٦ | ٦١ | | ٥٠٨١ | ٣٥٤ | ٨٦ | ٣٥٥ | ١٥,٩٧٧ |
| ٥ | گلدانەوە | ٥٣١ | ١١ | | ١٣ | ١٦٩ | | ١ | ٢٧ | ٧٥٢ |
| ٦ | دۆسیە دەرهاتووەکان | ٢٧,٥٠١ | ٥٢٧ | ٥٥ | ٢٤٣ | | | | ٤,٨٠٠ | ٣٣,١٢٦ |
| ٧ | مامەڵەی لیژنەکانی نۆرین | ٦,٥٩٥ | | | ٥٥٢ | | | | | ٧,١٤٧ |
| | کۆی گشتی | ٦٩,٧٩٧ | ١,٣٦٠ | ١٥١ | ٩٨٥ | ١٢,٧٢٧ | ١,١٢٠ | ١٤٢ | ٦,٤٥٠ | ٩٢,٧٣٢ |

**سێیەم: کارە هونەرییەکان**

| ز | جۆری مامەڵە | هەولێر | شەقڵاوە | سۆران | بنەسڵاوە | دهۆک | ئاکرێ | ئامێدی | زاخۆ | کۆی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نۆرین و سنوور چەسپاندن | ٢,٠٢٦ | ٤٦٠ | ٥٢ | | ٤٧٣ | ١٢٩ | ٣ | ٢١٢ | ٣,٣٥٥ |
| ٢ | نەخشەی پێوان | ٩٧ | ٣٢ | ١ | | ٨٥ | | ١ | ١٨ | ٢٣٤ |
| ٣ | نەخشەی کێشراوەکان | ٧٢٩ | ٢٨ | ٣ | | ٣٠٣ | ٨١ | ٧ | ٩٧ | ١,٢٤٨ |
| ٤ | نەخشەی دابڕکردن | ١٠٢ | ٣ | ٣ | | ١٤٧ | ٨٦ | | ٣٧ | ٣٧٨ |
| ٥ | یەکخستن | | ٧ | | ٢٨ | ١٩٢ | | | | ٢٢٧ |
| | کۆی گشتی | ٢,٩٥٤ | ٥٣٠ | ٥٩ | ٢٨ | ١,٢٠٠ | ٢٩٦ | ١١ | ٣٦٤ | ٥,٤٤٢ |

**خشتەی ژمارە (٣)**
**کارەکانی سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی کوردستان بەگوێرەی دەستەکان**
**لە ماوەی ١/١/٢٠٠٢ تا ٣١/١٢/٢٠٠٢**

| ز | ناوی دەستە | داوای مایەوەلە ساڵی ڕابردوو | ئەو داوایانەی ئەم ساڵ وەرگیراون | کۆی | داوای یەکلاکراوە | ئەو داوایانەی ڕەوانەی دەستەکانی دیکە کراون | کۆی داوای مایەوە بۆ ساڵی داهاتوو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەستەی شارستانی | | ٤٠٠ | ٤٠٠ | ٤٠٠ | | | |
| ٢ | دەستەی سزایی | | ٤٠٥ | ٤٠٥ | ٤٠٥ | | | |
| ٣ | دەستەی گشتیی سزایی | | ٢٣ | ٢٣ | ٢٣ | | | |
| ٤ | دەستەی باری کەسایەتی | | ٢١٦ | ٢١٦ | ٢١٦ | | | |
| ٥ | دەستەی پەرتەوازە | | ٥ | ٥ | ٥ | | | |
| ٦ | دەستەی شارستانیی فراوان | | ٨ | ٨ | ٨ | | | |
| ٧ | دەستەی کشتوکاڵی | | ١٣ | ١٣ | ١٣ | | | |
| ٨ | دەستەی کێشەی کار | | | | | | | |
| ٩ | دەستەی گومرگ | | | | | | | |
| ١٠ | دەستەی گشتی شارستانی | | ١٣ | ١٣ | ١٣ | | | |
| | کۆشتی گشتی | | ١,٠٨٣ | ١,٠٨٣ | ١,٠٨٣ | | | |

## خشتەی ژمارە (٤)

### خشتەی بڕیاری دەرچوو لە سەرۆکایەتی دادگەی پێداچوونەوە/تەمییز - لە ماوەی ٢٠٠٢/١/١ تا ٢٠٠٢/١٢/٣١

| جۆری مامەڵە | پەسندكردن | هەڵوەشاندنەوە | گەڕاندنەوە | هەمواركردن | پەسندكردنی داخوازی ڕاستكردنەوە | ڕەتكردنەوەی داخوازی ڕاستكردنەوە | گواستنەوەی داوا و دیاریكردنی تایبەتمەندی | ڕەوانەكردن بۆ دادگەی دی | ڕەتكردنەوەی داوا | یەكلاكردنەوە | دواخستنی داوا بینین | سەرجەم | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەستەی شارستانی | ٢١١ | ١٠٩ | | | | ٤٢ | ٩ | ٢٢ | ١ | ٥ | ١ | ٤٠٠ | |
| دەستەی سزایی | ٢٩٥ | ٦٨ | | | ٢ | ١٦ | ٢ | ١١ | ١١ | | | ٤٠٥ | |
| دەستەی گشتیی سزایی | ١٧ | ٥ | ١ | | | | | | | | | ٢٣ | |
| دەستەی باری کەسایەتی | ١٠٦ | ٧٩ | | | | | ١ | | ٣٠ | | | ٢١٦ | |
| دەستەی پەرتەوازە | ٤ | ١ | | | | | | | | | | ٥ | |
| دەستەی فراوان | ١ | ١ | | | | | ٢ | ٢ | ٢ | | | ٨ | |
| دەستەی کشتوکاڵیی | ١٠ | | ٣ | | | | | | | | | ١٣ | |
| دەستەی کێشەی کار | | | | | | | | | | | | ٠ | |
| دەستەی گومرگ | | | | | | | | | | | | ٠ | |
| دەستەی گشتی شارستانی | ٤ | ٦ | | | | | | | ٢ | ١ | | ١٣ | |
| کۆشتی گشتی | ٦٤٨ | ٢٦٩ | ٤ | ٠ | ٢ | ٥٨ | ١٤ | ٣٥ | ٤٦ | ٦ | ١ | ١,٠٨٣ | |

## خشتەی ژمارە (٥)
## خشتەی کاری سەرۆکایەتی دەستەی داڕشتنی یاسایی
## لە ماوەی ٢٠٠٢/١/١ تا ٢٠٠٢/١٢/٣١

| کاری هاتوو | | | | کاری ئەنجامدراو | | | | کاری مایەوە بۆ ساڵی داهاتوو | | | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پڕۆژەی یاسا | پڕۆژەی بڕیار | پڕۆژەی پەیڕەو | ڕادەربڕین | پڕۆژەی یاسا | پڕۆژەی بڕیار | پڕۆژەی پەیڕەو | ڕادەربڕین | پڕۆژەی یاسا | پڕۆژەی بڕیار | پڕۆژەی پەیڕەو | ڕادەربڕین | |
| ١٤ | ١٢ | ٢ | ١١ | ١٤ | ١٢ | ١ | ١٠ | | | ١ | ١ | ڕێژەی کاری ئەنجام دراو<br>٣٧ |

## خشتەی ژمارە (٦)
## خشتەی ئاماری سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی
## لە ماوەی ١/١/٢٠٠٢ تا ٣١/١٢/٢٠٠٢

| دادگەی پێداچوونەوە | | دادگەی تاوان | | | دادگەی نەوجەوانان | | | دادگەی کەتن | | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێڕوانین | یەکلاکراوە | ڕەوانەکراو | تانووت لێدراو | یەکلاکراوە | ڕەوانەکراوە | تانووت لێدراو | یەکلاکراوە | ڕەوانەکراو | تانووت لێدراو | یەکلاکراوە | |
| ٢٨٧ | ٢٨٧ | ٧٠٥ | ٤٢٩ | ٣٨٨ | ٦٠٢ | ٥٢ | ٣٠٢ | ١,٨٩٤ | ٤٢ | ١,٦٥١ | کۆی |

| دادگەی کار | دادگەی باری کەسایەتی | | دادگەی باری شارستانی | ئاکامان | سەردانی بنکەکانی پۆلیس | ئەو کێشانەی بەداواکار و جێگری داواکاری گشتی پیشان دراو | تانووت لە بڕیاری لێکۆڵینەوە | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکلاکراو | تانووت لێدراو | یەکلاکراو | یەکلاکراو | یەکلاکراو | | | تانووت لێدراو | یەکلاکراوە | |
| ١٢ | ١ | ٧٥ | | ٣٠٥ | ٤٩٩ | ٥,٤٥٢ | ٥٤٧ | ١,٥٤٠ | کۆی |



بەڕێز وەزیری داد لەگەڵ کۆمەڵەی تالاسیما



بەڕێز وەزیری داد لە کۆڕێکدا لە بنکەی کاوە



دیمەنی پێشەوەی باڵەخانەی وەزارەتی داد



دیمەنی دواوەی باڵەخانەی وەزارەتی داد

# پەروەردە

# پەروەردە

پەروەردە یەکێکە لەو بوارانەی کە پێویستی بەهەوڵ و کۆشش و بەدواداچوونی بەردەوام هەیە. پەروەردە بەردی بناغەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتییە و، هۆکارێکی گرنگی بنیاتنانی کۆمەڵگەی شارستانی و هاوچەرخە.

پەروەردە شارێگای هەنگاونانە بەرەو جیهانی تازە و مسۆگەرکردنی دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ ئەزموونی دیموکراتیی گەلەکەمان.

هەر بۆیە کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێم بەپێی پرۆگرام و بەرنامەیەکی زانستی هەوڵی داوە باری پەروەردە بەئاراستەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خوێندەوار و پێشکەوتوو بەرەوپێش ببات. لە سایەی ئەو بایەخ پێدانەشدا بواری پەروەردە و فێرکردن هەنگاوی مەزنی بەرەو پێشەوە ناوە و، رۆژ بەدوای رۆژ بەرەو چاکتربوون و پێشڤەچوونی زیاتر دەچێ. مایەی شانازییە کە ئەمڕۆ دەستی هەموو منداڵێکی کورد دەگاتە قوتابخانە و دەرفەتی درێژەدان بەخوێندن لە زانکۆ یا پەیمانگەکانی هەرێم بۆ گشت دەرچووانی ئامادەیی رەخساوە.

لە بەرنامەدایە لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە تەکانێکی زیاتر بەم بوارە بدرێت و، زانستی نوێ و تەکنیکی سەردەم ببن بەبناغەی دارشتنی پرۆگرامەکانی خوێندن. لە بەرنامەدایە بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان سیستەمی فێرکردن پەرەی پێ بدرێت و، قوتابخانە هەلومەرجێکی پەروەردەییی هاوچەرخی ئەوتۆ بۆ قوتابیان برەخسێنێ کە نەوەیەکی هۆشیار و تێگەیشتوو بهێنێتە بەرهەم، بۆ ئەوەی رۆڵی شایستەی خۆی لە خزمەتکردنی گەل و پەرەپێدانی وڵاتدا بگێڕێ.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرنگترین کار و چالاکییەکانی بواری پەروەردەیە لە ساڵی ٢٠٠٠دا:

## یەکەم- دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە:

١- کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێم لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ زیادکردنی ژمارەی قوتابخانەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک، بۆ ئەوەی قوتابیان دەرفەتی ئەوەیان هەبێ لەناو پۆلێکی گونجاو و بەپێی سیستەمێکی پەروەردەییی پێشکەوتوو درێژە

بەخوێندن بدەن. هەروەها پلانی نۆژەنکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی کە پێویستیان بەنۆژەنکردنەوە هەیە دارێژراوە و جێبەجێ کراوە. تەنها لە ساڵی ۲۰۰۲دا ئەو قوتابخانانەی خوارەوە دروست یا نۆژەن کراونەتەوە:

أ- دروستکردنی (۲۳) قوتابخانە لە پارێزگای هەولێر و (٤٩) قوتابخانە لە پارێزگای دهۆک.

ب- دروستکردنی (۳) باڵەخانەی پەروەردەیی لە پارێزگای هەولێر و (۲) باڵەخانە لە پارێزگای دهۆک.

ج- دروستکردنی دوو بەشی ناوخۆیی قوتابیان لە هەولێر و دهۆک.

د- دروستکردنی (٤٨) خانوو بۆ مامۆستایان لە پارێزگای هەولێر و (۳٥) خانوو لە پارێزگای دهۆک.

هـ- هەر لە ماوەی ئەم ساڵەدا (٧٦) قوتابخانە لە سنووری هەردوو پارێزگا نۆژەن کراونەتەوە.

۲- بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان و رزگارکردنیان لە دەوامی دوو شەفتی، لە ساڵی ۲۰۰۰دا (۱۳۸) قوتابخانە و باخچەی ساوایان و پەیمانگەی تازە لە هەردوو پارێزگا بەم شێوەیەی خوارەوە کراونەتەوە:

أ- کردنەوەی (۸۸) قوتابخانەی سەرەتایی.

ب- کردنەوەی (۳۸) قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی.

ج- کردنەوەی (۸) باخچەی ساوایان.

د- کردنەوەی (٤) پەیمانگە.

۳- لە پێناوی پێشخستنی ئاستی زانستی قوتابیان و ئاشنابوونیان لەگەڵ سیستەمی هاوچەرخی پەروەردە و فێرکردن بەبەکارهێنانی ئامراز و دەزگای پێشکەوتوو، دوو قوتابخانەی نموونەیی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک کراونەتەوە. ئەم دوو قوتابخانەیە گشت پێداویستییەکانی خوێندنیان بۆ دابین کراوە، هەروەک تاقیگەی کۆمپیوتەر و تاقیگەی دەنگ و هی تر. قوتابیانی بەهرەداری هەرێم دەتوانن لەم دوو قوتابخانەیەدا درێژە بەخوێندن دەدەن.

٤- لە لایەکی دیکەوە لە ساڵی ۲۰۰۲دا، دوو قوتابخانەی فێرکردنی مەزنان لە هەولێر و دهۆک، بۆ ئەو فێرخوازانەی کە لە خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەردەچن و

دەیانەوێ درێژە بەخوێندن بدەن دامەزراوە. لەم دوو قوتابخانەیەدا (١٠٤) فێرخواز بەم شێوەیەی خوارەوە وەرگیراون:

- (٤٠) فێرخواز لە قوتابخانەکەی هەولێر.
- (٦٤) فێرخواز لە قوتابخانەکەی دهۆک.

**دووەم- دامەزراندنی مامۆستایان:**

١- بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییەی کە لە ژمارەی مامۆستایاندا بەرچاو دەکەوێ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی پەیمانگەکانی مەڵبەندی و پێگەیاندنی مامۆستایان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا دادەمەزرێنێت. تەنها لە ساڵی ٢٠٠٢دا (١٢٧٧) مامۆستای سەرەتایی لە سنووری هەردوو پارێزگا بەم شێوەیەی خوارەوە دامەزراون:

- (٤٢٥) مامۆستای سەرەتایی لە پارێزگای هەولێر.
- (٨٢٥) مامۆستای سەرەتایی لە پارێزگای دهۆک.

٢- ساڵانە دەرچووانی کۆلیژەکانی پەروەردە و زانست و ئاداب بەمامۆستای قۆناغی ئامادەیی دادەمەزرێن و، زۆر لەو مامۆستایانەش کە وازیان لە پیشەی وانەوتنەوە هێناوە لە سەر داوای خۆیان فەرمانی گەڕانەوەیان بۆ دەردەکرێت. لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا (٨١٩) مامۆستای ناوەندی و دواناوەندی لە سنووری هەردوو پارێزگادا دامەزراون:

- (٥٨٥) مامۆستای ناوەندی و دواناوەندی لە سنووری پارێزگای هەولێر.
- (٢٣٤) مامۆستای ناوەندی و دواناوەندی لە سنووری پارێزگای دهۆک.

**سێیەم- نەهێشتنی نەخوێندەواری:**

کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێم بایەخێکی تایبەتی بەپرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری داوە و، هەوڵ و کۆششی بێ وچان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواران درێژەی هەیە. تەنها لە ساڵی ٢٠٠٢دا توانراوە (١٨,٤٣٩) نەخوێندەوار لە دەردی نەخوێندەواری ڕزگار بکرێن. ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

- (١٠,٤٣٩) نەخوێندەوار لە پارێزگای هەولێر.
- (٨,٠٠٠) نەخوێندەوار لە پارێزگای دهۆک.

**چوارەم- گواستنەوەی قوتابیان و مامۆستایان:**

١- بەهەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و ئاژانسی یونسکۆ پرۆژەی گواستنەوەی ئەو قوتابیانەی کە قۆناغی سەرەتاییان تەواو کردووە و گوندەکانیان قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندییان تێدا نییە جێبەجێ کراوە. لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا (٩١٤٢) قوتابی لە پارێزگای هەولێر و (٨٩٥٨) قوتابی لە پارێزگای دهۆک، کە کۆی گشتییان دەکاتە نزیکەی (١١) هەزار قوتابی، سوودیان لەم پرۆژەیە وەرگرتووە.

٢- بۆ هاوکاریکردنی مامۆستایانی سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک، حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە ئەرکی گواستنەوەی مامۆستایان بۆ قوتابخانەکانی گوند و ناحیەکانی دەوروبەری شارەکان لە ئەستۆ دەگرێ. ئەم پرۆژەیەش مامۆستایانی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی دەگرێتەوە.

**پێنجەم- کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆ مامۆستایان و قوتابیان:**

١- لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا چەندین خولی جۆراوجۆر بۆ مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ساز کراوە. لەم ڕووەوە وەزارەتی پەروەردە، بەهەماهەنگی لەگەڵ هەردوو ئاژانسی یونسکۆ و یونیسێف، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢دا لە ژێر ناوی (پرۆژەی خوێندن لە دوورەوە)، خولی بەردەوامی بۆ مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی کردۆتەوە. سەرجەم مامۆستایانی بەشداربوو لەم خولانەدا، مانگانە (٢٠) دۆلاریان بۆ سەرف دەکرێت. ئامانجی ئەم پرۆژەیە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان و ئاشنابوونیانە لەگەڵ شێوازی نوێی پەروەردە و فێرکردنی قوتابیاندا.

٢- لە پێناوی بەرەوپێش بردنی سیستەمی پەروەردەیی و ڕاهێنانی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەسەر شێوازی نوێی وانەوتنەوە لە قوتابخانەکاندا، ساڵی ڕابردوو چەندین خولی بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایان بەبەشداری شارەزایانی پەروەردەییی وڵاتانی پێشکەوتوو ئەنجام دراوە.

٣- هەر لە ماوەی ئەم ساڵەدا گەلێ خولی جۆراوجۆر بۆ بەهێزکردنی ئاستی زانستی قوتابیانی پۆلەکانی کۆتایی (واتە سێیەم و شەشەمی ناوەندی) بەهاوکاری لەگەڵ ئاژانسی یونسکۆ ئەنجام دراون و، زیاتر لە (٥٠) هۆڵ بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە.

**شەشەم- باخچەی ساوایان:**

لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا، هەوڵ و کۆشش بۆ پەرەپێدانی باخچەی ساوایان، کە سەرەتای قۆناغی پەروەردەی منداڵانە، ئاکامی ئیجابی بەرچاوی لێ کەوتۆتەوە، هەروەک:

١- دروستکردنی چەندین باخچەی ساوایانی نوێ لە سنووری هەردوو پارێزگادا.

٢- بەسەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی شارەزایانی وڵاتی سوید، کە ئەزموونێکی سەرکەوتوویان لەم بوارەدا هەیە، چەندین خولی تایبەت بەڕاهێنانی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەسەر سیستەمی نوێی هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵان ساز کراوە. هەروەها ڕابەری مامۆستای باخچەی ساوایان بۆ ئاسانکردنی پەروەردەی دروستی منداڵان لە چاپ دراوە. جگە لەوەش ئەزموونی باخچەی (چیمەن)، کە لەژێر چاودێری دوو سەرپەرشتیاری سویدی بەڕێوە چوو، چاپ کرا و بەسەر مامۆستایانی باخچەکاندا بڵاوکرایەوە.

٣- سازدانی ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی منداڵان.

٤- دابینکردنی گشت پێداویستییەکانی باخچەکان بەهەماهەنگی لە گەڵ ئاژانسی یونیسێف.

**حەوتەم- هەوڵدانی بەردەوام بۆ پەرەپێدانی سیستەمی پەروەردەیی:**

١- بۆ ئەوەی سیستەمێکی دیموکراتی لە بواری پەروەردەدا دابڕێژرێت و قوتابیان بەشداری زیاتر لەناو پۆلەکاندا بکەن، وەزارەتی پەروەردە بەهاوکاری لەگەڵ هەردوو ئاژانسی یونیسێف و یونسکۆ و ڕێکخراوی دیاکۆنیای سویدی، بۆ یەکەمین جار وەکو سەرەتایەک لە چەند قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا سیستەمی گروپی جێبەجێ کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش چەند پسپۆڕێکی وڵاتانی بەریتانیا و سوید و فەنزوێلا هێنراون کە چەندین خولیان بۆ مامۆستایان کردۆتەوە، هەروەک:

أ- خولی چۆنیەتیی وتنەوەی وانەی بیرکاری.

ب- خولی وتنەوەی وانە بەشێوەی گروپ لە خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و، سوودوەرگرتن لە دوو شارەزای سویدی بۆ سەرپەرشتیکردنی خولێکی ٣ هەفتەیی لە بارەی نەهێشتنی نەخوێندەواری. دوای تەواوبوونی خولەکەش سەرجەم وانەکانی ئەم

خولە لە کتێبێکدا چاپ کران لەژێر ناوی (لایەنی بیردۆزی و پراکتیکی لە بنچینەکانی وانەوتنەوە و فێرکردنی مەزناندا).

ج- کردنەوەی خولێک بۆ مامۆستایانی ناوەندی و دواناوەندی سەبارەت بەشێوازی گروپ.

٢- وەکو ئەزموونێکی سەرەتایی هەوڵدرا مامۆستایەکی دیاری کراو پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە قوتابخانەیەکدا وەربگرێت و، تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی لەگەڵ قوتابیانی پۆلەکە بەردەوام بێت. ئەم ئەزموونە لە چەند قوتابخانەیەکدا جێبەجێ کرا و، تێبینی ئەوە کرا کە لەم ڕێگەیەوە ڕێژەی دەرچوونی قوتابیان ١٠٠٪ و ئاستی فێربوونیان زۆر بەرز دەبێت. هەر بۆیەش لەبەر سەرکەوتنی ئەزموونەکە، بڕیار درا لەم جۆرە پۆلانە لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک زیاد بکرێت.

**هەشتەم- کتێب و قرتاسیە و ڕەحلە:**

١- توانای بەرهەمهێنانی چاپخانەی پەروەردە گەیشتۆتە نزیکەی (٣,٥) ملیۆن کتێب لە ساڵێکدا، جگە لەوەش ساڵانە تۆمار و دەفتەری ئەزموونەکان و کارت و فۆرمی پەروەردەیی و کارگێڕیی هەمەجۆر لە چاپ دەدرێن. تەنها لە ساڵی ٢٠٠٢دا (٣,٣٩٣,٣٨٠) کتێبی خوێندن بۆ قۆناغە جیاجیاکان لەم چاپخانەیەدا لە چاپ دراوە.

٢- ساڵانە بەشە قرتاسیەی پێویست بەسەر قوتابیانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی دابەش دەکرێت. لە ساڵی ٢٠٠٢دا بەشە قرتاسیە بەسەر نزیکەی نیو ملیۆن قوتابی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کرا:

أ- (٢٠٦,٤١٧) قوتابی قۆناغی سەرەتایی لە پارێزگەی هەولێر.

ب- (١٥٢,٣٤٧) قوتابی قۆناغی سەرەتایی لە پارێزگەی دهۆک.

ج- (٦٤,٩٢٤) قوتابی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لە پارێزگەی هەولێر.

د- (٣٩,٩٥٦) قوتابی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لە پارێزگەی دهۆک.

٣- بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندن بۆ قوتابخانەکان، لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠١-٢٠٠٢)دا ٥٦,٤٦٥ ڕەحلە بەهاوکاری هەردوو ئاژانسی یونیسێف و یونسکۆ بۆ قوتابخانەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دروست کراون.

**نۆیەم- دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستی قوتابخانەکان:**

١- بۆ ئاسان کردنی بەڕێوەچوونی ئیشوکاری دەزگا پەروەردەییەکان، لە ساڵی ٢٠٠٢دا، بەهاوکاریی ئاژانسەکانی یونیسێف و یونسکۆ، (١١) ئۆتۆمۆبێلی جۆراوجۆر بۆ هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر و دهۆک دابین کراوە.

٢- لە پێناوی بەرەوپێش بردنی پرۆگرامەکانی خوێندن، لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠١-٢٠٠٢)دا وانەی کۆمپیوتەر وەک وانەیەکی سەرەکی لە قوتابخانە دواناوەندییەکاندا گوترایەوە. لە بەرنامەدایە، بەهاوکاریی لەگەڵ ئاژانسی یونسکۆ، لە هەموو ئامادەیی و دواناوەندییەکانی هەردوو پارێزگا بنکەیەکی کۆمپیوتەر دابنرێت. ئێستا چەند تیمێک بۆ ئەم مەبەستە پێک هێنراوە، کە قوتابخانەکان بەسەر بکەنەوە و شوێنی گونجاو بۆ ئەم بنکەیە دەستنیشان بکەن.

٣- سالاّنە سۆپا، تانکی نەوت، تانکی ئاو، قەنەفە و مێز و کورسی و کەلوپەلی تر بۆ گشت قوتابخانەکانی هەردوو پارێزگا دابین دەکرێت.

٤- لە ساڵی ٢٠٠٢دا، بەهاوکاریی لەگەڵ ڕێکخراوی یونسکۆ، هەموو جۆرەکانی کەلوپەلی وەرزشی بەسەر قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکانی هەردوو پارێزگا دابەش کراون.

٥- هەر لە ماوەی ئەم ساڵەدا بسکویت بەسەر قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی دەرەوەی شارەکان دابەش کراوە. نیاز وایە بۆ ئەمساڵی خوێندن بسکویت بۆ قوتابیانی سەنتەری شار و قەزا و ناحیەکانیش دابین بکرێت.

**دەیەم- هاندانی کچان بۆ هاتنە قوتابخانە و کردنەوەی دەوامی هاوینە:**

١- بۆ ئەوەی کچان هان بدرێن ڕوو لە قوتابخانە بکەن و ڕێژەیان لە قوتابخانەکاندا بەرزبێتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٢دا (٩) فلیم لەسەر هاندانی کچان بۆ چوونە قوتابخانە دۆبلاج کراوە. لە سایەی پێشکەوتنی کۆمەڵ و هەوڵ و کۆششی بەردەوامی وەزارەتی پەروەردە، ڕێژەی کچان ساڵ لەدوای ساڵ بەرز دەبێتەوە. بۆ نموونە لە کاتێکدا ڕێژەی کچانی قوتابخانەکان لە ساڵی خوێندنی (١٩٩٦-١٩٩٧)دا ٤٣,٣٪ بوو، کەچی ئێستا ئەم ڕێژەیە گەیشتۆتە نزیکەی ٤٨٪، ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەو پێشکەوتنەیە کە لەم بوارەدا بەدی هاتووە.

٢- بایەخێکی زۆر بەدەوامی هاوینەی قوتابخانەکانی سەرەتایی و باخچەی ساوایان دراوە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە چالاکی وەرزشی و هونەری جۆراوجۆر بۆ قوتابیان ساز بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ٢٠٠٢دا زیاتر لە (٧) هەزار قوتابی بەشدارییان لە دەوامی هاوینەدا کردووە.

**یازدەهەم- چالاکیی جۆراوجۆر:**

١- سازدانی فیستیڤالی ساڵانە بۆ قوتابخانەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک.

٢- دامەزراندنی کارگەی دروستکردنی جام و مەدالیای تایبەت بەفیستیڤاڵەکانی وەرزش و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان. تا ئێستا (١٣٨٣) جام و (٨١١٧) مەدالیا لەم کارگەیەدا بەرهەم هێنراون.

٣- تەرخانکردنی کارمەندێکی تەندروستی بۆ هەر قوتابخانەیەک، کە تا ئێستا کارمەندی تەندورستی بۆ (٩٤) قوتابخانە تەرخان کراوە.

٤- ئەنجامدانی ڕووپێویک بۆ دەستنیشانکردنی کەم و کوڕیی قوتابخانەکان لە ڕووی نۆژەنکردنەوە و کەلوپەل و پێداویستیی تاقیگەکان و ژمارەی مامۆستایان و هی تر.

٥- دانانی ڕابەری پەروەردەیی بۆ بەدواداچوون و چارەسەرکردنی گیروگرفتی قوتابیان. تا ئێستا (١٤٦) ڕابەری پەروەردەییی بەم شێوەیەی خوارەوە دانراون:

أ- (٢٠) ڕابەری پەروەردەییی سەرەتایی لە پارێزگای هەولێر.

ب- (٤٥) ڕابەری پەروەردەییی سەرەتایی لە پارێزگای دهۆک.

ج- (٧٨) ڕابەری پەروەردەییی دواناوەندی لە پارێزگای هەولێر.

٦- سازدانی کۆنفرانسێکی پەروەردەیی لەسەر ئاستی دیوانی وەزارەتی پەروەردە لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٢دا، بۆ دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکان و دەرکردنی بڕیاری پێویست بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان.

**دوازدەهەم- ڕاگەیاندن:**

لە ڕووی ڕاگەیاندن و گۆڕینەوەی زانیارییە پەروەردەییەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک و زیادکردنی هاوکاریی لە نێوان خێزان و قوتابخانەدا ئەم چالاکییانەی خوارەوە ئەنجام دراون:

١- گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردە) کە گۆڤارێکی پەروەردەیی ڕۆشنبیرییە بەشێوەیەکی مانگانە دەرکراوە و، تا ئێستا (٢٥) ژمارەی لێ دەرچووە.

٢- تا ئێستا (٨) ژمارە لە بڵاوکراوەی (ئاسۆی فێرخوازان) لە چاپ دراوە، کە تایبەتە بەئاراستەکردنی دەرچووانی بنکەکانی نەخوێندەواری.

٣- بەرنامەیەکی پەروەردەیی لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی هەولێر و، بەرنامەیەکی تر لە تەلەفزیۆنی دهۆک بەشێوەیەکی هەفتانە پێشکەش دەکرێت.

٤- چاپکردنی چەندین کتێبی پەروەردەیی بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و ڕۆشنبیری نیشتمانی و نەتەوەیی و، دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ مامۆستایان و قوتابیان.

## خشتەی پوختەی ئیش و کارەکانی وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی ٢٠٠٢دا

| ز | بابەت | ژمارە | | |
|---|---|---|---|---|
| | | هەولێر | دهۆک | کۆ |
| ١ | دروستکردنی قوتابخانە | ٣٣ | ٤٩ | ٨٢ |
| | دروستکردنی بینایەی پەروەردەیی | ٣ | ٢ | ٥ |
| | دروستکردنی بەشی ناوخۆی قوتابیان | ١ | ١ | ٢ |
| | دروستکردنی خانووی مامۆستایان | ٤٨ | ٣٥ | ٨٢ |
| | نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە | ٥٢ | ٢٤ | ٧٦ |
| ٢ | کردنەوەی قوتابخانە (فتح جدید) | ٦٩ | ٦٩ | ١٣٨ |
| ٣ | کردنەوەی قوتابخانەی نموونەیی | ٣ | ٣ | ٦ |
| ٤ | دامەزراندنی مامۆستایانی سەرەتایی | ٤٢٥ | ٨٥٢ | ١٢٧٧ |
| ٥ | دامەزراندنی مامۆستایانی ناوەندی | ٥٨٥ | ٢٣٤ | ٨١٩ |
| ٦ | نەهێشتنی نەخوێندەواری | ١٠٤٣٩ | ٨٠٠٠ | ١٨٤٣٩ |
| ٧ | کردنەوەی قوتابخانەی مەزنان | ٤٠ | ٦٤ | ١٠٤ |
| ٨ | خولی خوێندن لە دوورەوە بۆ مامۆستایانی پسپۆڕی | ٤٤٣٢ | ١٧٠٠ | ٦١٣٢ |
| | خولی فێربوونی بەردەوام بۆ مامۆستایانی سەرەتایی | ١١٥٣٤ | ٥٧٤٠ | ١٧٢٧٤ |
| ٩ | گواستنەوەی قوتابیانی ناوەندی | ٩١٤٢ | ٨٩٥٨ | ١٨١٠٠ |
| | گواستنەوەی قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتاییەکان | ٣٠٥٩ | | |
| ١٠ | گواستنەوەی مامۆستایان | | | |
| ١١ | بەکارهێنانی سیستەمی گرووپ | | | |
| | کردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەسەر شێوەی گرووپ | ١٨ مامۆستا | ١٢ مامۆستا | ٣٠ |
| ١٢ | دابەشکردنی قرتاسیەی سەرەتایی | ٢٠٦,٤١٧ قوتابی | ١٥٢,٣٤٧ قوتابی | ٣٥٨,٧٦٤ |
| | دابەشکردنی قرتاسیەی ناوەندی | ٦٤,٩٢٤ قوتابی | ٣٩,٩٥٦ قوتابی | ١٠٤,٨٨٠ |
| ١٣ | دروستکردنی ڕەحلە | ٤٤,٤٦٥ | ١٢,٠٠٠ | ٥٦,٤٦٥ |
| ١٤ | خولی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران | | | |
| | خولی مامۆستایانی باخچەی ساوایان | ٢٥ | ٨٥ | ١١٠ |

ماویەتی

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | خولی سەرپەرشتیاران | ١٢٥ | | ١٢٥ |
| | خولی مامۆستایانی پسپۆڕی | ٩٠٠ | ٣,٣٥٩ | ٤,٢٥٩ |
| | سازدانی سیمینار لەسەر بەهێزکردنی وانەی بیرکاری | | | |
| ١٥ | خولی بەهێزکردنی قوتابیان | ٢٩ هۆڵ | ٧٠ هۆبە | ٩٩ هۆڵ و هۆبە |
| ١٦ | گرنگی دان بەبواری باخچەی ساوایان | | | |
| | سازدانی ئاهەنگی ڕۆژی منداڵانی جیهانی | | | |
| | دابینکردنی پێداویستییەکانی باخچەی ساوایان | | | |
| ١٧ | دابینکردنی ئۆتۆمبیل | ٦ | ٥ | ١١ |
| ١٨ | کردنەوەی کارگەی جام و میدالییەکان | | | |
| | جام بەهەموو جۆرەکانیەوە | | ١,٣٨١ | |
| | میدالییە بەهەموو جۆرەکانیەوە | | ٨,٣١٧ | |
| ١٩ | دانانی کارمەندی تەندروستی لە قوتابخانەکان | | | |
| ٢٠ | جێبەجێکردنی ڕێسای مامۆستای یەکەم | | | |
| ٢١ | دابینکردنی کۆمپیوتەر | | | |
| ٢٢ | چاپخانەی وەزارەت | | | |
| ٢٣ | سازدانی ڤیستیڤاڵی ساڵانە | | | |
| ٢٤ | دۆبلاژکردنی فیلم بۆ هاندانی کچان بۆ هاتنە قوتابخانە | | ٩ | |
| ٢٥ | دابەشکردنی کەلوپەل بەسەر قوتابخانەکان | | | |
| ٢٦ | دابەشکردنی کەلوپەلی وەرزشی | | | |
| ٢٧ | کردنەوەی دەوامی هاوینە | | ٧,٣٠٠ قوتابی | |
| | بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان | | | |
| | بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان | | | |
| ٢٨ | پرۆژەی خارگەی مەدرەسی و دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی قوتابخانەکان | | | |
| ٢٩ | دانانی ڕابەرانی پەروەردەیی | | | |
| ٣٠ | دابەشکردنی بسکویت بەسەر قوتابخانە سەرەتاییەکان | | | |
| ٣١ | بواری ڕاگەیاندن | | | |
| ٣٢ | کۆنفرانسی پەروەردەیی | | | |

تەواو



ئامادەییی زاخۆی کوڕان



قوتابخانەی ناوەندیی نێرگزی کچان



قوتابخانەی هەتاوی کچان



بەڕێز وەزیری پەروەردە لە کردنەوەی قوتابخانەیەکدا



قوتابخانەی دواناوەندیی چیمەنی کچان



خۆنواندنی قوتابیان – هەولێر



خۆنواندنی قوتابیان



بەڕێز سەرۆکی حکوومەت لە سەردانی بەهرەمەندان لە هەولێر



پۆلێکی خوێندن



ئاهەنگی ڕۆژی جیهانیی منداڵان



ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی منداڵان

# خوێندنی باڵا

# خوێندنی باڵا

ئەنجومەنی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسای ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٣ (یاسای فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی)، بەرپرسە لە داڕشتنی ستراتیجیەتی فێرکردنی باڵا و پلان دانان بۆ بەرەوپێش بردنی کاروباری زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە و ڕەخساندنی هەلومەرجی پێشخستنی زانکۆ و پەیمانگاکان، ئەنجومەنی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەسەرپەرشتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە چەندین کۆبوونەوە سازدەکات. لە کۆبوونەوەکاندا گەلێ بڕیار و ڕێنمایی گرنگ بۆ پەرەپێدانی بواری فێرکردنی باڵا و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان دەرکراون. ئەمەی خوارەوەش گرنگترین بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنە لە ساڵی ٢٠٠٢دا:

١- پەسندکردنی پلانی وەرگرتنی قوتابیان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٢-٢٠٠٣) لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمدا. بەپێی ئەم پلانە زیاتر لە ١٠ هەزار قوتابیی دەرچووی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەرگیراون.

٢- پەسندکردنی پلانی وەرگرتنی قوتابیان لە خوێندنی باڵا (دبلۆم، ماجستەر، دکتۆرا) لە زانکۆکانی هەرێم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٢-٢٠٠٣).

٣- بڕیاردان لەسەر وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان (پیشەسازی، بازرگانی، کشتوکاڵ) لە پەیمانگە تەکنیکییەکانی هەرێم بەمەرجێک تێکڕای نمرەکانییان لە ٦٠٪ کەمتر نەبێت.

٤- بڕیاری کردنەوەی کۆلیژی شەریعە و دیراساتی ئیسلامی لە زانکۆی سەلاحەدین و، کۆلیژی پەروەردە لە زانکۆی دهۆک.

٥- بڕیاری کردنەوەی خوێندنی باڵا (دیبلۆمی یەک ساڵە) لە بەشی کۆمپیوتەر لە کۆلیژی ئەندازەی زانکۆی سەلاحەدین.

٦- بڕیاردرا مانگانە (١٠٠) دینار بۆ قوتابییانی کۆلیژی مامۆستایان لە زانکۆی سەلاحەدین و بەشی مامۆستایان لە کۆلیژی پەروەردە لە زانکۆی دهۆک سەرف بکرێت.

٧- پەسندکردنی ڕێککەوتننامەی دوو قۆڵی لە نێوان زانکۆی سەلاحەدین و شاندی

پەیمانگەی باڵای تەکنەلۆجیای پزیشکی ددان لە هۆڵەندا.

٨- بەمەبەستی چارەسەرکردنی کەمیی ژمارەی مامۆستایان لە قەزا و ناحیەکاندا، بڕیار درا ئاسانکاریی پێویست بۆ قوتابییانی ئەو شوێنانە بکرێت و، لە کاتی وەرگرتن لە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین (١٤) نمرە بخرێتە سەر کۆی نمرەکانیان.

٩- بڕیاری کردنەوەی بەشی کتێبخانە لە پەیمانگەی تەکنیکیی هەولێر.

١٠- بڕیاری کردنەوەی پەیمانگەی تەکنیکی لە زاخۆ و وەرگرتنی قوتابییان لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٢-٢٠٠٣)دا.

١١- هەر لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا ئەنجومەنی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بڕیاری کردنەوەی ئەم بەشە تازانەی خوارەوەی لە زانکۆی دهۆک دەرکردووە:

- بەشی زمانی ئینگلیزیی ئێواران لە کۆلیژی ئاداب (کە دواتر بوو بەکۆلیژی پەروەردە).
- بەشی کارەبا لە کۆلیژی ئەندازە.

١٢- جەختکردن لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە زانکۆ و پەیمانگەکان و هاندانی مامۆستایان بۆ دانان و وەرگێڕانی کتێب و سەرچاوەی زانستی بەزمانی کوردی.

**یەکەم- زانکۆی سەلاحەدین:**

زانکۆی سەلاحەدین کە گەورەترین دەزگای زانستی ئەکادیمییە لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵێکی گرنگ لە پێگەیاندنی کادیری پسپۆڕ و لێهاتووی زانستیدا دەگێڕێ. لە سایەی پشتگیری و بەدواداچوونی بەردەوامی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ساڵی ڕابردوو زانکۆی سەلاحەدین هەنگاوی زیاتری بەرەو پێشەوە ناوە و زۆر کار و چالاکیی ئەنجام داوە.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرنگترین چالاکییەکانە لە ساڵی ٢٠٠٢دا:

١- کردنەوەی کۆلیژی شەریعە و دیراساتی ئیسلامی کە ڕۆڵێکی کاریگەر لە پێگەیاندنی کادیری ئیسلامی و ئیمام و خەتیبی شارەزادا دەگێڕی. بەمەش ژمارەی کۆلیژەکانی زانکۆ گەیشتە (١٥) کۆلیژ.

٢- پەیوەندیکردن لەگەڵ زانکۆکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ گۆڕینەوەی ئەزموون و شارەزایی لە بوارە جیاجیاکانی زانستیدا بەردەوامە. هەر لەم بوارەدا زانکۆی سەلاحەدین بەشداری لە دووەمین کۆنفرانسی ئەنجومەنی زانکۆکانی هەرێم کرد کە لە زانکۆی سلێمانی بەسترا.

٣- له بواری بیناسازیدا زۆر كار و چالاكی گرنگ لەژێر ئەنجامدان، كە بەگشتی ٩,٥ ملیۆن دینار و نزیكەی (١) ملیۆن دۆلاریان تێ دەچێت، لەوانەش:

* پرۆژەی دروستكردنی كۆلێژی دەرمانسازی لە قۆناغی كۆتاییدایە و (٩,٥) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان كراوە.
* دروستكردنی باڵەخانەی پەروەردەی وەرزشی كە لەژێر ئەنجامدایە و (٨١) هەزار دۆلاری تێ دەچێت.
* دروستكردنی باڵەخانەی مەڵبەندی رۆشنبیری زانكۆ كە لە قۆناغی كۆتاییدایە و نزیكەی نیو ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان كراوە.
* پرۆژەی فراوان كردنی كۆلیژی ددانسازی كە لەژێر ئەنجامدایە و نزیكەی (٤٠٠) هەزار دۆلاری تێ دەچێت.
* دروستكردنی هۆڵی خوێندن لە كۆلیژی كشتوكاڵ كە لەژێر ئەنجامدایە و (٣٧) هەزار دۆلاری بۆ تەرخان كراوە.

٤- هەوڵ و كۆشش بۆ نیشتەجێكردنی مامۆستایانی زانكۆ درێژەی هەیە و، لە ماوەی ساڵی رابردوودا (١٠) خانووی دێی زانكۆ و خانووەكانی كۆلیژی ئەندازیاری بەسەر مامۆستایان بەپێی كۆی خاڵەكانیان دابەش كران. هەروەها چەند شوقەیەک لە كۆلیژی یاسا، دوای چاككردنەوەیان، بۆ نیشتەجێكردنی (٧) مامۆستا و فەرمانبەری زانكۆ تەرخان كران. هەر بۆ یارمەتیدان و هاوكاریكردنی مامۆستایان، لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا چەندین پارچە زەوی بۆ كۆمەڵێک مامۆستا تەرخان كراوە و، لە بەرنامەدایە زەویی نیشتەجێ بۆ موعیدەكانیش تەرخان بكرێت.

٥- چاپخانەی زانكۆ لە ماوەی ئەم ساڵەدا ژمارەیەكی زۆر چاپەمەنیی زانكۆ و وەزارەت و فەرمانگەكانی حكوومەتی هەرێم و رێكخراو و كەرتی بازرگانی چاپ كردووە و، بەگشتی (٢,٠٣٢,٣٧٠) دینار و (٥٣,٦٦٢) دۆلار دەسكەوتی هەبووە.

٦- هەر لەم ماوەیەدا ژمارەیەک كتێب و بلاوكراوە چاپ كراون، هەروەک كتێبی كاریگەری مرۆڤ لە ژینگە پیسكردندا، (الطب الرياضي والتدريب) و، چەندین كتێبی تر. هەروەها دوو ژمارە لە گۆڤاری زانكۆ كە چەندین بابەت و توێژینەوەی زانستی لەخۆ دەگرێت بلاوكراونەتەوە.

٧- (١٨٣٤) دۆنم زەوی بۆ دروستكردنی كەمپی زانكۆ تەرخان كراوە، كە ئێستا

بەهاوکـاری لەگـەڵ ڕێکخـراوی یونسـکۆ پرۆژەکـە لەژێر جـێبـەجـێکردن دایە. هەروەها (٥٠) هەزار مـەتری دووجا بۆ کـەمپی کۆمـەڵەی پزیشکی گشـتی و پزیشکی ددان و دەرمـانسـازی و پەرسـتـیـاری تەرخـان کـراوە و، (٥٠) هەزار مـەتری دیکەش بۆ دروستکردنی بەشە ناوخـۆییـەکـانی کوڕان و کچـان و، (١٦١) دۆنم زەویوزاریش بۆ کۆلیژی کشتوکاڵ تەرخان کراوە.

٨- لە ساڵی ٢٠٠٢دا (٥٨) باڵەخانە بۆ بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان بەکرێ گیراون. (٢٧) بەشی ناوخۆیی تازەی کوڕان و کچان کراونەتەوە و، (٢٦) بەشی ناوخۆیی لە پشوی هاویندا نۆژەن کراونەتەوە. هەروەها بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یونسکۆ بەشی ناوخۆیی شەهید لەیلا قاسم فراوان و نۆژەن کرایەوە. ئێستا نزیکەی (٤٥٠٠) قوتابی کـوڕ و کچ لە بەشـە ناوخـۆییـیـەکـاندا وەرگـیـراون، کـە ئەمـەش بەهەر پێـوەرێـک بێ ژمـارەیەکی گـەورەیە. هەر لە مـاوەی سـاڵی ٢٠٠٢دا (٥٠) هەزار لیـتـر نەوت بۆ سەرجەم بەشە ناوخۆییەکان دابین کراوە.

جگە لەوانەش لە بەرنامـەدایە بەهاوکـاری لەگـەڵ ئاژانسی یونسکۆ کـۆمـەڵگەیەکی هاوچەرخ بۆ حـەوانەوەی (٤) هەزار قـوتابی کـوڕ و کچ دروست بکرێت، کـە هۆڵی حەوانەوە و گۆڕەپانی وەرزش و کافـتریا و بنکەی تەندروستی لەخۆ بگرێ. هەروەها بڕیارە باڵەخـانەیەکی نوێ بۆ نیـشـتـەجـێـبـوونی (١٠٠٠) قـوتابی خـوێندنی باڵا بەهاوکاریی هەمان ئاژانس دروست بکرێت.

٩- لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا چەندین پاس و سەیارە و ئامێر و کەلوپەلی جۆراوجۆر بۆ کۆلیژ و بەشە جیاجیاکانی زانکۆ دابین کراون، لەوانەش:

- دابینکردنی (٢٥) ئۆتۆمۆبێل لەگەڵ (٤) پاسی ٤٥ نەفەری بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆ و کۆلیژەکان.
- دابینکردنی چەندین ئامێری کۆمپیـوتەر و فۆتۆکۆپی و کەلوپەل و ئامـرازی تاقـیگە و سەرچاوەی زانستی و میکرۆسکۆب بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆ و کۆلیژەکان.
- کڕینی کەلوپەل و پێداویستی بۆ کۆلیژی شەریعە بەبڕی (٨٠,٠٠٠) دۆلار.
- دابینکردنی (٢) بگۆڕی تەلەفـۆنی ئۆتۆمـاتیکی بۆ کـۆلیـژی یاسـا و ڕامـیـاری و کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆ.
- دابینکردنی (٩٩) ئامێری فۆتۆکۆپی پێشکەوتوو بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆ و کۆلیژەکان.

- دابینکردنی کۆمەڵێک ڕەفەی کتێب بۆ کتێبخانەی ناوەندی و (٥٠٠) حاسیبە بۆ قوتابیان و (٢٥٠٠) کورسی بۆ هۆڵەکانی خوێندن لە کۆلیژەکان و (١٥٠) فێنککەرەوە و (٨٠) ساردکەرەوەی ئاو بۆ بەشە ناوخۆییەکان.
- دابینکردنی تاقیگەی وێنەگرتن لە بەشی بیناسازیی کۆلیژی ئەندازیاری، کە نزیکەی (٦٠,٠٠٠) دۆلاری لێ خەرج کراوە.
- سەرف کردنی(٤٢٠) دۆلار بۆ کۆلیژی زانست وەک پاداشت بۆ دروستکردنی بیری ئاو.
- دابینکردنی (٤٣٠٠) دۆلار بۆ کردنەوەی دوو خولی کۆمپیوتەر و، (١٢,١٤٠) دۆلار بۆ لیژنەی تاقیکردنەوەکان و، (٩٠,٠٩٠) دۆلار بۆ چاپکردنی ڕێنماییی دەرچوونی قوتابیان.
- دەستەبەرکردنی (٢٥) هەزار دۆلار بۆ کۆنفرانسی زانستی لاوان و، زیاتر لە ٢ هەزار دۆلار بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی زانکۆکان کە تایبەت بوو بەڕێکخستنی کاروباری بەرنامەی ٩٨٦.

١٠- جگە لەو ئامێر و کەلوپەلانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، نزیکەی (٦,٥) ملیۆن دینار و زیاتر لە (٦٦) هەزار دۆلار بۆ کڕینی کەلوپەل و دەزگای کۆمپیوتەر و چاپکردنی کتێبی زانستی و دابینکردنی سووتەمەنی و قرتاسیە و پاراستنی ئامێرەکان و سازدانی ئاهەنگ و کڕینی کەلوپەل و پێداویستیی تر سەرف کراوە.

**دووەم- زانکۆی دهۆک:**

ئەمەی خوارەوە گرنگترین کار و چالاکییەکانی زانکۆ دهۆکە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا:

١- لە ڕۆژانی ٣-٢٠٠٢/٤/٤ یەکەمین کۆنفرانسی پزیشکی لە کۆلیژی پزیشکی سازکرا. لە کۆنفرانسەکەدا گەلێ بابەت و توێژینەوە بۆ پەرەپێدانی زیاتری ئەم بوارە و چارەسەر کردنی ئاستەنگ و کەموکورییەکان پێشکەش کران.

٢- لە چوارچێوەی هەوڵ و کۆششی بەردەوام لە پێناوی پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوەی هەرێم و گۆڕینەوەی ئەزموون و شارەزایی لە بوارە جیاجیاکاندا، ڕۆژانی ٣-٢٠٠٢/٥/٩ پێشوازی لە شاندێکی باڵای زانکۆی مۆندیالی کەنەدا کرا کە چەندین بابەت و سیمیناریان دەربارەی فیدرالیزم پێشکەش کرد.

٣- رۆژی ٢٠٠٢/٧/٢٩ ڕێککەوتننامـەیەک لەگـەڵ پەیمانگەی کـوردی لە بەرلین، دەربارەی ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونی رۆشنبیری و پسپۆری مۆر کرا.

٤- رۆژی ٢٠٠٢/٨/٢٢ پێشوازی لە شاندێکی پەیمانگەی سوید کرا، کە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی لەگـەڵ زانکۆکـانی هەرێم و ئاڵوگـۆڕی ئەزمـوون و شـارەزایی لە بوارە جیاجیاکاندا سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد. دوای وتوویژ لەگەڵ شاندەکە شێوازی کۆتایی ڕێککەوتننامـەیەک لە نێـوان زانکۆی ناوبراو و هەرسێ زانکۆی کـوردسـتـان داڕێژرا. بەپێی ڕێککەوتنەکە ژمارەیەک کورسیی خوێندنی باڵا بۆ قوتابییانی زانکۆی دهۆک تەرخان دەکرێت.

٥- رۆژی ٢٠٠٢/١٠/٣ ڕێککەوتننامـەی نێـوان زانکۆی دهۆک و زانکۆی دۆرتمۆندی ئەڵمانی نوێ کرایەوە.

٦- دانوسـتـان لەگـەڵ پەیمانگەی کـوردی لە پاریس درێژەی هەیە بۆ دانانی شـێـوازی ڕێککەوتنێکی دووقۆڵی لەگەڵ پەیمانگەی ناوبراودا.

٧- پرۆژەی دروسـتکردنی باڵەخانەی کـۆلیـژی ئابووری و دارایی بەردەوامـە و تا ئێـسـتـا زیاتر لە ٧٠٪ی ئیشـوکارەکان ئەنجام دراون. ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری لەگەڵ ئاژانسی یونسکۆ جێبەجێ دەکرێت و نزیکەی (٨٧٥) هەزار دۆلاری بۆ تەرخان کراوە.

٨- دروستکردنی (٦) خانوو بۆ مامۆسـتـایان لە دێی زانکۆ بەهاوکاری لەگەڵ ئاژانسی یونسکۆ. تێچووی ئەم پرۆژەیە (١٢٢) هەزار دۆلار بوو.

٩- چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەیەکی کۆن بۆ تەرخانکردنی بۆ کۆلیژی یاسا و تاقیگەکانی کۆلیژی پەروەردە. تێچووی ئەم پرۆژەیە (١,٠٣٩,٨٤٢) دینار بوو.

١٠- نۆژەن کردنەوەی باڵەخانەیەکی دیکە لە پارێزگـەی دهۆک و تەرخانکردنی بۆ بەشی ناوخـۆیی کـچـان، لەگـەڵ ئەنجـامـدانی نۆژەنکاری پێـویست لە چەندین کـۆلیـژ و بەشی ناوخۆییدا. تێچووی ئەم بڕگەیە بەگشتی نزیکەی (٢٠٥) هەزار دینار بوو.

١١- کـردنەوەی کـۆلیـژی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مـامـۆسـتـایان و پڕکـردنەوەی ئەو کـەمـوکـوڕییـەی کـە لە ژمـارەی مـامـۆسـتـایانی قـۆناغـەکـانی ناوەندی و دوا ناوەندی پارێزگای دهۆک بەرچاو دەکەوێت.

**سێیەم- پەیمانگە تەکنیکییەکان:**

١- لەسەر فەرمانی ئەنجومەنی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەیمانگەی تەکنیکیی زاخۆ کە دوو بەشی زانستی لەخۆ دەگرێ (بەشی کۆمپیوتەر و بەشی کارگێڕیی بانک) کرایەوە و، ئێستا نزیکەی (٦٠) قوتابی لەم پەیمانگایەدا درێژە بەخوێندن دەدەن. گشت پێداویستییەکانی پەیمانگەکە لە رووی مامۆستا و کەلوپەل و پێداویستی زانستی و کارگێڕییەوە دابین کراوە و، بودجەیەکی گونجاوی بۆ تەرخان کراوە بۆ ئەوەی ئیشوکارەکانی بەڕێوە ببات.

٢- کردنەوەی چەندین بەشی زانستی تازە لە پەیمانگە تەکنیکییەکانی هەولێر و دهۆک و شەقڵاوە و ئاکرێ و سۆران، لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییەکانیان. بەشەکانیش ئەمانەن:

أ – بەشی نەخۆشەوانی لە پەیمانگەی تەکنیکی سۆران.

ب- بەشی سەرچاوەکانی ئاو لە پەیمانگەی تەکنیکی ئاکرێ.

ج- بەشی بیناسازی لە پەیمانگەی تەکنیکی شەقڵاوە.

د- بەشی نەخۆشەوانی لە پەیمانگەی تەکنیکی دهۆک.

هـ- بەشی بیناسازی لە پەیمانگەی تەکنیکی دهۆک.

و- بەشی کۆگا لە پەیمانگەی تەکنیکی دهۆک.

ز- بەشی دەرمانسازی لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر.

ح- بەشی کتێبخانە لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر.

٣- لە ماوەی ئەمساڵەدا ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی قۆناغی شەشی ئامادەیی و قوتابخانە پیشەییەکان، کە ژمارەیان گەیشتە (٢٣٨٠) قوتابی، لە پەیمانگەکاندا وەرگیران و، بەپێی پلانێکی گونجاو و بەرەچاوکردنی پێداویستییەکانی پەرەپێدانی وڵات بەسەر بەشە زانستییە جیاجیاکانی سەرجەم پەیمانگەکاندا دابەش کران.

٤- دانانی پلانی ستراتیجی (٥) ساڵە و پلانی ساڵانەی گشت پەیمانگە تەکنیکییەکان بەهاوکاری لەگەڵ پسپۆڕانی یونسکۆ. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پەرەپێدانی خوێندنی تەکنیکی بەپێی نەخشە و پلانێکی زانستی لە هەرێمدا.

٥- لە بواری بیناسازیدا ژمارەیەک پرۆژەی جۆراوجۆر ئەنجام دراون یان لەژێر

جێبەجێکردندان، هەروەک:

- باڵەخانەی پەیمانگەی تەکنیکیی شەقڵاوە کە تا ئێستا ٥٠ ٪ی پرۆژەکە ئەنجام دراوە.
- باڵەخانەی سەنتەری فێرکردن بۆ سەرۆکایەتیی دەستەی پەیمانگە تەکنیکییەکان کە ٢٥ ٪ی پرۆژەکە ئەنجام دراوە.
- تەواوکردنی نەخشە و پلانی باڵەخانەی بەشەکانی کارگێڕیی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر کە بڕیارە لە داهاتوودا جێبەجێ بکرێ.
- تەواوکردنی نەخشەی تەلاری بەشی کۆمپیوتەر لە پەیمانگەی تەکنیکیی دهۆک.
- دانانی نەخشە و پلانی باڵەخانەی پەیمانگەی تەکنیکیی ئاکرێ، کە لەژێر ئەنجامدایە.
- دروستکردنی چەند هۆڵێکی خوێندن و نۆژەنکردنەوەی چەند باڵەخانەیەکی دیکە بەهاوکاری لەگەڵ هەردوو ئاژانسی یونسکۆ و WHO.

٦- هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو ئاژانسی یونسکۆ و WHO بۆ دابینکردنی گشت پێداویستییەکانی تاقیگەکان و کەلوپەلی ژوورەکان.

٧- کردنەوەی چەندین خولی زانستی بۆ گشت فەرمانبەران بەهاوکاری لەگەڵ ئاژانسی یونسکۆ.

٨- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی مانگانەی بەردەوام لەگەڵ ئاژانسەکانی (یونسکۆ، فاو، WHO) بۆ هەماهەنگی لەپێناو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان.

٩- بەشداریکردن لە کۆنفرانسی تایبەت بەخوێندنی تەکنیکی لەسەر ئاستی ئەنجومەنی دەستە لە شاری سلێمانی، بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی گرفتە زانستییەکان.

١٠- دابینکردنی میلاکی پەیمانگە تەکنیکییەکان بەتایبەتیش لە ڕووی مامۆستای پسپۆر و، پێدانی نازناوی زانستی بەمامۆستایانی تازە دامەزراو.

١١- دابینکردنی چەندین ئۆتۆمۆبێل و دەزگای کۆمپیوتەر و پرینتەر و کەلوپەلی دیکەی پێویست بۆ بەشە زانستییە جیاجیاکان.

١٢- چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی قوتابیان بەتایبەتیش لە ڕووی دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و ڕەخساندنی پێداویستییەکانی بەشە ناوخۆییەکان.

**خشتەی ژمارە (١)**
**پرۆژەکانی بیناسازی ساڵی (٢٠٠٢)ی زانکۆی سەلاحەدین**

| ژ | ناوی پرۆژە | ماوەی پرۆژە | دەست بەکاربوون | تەواوبوونی کار | ڕێژەی ئەنجام دراو | تێچوونی پرۆژە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پەروەردەی وەرزشی | ١٠ مانگ | ٢٠٠٢/٦/١٠ | ٢٠٠٣/٤/١٠ | ٪٤٠ | $ ٨١,٠٠٠ | نییە |
| ٢ | مەڵبەندی ڕۆشنبیری زانکۆ | ١٩ مانگ | ٢٠٠١/٤/٢١ | ٢٠٠٢/١٢/٢٠ | ٪٩٠ | $ ٤٨٤,٣٦٦ | نییە |
| ٣ | دروستکردنی هۆڵی خوێندن کۆلیژی کشتوکاڵ | ٦ مانگ | ٢٠٠٢/١٠/١ | ٢٠٠٣/٣/٣١ | ٪٤٠ | $ ٣٧,٠٠٠ | نییە |
| ٤ | پرۆژەی فراوانکردنی کۆلیجی ددانسازی | ٣٠٠ ڕۆژ | ٢٠٠١/١٠/١ | ٢٠٠٢/١/١٥ | ٪٧٠ | $ ٣٩٢,٥٠٨ | نییە |
| ٥ | پرۆژەی دروستکردنی کۆلیجی دەرمانسازی | ١٨٩ ڕۆژ | ٢٠٠٢/١١/٧ | ٢٠٠٢/١/٢٤ | ٪٩٠ | ٩,٥ ملیۆن دینار | نییە |

**خشتەی ژمارە (٢)**
**بەشێک لەو کەلوپەلانەی کە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا**
**بۆ زانکۆی سەلاحەدین دابین کراون**

| ز | ناوی پرۆژە | بڕی پارە بەدینار | بڕی پارە بەدۆلار |
|---|---|---|---|
| ١ | کەلوپەل | ٦١,٢٠٣ | |
| ٢ | ئامێر و دەزگا و کۆمپیوتەر | ٢٥,٥١٤ | ١,٩٦٠ |
| ٣ | پەرتووک | ٥,١٣١,٦٥٤ | |
| ٤ | چاککردنەوەی بیناکان | ٨٨,٨٨٤ | |
| ٥ | چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان | ١٩٩,٨٠٨ | |
| ٦ | پاراستنی ئامێرەکان | ١١٢,٠٩١ | |
| ٧ | پاراستنی ئاو و کارەبا | ١٢٠,٨٥٨ | |
| ٨ | پاراستنی کەلوپەل | ٤٧,٣٣٧ | |
| ٩ | پێداویستی وەرزشی | ٢,١١٥ | |
| ١٠ | پێداویستی تاقیگە و هی تر | ١٦٩,٥٩٤ | ١,٨١٠ |
| ١١ | کرێی ئاو و ئاوەڕۆ | ٥٨,٠٠٠ | |
| ١٢ | کرێی کارەبا | ٣٣٣,٣٦٤ | |
| ١٣ | سووتەمەنی | ٤١٣,١٨٥ | |
| ١٤ | قرتاسیە | ٣٣٠,٧٤٩ | |
| ١٥ | خەرجییەکانی ڕاگەیاندن | ١٤٧,٥٧١ | |
| ١٦ | کرێی بینایەکان | ٢,٥٧٤,٢٩٥ | |
| ١٧ | خەرجییەکانی چالاکی وەرزشی | ٥٠,١١٤ | |
| ١٨ | ئاهەنگ | ٨١,٨١٨ | |
| ١٩ | پرسگە و تەلەفۆن | ١٥٧,٩١٢ | |
| ٢٠ | یارمەتیدانی لێکۆڵینەوە و دانان | ٩٥٨,١٠٩ | |
| ٢١ | کرێی ئەنتەرنێت | | ١٢,٥٢٣ |
| | کۆی گشتی | ٦,٤٤٦,١٧٤ | ١٦,٢٩٣ |

خشتەی ژمارە (٣)
لیستا چالاکییێن زانکویا دهوکێ (٢٠٠٢)

| ژ | چالاکی | مێژوو |
|---|---|---|
| ١ | گرێدانا کۆنفرانسێ پزیشکی یێ ئیکێ ل کولیژا پزیشکێ. | ٢٠٠٢/٤/٤-٣ |
| ٢ | هاتنا شاندەکی ژ زانکویا مونتریال یا کەنەدی بۆ زانکویا دهوک و پێشکێشکرنا چەندین سمینارا ل دور فیدرالیەتێ و شیانا ب رابینا ڤان جورە سەرەدانا. | ٢٠٠٢/٥/٩-٣ |
| ٣ | گرێدانا رێکەفتنەکی دگەل پەیمانگەها کوردی ل بەرلینێ ل دور پێکگهورینێن رەوشنبیری و پسپۆرا. | ٢٠٠٢/٧/٢٩ |
| ٤ | هاتنا شاندەکی ژ پەیمانەهێن سویدی بو زانکویا دهوکێ بو پێکگهورینا بێژانینا ، و شێوازێ دوماهیێ ژ رێکەفتنێ دگەل هەرسێ زانکوییێن کوردستانێ هاتە دانان داکو بهێتە ئیمزاکرن ژ لایێ شاندێ ناڤبری بو پێدانا کورسیکیت خواندنێ بو قوتابییێن زانکویا دهوکێ. | ٢٠٠٢/٨/٢٢ |
| ٥ | نوی کرنا رێکەفتنێ دگەل زانکویا دورتموند یا ئەلمانی. | ٢٠٠٢/١٠/٣ |
| ٦ | دان وستاندن دگەل پەیمانگەها کوردی ل پاریس بو دانانا شێوازێ رێکەفتنێ ل ناڤبەرا هەردوو لایاندا. | ٢٠٠٢/١٠/٩ |

خشتەی ژمارە (٤)
مشاريع جامعه دهوک عام ٢٠٠١ - ٢٠٠٢

| ت | اسم المشروع | الجهة المنفذة | الكلفة | تاريخ المباشرة | تاريخ الإنجاز | نسبة الإنجاز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | إنشاء بناية كلية الإدارة والإقتصاد | منظمة اليونسكو | ٨٧٤,٩٧٣ دولار أمريكي | ٢٠٠٢/١/٢ | - | ٧٠٪ |
| ٢ | إنشاء ست دور في قرية زانكو | منظمة اليونسكو | ١٢٢,٠٠٠ دولار أمريكي | ٢٠٠١/٩/١ | ٢٠٠٢/٤/١٥ | ١٠٠٪ |
| ٣ | ترميم جزء من بناية الأمن القديمة وتحويلها الى كلية القانون ومختبرات لكلية التربية | رئاسة جامعة دهوك (شركة اميدي) | ١,٠٣٩,٨٤٢ دينار عراقي | ٢٠٠٢/٧/٦ | ٢٠٠٢/١٠/١٢ | ١٠٠٪ |
| ٤ | ترميم جزء من بناية الأمن القديمة وتحويلها الى قسم داخلي للبنات مع ترميمات مختلفة في بعض الكليات والأقسام الداخلية | رئاسة جامعة دهوك | ٢٠٤,٤٧٧ دينار عراقي | ٢٠٠٢/١/٧ | - | |



كتێبخانەی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر



دیمەنێک لە کتێبخانەی
ناوەندیی
زانکۆی سەلاحەدین



سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی
زانکۆی سەلاحەدین



دەروازەی کۆلیجی پەروەردە



بەشی ناوەخۆی لەیلا قاسمی کچان



تاقیگەی پزیشکی – پەیمانگەی تەکنیکی



تاقیگەیەک لە کۆلیجی زانست



وانەی پراکتیکی لە بەشی میکانیک - پەیمانگەی
تەکنیکی - هەولێر



وانەی پراکتیکی: بەشی کارەبا – پەیمانگەی
تەکنیکی – هەولێر



بەشی کۆمپیوتەر – پەیمانگەی تەکنیکی



باڵەخانەی پەیمانگەی تەکنیکی لە هەولێر



ڕاهێنانی هاوینەی قوتابیانی زانکۆ



چادرگەی دێدەوانیی قوتابیان
لە هاوینەهەواری شێرەسوار



ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیان - زانکۆی سەلاحەدین




بەڕێز سەرۆکی حکوومەت
لە ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیانی پەیمانگەی تەکنیکییەکان



بەڕێز جێگری سەرۆکی حکوومەت
لە ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیانی زانکۆ



بەڕێزان: سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکوومەت و
وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران



فیستیڤاڵی دوازدەیەمی
پەیمانگی تەکنیکی

# تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی

# تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخساندنی هەلومەرجێکی لەبارە بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، ئەویش لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی خۆراکی گونجاو و ئاوی سازگار و ژینگەیەکی دروست و دابینکردنی هۆکارەکانی خۆپاراستن و ڕەخساندنی خزمەتگوزاریی پزیشکی پێویست بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان.

ساڵانە هەوڵ و توانایەکی زۆری ماددی و مرۆیی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە و مسۆگەر کردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی پێشخستنی هەردوو بواری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی خەرج دەکرێت.

**یەکەم- بواری تەندروستی:**

لە سایەی بەدواداچوون و هەوڵ و کۆششی بەردەوام بۆ پەرەپێدانی هەردوو لایەنی سەرەکی تەندروستی (کە بریتین لە خۆپاراستن و چارەسەرکردن)، ئەمڕۆ ئاستی تەندروستی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو بەرز بۆتەوە و ژمارەی تووشبووانی نەخۆشییە مەترسیدارەکان تا ڕادەیەکی زۆر دابەزیوە.

بایەخێکی تایبەتی بەبواری خۆپاراستن دراوە، ئەویش لە ڕێگەی هەڵمەتی بەردەوامی کوتانی منداڵان و دایکان دژی نەخۆشییە درمەکان و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیی مەلاریا و چاودێریی تەندروستیی شوێنە گشتییەکان و هەوڵی نەهێشتنی بەدخۆراکی و چاودێریی تەندروستیی دایکان و منداڵان و بڵاوکردنەوەی هوشیاریی تەندروستی.

لەلایەکی دیکەوە دەرفەتی چارەسەرکردنیش بۆ هەموو هاووڵاتییەک ڕەخساوە و، لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکاندا داو و دەرمانی پێویست بەخۆڕایی بەهاووڵاتیان دەدرێت.

ئێستا (١٤) نەخۆشخانە و (١٦١) بنکەی تەندروستی لە پارێزگای هەولێر و، ٧ نەخۆشخانە و ٩٧ بنکەی تەندروستی لە پارێزگەی دهۆک بەشێوەیەکی بەردەوام خزمەتگوزاریی تەندروستی پێویست پێشکەش بەخەڵکی کوردستان دەکەن.

جگە لەوانەش (٢) کۆمەڵگەی پزیشکی ددان لە هەولێر و دهۆکدا هەن و چەندین

ئامادەیی پەرستیاری و مامانی لە هەردوو پارێزگادا کارمەندی پەرستیار بۆ نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان ئامادە دەکەن.

پوختەی چالاکییەکانی ساڵی ٢٠٠٢ی بواری تەندروستی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ڕوون کراونەتەوە:

١- پرۆژەی بیناسازی:

لە ساڵی (٢٠٠٢)دا (٤,٤٦٢,٤١٦) دۆلار و (٤,٣٤٦,٠٣٣) دینار لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی گەلێ پرۆژەی جۆراوجۆری بیناسازیدا خەرج کراوە هەروەک:

دروستکردنی دایەنگە لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان، دروستکردنی هۆڵی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی تاداران لە هەولێر، دروستکردنی بەشی زرنگانەوەی موگناتیسی لە نەخۆشخانەی ڕزگاری، دروستکردنی خانەی نیشتەجێکردنی پزیشکان لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان، دروستکردنی بەشی گورچیلەی دەستکرد لە نەخۆشخانەی هیڤی لە دهۆک، دروستکردنی بنکەی تەندروستی لە پارێزگای دهۆک، دروستکردنی کۆگای دەرمان بۆ نەخۆشخانەی ئازادی لە دهۆک، دروستکردنی بنکەی شیاندنی منداڵانی پەککەوتە لە دهۆک، دروستکردنی کارگەی دەستکرد لەگەڵ دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی چەندین شوێنی تر کە بەوردی لە خشتەکانی هاوپێچدا ڕوون کراونەتەوە.

٢- دەرمان و ئامێری پزیشکی و کەلوپەلی جۆراوجۆر:

لە ساڵی ٢٠٠٢دا (٢٧,٠٠١,٨٦١ ) دۆلار و (١,٩٨٧,١٩٠) دینار بۆ کڕینی داو و دەرمان و ئامێری پێشکەوتووی پزیشکی و دابینکردنی کەلوپەل و ئامرازی پێویست بۆ نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج کراوە.

أ- لەبەر گرنگیی ئامێری نوێی پزیشکی لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریی پزیشکی لە هەرێمدا، بایەخێکی تایبەتی بەهێنانی ئامێری لەم جۆرە دراوە. ساڵی ٢٠٠٢ ژمارەیەک لەو ئامێرە پێشکەوتووانە بۆ نەخۆشخانەکانی هەردوو پارێزگا دەستەبەر کران کە هەندێکیان بۆ یەکەم جارە لە کوردستاندا کاریان پێ دەکرێت. لە ماوەی ئەم ساڵەدا بایی (١٧,٤٤٤,٤٧٠) دۆلار ئامێر و کەلوپەلی پزیشکی گەیشتۆتە هەردوو پارێزگا هەروەک:

- ئامێری زرنگانەوەی موگناتیسی (MRI) کە (٢,٠٠٤,٠٨٣) دۆلاری تێچووە.

- ئامێری (CT- Scan) کە (١,١٨٦,٣٣٧) دۆلاری تێ چووە.
- ئامێری پێبینی منداڵدان (Hysteroscope).
- ئامــێــری چارەســەرکــردنی چاو بەلێــزەر (Uag laser and ophthalmic) کــە (١٥٢,٢٨٩) دۆلاری تێ چووە.
- چەندین ئامێری ئیکۆی دڵ (مۆدێلی پێشکەوتوو).
- ئامێری تایبەت بەنۆرینگەی دەرەکی بە(٩٠,٨٤٢) دۆلار.
- ژووری نەگــەیەنەر بۆ ئامــێـری هێلکاری گــوێ بەهەمــوو پێـداویســتــیــەکـانیــەوە بە(٤٤٤,٣٤٨) دۆلار.
- ئامێری سڕکەر (٣٣٧,١٦٩) دۆلار.
- ئامێری تیشک (٣٠٢,٧٦٢) دۆلار.
- ئامێری پشکنینی چاو (٤٩,٣٢٣) دۆلار.
- ئامێری دۆپلەری ڕەنگی (١٦٦,٧٣٣) دۆلار.
- ئامێری لێزەری چارەسەری (قورگ و لووت و گوێ) بە( ٤٩,٤٨٩) دۆلار.
- هەندێ ئامێر و کەلوپەلی پێویست بۆ نەشتەرگەری ئێسقان بە(٢٤٩,٥٢٨) دۆلار.
- ئامێری تاقیگەییی جۆراوجۆر کە زیاتر لە (١٠٠) هەزار دۆلاری لێ سەرف کراوە.

ب- کــڕینی داوودەرمــانی جــۆراوجــۆر و دابەشکردنی بەســەر نەخــۆشــخــانەو بنکە تەندروستییەکاندا بەردەوام بووە. بۆ ئەم مەبەستەش (٩,٥٥٧,٣٩١) دۆلار لە ڕێگەی بڕیاری ٩٨٦ و، (١,٩٨٧,١٩٠) دینار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خەرج کراوە. شـایانی باسە تا ئێسـتا ڕێژەیەکی زۆر کەم لەو بەشە دەرمـانەی کە لە چوارچێـوەی بەرنامـەی ٩٨٦دا بۆ کوردسـتان تەرخان کـراوە دەگاتە نەخۆشـخانەکـانی هەرێم و، هەوڵ و کـۆشش لەگـەڵ ڕێکخـراوی WHO بۆ چارەسـەرکردنی ئەم گـرفـتـە درێژەی هەیە.

ج- کڕینی چەندین ئامراز و کەلوپەلی پێویست هەروەک:
- کڕینی ٥ ئۆتۆمبێل بۆ نەخۆشخانەکانی پارێزگای دهۆک.
- دابینکردنی ٢٨ کۆمپیوتەر و پرینتەر و سکانەر کە (٦٥١,١٢٣) دۆلاری تێ چووە.
- کڕینی ئامێرێکی فۆتۆکۆپی بۆ فەرمانگەی تەندروستی هەولێر بە(٦٥٠٠) دۆلار.

٣- ڕاگەیاندن:

لە ڕووی ڕاگەیاندن و هوشیارکردنەوەی هاوولاتیاندا ئەو کار و چالاکییانەی خوارەوە ئەنجام دراون:

- دەرکردنی ١٢ ژمارەی گۆڤاری تەندروستی.
- لە چاپدانی ٥ ژمارەی گۆڤاری ژینامە.
- بلاوکردنەوەی ٢٠ پۆستەری تەندروستی بۆ ڕێنمایی هاوولاتیان لە ڕووی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتییەوە.
- تۆمارکردنی ٢٠ ئەلقەی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەهاوکاری لەگەڵ ئاژانسی یونیسێف و پیشکەشکردنی لە تەلەفزیۆنی گولاندا.
- ئەنجامدانی هەلمەتێکی ڕاگەیاندن لە سەرجەم کەنالەکانی ڕاگەیاندندا بۆ سەرخستنی پرۆسەی کوتان.
- کردنەوەی دەیان خول و کۆڕ و سیمینار بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا.

٤- بەرز کردنەوەی توانای کادیران و پەرەپێدانی هاوکاریی دەرەوە:

کارو چالاکییەکانی ئەم بوارە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

- بەستنی کۆڕ و سیمیناری جۆراوجۆر و کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ دکتۆر و ئەندازیار و کارمەندی نەخۆشخانە و تاقیگەکان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی و زانستییان.
- ناردنی گەلێ شاند و تیمی پزیشکی بۆ دەرەوەی ولات، کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا (٤٠) پزیشک و ئەندازیار و تەکنیکار بۆ ئەنجامدانی مەشقی تایبەتی و ئاشنابوون لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ئامێرە پێشکەوتووانەی کە ئەمساڵ بۆ نەخۆشخانەکان دابین کراون ڕەوانەی دەرەوەی ولات کران.
- هاتنی شاندێکی هەرێمی باسکی ئیسپانیا بۆ کوردستان و ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلێکی هاوکاری تەندروستی لە نێوان شاندەکە و وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتیدا.
- هاتنی شاندێکی نەشتەرگەرانی نەمسا بۆ هەرێمی کوردستان و ناردنی (٧) منداڵ بۆ

وڵاتی نەمسا بەمەبەستی چارەسەرکردنیان. بڕیارە هەمان شاند لە داهاتوویێکی نزیکدا یەکەیەکی نەشتەرگەری لە کوردستان بکەنەوە.

**دووەم- کاروباری کۆمەڵایەتی:**

١- چاودێریی کۆمەڵایەتی:

لە ڕووی گرنگیدان بەبەساڵاچووان و پەیمانگەی نابینایان و کەڕ و لاڵان و کەم ئەندام و بیرکولان ئەم چالاکییانەی خوارەوە ئەنجام دراون:

- کردنەوەی (١٢) خولی جۆراوجۆر، هەروەک خولی بەرزکردنەوەی ئاستی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی، خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری، خولی شێوەکاری، خولی کاری دەستی، فێرکردنی کۆمپیوتەر، سیمیناری لاوان، خولی هوشیارکردنەوەی منداڵی ئیشکەری دابڕاو لە قوتابخانە، خولی دایەنگە، خولی چۆنیەتیی وانەوتنەوە بۆ کەڕولاڵان و خولی مافی مرۆڤ.
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی جۆراوجۆر بەخانەکان، هەروەک ئەنجامدانی نەشتەرگەری، سەردانی پسپۆڕان بۆ چارەسەرکردنی بەساڵاچووان، سەردانی پسپۆڕی تەندروستی بۆ پشکنینی نەوجەوانان و دابینکردنی داوودەرمانی پێویست بۆ نەخۆشەکان.
- خەرجکردنی (٢,٧٩٠,١٤٤) دینار بۆ دابینکردنی سووتەمەنی و خۆراکی تەڕ، لەگەڵ وەرگرتنی ئازووقەی وشک لە ڕێکخراویWFP .
- لە گشت بۆنە و ساڵڕۆژە جیهانییەکاندا ئاهەنگ و چالاکیی تایبەتی سازکراوە، لەوانەش: جەژنی ئافرەتانی جیهان، یادی هەفتەی کەڕ و لاڵانی جیهان، کردنەوەی پێشانگایەک بەبۆنەی ڕۆژی منداڵانی جیهان، ئاهەنگی جەژنی منداڵان، ئاهەنگی ١٦ی ئاب یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کردنەوەی کەمپی هاوینە، ئاهەنگی بەساڵاچووان، یادی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ و ڕۆژی کەم ئەندامانی جیهان.
- سازدانی چەندین گەشت و سەیران بۆ سەردانی شاری یاری و مۆزەخانە و کارگەکان و باخچەی ئاژەڵ و هاوینەهەوارەکان بۆ قوتابیانی خانەی نەوجەوانانی کوڕان و کچان و خانەی کوڕانی بچووک و گەورە و خانەی چاودێریی کچان.

- لە ساڵی ٢٠٠٢دا چەندین پرۆژەی بیناسازی یا نۆژەنکردنەوەی لەم بوارەدا ئەنجام دراون کە لە خشتەکانی هاوپێچدا خراونەتە ڕوو. جگە لەوانەش پرۆژەی دیکە لەژێر ئەنجامدان، هەروەک کردنەوەی سندووقی چاودێری خێزان لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی کۆمەڵایەتی لە سۆران.
- لە ساڵی ٢٠٠٢دا جلوبەرگ بەسەر منداڵانی خانەی چاودێریی کوڕان و کچان و پەیمانگەی کەمئەندامان و خانەی نەوجەوانانی کوڕان و کچان دابەش کرا.
- هەر لەو ساڵەدا (١٦٩) قوتابی لە پەیمانگەکانی سەربە بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی هەولێر و دهۆک وەرگیراون و، (٨١) قوتابییش لەو پەیمانگایانەدا دەرچوون.

٢- چاکسازیی کۆمەڵایەتی:

- بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی لاساریی نەوجەوانان و ڕیشەکێش کردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی لاساری و هۆشیارکردنەوە و ڕاستکردنەوەی لاساران، ئەو کار و چالاکییانەی خوارەوە ئەنجام دراون:
- کردنەوەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی هەولێر و دهۆک.
- کردنەوەی (٩) خولی جۆراوجۆر بۆ مامۆستایانی چاکسازی، ئافرەتان، نەوجەوانان، توێژەرانی کۆمەڵایەتی و کارمەندانی چاکسازی.
- دروستکردنی باڵەخانەی چاکسازیی ئافرەتان لە هەولێر و نۆژەنکردنەوەی بەشی نەوجەوانان لە هەولێر و بەشی چاکسازی لە دهۆک بەهاوکاری ئاژانسی یونیسێف.
- خەرجکردنی (٣,٣٩٥,٠٠٠) دینار بۆ دابینکردنی سووتەمەنی و خۆراک و پێداویستییەکانی فێرکردن و جلوبەرگ.
- کردنەوەی خانەی ڕاهێنانی منداڵان لە هەولێر و هەماهەنگی لەگەڵ ماڵی خانزاد و، بەردەوامبوون لەسەر چاودێری و ئاراستەکردنی نەوجەوانان دوای دەرچوونیان لە خانەکانی چاکسازی.

٣- کار و دابینکردنی کۆمەڵایەتی:

- بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کار و دابینکردنی کۆمەڵایەتی بەردەوام بووە لەسەر داکۆکیکردن لە مافەکانی کرێکاران و پشکنین و سەردانی پرۆژەکان و بەخشینی مۆڵەت بەخاوەن پیشە و دوکاندارەکان.

- چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ خاوەن کار و پیشەکان ئەنجام دراوە سەبارەت بەڕێکوپێکتر کردنی کارەکان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان.
- بنکەی مەشقی پیشەیی هەولێر (٥) خولی جۆراوجۆری لە بواری کارەبا، دارتاشی، ساردکەرەوە، لکاندن و دورمان کردۆتەوە کە (٢٠٥) قوتابی کوڕ و کچ بەشدارییان تیادا کردووە. خەرجی هەر پێنج خولەکەش (٧٤,٣٢٥) دۆلار بووە.
- هەردوو دەزگای خێراتە و میکانیک بە(٦,٤٧٧) دۆلار نۆژەن کراونەتەوە و زۆر چالاکیی دیکەش لەم بوارەدا ئەنجام دراون.

## خشتەی ژمارە (١)

**ڕوونکردنەوەی پارەی سەرفکراو لە پرۆژەکانی بیناسازی:**

| ژ | سەرچاوەی بودجە | هەولێر | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | پارەی سەرفکراو بەدۆلار | پارەی سەرفکراو بەدینار | پارەی سەرفکراو بەدۆلار | پارەی سەرفکراو بەدینار |
| ١ | بڕیاری ٩٨٦ | 1,994,888.62 | 0.00 | 1,926,027.50 | 0.00 |
| ٢ | حکومەتی هەرێم | 0.00 | 187,963.00 | 0.00 | 4,158,070.00 |
| ٣ | ڕێکخراوی ناحکوومی | 240,000.00 | 0.00 | 301,500,.00 | 0.00 |
| کۆی | | **2,234,888.62** | **187,963.00** | **2,227,527.50** | **4,158,070.00** |
| کۆی گشتی (هەولێر + دهۆک) بەدۆلار | | | **4,462,4160.12** | | |
| کۆی گشتی (هەولێر + دهۆک) بەدینار | | | **4,346,033.00** | | |



## خشتەی ژمارە(٢)

**کۆی خەرجییەکانی بیناسازی لە سنووری پارێزگای هەولێر**

| ژ | جۆری بنیاتنانەوە | ژمارە | پات | |
|---|---|---|---|---|
| | | | دۆلار | دینار |
| ١ | نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی نەخۆشخانەکان | 10 | 1,747,916.62 | |
| ٢ | پشکنینی گڵ | 3 | 25,850.00 | |
| ٣ | نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی بنکە تەندروستییەکان | 6 | 183,886.00 | 187,963.00 |
| ٤ | نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان | 4 | 237,110.00 | |
| ٥ | دروستکردنی خانوو بۆ کارمەندان | 3 | 40,126.00 | |
| کۆی گشتی | | | **2,234,888.62** | **187,963.00** |

خشتەی ژمارە(٣)

**كۆی خەرجییەكانی بیناسازی لە سنووری پارێزگای دهۆك**

| پات | | ژمارە | جۆری بنیاتنانەوە | ژ |
|---|---|---|---|---|
| دینار | دۆلار | | | |
| 61,010.00 | 304,805.25 | 4 | نۆژەنكردنەوە و فراوانكردنی نەخۆشخانەكان | ١ |
| | 236,616.25 | 3 | دروستكردنی كۆگا بۆ نەخۆشخانەكان | ٢ |
| 8,000.00 | 68,814.00 | 4 | دابینكردنی كەلوپەل و پێداویستی بۆ نەخۆشخانە و بنكە تەندروستییەكان | ٣ |
| | 23,280.00 | 2 | پشكنینی گڵ | ٤ |
| | 592,929.00 | 7 | دروستكردنی بنكەی تەندروستی | ٥ |
| 39,060.00 | 300,323.22 | 18 | نۆژەنكردنەوە و فراوانكردنی بنكە تەندروستییەكان | ٦ |
| | 400,760.00 | 3 | نۆژەنكردنەوەی دەزگا كۆمەڵایەتییەكان | ٧ |
| | 300,000.00 | 1 | دروستكردنی كارگەی پەلی دەستكرد | ٨ |
| 1,650,000.00 | | 1 | دروستكردنی كۆمەڵگەی پزیشكی ددان | ٩ |
| 2,400,000.00 | | 10 | دروستكردنی خانوو بۆ پزیشكان | ١٠ |
| **4,158,070.00** | **2,227,527.50** | | كۆی گشتی | |

خشتەی ژمارە(٤)

پرۆژە جێبەجێ کراوەکانی ساڵی ٢٠٠٢ لە سنووری پارێزگای هەولێر

**أ - لەسەر بودجەی ٩٨٦**

| ژ | ناوی پرۆژە | تێچوون بەدۆلار | ئەنجام دراوە لەلایەن |
|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی دایەنگە لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان | 72,472.00 | WHO |
| ٢ | نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی نەخۆشخانەی تاداران | 498,339.00 | WHO |
| ٣ | دروستکردنی هۆڵی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی تاداران | 183,058.30 | WHO |
| ٤ | دروستکردنی خانەی نیشتەجێکردنی پزیشکان لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان | 148,388.00 | WHO |
| ٥ | دروستکردنی بەشی زرنگانەوەی موگناتیسی (MRI) لە نەخۆشخانەی ڕزگاری | 135,674.00 | WHO |
| ٦ | دروستکردنی ژووری محەویلەی کارەبا و ژووری پاسەوان لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکردن | 18,125.60 | WHO |
| ٧ | دەروازەی سەرەکی و دایەنگە لە نەخۆشخانەی ڕزگاری | 80,034.47 | WHO |
| ٨ | پشکنینی گڵ/ نەخۆشخانەی مێرگەسوور | 8,050.00 | WHO |
| ٩ | پشکنینی گڵ/ نەخۆشخانەی شەهید ملازم کەریم | 9,750.00 | WHO |
| ١٠ | پشکنینی گڵ/ نەخۆشخانەی چۆمانی گشتی | 8,050.00 | WHO |
| ١١ | نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی نەخۆشخانەی سۆرانی گشتی | 371,825.25 | WHO |
| ١٢ | نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی بنکەی تەندروستی لەگەڵ ٤ خانوو لە تۆبزاوە | 82,297.00 | UNICEF |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ | نۆژەنكردنەوە و فراوانكردنی بنكەی تەندروستی خانزاد | 101,589.00 | UNICEF |
| ١٤ | نۆژەنكردنەوەی پەیمانگەی ڕووناكی بۆ نابیناكان | 52,758.00 | UNICEF |
| ١٥ | نۆژەنكردنەوەی خانەی نەوجەوانانی كوڕانی گەورە | 47,989.00 | UNICEF |
| ١٦ | نۆژەنكردنەوە و فراوانكردنی باڵەخانەی چاكسازی كۆمەڵایەتی | 129,886.00 | UNICEF |
| ١٧ | فراوانكردنی بنكەی مەشقی پیشەیی | 6,477.00 | UNICEF |
| ١٨ | دروستكردنی خانووی فەرمانبەران لە سمێلان و چۆمانی سمایل ئاغا | 26,751.00 | HABITAT |
| ١٩ | دروستكردنی خانووی فەرمانبەران لە بێشێ | 13,375.00 | HABITAT |
| | كۆی گشتی | 1,994,888.62 | |

**ب- لەسەر بودجەی حكوومەتی هەرێمی كوردستان**

| ژ | ناوی پرۆژە | تێچوون بەدینار |
|---|---|---|
| ١ | چەند نۆژەنكردنەوەیەك لە (نەخۆشخانەی ڕزگاری ب. ت. حبیب مالح، ب. ت. قۆڕپیتان، ب. ت. ئاوارەكان | 187,963.00 |

ج- **لەسەر بودجەی ڕێكخراوە ناحكوومییەكان** (MGOs)

| ژ | ناوی پرۆژە | تێچوون بەدۆلار | ئەنجام دراوە لەلایەن |
|---|---|---|---|
| ١ | كردنەوەی بەشی فریاكەوتن لە هەنجیرۆك | – | EMERGENCY |
| ٢ | كردنەوەی بەشی فریاكەوتن لە مێرگەسوور | – | EMERGENCY |
| ٣ | نۆژەنكردنەوەی بەشێك لە نەخۆشخانەی سۆرانی گشتی لەگەڵ پاشگرەكانی سەر بەنەخۆشخانە | 240,000.00 | ICRC |

خشتەی ژمارە(٥)

پرۆژەی جێبەجێ کراوەکانی ساڵی ٢٠٠٢ لە سنووری پارێزگای دهۆک

أ - **لەسەر بودجەی ٩٨٦**

| ژ | ناوی پرۆژە | تێچوون بەدۆلار | ئەنجام دراوە لەلایەن |
|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی کۆگا لە نەخۆشخانەی زاخۆ | 77,948.00 | WHO |
| ٢ | دانانی کەلوپەل بۆ کۆگای دەرمانی نەخۆشخانەی زاخۆ | 14,064.00 | WHO |
| ٣ | دانانی کەلوپەل بۆ خانووی پزیشکان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن | 29,022.00 | WHO |
| ٤ | دابینکردنی بۆری بۆ ئامێری ساردکرنەوە لە نەخۆشخانەی ئازادی | 25,728.00 | WHO |
| ٥ | دروستکردنی کۆگای دەرمان لەگەڵ شوێنی تایبەت بۆ پۆلیس لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن | 77,868.25 | WHO |
| ٦ | دروستکردنی بەشی گورچیلەی دەستکرد لە نەخۆشخانەی هێڤی | 148,104.00 | WHO |
| ٧ | پشکنینی گڵ لە نەخۆشخانەی ئاکرێ | 18,320.00 | WHO |
| ٨ | دروستکردنی کۆگا لە سمێڵ | 80,800.00 | WHO |
| ٩ | نۆژەنکردنەوەی نهۆمی شەشەمی نەخۆشخانەی ئازادی | 120,701.25 | WHO |
| ١٠ | پشکنینی گڵ لە نەخۆشخانەی ئازادی | 4,960.00 | WHO |
| ١١ | نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی بنکەی تەندروستی تەناهی | 55,608.00 | UNICEF |
| ١٢ | نۆژەنکردنەوە و فراونکردنی بنکەی تەندروستی دارەتوو | 35,231.00 | UNICEF |
| ١٣ | دروستکردنی بنکەی تەندروستی لە بامشمش | 29,000.000 | UNICEF |

ماوەتی

| | | | |
|---|---|---|---|
| UNICEF | 6,700.00 | دروستکردنی هۆڵی منداڵبوون لە بنکەی (شاریا ، باتوفە ، سەرسەنگ، بێگۆڤە، درکار، کانی ماسی) | ١٤ |
| UNICEF | 11,485.00 | نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستی حوجاڤا | ١٥ |
| UNICEF | 29,750.00 | نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستی سەرسەنگ | ١٦ |
| UNICEF | 64.089.00 | نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستی لەگەڵ خانووی پزیشک لە شیلادزێ | ١٧ |
| UNICEF | 40,352.00 | نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستی لە میرسدا و بلان | ١٨ |
| UNICEF | 55,608.00 | نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستی لە تەناهی | ١٩ |
| UNICEF | 36,760.00 | نۆژەنکردنەوەی پەیمانگەی کەڕولاڵان | ٢٠ |
| UNICEF | 64,000.00 | نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی چاکسازی کۆمەڵایەتی | ٢١ |
| HABITAT | 73,070.00 | دروستکردنی بنکەی تەندروستی لەگەڵ خانووی پزیشک لە شەرمن | ٢٢ |
| HABITAT | 106,724.00 | دروستکردنی بنکەی تەندروستی لەگەڵ خانووی پزیشک لە باگیرات | ٢٣ |
| HABITAT | 99,726.00 | دروستکردنی بنکەی تەندروستی لەگەڵ خانوو پزیشک لە گردەسێن | ٢٤ |
| HABITAT | 99,021.00 | دروستکردنی بنکەی تەندروستی لەگەڵ خانووی پزیشک لە چرە | ٢٥ |
| HABITAT | 86,147.00 | دروستکردنی بنکەی تەندروستی لەگەڵ خانووی پزیشک لە تلکبر | ٢٦ |
| HABITAT | 99,241.00 | دروستکردنی بنکەی تەندروستی لەگەڵ خانووی پزیشک لە ڕاڤینا | ٢٧ |
| UNOPS | 300,000.00 | دروستکردنی کارگەی پەلی دەستکرد | ٢٨ |
| **1,926,027.50** | | کۆی گشتی | |

تەواو

**ب- لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

| ژ | ناوی پرۆژە | تێچوون بەدینار |
|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی پەرژینی نەخۆشخانەی فریاکەوتن | 25,460.00 |
| ٢ | دروستکردنی ژوورێک لە بنکەی تەندروستی قازی محەمەد | 4,500.00 |
| ٣ | نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستی لیناڤا | 23,560.00 |
| ٤ | نۆژەنکردنەوە و گۆرینی هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی فریاکەوتن | 35,550.00 |
| ٥ | دروستکردنی بۆ نەخۆشخانەکانی یەکەی تاداران (کەموکوڕی هەمەجۆر) | 11,000.00 |
| ٦ | چاککردنی تۆڕی ئاو لەگەڵ بەستنی تانکی نوێ بۆ بنکەی بەدخۆراکی | 8,000.00 |
| ٧ | دروستکردنی (١٠) خانوو بۆ پزیشکان | 2,400,000.00 |
| ٨ | دروستکردنی کۆمەڵگەی پزیشکی ددان | 1,650,000.00 |
| | کۆی گشتی | **4,158,070.00** |

**ج- لەسەر بودجەی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان** (MGOs)

| ژ | ناوی پرۆژە | تێچوون بەدۆلار | ئەنجام دراوە لەلایەن |
|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی بنکەی شیاندنی منداڵی پەککەوتە | 300,000.00 | ACORN |
| ٢ | نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستی هسن بیرکا | 1,500.00 | PWJ |
| | کۆی گشتی | **301,500.00** | |

خشتەی ژمارە (٦)
ئاماری تایبەت بەهەردوو فەرمانگەی تەندروستی هەولێر و دهۆک لە ساڵی ٢٠٠٢

| ئامار | هەولێر | دهۆک |
|---|---|---|
| ژمارەی ئەو نەخۆشخانەی سەردانی یەکەکانی تەندروستییان کردووە | 2,685,029 | 2,059,006 |
| ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە خەوێندراون لە یەکەکانی تەندروستی | 120,284 | 81,858 |
| ژمارەی ئەو نەخۆشانەی چاک بووینەتەوە | 111,019 | 72,139 |
| ژمارەی لەدایکبوون | 41,978 | 22,662 |
| ژمارەی مردووان | 2,140 | 1,297 |
| ژمارەی نەشتەرگەری گەورە | 7,684 | 4,741 |
| ژمارەی نەشتەرگەری مام ناوەندی | 13,975 | 5,380 |
| ژمارەی نەشتەرگەری بچووک | 7,365 | 1,962 |
| ڕێژەی داپۆشین بۆ پێکوتی سیانی | 84.53% | 47.10% |
| ڕێژەی داپۆشین بۆ پێکوتی ئیفلیجی منداڵ | 124.65% | 73.03% |
| ڕێژەی داپۆشین بۆ پێکوتی تۆکسیدی شەوە بۆ ئافرەتانی دووگیان | 85.50% | 37.17% |
| ڕێژەی داپۆشین بۆ پێکوتی سورێژە | 74.51% | 52.90% |
| ڕێژەی داپۆشین بۆ پێکوتی بی سی جی | 98.01% | 92.29% |
| ڕێژەی داپۆشین بۆ پێکوتی هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر | 101.98% | 17.58% |
| ژمارەی ئەوانەی سەردانی یەکەی دایک و منداڵیان کردووە - دووگیان | 85,957 | 46,460 |
| ژمارەی ئەوانەی سەردانی یەکەی دایک و منداڵیان کردووە - دایک | 44,289 | 29,421 |
| ژمارەی پشکنینی تاقیگەیی ئەنجامدراو | 674,655 | 236,296 |
| پشکنینی موجەب | 315,691 | 164,611 |
| پشکنینی سالیب | 358,964 | 111,424 |
| ژمارەی قوربانیانی مین | 7 | 18 |

خشتەی ژمارە (٧)

خشتەی ژمارەی هۆڵی نەشتەرگەری و قەرەوێڵە لە نەخۆشخانەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆک

| نەخۆشخانە | هۆڵی نەشتەرگەری | قەرەوێڵە |
|---|---|---|

**هەولێر:**

| نەخۆشخانە | هۆڵی نەشتەرگەری | قەرەوێڵە |
|---|---|---|
| ڕزگاری | 12 | 450 |
| لەدایکبوون و منداڵان | 2 | 474 |
| هەولێری فێرکردن | 7 | 332 |
| ڕاپەڕین | 2 | 150 |
| فریاکەوتن | 3 | 161 |
| مێرگەسوور | 1 | 40 |
| شەقلاوە | 1 | 100 |
| چۆمان | 0 | 20 |
| سۆران | 1 | 170 |
| هەریر | 0 | 36 |
| شەهید مولازم کەریم | 2 | 32 |
| کۆ | 31 | 1,965 |

**دهۆک:**

| نەخۆشخانە | هۆڵی نەشتەرگەری | قەرەوێڵە |
|---|---|---|
| ئازادی | 9 | 543 |
| زاخۆ | 3 | 148 |
| ئامێدی | 1 | 35 |
| فریاکەوتن | 3 | 103 |
| سەرسەنگ | 0 | 33 |
| ئاکرێ | 2 | 53 |
| ڕوزانا | 0 | 12 |
| کۆ | 18 | 927 |
| کۆی گشتی | 49 | 2,892 |

خشتەی ژمارە(٨)

**داهاتەکانی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی بەدینار**

| وەرزەکان | دیوانی وەزارەت | ب. هێنان و دابەشکردنی دەرمان | فەرمانگەکانی تەندروستی | | ب. گ کار و دابینکردنی کۆمەلایەتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەولێر | دهۆک | هەولێر | دهۆک |
| وەرزی یەکەم | 150,000 | 524,785 | 3,021,631 | 2,419,855 | 286,050 | 115,050 |
| وەرزی دووەم | 7,500 | 579,928 | 2,978,645 | 2,629,362 | 344,492 | 200,289 |
| وەرزی سێیەم | 1,089 | 251,731 | 3,102,092 | 2,398,456 | 400,466 | 144,112 |
| وەرزی چوارەم | 0 | 40,245 | 1,043,191 | 883,440 | 118,483 | 47,570 |
| کۆی گشتی | **158,589** | **1,396,689** | **10,145,559** | **8,331,113** | **1,149,491** | **507,021** |

| وەرزەکان | ب. گ. چاودێری کۆمەلایەتی | | عیادە میللییەکان | | جۆری داهات |
|---|---|---|---|---|---|
| | هەولێر | دهۆک | هەولێر | دهۆک | |
| وەرزی یەکەم | 17,985 | 6,570 | 645,844 | 290,293 | ١- پسوولەی تەندروستی |
| وەرزی دووەم | 20,310 | 4,200 | 956,736 | 328,806 | ٢- سزای دارایی (غرامە) |
| وەرزی سێیەم | 24,550 | 2,820 | 824,264 | 309,238 | ٣- بڕوانامەی لەدایکبوون |
| وەرزی چوارەم | 15,990 | 1,920 | 245,167 | 107,399 | ٤- جۆراوجۆر |
| کۆی گشتی | **78,835** | **15,510** | **2,672,011** | **1,035,736** | |

خشتەی ژمارە(٩)

**خەرجییەکانی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بەدینار**

| وەرزەکان | دیوانی وەزارەت | ب. هێنان و دابەشکردنی دەرمان | فەرمانگەکانی تەندروستی | | ب. گ کار و دابینکردنی کۆمەڵایەتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەولێر | دهۆک | د. گ. | هەولێر | دهۆک |
| وەرزی یەکەم | 260,533 | 0 | 12,261,277 | 4,711,354 | 36,618 | 105,362 | 45,177 |
| وەرزی دووەم | 311,189 | 0 | 13,586,992 | 5.966,970 | 45,932 | 152,161 | 53,333 |
| وەرزی سێیەم | 158,902 | 0 | 15,412,127 | 6,084,615 | 44,436 | 144,940 | 55,721 |
| وەرزی چوارەم | 141,381 | 0 | 5,518,941 | 1,996,477 | 14,066 | 43,369 | 21,436 |
| کۆی گشتی | **872,005** | **0** | **46,779,337** | **18,759,416** | **141,052** | **445,832** | **175,667** |

| وەرزەکان | ب. گ. چاودێری کۆمەڵایەتی | | | ب. گ. چاکسازی کۆمەڵایەتی | عیادە میللییەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ب. گ. | هەولێر | دهۆک | | هەولێر | دهۆک |
| وەرزی یەکەم | 80,034 | 1,191,682 | 410,976 | 337,566 | 597,069 | 219,347 |
| وەرزی دووەم | 76,169 | 1,639,506 | 394,348 | 386,227 | 819,763 | 271,563 |
| وەرزی سێیەم | 75,654 | 1,722,228 | 771,229 | 453,337 | 768,660 | 281,715 |
| وەرزی چوارەم | 31,301 | 484,082 | 343,406 | 164,920 | 351,532 | 113,613 |
| کۆی گشتی | **263,158** | **5,037,498** | **1,919,959** | **1,342,050** | **2,537,024** | **886,238** |



بەڕێز وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی
لە ئاهەنگی ڕۆژی جیهانیی منداڵاندا



بەشی شکاندنی بەرد و شوشتنی گورچیلە – دهۆک
(ئەنجامدانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی)



بەشی نەشتەرگەری
لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری



پرۆژەی خانەی پزیشکان
لە نەخۆشخانەی فریاگوزاریی دهۆک



هۆڵێک لە نەخۆشخانەی
ڕاپەڕین - هەولێر



ئامێری شکاندنی بەردی گورچیلە



بنکەی تەندروستیی پیرزین



دایەنگەی نەخۆشخانەی
هەولێری فێرکاری – تعلیمی

# کشتوکاڵ و ئاودێری

# کشتوکاڵ و ئاودێری

کوردستانی عێراق بەکۆنترین شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ دادەنرێت کە هەر لە دێرزەمانەوە کاری کشتوکاڵیی تێدا ئەنجام دراوە. شارەزایان لەو باوەڕەدان کە گوندی (چەرمۆ) لە ناوچەی چەمچەماڵ کۆنترین گوندی کشتوکاڵییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

کشتوکاڵ کۆڵەگەی سەرەکیی ئابووریی کوردستانە و زیاتر لە نیوەی دانیشتوان لە کاتی ئاساییدا پشت بەداهاتی ئەم کەرتە دەبەستن. ساڵانی پێش ڕاپەرین لە ئاکامی سیاسەتی شوومی وێرانکردنی گوند و لادێکان و ڕاگوێزانی دانیشتوانیان بەرەو کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان، بواری کشتوکاڵیش وەک سەرجەم بوارەکانی دیکە زەرەر و زیانێکی زۆری بەرکەوت کە بوو بەهۆی دابەزینی بەرهەم و کەمبوونەوەی ڕووبەری زەویوزاری چێنراو.

ڕووبەری گشتیی زەویوزاری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک کە لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی هەرێمدایە دەکاتە (٧,٤٦٧,٠٦٨) دۆنم، کە لەم ڕووبەرە ئێستا تەنها (٢,٧٧٢,٣٧١) دۆنم بۆ چاندن دەست دەدات.

سیاسەتی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی بواری کشتوکاڵ لە سێ خاڵی سەرەکیدا بەرجەستە دەبێ:

أ- مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆراک:

هەوڵ و کۆشش بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی وڵات خاڵێکی گرنگی بەرنامەی کاری کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە. لەم ڕووەوە بایەخێکی تایبەتی بەزیادکردنی بەرهەمی ڕووەکی و ئاژەڵی دراوە بەو ئاراستەیەی کە نەک هەر تەنها پێداویستییەکانی بازاڕی ناوخۆ دابین بکات، بەڵکو لە ڕێگەی ناردنە دەرەوەی بەرهەمی زیاد لە پێویست لە داهاتوودا سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی بەردەوام بۆ خەڵکی هەرێم دەستەبەر بکرێت، جگە لەوەش کشتوکاڵ بوارێکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی ئەو کەرەسەخاوانەی کە بۆ پیشەسازی پێویستن، هەروەک: پەمۆ، توتن، چەوەندەر، کونجی و هی تر. ئاکامی ئەو سیاسەتەش لەو پێشکەوتنەدا خۆی دەنوێنێ کە کەرتی کشتوکاڵ بەخۆیەوە بینیوە و، ئەمڕۆ بەرهەمی دەغڵودان و سەوزە و گۆشت و زۆر جۆری میوە پێداویستییەکانی خەڵکی هەرێم دابین دەکات. بۆ نموونە لە کاتێکدا خەڵکی هەرێم ساڵانە پێویستیان بە(٤٢٠) هەزار تەن گەنم هەیە، بەرهەمی گەنمی ساڵی ٢٠٠٢ لە (٤٤٠) هەزار تەن تێپەڕی. ژمارەی پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت

گەیشتوّتە (٣٨٣) پرۆژە کە بەرهەمی ساڵانەیان لە (١٥) ملیۆن مریشک زیاترە، ژمارەی پرۆژەکانی پەروەردەی ماسی (١٠٩) پرۆژەیە کە ساڵانە زیاتر لە (٢٠٠) تەن ماسی بەرهەم دەهێنن. لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکدا زیاتر لە (١,٦٠٠,٠٠٠)سەر مەڕ و بزن و، زیاتر لە (٢٠٠) هەزار مانگاو ڕەشەوڵاخ بەخێو دەکرێت.

ب- هاندانی جووتیاران بۆ گەڕانەوە بۆ سەر زەویوزاری خۆیان:

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پشتگیریکردنی کەرتی کشتوکاڵ و پێشکەشکردنی هاوکاری و یارمەتی جۆراوجۆری بەردەوام بەجووتیاران و هەوڵدان بۆ زیاترکردنی داهاتی ئەو خێزانانەی کە لەسەر کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی لادێدا دەژین هانی جووتیارانی داوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر زەویوزاری خۆیان و گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە. وێڕای پرۆژەکانی ئاودێری، ساڵانە سەدان تەن گەنمی باوەڕ پێکراو و پەینی کیمیاوی و تۆوی بەروبوومی هاوینە و ئالیکی ئاژەڵ و هەزاران شانەهەنگ و مریشکی هێلکەکەر و مەڕ و بزن بەسەر جووتیاران دابەش دەکرێت.

جگە لەوانەش ساڵانە سەدان تەن دەرمانی مێرووکوژ بۆ قەڵاچۆکردنی دەردە کشتوکاڵیەکان بەکاردەهێنرێت و گەلێ پرۆژەی هەڵکەندنی بیر و دروستکردنی حەوز و کۆل و هی تر ئەنجام دەدرێت. ئەو کار و پرۆژانەش کاریگەریی گەورەیان کردۆتە سەر بووژاندنەوەی بواری کشتوکاڵ و هاندانی جووتیاران بۆ گەڕانەوە بۆسەر زێدی باب و باپیرانیان.

ج- پاراستنی ژینگە:

خاڵێکی گرنگی دیکەی بەرنامەی کاری کابینەی چوارەم لە بواری کشتوکاڵدا بایەخدانە بەژینگەی کوردستان لە ڕێگەی پاراستنی ڕووپۆشی ڕووەکی و سەرچاوەکانی ئاو و زیادکردنی ڕووبەری دارستان و پاوانەکان و کەمکردنەوەی ڕامالینی خاک و بایەخدان بەحەوزی ڕووبارەکان. ئەنجامی ئەو سیاسەتەش زۆر بەڕوونی لەزیادبوونی ڕووبەری دارستانەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری هاووڵاتیان لە ڕووی بایەخدان بەپاراستنی دار و درەختی چێنراودا دەردەکەوێت.

ساڵی ٢٠٠٢ هەوڵێکی زۆر و داهاتێکی گەورە بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ سەرف کراوە و بایەخێکی زۆر بەپاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی ئاژەڵی دراوە. ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرنگترین کارو چالاکییەکانە:

**یەکەم- بەرووبوومی ڕووەکی:**

گرنگترین بەرووبوومی ڕووەکی لە هەرێمی کوردستاندا بریتییە لە بەرووبوومی خۆراک، هەروەک دانەوێڵە و سەوزە و میوە، بەرووبوومی پیشەسازی هەروەک توتن و چەوەندەری شەکر، بەرووبوومی ئالیک هەروەک جۆ و هی تر. لە ئەنجامی پرۆژەکانی ئاودێری و بەکارهێنانی ئامێری نوێ و دابەشکردنی پەین و گەنمی چاککراو و لەناوبردنی نەخۆشییەکانی کشتوکاڵ و، بەرووبوومی ڕووەکی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە.

لە بواری پەرەپێدانی ئەم بەرووبوومەدا زۆر کار و چالاکی ئەنجامدراون، هەروەک:

١- لە ساڵی ٢٠٠٢دا (٤٤٠,٧٢٩) تەن گەنم و (١٩٢,٨٤٢) تەن جۆ لە زەویوزاری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک بەرهەم هێنراوە. جگە لەوانەش (٦٦,٩٤٠) تەن بەرووبوومی زستانەی تر هەروەک نۆک و نیسک و پاقلەمەنی و هی تر بەرهەم هێنراون. هەر لە ساڵی (٢٠٠٢)دا بەرووبوومی هاوینە هەروەک تەماتەو خەیار و شوتی و کاڵەک و هی تر لە (٣١٦) هەزار تەن تێپەڕیوە.

٢- هەوڵ و کۆشش بۆ قەڵاچۆکردنی مێرووی زیانبەخش و چارەسەرکردنی دەردە کشتوکاڵییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەدان تەن لە دەرمانی مێرووکوژەوە هۆکارێکی کاریگەر بووە بۆ پەرەپێدانی بەرووبوومی ڕووەکی. لەم ڕووەوە ساڵی ٢٠٠٢ ڕووبەری (١٤٨,٩٢٣) دۆنم لە پارێزگای هەولێر و (٤٩,٢٩١) دۆنم لە پارێزگای دهۆک لە گشت دەردە کشتوکاڵییەکان پاک کراوەتەوە.

٣- بۆ هاوکاریکردنی جووتیاران و هاندانیان بۆ پەرەپێدانی زیاتری کەرتی کشتوکاڵ و زیادکردنی بەرهەم، ساڵی ٢٠٠٢ پێداویستی جۆراوجۆر بەسەر جووتیارانی هەردوو پارێزگا دابەش کراوە، هەروەک:

أ- (١٤٢٤) تەن پەینی کیمیاوی.

ب- نزیکەی (٦٣١) تەن تۆوی جۆراوجۆر هەروەک (گوڵەبەڕۆژە، فول الصویا، تەماتە... هتد).

ج- دابەشکردنی نزیکەی (١٦) هەزار پارچە یەدەگی جۆراوجۆری تراکتۆر.

د- دابەشکردنی نزیکەی (١١) هەزار پارچە یەدەگی جۆراوجۆری دەڕاسە.

٤- هەر لە ساڵی ٢٠٠٢دا (٢٥٣٩) شانەهەنگ و نزیکەی ١٠ تەن شەمێ و زیاتر لە ٥ تەن خۆراکی هەنگ بەجووتیاران دراوە.

٥- پرۆسەی پاککردنەوەی زەویوزاری کشتوکاڵی لە بەرد بەبەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتووی کۆکردنەوەی بەرد درێژەی هەبووە و، لەم ڕووەوە زیاتر لە (٥) هەزار دۆنم زەوی جووتیاران لە بەرد پاک کراوەتەوە.

### دووەم- دارستان و ڕەزگەری:

ئاو و هەوای لەبار و بەرزی و نزمیی زەوی و زۆریی باران و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا هەلومەرجێکی لەباری بۆ گەشەکردنی گەلێ جۆری ڕووەکی خۆڕسک لە جۆری درەختی بەڕوو و قەزوان و سەروو و گوێز و هی تر ڕەخساندووە. پاراستن و بووژاندنەوەی دارستانە خۆڕسکەکان و چاندنی درەختی جۆراوجۆر و دروستکردنی دارستانی دەستکرد هۆکارێکی گرنگی پەرەپێدانی ژینگەی کوردستانە، هەر بۆیەش کابینەی چوارەم هەر لە سەرەتاوە ئاورێکی تایبەتی لەم بوارە داوەتەوە. لە ئاکامی هەوڵ و بەدواداچوونی بەردەوامەوە پێشکەوتنی گەورە لەم بوارەدا بەدی هاتووە. تەنها لە ساڵی ٢٠٠٢دا ئەم کار و چالاکییانە ئەنجام دراون:

١- (١٥٣٠) دۆنم زەوی لە هەولێر و (١٠٠٠) دۆنم زەوی لە پارێزگای دهۆک بۆ چاندنی نەمامی جۆراوجۆر ئامادەکراون.

٢- نزیکەی (١٧٠) هەزار نەمام لە پارێزگای هەولێر و (١٨,٢٦٥) نەمام لە پارێزگای دهۆک لە شوێنی نەمامە فەوتاوەکاندا چێنراون.

٣- (١٣٥) هەزار نەمام لە پارێزگای هەولێر و (٢١٠) هەزار نەمام لە پارێزگای دهۆک بەخۆڕایی دابەش کراون.

٤- (١٣٥) هەزار نەمام لە پارێزگای هەولێر و (٤٨٩) هەزار نەمام لە پارێزگای دهۆک لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا لە نەمامگەکان بەرهەم هێنراون.

٥- گەلێ چالاکیی دیکە لە بواری دروستکردنی بەنداوی بەردین و پەرەپێدانی ئیشوکاری ڕەزگەری و پاراستن و فراوانکردنی پاوانەکاندا ئەنجام دراوە کە لە خشتەکانی هاوپێچدا بەوردی ڕوون کراونەتەوە.

### سێیەم- بەروبوومی ئاژەڵی:

سامانی ئاژەڵ جگە لەوەی کە خۆراکی سەرەکی بۆ دانیشتوان دابین دەکات، لایەنێکی گرنگی دەرامەتی کشتوکاڵییە و، سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی نەتەوەییش پێک

دەهێنێ. کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بیرلێدان و دابینکردنی ئاو بۆ ئاژەڵ و فراوانکردنی لەوەڕگاکان و دابینکردنی ئالیک و ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکانی ئاژەڵ و چاککردنی جۆری ئاژەڵەوە هەوڵی پەرەپێدانی ئەو سامانە گرنگەی داوە. پوختەی چالاکییەکانی ئەم بوارە لەم خاڵانەدا بەرجەستە دەبێ:

١- بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی هەرێم، بایەخێکی زۆر بەپرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر دراوە. ئێستا ژمارەی پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشتی لە پارێزگای هەولێر (٣١٩) پرۆژە و، لە پارێزگای دهۆک (٦٤) پرۆژەیە کە ساڵانە (١٥) ملیۆن مریشکی گۆشت بەرهەم دەهێنن.

٢- بایەخ بەزیادکردنی ژمارەی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی دراوە و لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا پەرەسەندنێکی خێرا لەم بوارەدا بەدی هاتووە. ئێستا (٩٣) پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی لە هەولێر و (١٦) پرۆژەی دیکەش لە پارێزگای دهۆکدا هەن کە ساڵانە بەگشتی زیاتر لە (٢٠٠) تەن ماسی بەرهەم دەهێنن.

٣- گرنگی بەزیادکردن و چاکترکردنی جۆری ئاژەڵ دراوە. ژمارەی مەڕ و بزن و مانگا کە سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانی گۆشت و شیر و خوری و پێستەن ڕوو لە زیادبووندایە. ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا (١,٦٤٦,٧٤٠) سەر مەڕ و بزن و (٢٠٧,١٧٤) سەر مانگا و ڕەشەوڵاخ هەیە.

٤- پرۆسەی کوتانی گشت جۆرەکانی ئاژەڵ بۆ پاراستنیان لە نەخۆشیی جۆراوجۆر بەردەوامە. ساڵی ڕابردوو بەپێی نەخشەیەکی ڕێکوپێک ژمارەیەکی زۆر پەلەوەر و مەڕ و بزن و ڕەشەوڵاخ دژی نەخۆشی جۆراوجۆر کوتراون. ئامارەکان لە خشتەکانی هاوپێچدا ڕوون کراوەتەوە.

٥- ساڵی ٢٠٠٢ چاککردنی دەستکرد بۆ (٩٠٧٠) مانگا لە پارێزگای هەولێر و (١٨١٠) مانگا لە پارێزگای دهۆک ئەنجام دراوە.

٦- ئەم پێداویستییانەی خوارەوە بەسەر پرۆژەکانی پەلەوەر و بەخێوکردنی ماسیدا دابەش کراون:

أ- ٦٦٣ ساحیبەی هەوا.

ب- ٧٨٧ قەفەز.

ج- ٢٤٠ پێوەری شێ.

د- ٢٢٠ تەن گەنمەشامی.
هـ- ٨٤٠ و ٢٢٠ دانە پەنجە ماسی.
و- ٤٢٦ تەن پرۆتینی گیانلەبەر.
ز- ٢١٢ تەن ئالیکی ماسی.
٦- داهاتی پرۆژەی نەورۆز بۆ بەخێوکردنی مەڕ و مانگا لە ساڵی ٢٠٠٢دا (٣٧٧,٨٤٥) دینار بووە.

**چوارەم- ئاودێری و بیناسازی:**

١- لە ساڵی ٢٠٠٢دا (٩٠) پرۆژەی ئاودێری لە جۆری دروستکردنی کەناڵی ئاو و ژووری ترومپا و حەوز و کۆل ئەنجام دراون کە بەگشتی (٣,٥٢٠,٤٦٦) دۆلار و (١,٤١٥,٢٩٢) دیناریان لێ سەرف کراوە.
٢- پێداویستی جۆراوجۆری بواری ئاودێری بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر جووتیاراندا دابەش کراوە:
أ- ٨٩ ترومپای بیری قووڵ.
ب- ٧٢٩ ترومپای بیری سەر خاک.
ج- ٤٢٠٠ مەتر سۆندە.
د- ٤٦٤ پارچە یەدەگی ترومپای بیری قووڵ.
هـ- ٤٠٢٩ پارچە یەدەگی ترومپای بیری سەر خاک.
٣- (٣٠) پرۆژەی بیناسازی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک ئەنجام دراون کە بەگشتی (٢,١٧٣,٨٧٢) دۆلار و (١٦٠) هەزار دیناریان تێ چووە.

**پێنجەم- توێژینەوە و ڕێنوێنیی کشتوکاڵی:**

بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزاییی ئەندازیاران و فەرمانبەرانی دەزگا کشتوکاڵییەکان و هۆشیارکردنەوە و ڕێنوێنیکردنی جووتیاران هۆکارێکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی بەرهەم و بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ.

لەم ڕووەوە چەندین خولی ڕێنمایی بۆ فەرمانبەران و جووتیاران و چالاکیی دیکەی هەمەجۆر ئەنجام دراوە هەروەک:

١- ئەنجامدانی ٩٧ خولی ڕێنمایی بۆ فەرمانبەران و ٤٩٧ خول بۆ هوشیارکردنەوەی جووتیاران.

٢- ئەنجامدانی چەندین چالاکی لە بواری توێژینەوەی کشتوکاڵی و ڕووپێوکردنی ڕادەی بەپیتی زەویوزار. لەم ڕووەوە تیمەکانی ڕووپێوکردن نزیکەی (٤٠٠٠) نموونەی خاکیان لە ١٤٥٢ گوندی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک پشکنیوە بۆ ئەوەی زەویی گونجاو دەستنیشان بکرێت.

٣- ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆر لە نەمامگەی فێرکردن و مۆزەخانەی مێروو و هەنگەلانی فێرکردن.

٤- پێشکەشکردنی (١٢٢) بەرنامەی کشتوکاڵی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و (٢٢٠) بەرنامە لە ڕادیۆکانی هەرێمدا.

**شەشەم- کەشناسی:**

لە پێناوی زانینی وردی گۆڕانی باری ئاو و هەوا و کاریگەری بەسەر گەشەکردنی ڕووەک و دار و درەختدا، ساڵی ٢٠٠٢ ئەم وێستگانەی خوارەوە دامەزراون:

١- دوو وێستگەی فوول ئۆتۆماتیک لە عەینکاوە و هەریر.

٢- دوو وێستگەی فول ئۆتۆماتیک لە ئەتروش و زاخۆ.

٣- دامەزراندنی یەک وێستگەی کەشناسی ئۆتۆماتیکی لە چۆمان.

٤- دامەزراندنی دوو وێستگەی کەش و هەوا لە سۆران و گردەڕەشە.

خشتەی ژمارە (١)
بەروبوومی زستانەی ٢٠٠١ - ٢٠٠٢

**هەولێر:**

| ژ | ناوی بەروبووم | ڕووبەری پێشنیارکراو/ دۆنم | ڕووبەری جێبەجێکراو/ دۆنم | ڕێژە ٪ | بڕشت/کغم | بەرهەم/تەن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گەنم | ٥٩٧,٠٨٤ | ٥٩٧,٤٤٤ | ١٠١٪ | ٣٥٠ | ٢٠٨,٩١٥ |
| ٢ | جۆ | ٣٣٧,٥٦٠ | ٣٣٧,٣٢٠ | ١٠٠٪ | ٤٠٠ | ١٣٤,٧٩٧ |
| ٣ | نۆک | ١٣,٤٨٠ | ١٣,٧٣٠ | ١٠٢٪ | ١٢٨ | ١,٧٥٦ |
| ٤ | نیسک | ٣,٢١٠ | ٣,٢١٥ | ١٠٠٪ | ١٣٨ | ٤٤٢ |
| ٥ | پیازی تەڕ | ١,٨١٠ | ١,٨١٠ | ١٠٠٪ | ٢,٥٠٠ | ٤,٥٢٥ |
| ٦ | پاقلە | ١,٤٨٠ | ١,٥٨٠ | ١٠٦٪ | ٨٠٠ | ١,٢٦٤ |
| ٧ | شێلم | ٤٢٥ | ٤٢٥ | ١٠٠٪ | ٢,٠٠٠ | ٨٥٠ |
| ٨ | کەلەم | ٩٩٥ | ٩٩٠ | ٩٩٪ | ٢,٠٥٠ | ٢,٠٣٠ |
| ٩ | تور | ١,١٣٩ | ١,١٣٤ | ٩٩٪ | ٢,٢٠٠ | ٢,٤٩٥ |
| ١٠ | خاس | ٣١١ | ٣١١ | ١٠٠٪ | ١,٢٠٠ | ٣٧٣ |
| ١١ | گێزەر | ٥٦ | ٧٦ | ١٢٥٪ | ١,٥٠٠ | ١١٤ |

ماوەتی

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | سلق | ١,١٠٢ | ١,٠٩٢ | ٪١٠١ | ١,٦٥٠ | ١,٨٠٢ |
| ١٣ | قەرنابیت | ٥٣٥ | ٥٣٥ | ٪١٠٠ | ١,٥٠٠ | ٨٠٣ |
| ١٤ | سیر | ١٦ | ١٦ | ٪١٠٠ | ٨٥٠ | ١٤ |
| ١٥ | پەتاتە | ٦٢ | ٦٢ | ٪١٠٠ | ١,٧٠٠ | ١٠٥ |
| ١٦ | جەوەندەر | ٧٠ | ٧٠ | ٪١٠٠ | ٢,٣٠٠ | ١٦١ |
| ١٧ | سەوزەی جۆراوجۆر | ٤٨٢ | ٤٨٢ | ٪١٠٠ | – | – |
| ١٨ | کزبرە | – | – | – | – | – |
| ١٩ | گوڵەبەڕۆژە | – | – | – | – | – |



**دهۆک**:

| ز | ناوی بەروبووم | ڕووبەری پێشنیارکراو/ دۆنم | ڕووبەری جێبەجێکراو/ دۆنم | ڕێژە ٪ | برشت/کغم | بەرهەم/تەن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گەنم | ٥٠٨,٢٠٠ | ٥١٤,٠٠٠ | ٪١٠١ | ٤٥١ | ٢٣١,٨١٤ |
| ٢ | جۆ | ١٥٨,٤٥٠ | ١٣٣,٧٥٠ | ٪٨٤ | ٤٣٤ | ٥٨,٠٤٧ |
| ٣ | نۆک | ١٤٦,٩٢٠ | ١٤٠,٩٩٠ | ٪٩٦ | ١٩٣ | ٢٧,٢١١ |

ماویەتی

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | نیسک | ٥,٨٢٥ | ٥,٥٦٣ | ٪٩٦ | ١٩٠ | ١,٠٥٧ |
| ٥ | پیازی تەڕ | ٤,٥٩٥ | ٢,٥٠٥ | ٪٥٥ | ٢,٩٠٠ | ٧,٢٦٤ |
| ٦ | پاقلە | ١,٧٦٠ | ٤,٩٢٠ | ٪٢٨٠ | ٤٠٠ | ١,٩٦٨ |
| ٧ | شێلم | ٤٠٠ | ٣٥٨ | ٪٩٠ | ٤,٠٠٠ | ١,٤٣٢ |
| ٨ | کەلەم | ١٧٩ | ١٥٦ | ٪٨٧ | ١,٩٠٠ | ٢٩٦ |
| ٩ | تور | ٥٣٦ | ٤٤٨ | ٪٨٤ | ٤,٣٧٠ | ١,٩٥٧ |
| ١٠ | خاس | – | – | – | – | – |
| ١١ | گێزەر | – | – | – | – | – |
| ١٢ | سلق | ٤٨٤ | ٣٤٥ | ٪٧١ | ٢,٠٧٠ | ٧١٤ |
| ١٣ | قەرنابیت | ٦٠ | ٦٦ | ٪١١٠ | ١,٣٥٠ | ٨٩ |
| ١٤ | سیر | ٥٥٧ | ٤٨٣ | ٪٨٧ | ١,٦١٨ | ٧٨١ |
| ١٥ | پەتاتە | ٢,٥٤٠ | ٢,٦١٥ | ٪١٤٢ | ١,٧٥٠ | ٤,٥٧٦ |
| ١٦ | جەوەندەر | ٨٨ | ٧٢ | ٪٨٢ | ٣,٥٠٠ | ٥٢٥ |
| ١٧ | سەوزەی جۆراوجۆر | ١٠٩ | ١١٠ | ٪١٠٠ | – | – |
| ١٨ | کزبرە | ٦,٦٤٠ | ٩,٣٨٣ | ٪١٤١ | ٢٢٠ | ٢,٠٦٤ |
| ١٩ | گوڵەبەڕۆژە | ٣,٣٥٠ | ٣,٨٨٨ | ٪١١٦ | ٧٠ | ٢٧٢ |

تەواو

## خشتەی ژمارە (٢)
## بەروبوومی هاوینەی ٢٠٠٢

**هەولێر:**

| ز | ناوی بەروبووم | ڕووبەری پێشنیارکراو/ دۆنم | ڕووبەری جێبەجێکراو/ دۆنم | ڕێژە ٪ | برشت/کغم | بەرهەم/تەن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تەماتە | ٢٥,٣٤٠ | ٢٥,٤٢٥ | ٪٩٩ | ٤,٠٠٠ | ١٠٠,٥٠٠ |
| ٢ | خەیار | ١٥,٣٧٥ | ١٥,٥٠٥ | ٪١٠٠ | ٢,٥٠٠ | ٣٨,١١٣ |
| ٣ | باینجان | ٣,٤١٦ | ٣,٣٤٩ | ٪٩٨ | ٣,٠٠٠ | ١٠,٠٤٧ |
| ٤ | بامیە | ٢,٢٤٤ | ٢,٢٢١ | ٪٩٨ | ٨٠٠ | ١,٧٧٧ |
| ٥ | لۆبیا | ٦٨٠ | ٦٣٨ | ٪١٠٦ | ٤٨٠ | ٣٠٦ |
| ٦ | کولەکە | ٣,٦٦٣ | ٣,٦١٠ | ٪١٠١ | ٢,٠٠٠ | ٧,٢٢٠ |
| ٧ | گوڵەبەڕۆژە | ٣,٧٦٢ | ٣,٨٣٩ | ٪٩٧ | ٥٠٠ | ١,٩٢٠ |
| ٨ | کاڵەک | ١٥,٧٣٥ | ١٥,٨١٥ | ٪٩٩ | ١,٣٠٠ | ٢٠,٥٦٠ |
| ٩ | تەرۆزی | ٥,٤٦٦ | ٥,٥٢١ | ٪٩٩ | ١,٠٠٠ | ٥,٥٢١ |
| ١٠ | برنج | ١,٨٦٠ | ١,٣٦١ | ٪١٣٦ | ٦٠٠ | ٨١٧ |
| ١١ | تووتن | ٣,٨٢٦ | ٣,٧٢١ | ٪١٠٢ | ٢٥٠ | ٩٣٠ |

ماویەتی

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | كونجى | ١,٤١٩ | ١,٣٨٧ | ٪٩٧ | ٢٥٠ | ٣٤٧ |
| ١٣ | بيبەر | ٢,٠٥٨ | ٢,٠٥٥ | ٪٩٩ | ١,٦٠٠ | ٣,٢٨٨ |
| ١٤ | شووتى | ٩,١٩٣ | ٩,١٩٣ | ٪١٠٠ | ٢,٥٠٠ | ٢٢,٧٠٨ |
| ١٥ | پەتاتە | ١٧٩ | ١٧٨ | ٪٩٩ | ٢,٠٠٠ | ٣٥٦ |
| ١٦ | ماش | ٥٨٠ | ٥٧٥ | ٪٩٩ | ٢,٠٠٠ | ١١٥ |
| ١٧ | كولەكەى زەرد | ٥٠ | ٤٥ | ٪٩٠ | ١,٥٠٠ | ٦٨ |
| ١٨ | گەنمەشامى | ١,٥٥٧ | ١,٥٤٠ | ٪٩٨ | ٩٠٠ | ١,٣٨٦ |
| ١٩ | فاسۆليا | ٧٠ | ٧٠ | ٪١٠٠ | ٩٠٠ | ٦٣ |
| ٢٠ | پيازى وشك | ٤,٤٦٢ | ٤,٤٨٢ | ٪١٠٠ | ٢,٠٠٠ | ٨,٩٦٤ |
| ٢١ | فستقى كيڵگەيى | ١٥ | ١٥ | ٪١٠٠ | ٧٥٠ | ١١ |
| ٢٢ | لۆكە | ١٥٠ | ١٥٠ | ٪١٠٠ | ٢٠٠ | ٣٠ |

تێبينى:
**لە پارێزگاى هەولێر ڕووبەرى ٣٠٠ دۆنم تەماتە و ٢٦٠ دۆنم خەيار، لەگەڵ ١١٠ دۆنم شووتى بەر لافاو كەوت لە خەبات.**

تەواو

**دهۆك:**

| ز | ناوی بەروبووم | ڕووبەری پێشنیارکراو/ دۆنم | ڕووبەری جێبەجێکراو/ دۆنم | ڕێژە ٪ | برشت/کغم | بەرهەم/تەن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تەماتە | ٢٦,٣٠٠ | ٢٥,٤٩٠ | ٪٩٧ | ١,٢٥٠ | ٣١,٨٦٢ |
| ٢ | خەیار | ٣,٧٣٨ | ٤,١٥٠ | ٪٩٨ | ١,١٠٠ | ٤,٥٦٥ |
| ٣ | باینجان | ١,١١٣ | ١,٠٩٦ | ٪٩٨ | ٢,٥٠٠ | ٢,٧٤٠ |
| ٤ | بامیە | ٦٢٠ | ٥٠٢ | ٪٨١ | ١,٠٠٠ | ٥٠٢ |
| ٥ | لۆبیا | ٤٦٠ | ٤٧٥ | ٪١٠٣ | ١,٢٠٠ | ٥٧٠ |
| ٦ | کولەکە | ٢,٢٤٥ | ٣,٢٨٤ | ٪١٤٦ | ٢,١٥٠ | ٧,٠٦٠ |
| ٧ | گوڵەبەڕۆژە | ٣,٤٠٥ | ٥,٥٣٥ | ٪١٦٣ | ٣٠٠ | ١,٦٦٠ |
| ٨ | کاڵەک | ٢٦,٣٧٠ | ١٦,٧٩٥ | ٪٦٤ | ١,٨٠٠ | ٣٠,٢٣١ |
| ٩ | تەرۆزی | ٥٠٠ | – | – | – | – |
| ١٠ | برنج | ١٧,٥٠٠ | ١٥,٣٢٥ | ٪٨٨ | ٦٠٠ | ٩,١٩٥ |
| ١١ | تووتن | ٢٣٠ | ١١٠ | ٪٤٨ | ٢٦٠ | ٢٨ |
| ١٢ | کونجی | ٥,٩٢٠ | ٥,٢١٧ | ٪٨٨ | ٢٠٠ | ١,٠٤٣ |

ماویەتی

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ | بیبەر | ٢١٩ | ٣١٠ | ١٤٢٪ | ١,٣٠٠ | ٤٠٣ |
| ١٤ | شووتی | ٣,٦٣٥ | ٤,٠٦٩ | ١١٢٪ | ٣,٢٠٠ | ١,٣٢٠ |
| ١٥ | پەتاتە | ١٠,٥٥٠ | ٨٥ | ٠,٨٪ | ٢,٢٠٠ | ١٨٧ |
| ١٦ | ماش | ٦٦٣ | ٧٣٥ | ١١١٪ | ٢٢٠ | ١٦١ |
| ١٧ | كولەكەی زەرد | – | – | – | – | – |
| ١٨ | گەنمەشامی | ١,٢٤٥ | ٢٥٠ | ٢٠٪ | ٤٠٠ | ١٠٠ |
| ١٩ | فاسۆلیا | ٤٥ | ٧٣ | ١٦٢٪ | ١,١٠٠ | ٨٠ |
| ٢٠ | پیازی وشک | ٤١٠ | ٢,١٠٠ | ٥١٢٪ | ٣,٥٠٠ | ٧,٣٥٠ |
| ٢١ | فستقی كیلگەیی | ٢,٠٩٢ | ١,٢٢٥ | ٥٩٪ | ٧٢٠ | ٨٨٢ |
| ٢٢ | لۆكە | – | – | – | | |

تەواو

خشتەی ژمارە (٣)
چالاکییەکانی پاراستنی رووەک

**قەڵاچۆکردنی دەردە کشتوکاڵییەکان**

| ژ | جۆری چالاکی | هەولێر | | | دهۆک | | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | رووبەری جێبەجێکراو/ دۆنم | جۆری دەرمانی بەکارهاتوو | بڕی دەرمانی بەکارهاتوو | رووبەری جێبەجێکراو/ دۆنم | جۆری دەرمانی بەکارهاتوو | بڕی دەرمانی بەکارهاتوو | رووبەری جێبەجێکراو/ دۆنم | دەرمانی بەکارهاتوو |
| ١ | مێرووی دانەوێڵە | ٢٤,٦٦٠ | دسیس EC | ٤٥٥ لتر | – | – | – | ٢٤,٦٦٠ | ٤٥٥ |
| | | | دسیس ULV | ٣٤٤ لتر | | | | | ٣٤٤ |
| | | | لۆرسپان EC | ١٠,٠٣٠ لتر | | | | | ١٠,٠٣٠ |
| ٢ | پند و مێروو لەسەر دار و درەخت | ١٠,٣٨٩ | بریمور | ٢٨٧ کگم | – | – | – | ١٠,٣٨٩ | ٢٨٧ |
| | | | دۆرسپان TC | ٥٨١ لتر | | | | | ٥٨١ |
| | | | نیورون | ١٧ لتر | | | | | ١٧ |
| | | | دسیس EC | ٢٣١ لتر | | | | | ٢٣١ |
| | | | کاراتی | ٦١٢ لتر | | | | | ٦١٢ |
| ٣ | قرتێنەرەکان | ٦٤,٩٨٨ | کۆمافین سائل | ١,١٦٥ لتر | ٣١,٠٠٠ | کۆمافین سائل | ١٥٥٠ لتر | ٩٥,٩٨٨ | ٢,٧١٥ |
| | | | کومافین طعم سام | ٦,٧٣٨ کگم | | – | – | | ٦,٧٣٨ |

ماویەتی

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | سن و کیسەڵە | ٣,٥٣٤ | دسیس EC | ١٩٠ لتر | – | – | – – | ٩,٥٣٤ | ١٩٠ |
| | | | دسیس ULV | ١,٠٠٧ لتر | ٦,٠٠٠ | دسیس ULV | ٣,٠٠٠ لتر | | ٤,٠٠٧ |
| ٥ | مێرووی کوللە | ٢,٨٧٦ | سڤن ١٠٪ | ٦٧٩ کگم | – | – | – – | ٢,٨٧٦ | ٦٧٩ |
| | | | دسیس EC | ٢٠ لتر | – | – | – – | | ٢٠ |
| ٦ | کرمی بەری میوە | ١,٢٣٢ | لۆرسپان | ٦١٦ لتر | – | – | – – | ١,٢٣٢ | ٦١٦ |
کارگەی مافوور - هەولێر



کارگەی بلۆک



بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە
لە بەسەرکردنەوەی وێستگەی کارەبای کانی ماسی



کارگەی ڕستن و چنین




موەلیدەی بچووک بۆ گەڕەکە هەژارەکان



کۆگەی محەویلاتی ئیحتیات

# گواستنەوە و گەیاندن

# گواستنەوە و گەیاندن

دوای گۆڕینی هەردوو بەدالەی کۆنی هەولێر و دهۆک بەدوو بەدالەی دیجیتالی نوێ و، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەبوونی خزمەتگوزاریی تەلەفۆن لە هەندێک لە گەڕەکەکانی ناو شار و دەوروبەریدا، بڕیاردرا چەندین بگۆڕی دیکە لە گەڕەکەکانی (شۆڕش و زانکۆ و نەورۆز و ڕزگاری و عەنکاوە) لە شاری هەولێر و، (قەزای دەشتی هەولێر و کەسنەزان و پیرمام) دابنرێت. دوای ئەوەش گشت بگۆڕەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ بگۆڕی ناوەندیدا گرێدران بەجۆرێک کە هاوولاتیی ئەو شوێنانە لەکاتی بەکارهێنانی تەلەفۆندا هەست بەوە ناکات کە لە نێوان دوو بگۆڕی جیاوازدا قسە دەکات.

هەر یەکە لەم بگۆڕانەش لە ڕووی خزمەتگوزاری و ئاسانکاری و توانای تەکنیکییەوە گرنگیی خۆیان هەیە و، لە جیاتی ئەوەی کێبلّی تەلەفۆن لە بەدالەی ناوەندییەوە بۆ ئەو گەڕەکە دوورانە دەربچێت کە لە خزمەتگوزاریی تەلەفۆن بێ بەشن، هەر لەهەمان گەڕەک تۆڕی کێبلاتی بۆ دادەنرێت و بەچەند هێلێکەوە بەپێی پێویست بەبەدالەی ناوەندی پەیوەست دەبێت.

لە سایەی ئەو پڕۆژانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا و، بەهۆی کەوتنەکار و فراوان بوونی بەکارهێنانی سیستەمی تەلەفۆنی مۆبایل لە هەرێم و، گەیاندنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە ڕێگای هێڵی تەلەفۆنەوە بەهاوولاتیان، بواری گەیاندن گۆڕانکاریی ڕیشەییی بەخۆیەوە بینیوە.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرنگترین کار و چالاکییەکانە لە ساڵی ٢٠٠٢دا، کە زۆربەی هەرە زۆریان لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم ئەنجام دراون و، بەگشتی (٥٤,٧١٥,١٨٥) دینار و زیاتر لە (٤٠٠) هەزار دۆلاریان تێ چووە:

**یەکەم: تەلەفۆن**

١- جێبەجێ کردنی پڕۆژەی بگۆڕی نەورۆز لە شاری هەولێر لە نێوان هەردوو شەقامی (هەولێر - مووسڵ) و (هەولێر - کەرکووک)، کە خزمەتگوزاریی تەلەفۆن بۆ چەندین گەڕەکی میللیی ناو شاری هەولێر دابین دەکات. پڕۆژەکە بریتییە لە دروستکردنی باڵەخانە و دابینکردنی بەدالەیەکی (٤٠٠٠) هێڵی و دامەزراندنی تۆڕی کێبلات لە گەڕەکی نەورۆزدا. تێچووی ئەم پڕۆژەیە زیاتر لە (٢٠) ملیۆن دینار بووە و لەسەر

بودجەی حکوومەتی هەرێم ئەنجام دراوە. پرۆژەکە بەهەوڵ و توانای تیمە تەکنیکییەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن جێبەجێ کراوە.

٢- ئەنجامدانی پرۆژەی عەنکاوە، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پۆستە و گەیاندنی هەولێر بەبڕی (٥) ملیۆن دینار جێبەجێ کرا. پرۆژەکە بریتییە لە دابینکردنی بەدالەیەک بەقەوارەی (١٤٠٠) هێڵ و فراوانکردنی تۆڕی کێبلاتی عەنکاوە.

٣- پرۆژەی زانکۆ کە لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتیی پۆستە و گەیاندنی هەولێر لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام درا، زیاتر لە (٨) ملیۆن دیناری لێ خەرج کراوە. پرۆژەکە بریتییە لە دابینکردنی بەدالەیەک بەتوانای ٢٠٠٠ هێڵ و دامەزراندنی تۆڕی کێبلات.

٤- پرۆژەی بگۆڕی ڕزگاری کە ئەویش بەشارەزاییی ئەندازیار و تەکنیکارانی بەڕێوەبەرایەتیی پۆستە و گەیاندنی هەولێر لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم جێبەجێ کراوە، ٨ ملیۆن دیناری تێ چووە. پرۆژەکە لە دروستکردنی باڵەخانەیەک و دابینکردنی بەداله و دامەزراندنی تۆڕی کێبلات بەقەوارەی ٢٠٠ هێڵ پێک هاتووە.

٥- پرۆژەی بگۆڕی (کەسنەزان) کە لە (٧٠٠) هێڵ پێک هاتووە و خزمەتگوزاری تەلەفۆن بۆ هاوولاتیانی کەسنەزان دابین دەکات لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پۆستە و گەیاندنی هەولێر لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم جێبەجێ کراوە. تێچووی ئەم پرۆژەیە (٢,٥) ملیۆن دینارە و، لە بەداله و تۆڕی کێبلات و دەزگای مایکرۆویڤ بۆ بەستنەوەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شاری هەولێر پێک هاتووە.

٦- پرۆژەیەکی دیکەی گرنگ لە بواری خزمەتگوزاریی تەلەفۆنیدا بریتییە لە پرۆژەی بگۆڕی (شۆڕش) کە (٤) هەزار هێڵی تەلەفۆن بۆ هاوولاتیانی ئەو گەڕەکە دابین دەکات. ئەم پرۆژەیە کە لە بەداله و فراوانکردنی تۆڕی کێبلات پێک هاتووە، (٨) ملیۆن دیناری لێ خەرج کراوە و لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی پۆستە و گەیاندنی هەولێر لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە.

٧- پرۆژەی بگۆڕی (بنەسلاوە) کە لە (٧٠٠) هێڵ پێک هاتووە و خزمەتگوزاریی تەلەفۆن بۆ هاوولاتیانی بنەسلاوە دابین دەکات، ئەویش وەکو پرۆژەکانی تر بەتواناو لێهاتوویی کادیرانی بەڕێوەبەرایەتیی پۆستە و گەیاندنی هەولێر جێبەجێ کراوە و، (٢,٥) ملیۆن دیناری تێ چووە. پرۆژەکە (٧٠٠) هێڵی تەلەفۆن بۆ هاوولاتیانی

شارۆچکەی بنەسلاوە دابین دەکات و، لە بەدالەیەک و فراوانکردنی تۆڕی کێبلات پێک هاتووە.

٨- (٤٧,٢٠٠) دۆلار بۆ کڕینی دەزگا و پێداویستییەکانی پرۆژەی بەستنەوەی تۆڕی تەلەفۆناتی هەولێر - سلێمانی لە ڕێگەی مایکرۆویڤ خەرج کراوە.

٩- دانانی بگۆڕی DX4 لە شاری هەولێر و شارۆچکەکانی مێرگەسوور و چۆمان و بارزان. تێچووی ئەم بگۆڕانە (٣٨٦,٨٤٠) دینار بووە و لە سەر بودجەی حکوومەتی هەرێم جێبەجێ کراوە.

١٠- نزیکەی (١٣٤) هەزار دینار بۆ کڕینی ٣ دەزگای گەیاندن لە جۆری (سینگل کەناڵ) و، دامەزراندنی دەزگایەکی گەیاندن لە جۆری (ئالکۆن ٨) لە نێوان بارەگای سوپای حەمرین و سەلاحەدین خەرج کراوە.

١١- فراوانکردنی کێبلاتی تەلەفۆن لە عەنکاوە و، دانانی وێستگەی نوێ لەسەر قەلات و، کڕین و دامەزراندنی دەزگای تەلەفۆن لە (هەولێر - کەسنەزان) و، دامەزراندنی دەزگای تەلەفۆن لە فەرماندەیی کەرکووک - سلێمانی - بنکەی گەیاندنی سەرقەلا، کە بەگشتی زیاتر لە (١٩٤) هەزار دیناریان تێ چووە.

١٢- جگە لەو پرۆژانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، گەلێ پرۆژەی دیکە لە چوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦ی (UN) لە لایەن ڕێکخراوی (ITU) جێبەجێ دەکرێن کە بریتین لە:

- نۆژەن کردنەوەی باڵەخانەی بگۆڕی دهۆک: (٢٨,١٢٠) دۆلار.
- دروستکردنی باڵەخانەی بگۆڕی نزار لە دهۆک: (٣٨,٨١٣) دۆلار.
- دروستکردنی وێستگەی مایکرۆویڤی بابلۆ لە دهۆک: (٤٢,٨٥٠) دۆلار.
- دروستکردنی وێستگەی مایکرۆویڤی ئەتروش لە پارێزگای دهۆک: (٤١,٢١٨) دۆلار.
- دروستکردنی وێستگەی مایکرۆویڤی دیناران لە پارێزگای دهۆک: (٤٤,٢٥٩) دۆلار.
- نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی بگۆڕی شۆڕش: (٤٩,٨٢٠) دۆلار.
- نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی بەدالەی مەرکەزی هەولێر: (١٠,٩٧٠) دۆلار.
- دروستکردنی وێستگەی مایکرۆیڤی سەفین: (٩٧,٩٩٣) دۆلار.

لەلایەکی دیکەوە سێ پرۆژەی بازرگانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پۆستە و گەیاندنی

دهۆک لە ساڵی ٢٠٠٢دا جێبەجێ کراون کە تێچووی هەر سێ پرۆژەکە ٣ ملیۆن دینار بووە. پرۆژەکانیش ئەمانەن:

- پرۆژەی بگۆڕ و تۆڕی کێبلاتی (باتوفە) کە (٥٠٠) هێڵە و بریتییە لە دانانی بەدالە و تۆڕی کێبلات (١) ملیۆن دینار.
- پرۆژەی بگۆڕ و تۆڕی کێبلاتی (خانک) کە (٥٠٠) هێڵە و دانانی بەدالە و دامەزراندنی تۆڕی کێبلات دەگرێتەوە (١) ملیۆن دینار.
- پرۆژەی بگۆڕ و تۆڕی کێبلاتی کۆمەڵگەی ئازادی لە ئاکرێ (١) ملیۆن دینار.

١٣- لە بەرنامەدایە بۆ ساڵی داهاتوو بەدالەیەکی دیجیتال بەقەوارەی ٥ هەزار هێڵ، لە گەڵ تۆڕی کێبلات بۆ شاری سۆران دەستەبەر بکرێت.

## دووەم: ئینتەرنێت و مۆبایل

١- توانراوە بەسوود وەرگرتن لە بگۆڕەکان خزمەتێکی دیکەی گرنگی ئەم سەردەمە دابین بکرێت، ئەویش بریتییە لە گەیاندنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە ڕێگەی هێڵی تەلەفۆنەوە بەهاووڵاتیان. ئەمڕۆ هاووڵاتی دەتوانێ لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنەوە کۆمپیوتەرەکەی بە(کوردستان نێت) ببەستێتەوە و لەماڵەکەی خۆیدا ئینتەرنێت بەکار بهێنێت.

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە پێناوی پێشکەشکردنی ئاسانکاری زیاتر لەم بوارەدا نرخی بەکارهێنانی هێڵی تەلەفۆنی بەشداربووانی ئینتەرنێتی کەم کردۆتەوە.

٢- ئاسانکاریی پێویست بۆ کردنەوەی (کۆفی نێت) لە شار و شارۆچکەکاندا پێشکەش کراوە و، تا ئێستا ژمارەیەکی زۆری (کۆفی نێت) لە هەولێر و دهۆک کراونەتەوە و هاووڵاتیان سوودیان لێ وەردەگرن.

٣- ئاسانکاریی پێویست بۆ کردنەوەی نووسینگەکانی تەلەفۆنی دەرەوە ڕەخسێنراوە و، پێشبڕکێی نێوان ئەم نووسینگانە کاری زۆری کردۆتە سەر دابەزاندنی نرخی تەلەفۆن بۆ دەرەوە، کە ئەمەش لە بەرژەوەندی هاووڵاتیاندایە.

٤- لە بەرنامەدایە بۆ ساڵی داهاتوو سیستەمی مۆبایل زیاتر پەرەی پێ بدرێت و بازنەی وەرگرتنی ئەم سیستەمە فراوانتر بکرێت بەجۆرێ کە شاری دهۆک و شوێنەکانی دیکەش بگرێتەوە.

### سێیەم: پۆستە

ئێستا جموجوڵی پۆستە چ لە ناو هەرێم چ بۆ دەرەوەی هەرێم بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر لە جاران بەڕێوە دەچێ. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەکرێ گرتنی (٣٠) سندوقی پۆستە لە شاری سلۆپی لە تورکیا ئەو دەرفەتەی بۆ هاوولاتیان ڕەخساندووە کە نەک هەر نامە، بەڵکو ئەو کەلوپەلانەش کە کێشیان لە ٣ کگم کەمترە بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرن. لە هەمان کاتدا پۆستی ناوخۆی هەرێمیش بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کاری خۆی ئەنجام دەدات و، لەم ڕووەوە سوود لەو پوولانە وەردەگیرێت کە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە چاپی داون.

### چوارەم: کەشناسی

چوار فەرمانگەی کەشناسی کە سەر بەوەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنن لە هەردوو پارێزگادا هەن، دوو فەرمانگە لە پارێزگای هەولێر و دوو فەرمانگەش لە پارێزگای دهۆک. لەم چوار فەرمانگەیەدا هەر سێ سەعات جارێک ڕێژەی باران و پاڵەپەستۆی هەوا و بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمی و ڕادەی شێ و خێرایی و ئاراستەی با تۆمار دەکرێ. جگە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، زۆربەی ئەو ڕێکخراوە بیانی و خۆماڵییانەی کە لە کوردستان کار دەکەن سوود لەم زانیارییانە وەردەگرن بۆ زانینی بارودۆخی کەشوهەوا لە ناوچەی کاری خۆیاندا.

هەروەها ساڵانە ژمارەیەک لە قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی بۆ شارەزابوون لەم بوارە سەردانی فەرمانگەکان دەکەن و جۆر و شێوەی کارکردنی ئامراز و کەلوپەلەکان بەسەر دەکەنەوە. جگە لەوانەش هەندێک لە قوتابیانی خوێندنی باڵا بەمەبەستی توێژینەوە، سوود لە زانیاری و ئەزموونی فەرمانگەکانی کەشناسی وەردەگرن.

لە بەرنامەدایە بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری و ئاژانسی فاو دەزگا و ئامرازەکانی هەر چوار فەرمانگەکە نوێ بکرێنەوە.

### پێنجەم: گواستنەوە

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە سەر پرنسیپی پێشبڕکێ و ڕەخساندنی باشترین خزمەتگوزاری بەهاوولاتیان ئەم بەشە بەڕێوە دەبات.

تا ئێستا مۆڵەتی کردنەوە بەچەندین نووسینگەی گواستنەوەی هاووڵاتیان یان کەلوپەل و سووتەمەنی و هی تر داوە.

بەهەماهەنگیی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار گەراجەکان لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا بەکرێ دراون. ئێستا لە ڕووی ڕێکخستن و داراییەوە کۆنترۆڵی باری گواستنەوە کراوە و هەوڵ و کۆشش بۆ پەرەپێدانی ئەم بوارە گرنگە و ئاسانکردنی گواستنەوەی هاووڵاتیان بەردەوامە.

لە فێزە جیاجیاکانی بەرنامەی **٩٨٦** دا بڕە پارەیەکی زۆر بۆ هێنانی چەندین پاسی نوێ بۆ شار و شارۆچکەکانی هەرێم تەرخان کراوە و، هەوڵ و کۆشش لەگەڵ یونۆکی و ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی UN بۆ هێنانی ئەم پاسانە درێژەی هەیە.

**خشتەی ژمارە (١)**

پرۆژە ئەنجامدراوەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و بەڕێوەبەرایەتیی پۆستە و گەیاندنی هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٢ کە جێبەجێ کراوە

| ژ | پرۆژە | گۆژمەی پرۆژە | شوێنی پرۆژە | ڕێژەی ئەنجامدان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژەی بگۆڕی نەورۆز لە ڕێگەی بەڵێندەر جێبەجێ کراوە کە بریتی بوو لە دروستکردنی باڵەخانە و دابینکردنی بەداڵە و تۆڕی کێبلات لە هەولێر گەڕەکی نەورۆز ٤٠٠٠ هەزار هێڵ. | ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار | هەولێر - نەورۆز | ٪٩٠ |
| ٢ | پرۆژەی عەنکاوە کە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی هەولێر جێبەجێ کراوە کە بریتی بوو لە دابینکردنی بەداڵە و بەرفراوانکردنی تۆڕی کێبلاتی عەنکاوە بە(١٤٠٠) هێڵ. | ٥ ملیۆن دینار | هەولێر - عەنکاوە | ٪١٠٠ |
| ٣ | پرۆژەی زانکۆ کە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی هەولێر جێبەجێ کراوە کە بریتی بوو لە دابینکردنی بەداڵە و کێبلات بە(٢٠٠٠) هێڵ. | ٨ ملیۆن دینار | هەولێر - زانکۆ | ٪١٠٠ |
| ٤ | پرۆژەی بگۆڕی ڕزگاری لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی هەولێر جێبەجێ کراوە کە بریتی بوو لە دروستکردنی باڵەخانە و دابینکردنی بەداڵە و تۆڕی کێبلات کە پێکهاتووە لە (٢٠٠٠) هێڵ. | ٨ ملیۆن دینار | هەولێر - ڕزگاری | ٪١٠٠ |
| ٥ | پرۆژەی بگۆڕی کەسنەزان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی هەولێر جێبەجێ کراوە کە پێکهاتووە لە (٧٠٠) هێڵ بەدابینکردنی بەداڵە و تۆڕی کێبلات و دەزگای مایکرۆوێڤ بۆ بەستنەوەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەولێر. | ٢,٥ ملیۆن دینار | هەولێر - کەسنەزان | ٪١٠٠ |

ماویەتی

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | پرۆژەی بگۆڕی شـــۆڕش لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پۆســتـە و گـەیاندنی هەولێر جێبەجێ کراوە کە بریتی بوو لە دابینکردنی بەداڵە و فـراوانکردنی تۆڕی کـێبـلات کـە بێکهـاتووە لە (٤٠٠٠) هێڵ. | ٨ ملیۆن دینار | هەولێر – شۆڕش | ٪١٠٠ |
| ٧ | پرۆژەی بگۆڕی بنەســلاوە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پۆســتـە و گـەیاندنی هەولێر جێبەجێ کراوە کە بریتی بوو لە دابینکردنی بەداڵە و فـراوانکردنی تۆڕی کـێبـلات کـە پێکهـاتووە لە (٧٠٠) هێڵ. | ٢,٥ ملیۆن دینار | هەولێر – بنەسلاوە | ٪١٠٠ |
| ٨ | پرۆژەی بەستنەوەی هەولێر–سلێمانی بەدەزگای مـایکرۆوێڤ کـە دەزگـاکـان دابین کرا. | ٤٧,٢٠٠$ | هەولێر – سلێمانی | |
| ٩ | دامەزراندنی دەزگای گەیاندنی جۆری Alconct 8 لە نێوان بارەگای سوپای حەمرین – سەلاحەدین. | ٣٤,٠٥٠ دینار | هەولێر – بارەگای سوپای حەمرین بنکەی گەیاندنی سەر قەلا | ٪١٠٠ |
| ١٠ | دەزگـای گـەیاندنی Singul Chanel Alconct 8 | ٣٤,٨٥٠ دینار | هەولێر – بارەگای فەرماندەی کەرکووک سلێمانی – بنکەی گەیاندنی سەر قەلا | ٪١٠٠ |
| ١١ | دەزگـای گـەیاندنی Singul Chanel Alconct 8 | ٣٩,٩٥٠ دینار | هەولێر – بارەگای فەرماندەی سوپای بازرگانی لە دێگەڵە | ٪١٠٠ |
| ١٢ | دەزگـای گـەیاندنی Singul Chanel | ٣٥,١٠٠ دینار | هەولێر – بارەگای فەرماندەی کەرکووک سلێمانی – بنکەی گەیاندنی سەر قەلا | ٪١٠٠ |
| ١٣ | فـراوانکردنی کـێبـلاتی تەلەفـۆنی عەنکاوە. | ٨٨٧٢٥ دینار | هەولێر – عەنکاوە | ٪١٠٠ |
| ١٤ | دانانی وێستگەی نوێ لەسەر قەلات. | ٣٠٧٢٠ دینار | هەولێر – قەلات | ٪١٠٠ |
| ١٥ | کڕین و دامەزراندنی دەزگای تەلەفۆن لە (هەولێر – کەسنەزان). | ٣٩,٨٥٠ دینار | هەولێر – کەسنەزان | ٪١٠٠ |

ماویەتی

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٦ | كرِين و دامەزراندنی دەزگای تەلەفۆن لە فەرماندەی کەرکووک سلێمانی – بنکەی گەیاندنی سەر قەلاّ. | ٣٥,١٠٠ دینار | فەرماندەی کەرکووک سلێمانی – بنکەی گەیاندنی سەر قەلاّ | ٪١٠٠ |
| ١٧ | دانانی بگۆڕی D*4 لە شار و شارۆچکەکان | ٣٨٦,٨٤٠ دینار | هەولێر – مێرگەسور – چۆمان – بارزان | ٪٨٠ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

**پرۆژە لە ژێر ئەنجامەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی دهۆک کە بەڕێگای بڕیاری (٩٨٦) جێبەجێ دەکرێت و ڕێکخراوی ITU هەڵدەستێت بەجێبەجێ کردنی**

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | شوێنی پرۆژە | مێژووی دەستپێکردنی پرۆژە | ڕێژەی ئەنجامدان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نۆژەنکردنەوەی بنایەی بگۆڕی دهۆک | 28120 $ | دهۆک | ٢٠٠٢/٧/١٥ | ٪٨٠ |
| ٢ | دروستکردنی بنایەی بگۆڕی نزار | 38813 $ | نزار – دهۆک | ٢٠٠٢/٧/١٥ | ٪٨٠ |
| ٣ | دروستکردنی وێستگەی مایکرۆوێڤی بابلۆ | 42850.5 $ | بابلۆ – دهۆک | ٢٠٠٢/٧/١٥ | ٪٨٠ |
| ٤ | دروستکردنی وێستگەی مایکرۆوێڤی ئەتروش | 41218.5 $ | ئەتروش – دهۆک | ٢٠٠٢/٧/١٥ | ٪٨٠ |
| ٥ | دروستکردنی وێستگەی مایکرۆوێڤی دیناران | 44259.5 $ | دیناران – دهۆک | ٢٠٠٢/٧/١٥ | ٪٨٠ |

تەواو

## خشتەی ژمارە (٣)

پرۆژە ئەنجامدراوەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی هەولێر، کە بەڕێگەی بڕیاری (٩٨٦) جێبەجێ دەکرێت و ڕێکخراوی ITU هەڵدەستێت بەجێبەجێ کردنی

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | شوێنی پرۆژە | مێژووی دەستپێکردنی پرۆژە | ڕێژەی ئەنجامدانی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نۆژەنکردنەوەی بنایەی بگۆڕی شۆڕش | 49820 $ | هەولێر | ٢٠٠٢/٧/٢٥ | ٪١٠٠ |
| ٢ | نۆژەنکردنەوەی بنایەی بگۆڕی هەولێری مەرکەزی | 10970 $ | هەولێر | ٢٠٠٢/٧/٨ | ٪١٠٠ |
| ٣ | دروستکردنی وێستگەی مایکرۆوێڤی سەفین | 97993 $ | هەولێر – سەفین | ٢٠٠٢/٧/١٤ | ٪١٠٠ |

## خشتەی ژمارە (٤)

پرۆژە بازرگانییە لەژێر ئەنجامەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی دهۆک لە ساڵی ٢٠٠٢دا

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | شوێنی پرۆژە | ڕێژەی ئەنجامدان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژەی تۆڕی بگۆڕ و تۆڕی کێبلاتی باطوفە (٥٠٠) هێڵ کە بریتی بوو لە دانانی بەدالە و تۆڕی کێبلات. | نزیکەی ١ ملیۆن دینار | دهۆک / باطوفە | ٪٩٠ |
| ٢ | پرۆژەی تۆڕی بگۆڕ و تۆڕی کێبلاتی فانک (٥٠٠) هێڵ کە بریتی بوو لە دانانی بەدالە و تۆڕی کێبلات. | نزیکەی ١ ملیۆن دینار | دهۆک / فانک | ٪٩٠ |
| ٣ | پرۆژەی تۆڕی بگۆڕ و تۆڕی کێبلاتی کۆمەڵگەی ئازادی لە ئاکرێ. | نزیکەی ١ ملیۆن دینار | دهۆک/ئاکرێ/ کۆمەڵگای ئازادی | ٪٨٠ |



بەڕێز وەزیری گواستنەوە و گەیاندن
لە دانانی بەردی بناخەی بگۆڕی نەورۆز



ڕاکێشانی کێبڵ بۆ تەلەفۆن



بگۆڕی بنەسلاوە




دابینکردنی تەماتە بۆ کارگەی دۆشاوی تەماتە لە هەریر



بگۆڕی عەنکاوە



بگۆڕی نەورۆز



چالاکییەکانی گەیاندنی تەلەفۆن



باڵەخانەی بگۆڕی نەورۆز

# ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان

# ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان

ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و زەمینە خۆشکردن بۆ گەڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ سەر ڕەز و باخ و زەویوزاری خۆیان لە ڕێگەی دروستکردنی خانووبەرە و دابینکردنی خزمەتگوزاریی ڕێگەوبان و ئاو و ئاوەڕۆ و دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و هی ترەوە، دوو خاڵی سەرەکی بەرنامەی کاری کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانن.

بەرهەمی هەوڵ و کۆششی بەردەوام لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا بریتییە لە ئاوەدانکردنەوەی ١٦٠٠ گوند لە کۆی ٢٥٠٠ گوندی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک و، ئەنجامدانی سەدان پرۆژەی بیناسازی و ڕێگەوبان و ئاو و دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و گەلێ پرۆژەی دیکە .

وێڕای ئەوانەش هەزاران خانوو و شوقەی تازە بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارە و گەڕاوەکان لە کەسنەزان و بنەسڵاوە و سۆران و ڕەواندز و مێرگەسوور و زۆر شوێنی دیکەدا دروست کراون و، ژمارەیەکی زۆری دیکەش لەژێر جێبەجێ کردندان یا خراونەتە ناو پرۆگرامی کار و لە ئایندەیەکی نزیکدا جێبەجێ دەکرێن.

تا ئێستا تەنها ژمارەیەکی کەم لەو کارگە و ئامێرانەی کە خراونەتە ناو فێزەکانی بەرنامەی (٩٨٦)ەوە گەیشتوون و، واش چاوەڕوان دەکرێ بەشەکەی دیکەیان لە ئایندەیەکی نزیکدا بگەنە هەرێم. بێگومان بەگەیشتن و کەوتنەکاری ئەو ئامێرانەش پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەشەپێدانی وڵات بەهەنگاوی خێراتر بەرەو پێش دەچێ. ئەمەی خوارەوەش گرنگترین کار و چالاکییەکانی بواری ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە لە ساڵی ٢٠٠٢دا:

### یەکەم: ڕێگاوبان

دروستکردنی ڕێگەی شیاو بۆ گوندەکان و بەستنەوەیان بەسەنتەری ناحیە و قەزا و شارەکان، بەئەندازەی ئاوەدانکردنەوەی گوند و لادێکانی کوردستان گرنگی هەیە، چونکە لەم ڕێگایەوە گوندنشینان دەتوانن بەرهەمی کێڵگە و بێستانەکانیان لە بازاڕی شار و شارۆچکەکاندا ساغ بکەنەوە. ڕێگەوبانی گونجاو بۆ ئاسانکردنی هاتوچۆی مامۆستا و قوتابیان و گەیشتن بەمەڵبەندی تەندروستی لە شارەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. بەبێ بوونی ڕێگەوبانێکی لەبار، کردنەوەی قوتابخانە و گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی و

ئەنجامدانی پرۆژەی دیکەی خزمەتگوزاری لە لادێکاندا کارێکی ئەستەمە و تەگەرەی زۆری تێ دەکەوێت. بۆیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆری بەدروستکردنی رێگەی تازە و چاککردنەوەی بەردەوامی رێگا کۆنەکان داوە و لەو بوارەشدا زۆر کار و چالاکی ئەنجام دراون.

لە سالّی ٢٠٠٢دا (٢٤,٤٨٢,٠٢١) دینار و (٤,٨١٤,٧٤٣) دۆلار لە پرۆژەکانی رێگاوبانی گوندەکاندا خەرج کراوە، هەروەک لە خوارەوە روون کراوەتەوە:

١- لە ماوەی سالّی ٢٠٠٢دا چەند پرۆژەیەکی رێگاوبان لە سەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک تەواو کراون کە بەگشتی ١,٩٠٣,٠٩١ دیناریان لێ خەرج کراوە. پرۆژەکانیش ئەمانەن:

- تەواوکردنی رێگای (سپیلک - خەلان) لە پارێزگەی هەولێر: ١,٥٢١,٠٤١ دینار.
- تەواوکردنی رێگەی (شەلال - سیپە) لە بجیل: ٣٥٤ هەزار دینار.
- کردنەوە و تێکەڵە کردنی رێگەی ناوخۆ لە ناحیەی گردەسین: ٢٨٠٥٠ دینار.

٢- هەر لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەک پرۆژەی رێگاوبان لە ژێر ئەنجامدان کە بەگشتی ٢٢,٥٧٨,٩٣٠ دیناریان تێ دەچێت، لەوانەش:

- قیرتاوکردنی رێگای حوجران - دەربەند لە سەلاحەدین.
- قیرتاوکردنی رێگای ماولو لە سەلاحەدین.
- رێگای دوو سایدی هەژار موکریانی لە سەلاحەدین.
- رێگای ناوەندیی سەری بلّند.
- دروستکردنی قۆناغی دووەمی رێگای ١١ی ئەیلول و چەند پرۆژەیەکی دیکە کە لە خشتەکانی هاوپێچدا روون کراوەتەوە.

٣- هەر لە سالّی ٢٠٠٢دا (١١) پرۆژەی رێگاوبان بەدرێژی ١١٠ کم لە پارێزگای هەولێر لەسەر بودجەی بەرنامەی ٩٨٦ ئەنجام دراون، کە بەگشتی ١,٣٧٨,٣٧٥ دۆلاریان تێ چووە، هەروەک:

- رێگەی (ئەشکەوتوان - زێدە).
- رێگای سماقوولی و سووسێ.
- رێگای هەبابان - کەلەک.
- رێگای دێلزێ.

- ڕێگای (بەردە گەورە- سەرکەند خەیلانی) و، ڕێگای (هەبابان - سەرکەند).
- ڕێگای (هەرۆتەی کۆن - سارێک - ئەشکەوتە - دەرەش - خەتێ - خەلیفان).
- ڕێگای گردەچاڵ و ڕێگای سێبیران.
- ڕێگای ناوخۆیی حاجی ئۆمەران و، قیرتاوکردنی ڕێگای ناوخۆیی لە هەنجیرۆک.
- ڕێگای (ئەشکەوتوان - زێدە - مەران - پیران).

درێژی و تێ چووی هەر ڕێگایەک لەو ڕێگایانەی سەرەوە لە خشتەکانی هاوپێچدا ڕوون کراوەتەوە.

٤- (٢٨) پرۆژەی جیاجیای ڕێگاوبان بەدرێژی ٢٤٩کم لە پارێزگای دهۆک لە چوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦دا ئەنجام دراون کە بەگشتی ٣,٤٣٦,٣٦٨ دۆلار لەم پرۆژانەدا سەرف کراوە، هەروەک:

ڕێگای گویلان و ڕێگای ئیستریان لە بجیل، ڕێگاکانی بابوخکێ و ئەلندکێ و ئاڤدارا لە مانگێش، ڕێگای پیرۆزانا لە ئامێدی، ڕێگای (بەردەڕەش - کەلەک)، چاککردنەوەی ڕێگاکانی ئەلکیشک و دەرگەلا سەیدا و چەمە لە ئاکرێ و گەلێ پرۆژەی تر کە لە خشتەکانی هاوپێچدا خراونەتە ڕوو.

### دووەم: خانووبەرە و بیناسازی

کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی خانووبەرە بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت و ئاوارەکانی ناوخۆ و گەڕاوەکانی ئێران و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دابین بکات. هاوشان لەگەڵ ئەوەش بایەخێکی زۆر بەگەیاندنی خزمەتگوزاریی ڕێگەوبان و ئاو و ئاوەڕۆ و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و هی تر بەگوندە ئاوەدانکراوەکان و کۆمەڵگا بیناکراوەکان دراوە. دروستکردنی باڵەخانەی جۆراوجۆر هەروەک هۆڵی گشتی و باڵەخانەی قەزا و ناحیەکان و باڵەخانەی تر پێداویستییەکی گرنگی دیکەی ئاوەدانکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە بەهەوڵ و کۆششی بێ وچان بیناکراون یا لە ژێر جێبەجێ کردندان.

تێ چووی سەرجەم پرۆژەکانی بیناسازی ساڵی ٢٠٠٢ لە سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دەکاتە (٦٢,٦٤١,٩٠٦) دینار و (٢٢,١٥٥,٠٧١) دۆلار، کە گرنگترین پرۆژەکانی ئەم بوارە بریتین لە:

١- له ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا چەند پرۆژەیەکی خانووبەرە و بیناسازی لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون کە بەگشتی ٦٢,٦٤١,٩٠٦ دیناریان لێ سەرف کراوە. پرۆژەکانیش ئەمانەن:

- تەواوکردنی پرۆژەی دروستکردنی (١٠٠) خانوو بۆ شەهیدان لە ڕێگەی کەسنەزان.
- تەواوکردنی پرۆژەی دروستکردنی ٥٠ خانوو لە سۆران.
- دروستکردنی یاریگەی بلێ لە بارزان.
- دروستکردنی باڵەخانەی بنکەی عێراق بۆ دیموکراسی لە هەولێر.

٢- هەر لە ساڵی ٢٠٠٢دا، (١٦,٩٣٦,٤٢٢) دۆلار لە سنووری پارێزگەی هەولێر لە بواری دروستکردنی خانوو و شوقە و پرۆژەی جۆراوجۆری بیناسازیدا بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج کراوە:

- دروستکردنی ١٤٢٠ خانوو لە گوند و ناوچە جیاجیاکانی پارێزگەی هەولێر.
- دروستکردنی ٧٦٠ شوقە لە بنەسلاوە.
- دروستکردنی ١٧ قوتابخانە لە گوندەکان و چەند گەڕەکێکی ناو شاری هەولێر.
- ئەنجامدانی ١٠ پرۆژەی جۆراوجۆر هەروەک دوو بنکەی تەندروستی و دوو کۆمەڵگەی ئیداری و ٣ گەرماو و چەند پرۆژەیەکی تر.

سەرجەم پرۆژەکانیش بەوردی لە خشتەکانی هاوپێچدا خراونەتە ڕوو.

٣- مەبلەغی (٥,٢١٨,٦٤٩) دۆلار لەسەر بودجەی بەرنامەی ٩٨٦ بۆ ئەنجامدانی ٥٧ پرۆژەی جۆراوجۆری بیناسازی لە سنووری پارێزگای دهۆکدا خەرج کراوە. پرۆژەکانیش ئەمانەن:

- دروستکردنی ٣٤٧ خانوو لە گوند و قەزا و ناحیەکاندا.
- دروستکردنی ٢٦ قوتابخانە.
- دروستکردنی بنکەیەکی تەندروستی و چەند پرۆژەیەکی تر کە لە خشتەکانی هاوپێچدا تێچووی هەر پرۆژەیەک خراوەتە ڕوو.

## سێیەم: ئاوی گوندەکان

دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە بۆ گوندەکان یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانەی گوندنشینان. وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بەهاوکاری لەگەڵ

ئاژانسی یونیسێف دەیان بیری ئیرتیوازی لە گوندەکان هەڵکەندووە و، سەدان حەوزی ئاوی بۆ ئەو گوندانەی کە سەرچاوەی ئاویان تێدایە دروست کردووە و ژمارەیەکی زۆر گەرماو و ئاودەست و گەلێ پرۆژەی دیکەی جێبەجێ کردووە. لە بەرنامەدایە تاکو ساڵی ٢٠٠٣ گرفتی ئاوی پاکی خواردنەوەی گوندەکان بەتەواوی چارەسەر بکرێت.

یەکێک لە چالاکییە گرنگەکانی ئەم بوارە بریتییە لە ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەک بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ کۆمەڵە گوندێکی لە یەک نزیک، بەسوود وەرگرتن لە یەک سەرچاوەی ئاو، هەروەک پرۆژەی ئاوی کانی بەردەری کە یەکێکە لەو پرۆژانەی کە بەهاوکاری لەگەڵ ئاژانسی یونیسێف ئەنجام دراوە و ئاوی خواردنەوە بۆ (٢٢) گوندی ناوچەکە دابین دەکات. پرۆژەکە (٥٤٧,٤٠٠) دۆلاری بۆ تەرخان کراوە و زیاتر لە (٩٥٠٠) کەس سوودی لێ وەردەگرن. ئاوی پێویست لە (کانی بەردەری)یەوە تا بەرزایی (٥٤٠)م دەگوازێتەوە و، دوای ئەوە بەسەر گوندەکان دابەش دەکرێت. پرۆژەکە لەژێر ئەنجامدایە و تا ئێستا ئیشوکاری کۆنکرێت کردنی حەوز و سەرچاوەکان و هێنانی ترومپا و موەلیدەی کارەبا و بۆرییەکانی هێڵی سەرەکی تەواوکراون.

بەگشتی ٥,٨٣٢,١٠٦ دۆلار بۆ ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی ئاوی خواردنەوە لە گوندەکانی سنووری هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆک خەرج کراوە، هەروەک لە خشتەی هاوپێچدا ڕوون کراوەتەوە. چالاکییەکانی ئەم بوارە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- (٣,٩٨٢,١٨٢) دۆلار لە پرۆژەکانی پارێزگای هەولێر خەرج کراوە کە زۆر بواری جیاجیای گرتووەتەوە هەروەک:
- ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی ئاوی خواردنەوە بۆ ١٦٩ گوند.
- دروستکردنی ٥٦٢٥ یەکەی ئاودەست لە ١٠٧ لادێدا.
- چەندین پرۆژە بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ ٤١ گوند لەژێر جێبەجێ کردندان.
- چاککردنەوەی تۆڕەکانی ئاوی ١٤ گوند.
- ئەنجامدانی خولی هوشیارکردنەوە بۆ ١٨٧ گوند و چەندین چالاکی تر.

٢- لە پارێزگەی دهۆکیش ١,٨٤٩,٩٢٤ دۆلار بۆ لێدانی ٧ بیری ئاو و ئەنجامدانی ٧٩ پرۆژەی ئاو و ٦٩ پرۆژەی ئاوەڕۆ و ٤٥ پرۆژەی ئاودەست و گەلێ پرۆژەی تر خەرج کراوە.

**چوارەم: ڕاماڵینی بەفر**

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان هەموو ساڵێک بەر لە دەست پێکردنی وەرزی زستان ئەو ئامێر و کەلوپەلانەی کە بۆ ڕاماڵینی بەفر و پاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان پێویستن ئامادە دەکات. لەگەڵ بارینی بەفر و گیرانی ڕێگاکانیش، تیمەکانی بەفر ڕاماڵین دەکەونە خۆ و ڕێگاوبانە بەبەفر گیراوەکان پاک دەکەنەوە، بەجۆرێ کە هەموو کاتێ ڕێگاکان بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێل کراون و، جموجۆڵی مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی و هاووڵاتیان تەگەرەیەکی ئەوتۆی بۆ دروست نابێت.

## خشتەی ژمارە (١)
## ئەو پرۆژانەی لەژێر ئەنجامدانن بۆ ساڵی (٢٠٠٢) لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم

**پرۆژەی ڕێگە**

| ژ | ناوی پرۆژەکان | جێگا | مێژووی دەستبەکاربوون | مێژووی کۆتایی | پارەی پرۆژە بەدینار | ڕێژەی ئەنجامدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | قیرتاوکردنی ڕێگەی حجران - دەربەند | سەلاحەدین | ٢٠٠١/٨/١٥ | ٢٠٠١/١١/١٥ | ٢٦٥٤٠٠٠ | ١٠٣٠٪ |
| ٢ | قیرتاوکردنی ڕێگەی ماولو | سەلاحەدین | ٢٠٠١/٨/٢٧ | ٢٠٠١/١١/٢٩ | ٤٩٨٠٥٠ | ٩١,٠٠٪ |
| ٣ | ڕێگەی دووسایدی هەژاری موکریانی | سەلاحەدین | ٢٠٠٠/٩/٢٠ | ٢٠٠١/٩/٢٠ | ٤٥٢٦٧٥٦ | ٦٠,٠٠٪ |
| ٤ | ڕێگەی ناوەوەی سەری بڵند | سەلاحەدین | ٢٠٠٠/٩/٢١ | ٢٠٠١/٥/١ | ٣٨٩٢٦٦٨ | ٩٧,٠٠٪ |
| ٥ | دروستکردنی ڕێگەی قۆناغی دووەم (١١) ئەیلوول | هەولێر | ٢٠٠١/٧/٢٠ | ٢٠٠١/١/٢٠ | ٣٥٣٤١١٠ | ٩٦,٠٠٪ |
| ٦ | چوارڕیانی ڕێگەی عەنکاوە و ڕێگەی (١١)ی ئەیلوول | هەولێر | | | ٢٥٣٠٧٥ | ٦١,٥٪ |
| ٧ | پرۆژەکانی پەرەپێدانی هەولێر | هەولێر | | | ٢٥١٥١٨٧ | ٦١,٥٪ |
| ٨ | دەرختنە زیادەکانی پەرەپێدانی هەولێر | هەولێر | | | ٤٧٠٥٠٨٤ | ٥٨,٥٪ |
| | گۆژمە | | | | ٢٢,٥٧٨,٩٣٠ | |

## خشتەی ژمارە (٢)
## پرۆژە ئەنجامدراوەکانی ساڵی ٢٠٠٢ لەسەر بڕیاری ٩٨٦ - هەولێر

**ڕێگەوبان**

| ژ | ناوی پرۆژە | گۆژمەی خەرجکراو بەدۆلار |
|---|---|---|
| ١ | ١٤ کم ڕێگەی ئەشکەوتوان - زێدە | ٢٤٥,٦٢٢ |
| ٢ | ٣,٢ کم ڕێگە بۆ سماقوولی و سووسێ | ١٦,٣٢٥ |
| ٣ | ١٥,١٥ کم ڕێگەی هەبابان - کەڵەک | ٢٠٧,١٠٢ |
| ٤ | ٤,٦ کم ڕێگەی دێلزێ | ٣٦,٥٠٠ |
| ٥ | ٢٠ کم ڕێگەی بەردەگەورە - سەرکەند خەیلانی | ٢٦٧,٤٢٠ |
| ٦ | ٤,٢ کم ڕێگەی هەبابان - سەرکەند | ١٢٨,٤٩٠ |
| ٧ | ٩,٧٢ کم ڕێگەی (هەرۆتە کۆن - سارتک - ئەشکەوتە - دەرەش - خەتێ) / خەلیفان | ١١٣,٦٦١ |
| ٨ | ٤,٢ کم ڕێگەی گردەچاڵ و ٠,٧٢٥ کم ڕێگەی سێبیران | ٥٥,٣٦٠ |
| ٩ | ڕێگەی ناوخۆیی لە حاجی ئۆمەران | ٨٧,٩٢٠ |
| ١٠ | قیرتاوکردنی ڕێگەی ناوخۆیی لە هەنجیرۆک | ٧١,٢٢٥ |
| ١١ | ٢٤,٤ کم ڕێگەی ئەشکەوتوان - زێدە - مەران - پیران بە DBSD | ١٤٨,٧٥٠ |
| | کۆی گشتی | ١,٣٧٨,٣٧٥ |

خشتەی ژمارە (٣)
پرۆژە ئەنجامدراوەکانی ساڵی (٢٠٠٢) دهۆک لەسەر بڕیاری ٩٨٦

**پرۆژەی ڕێگەوبان - هەولێر**

| ژ | ناوی پرۆژە | پارەی پرۆژە بە $ |
|---|---|---|
| ١ | ڕێگەی گویلان (٢٥,٥٤٠)کم بجیل | ٦٩٧٠١ |
| ٢ | ڕێگەی ئیستریان (٥,٦٠٠)کم بجیل | ٢٠٠١٧ |
| ٣ | ڕێگەی بابوخکێ (٣,٥٥٥)کم مانگیش | ٤٩٤٠٤ |
| ٤ | ڕێگەی ئەلندکی (٣,٤٣٠)کم مانگیش | ٣٩٠٦٢ |
| ٥ | ڕێگەی ناڤدارا (١,٢٥)کم مانگیش | ٤٢٧٨٤ |
| ٦ | ڕێگەی پیرۆزانا (١٠,١١٤)کم ئامێدی | ٢١٩٢٢٠ |
| ٧ | ڕێگەی ناوخۆی بامەڕنی (١)کم | ٧٦٧٣٥ |
| ٨ | ڕێگەی بەردەڕەش کەڵەک (٣٢)کم | ٤١٥٨٧٠ |
| ٩ | ڕێگەی گوندی مائێ (٠,٨)کم کانی ماسی | ٣٠٦٣٣,٦ |
| ١٠ | چاککردنەوەی (٢٢)کم ڕێگەی ئەلکیشک | ٥٥٥٧٠ |
| ١١ | چاککردنەوەی (٢٣)کم ڕێگەی دەرگەلا سەیدا | ٥٧٤٥٥ |
| ١٢ | چاککردنەوەی (٠,٥)کم ڕێگەی شمائیلا | ٢٩٧٦٢ |
| ١٣ | چاککردنەوەی (١,١)کم ڕێگەی تشیش | ٢٢٠٢٠ |
| ١٤ | چاککردنەوەی (١٥,٨٢)کم ڕێگەی چمە ئاکرێ | ٣٠٢٨٦٠ |
| ١٥ | چاککردنەوەی (٠,٣٥)کم ڕێگەی مام ئیزدین | ٦٢٦٠ |
| ١٦ | چاککردنەوەی (٠,٦٨٢)کم ڕێگەی بناریکی | ١٩١٩٥ |
| ١٧ | چاککردنەوەی (٠,٨٠)کم ڕێگەی دێرکێ | ١٧٥٤٠ |
| ١٨ | چاککردنەوەی (٠,٨٠)کم ڕێگەی چمانکێ | ١٥٨٧٠ |

ماویەتی

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | دروستكردنی (١٩)كم ڕێگەی ڕوڤیا ئیفراز | ٤٩٤١٣٥ |
| ٢٠ | چاككردنەوەی (٤٣)كم ڕێگەی چمە ئاكرێ | ٥٣٣٨٧٠ |
| ٢١ | دروستكردنی (٥,٥٩٤)كم ڕێگەی ناوخۆی زاخۆ | ٣٧١٥٠٠ |
| ٢٢ | دروستكردنی (١,٧٤)كم ڕێگە بۆ (٦) گوند | ٣١٩٥ |
| ٢٣ | دروستكردنی (٥,٥٩٤)كم ڕێگەی ناوخۆی زاخۆ | ١٩٣٨٠٥ |
| ٢٤ | چاككردنەوەی (٦)كم ڕێگەی كواشە | ١١١٢٣٠ |
| ٢٥ | چاككردنەوەی (١٣,٧)كم ڕێگەی گوندی سەرئاڤكێ | ١٥٨٩٤٥ |
| ٢٦ | چاككردنەوەی ڕێگەی عەلی شانا (٩)كم | ٣٢٩٨٠ |
| ٢٧ | چاككردنەوەی ڕێگەی نزراوە (١,٥٨٦)كم | ٢٠٢٩٠ |
| ٢٨ | ڕێگەی مەندیان (١,٢٥٠)كم | ٢٦٤٦٠ |
| | كۆی گشتی | ٣٤٣٦٣٦٨,٦ |

## خشتەی ژمارە (٤)
## پرۆژە ئەنجامدراوەکانی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی ٢٠٠٢ لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم

**پرۆژەی خانووبەرە**

| ژ | ناوی پرۆژەکان | جێگا | مێژووی دەست بەکاربوون | مێژووی کۆتایی | پارەی پرۆژە بەدینار | رێژەی ئەنجامدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی (١٠٠) خانوو بۆ شەهیدان لە رێگەی کەسنەزان (حەسارۆک) | هەولێر | ٢٠٠٠/١١/٢٠ | ٢٠٠٢/٢/٥ | ٩,٩٨٣,٠٠٠ | ٪١٠٠ |
| ٢ | دروستکردنی (٥٠) خانوو لە سۆران | سۆران | ٢٠٠٠/١٢/١٨ | ٢٠٠٢/٦/١٨ | ٥,٩٨٠,٠٠٠ | ٪١٠٠ |
| | گۆژمە | | | | ٦٢,٦٤١,٩٠١ | |

## ئەو پرۆژانەی لەژێر ئەنجامدان بۆ ساڵی ٢٠٠٢

**پرۆژەی خانووبەرە**

| ژ | ناوی پرۆژەکان | جێگا | مێژووی دەست بەکاربوون | مێژووی کۆتایی | پارەی پرۆژە بەدینار | رێژەی ئەنجامدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یاریگەی بلێ | بارزان | ٢٠٠١/٨/٣٠ | ٢٠٠٢/١١/٢٦ | ٢,١٤٦,١٣٠ | ٪٩٦ |
| ٢ | دروستکردنی باڵەخانەی بنکەی عیراق بۆ دیموکراتیبیەت گەڕانەوەی خۆی | هەولێر | ٢٠٠١/١/٢ | ٢٠٠٣/١/٢ | ٢,٩١١,٩١٢ | ٪٩٦ |
| | گۆژمە | | | | ٥,٠٥٨,٠٤٢ | |

خشتەی ژمارە (٥)

**پرۆژەی خانووبەرە/ هەولێر**

| پارەی پرۆژە بە $ | ناوی پرۆژە | ژ |
|---|---|---|
| ١٧١٩٠٣ | ٨٤ خانوو بۆ ٤ گوندی هەریر | ١ |
| ٧٩٠٣٠ | ٥ خانووی کارمەند لە مێرگەسور | ٢ |
| ٢٨٧٨٤٠ | ٤٠ خانوو لە دیلیزیان | ٣ |
| ٣٨٨١٥٢ | ٥٤ خانوو لە دیلیزیان | ٤ |
| ٣٧٦٣٥٦ | ٥٨ خانوو لە دیلیزیان | ٥ |
| ٢٤٣٥٢١ | ١٠٣ خانوو لە سیدەکان | ٦ |
| ٩٨٧٠٩ | ١٠٠ خانووی هەنجیرۆک | ٧ |
| ٣١٣١٧٠ | ١٠٠ خانووی ڕەواندز | ٨ |
| ٢١٢٤٣٩ | ٨٠ خانووی مێرگەسور | ٩ |
| ٣٧٤١٨٥ | ١٢٥ خانوو لە دیلیزیان | ١٠ |
| ٣٩٠٢٩٢ | ١٢٥ خانوو لە دیلیزیان | ١١ |
| ٣٨٠٦٢٠ | ١٢٠ خانوو لە دیلیزیان | ١٢ |
| ٣٧٦٠٠٥ | ١٢٠ خانوو لە دیلیزیان | ١٣ |
| ٦١٣٦٠٠ | ١٠٤ شوققە لە بنەسلاوە | ١٤ |
| ٧٧٩٥٢٨ | ١٢٨ شوققە لە بنەسلاوە | ١٥ |
| ٢٠٠٠١٩ | ٩٢ خانوو لە ٧ گوند لە مێرگەسور | ١٦ |
| ٢١٢١٠٢ | ١٠١ خانوو لە ٦ گوند لە مێرگەسور | ١٧ |
| ٤٠١٢٦ | ٣ خانووی کارمەند لە چۆمان | ١٨ |

ماویەتی

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | ٥ خانووی مامۆستا لە سیدەکان | ٧٢٤٨٤ |
| ٢٠ | ٥ خانووی مامۆستا لە چۆمان | ٧٠٤٤٠ |
| ٢١ | ٧ خانووی مامۆستا لە مێرگەسور | ١٣٢٣٠٢ |
| ٢٢ | ١٢٨ شوقە لە کەسنەزان | ٨٠١٠٥٤ |
| ٢٣ | ١١٢ شوقە لە کەسنەزان | ٦٦٧٤٤٣ |
| ٢٤ | ٨٠ شوقە لە کەسنەزان | ٤٥٤٥٥٢ |
| ٢٥ | ١١٢ شوقە لە کەسنەزان | ٧٠٠٩٢٣ |
| ٢٦ | ٩٦ شوقە لە کەسنەزان | ٥٨٨٧٦٣ |
| ٢٧ | ٤١ خانووی S.B. لە میرۆز | ٤٨٨١٢٣ |
| ٢٨ | ٤٨ خانووی S.B. لە میرۆز | ٥٨١٨٤٤ |
| ٢٩ | ٤٩ خانووی S.B. لە میرۆز | ٥٧٧٥٧٧ |
| ٣٠ | ٤٢ خانووی S.B. لە میرۆز | ٥٠٨٠٧٩ |
| ٣١ | ٧٠ خانووی S.B. لە میرۆز | ٨٧٤١٧٨ |
| ٣٢ | ١٠٠ خانووی S.B. لە کەسنەزان | ٥٠٤٥٤٨ |
| ٣٣ | ١٠٠ خانووی S.B. لە کەسنەزان | ٤٧٨٨٩٠ |
| ٣٤ | بنکەی تەندروستی باتاس | ٦٦٣٨٤ |
| ٣٥ | بنکەی تەندروستی لەگەڵ قوتابخانەی ٦ پۆلی لە هەنجیرۆک | ٨٤٥٤٧ |
| ٣٦ | قوتابخانەی ٦ پۆل لەگەڵ ٧,٠ کم ڕێگە لە ئازادی (گۆرەگۆم) | ٧٥٦٣٩ |
| ٣٧ | قوتابخانەی پەرستیاری لە بلێ | ١٤٠٢٣٣ |
| ٣٨ | یەکەی سەرپەرشتی پەروەردەیی لە هەولێر | ٢٣٢٣٤٨ |
| ٣٩ | قوتابخانەی ١٢ پۆلی بلێ | ٢٠٠٠١٧ |
| ٤٠ | قوتابخانەی ١٢ پۆلی لە گەڕەکی ڕەنگین | ١٩٢٩٧٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤١ | قوتابخانەی ١٢ پۆلی لە گەڕەکی ٩٢ | ٢٤٧١٩٩ |
| ٤٢ | قوتابخانەی ١٢ پۆلی لە گەڕەکی ١١٥ | ٢٤٤٦٥٠ |
| ٤٣ | قوتابخانەی ١٢ پۆلی لە سەلاحەدین | ٢٢٨٩٨٨ |
| ٤٤ | قوتابخانەی ١٢ پۆلی لە گەڕەکی ٢٢ | ٢٤١٢٦٠ |
| ٤٥ | قوتابخانەی ٦ پۆلی و ٣,٥ کم ڕێگە لە گوندی خوشکان | ١١١٦٤٠ |
| ٤٦ | قوتابخانەی ٦ پۆلی لە سابیراوە – شەقلاوە | ٥١٨٢٨ |
| ٤٧ | قوتابخانەی ٦ پۆلی لە قەمەریان لەگەڵ ٠,٣٥ کم ڕێگە | ٧١٠٨٦ |
| ٤٨ | قوتابخانەی ١٢ پۆلی لە بنەسلاوە | ٢٤٠٠٠٦ |
| ٤٩ | قوتابخانەی ٦ پۆلی لە هەرەش | ٧٣٧٠٩ |
| ٥٠ | قوتابخانەی ٦ پۆلی لە مەمدی | ٧٧٧٠٠٠ |
| ٥١ | قوتابخانەی ٦ پۆلی لە ڕکاوە | ١٣١٦١٩ |
| ٥٢ | قوتابخانەی ٦ پۆلی لە خرواتان | ٩٧٣٨٤ |
| ٥٣ | قوتابخانەی ٦ پۆلی لە کەپران | ٦٣٨٥٨ |
| ٥٤ | پرۆژەی شارسینە | ١٢٣٨٣١ |
| ٥٥ | کۆمەڵگەی ئیداری هیران | ١٠٤٧٠٧ |
| ٥٦ | گەرماوی گشتی بنەسلاوە | ٩٨٠٥١ |
| ٥٧ | گەرماوی گشتی مێرگەسور | ٨٠٦٠٠ |
| ٥٨ | کۆمەڵگەی ئیداری سیدەکان | ٢٠٠٧٠١ |
| ٥٩ | گەرماوی گشتی لەگەڵ پرد لە چۆمان | ١٣٦٧٩١ |
| ٦٠ | چاککردنەوەی شوێنی ٢٥٠ خانوو لە میرۆز | ٢٧٩٨٧٥ |
| | کۆی گشتی | ١٦,٩٣٦,٤٢٢ |

تەواو

خشتەی ژمارە (٦)

**پرۆژەی خانووبەرە - دهۆک**

| پارەی پرۆژە بە $ | ناوی پرۆژە | ژ |
|---|---|---|
| ١٥٠٨٨,٨ | خانووی فەرمانبەر (٢) کانی ماسی | ١ |
| ٩٧١١,٥ | خانوو بۆ مامۆستا لە سالیا | ٢ |
| ٩٧١١,٥ | خانوو بۆ مامۆستا لە بانورا | ٣ |
| ١٠٦٥٨ | خانوو بۆ مامۆستا لە ئاشکان | ٤ |
| ١٢٢٥٠ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی نزراوە | ٥ |
| ١٢٢٥٠ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی خاروک | ٦ |
| ١٣٥٤٢,٥ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی ئگلەکە | ٧ |
| ١٣٥٤٢,٥ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی ئاشەوا | ٨ |
| ١٤٦٩٥ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی سەرئاڤکێ | ٩ |
| ١٤٠٨٠ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی مائێ | ١٠ |
| ١٠٥٦٦,٨ | دروستکردنی خانوو بۆ نۆژدار لە کۆمەڵگەی چرە | ١١ |
| ١٢٥٧١ | دروستکردنی خانوو بۆ مامۆستا لە کانی مەزن | ١٢ |
| ١٢٧٨٧,٥ | دروستکردنی خانوو بۆ مامۆستا لە چمە هەرزان | ١٣ |
| ١٢٥٧١ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی باتیفا سەیدا | ١٤ |
| ١٢٢٩٥ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی چمە سەیدا | ١٥ |
| ١٢٢٩٦ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی ئەلکویشکی | ١٦ |
| ١١٧٦٨ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی بنارینگ | ١٧ |
| ١١٩٩٧ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی ئەلکیشک | ١٨ |

ماویەتی

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی کواشە | ١١٣٥٣ |
| ٢٠ | (٢٠) خانوو لە گوندی مەندیان | ١٢٥٦٤٠ |
| ٢١ | خانوو بۆ مامۆستا لە گوندی مەندیان | ١٢٩١٤ |
| ٢٢ | دروستکردنی (٢) خانووی مامۆستا لە هتیت | ٢٠٥٦٣ |
| ٢٣ | قوتابخانەی (١٢) پۆلی لە خانکێ | ١٤٠٢٦٠ |
| ٢٤ | قوتابخانەی (١٢) پۆلی لە تاخی سیگرکال | ٢١٦٠٦٧ |
| ٢٥ | قوتابخانەی (٦) پۆلی لە سالیا | ٦٧٢٩٣,٥ |
| ٢٦ | قوتابخانەی (٦) پۆلی لە بانورا | ٦٧٢٩٣,٥ |
| ٢٧ | قوتابخانەی (٦) پۆلی لە ئاشکان | ٧٠٩٦٩,٥ |
| ٢٨ | قوتابخانەی (٦) پۆلی لە گوندی نزراوە | ٧٠٧٧٠ |
| ٢٩ | قوتابخانەی (٦) پۆلی لە گوندی خاروک | ٧٩٦٨١,٥ |
| ٣٠ | قوتابخانەی (٦) پۆلی لە گوندی مائێ | ٧٤٥٦٧ |
| ٣١ | قوتابخانەی (٦) پۆلی لە گوندی ئگلەکە | ٧٣١٥١ |
| ٣٢ | قوتابخانەی (٦) پۆلی لە گوندی ئاشەوا | ٧٣١٥١ |
| ٣٣ | قوتابخانەی (٦) پۆلی لە گوندی سەرئاڤکێ | ٧٢٦١٠ |
| ٣٤ | دروستکردنی قوتابخانەی (٦) پۆلی لە کانی مەزنێ | ١٢٥٧١ |
| ٣٥ | دروستکردنی قوتابخانەی (٦) پۆلی لە چمە هەرزان | ٦٥٠٩٥,٥ |
| ٣٦ | دروستکردنی قوتابخانەی (٦) پۆلی لە باتیفا سەیدا | ٧٦٦٤٩ |
| ٣٧ | دروستکردنی قوتابخانەی (٦) پۆلی لە چمە سەیدا | ٦٣٨٧٤ |
| ٣٨ | دروستکردنی قوتابخانەی (٦) پۆلی لە ئەلکویشکی | ٧٢٥٣٢ |
| ٣٩ | دروستکردنی قوتابخانەی (٩) پۆلی لە زاوێتە | ١٤٤٤٩٨,٥ |
| ٤٠ | دروستکردنی قوتابخانەی (٩) پۆلی لە کۆمەڵگەی ئازادی | ١٤٤٩٤٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤١ | قوتابخانەی (١٢) پۆلی لە کۆمەڵگەی کەلەکچی | ١٤٥٠٠٤ |
| ٤٢ | قوتابخانەی (١٢) پۆلی لە کۆمەڵگەی تاخی علماو | ٢٠٠٠٠١ |
| ٤٣ | قوتابخانەی (١٢) پۆلی لە کۆمەڵگەی شاریا | ١٤٩٩٣٠ |
| ٤٤ | دروستکردنی قوتابخانەی (٦) پۆلی لە بنارینگ | ٨٩٤١٣ |
| ٤٥ | دروستکردنی قوتابخانەی (٦) پۆلی لە ئەلکیشک | ٧٠٦٠٤ |
| ٤٦ | دروستکردنی قوتابخانەی (٦) پۆلی لە کواشە | ٥٨٢١٧ |
| ٤٧ | دروستکردنی قوتابخانەی (٦) پۆلی لە مەنیان | ٦٥٢٠٠ |
| ٤٨ | قوتابخانەی (١٢) پۆلی لە هتیت | ١٧٠٦٣٨ |
| ٤٩ | دروستکردنی (٢٦) خانوو بۆ ئاوارەکانی گوندی مائێ | ١٧٤٠٠٥ |
| ٥٠ | (٥٠) IDPs لە گوندی بریفکا | ٤٣١٢٢٥ |
| ٥١ | (٦٥) IDPs لە گوندی خەلیاکە | ٣٧٢٢٢٩ |
| ٥٢ | (٦٥) IDPs لە گوندی خەلیاکە | ٣٧٨٥٧٣ |
| ٥٣ | (٤٣) IDPs لە گوندی خەلیاکە | ٢٥٤٧٧٠ |
| ٥٤ | (٢٢) IDPs لەگەڵ پرۆژەی ئاو لە گوندی خەلیاکە | ١٣٤٠٩٠ |
| ٥٥ | (٢٠) IDPs لە گوندی بنارینگ | ١٢١٧٠٠ |
| ٥٦ | (٥٠) IDPs لە هتیت - دێرەلوک - ئامێدی | ٣٣٥٧٧٠,٢ |
| ٥٧ | دروستکردنی بنکەی تەندروستی لە کۆمەڵگەی چرە | ٨٨٤٥٤ |
| | کۆی گشتی | ٥,٢١٨,٦٤٩,٣ |

تەواو

خشتەی ژمارە (٧)
ئاوی گوندەکان (هەولێر)
**پرۆژەکانی هەولێر بۆ ساڵی ٢٠٠٢** (DRWW)

| ژ | ناوی پرۆژە | ژمارەی گوند | گوژمە $ |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو گوندانەی کە پرۆژەی ئاویان بۆ ئەنجام دراوە لە ساڵی ٢٠٠٢ | ١٦٩ | ١٧٧٧١٥٤ |
| ٢ | ئەو گوندانەی کە پرۆژەی لەژێر ئەنجامدانن لە ساڵی ٢٠٠٢ | ٤١ | ١٠٦٨٠٩٥ |
| ٣ | ئەو گوندانەی کە پرۆژەی ئاودەستیان بۆ ئەنجام دراوە | ١٠٧ گوند<br>٥٦٢٥ یەکەی ئاودەست | ١٠٩٢٦٧٧ |
| ٤ | ئەو گوندانەی خولی هۆشیارکردنەوەیان بۆ ئەنجام دراوە لەسەر بڕیاری ٩٨٦ | ١٨٧ | ٧٧٦٧ |
| ٥ | ئەو قوتابخانانەی کە بەدواداچوونی بەرنامەی پاک و خاوێنیان بۆ ئەنجام دراوە | ٧٠ قوتابخانە | ٣٨٠١ |
| ٦ | لیستی ئەو کۆمەڵگا و گوند و قوتابخانانەی کە لێکۆڵینەوەی دۆزی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان تیادا ئەنجام دراوە | ١٨ کۆمەڵگا و گوند و قوتابخانە | ٤٣١ |
| ٧ | ئەو گوندانەی کە چاککردنەوەی تۆڕی بۆ ئەنجام دراوە بەمەبەستی نەهێشتنی هۆی پیسبوونی ئاو لەلایەن W.Q | ١٦ | ٢٨٨٠١ |
| ٨ | ئەو گوندانەی کە کلۆر و $H_2S$ بەسەردا دابەشکراوە | ٦١٤ | ٣٤٥٦ |
| ٩ | ئەو گوندانەی کە Epoxt بەکارهاتووە بۆ چاککردنەوەی حەوزەکانیان | ١٩ | |
| | کۆی گشتی | | ٣,٩٨٢,١٨٢ |

**خشتەی ژمارە (٨)**
ئاوی گوندەکان (دهۆک)
**پرۆژەکانی دهۆک بۆ ساڵی ٢٠٠٢** (DRWW)

| ژ | ئاوی پرۆژە | ژمارەی گوند | گوژمە بە $ |
|---|---|---|---|
| ١ | بیری لێدراو | ٧ | ٩٧٦٧ |
| ٢ | پرۆژەی ئاودەست | ٤٥ | ٢٦٨٤٥٠ |
| ٣ | پرۆژەی ئاوەڕۆ | ٦٩ | ٢٨٠٦٨٢,٨٩ |
| ٤ | پرۆژەی ئاو | ٧٩ | ١٢٧٧٨٢٥ |
| ٥ | دابەشکردنی ئاو بەتەنکەر | ٢٦٤ | ١٣٢٠٠ |
| | کۆی گشتی | | ١,٨٤٩,٩٢٤ |



شوقەکانی کەسنەزان



پرۆژەی ڕێگەی خەلان – ڕێزان



بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان
لە کردنەوەی خانووی ئاوارەکان



کۆمەڵگەی ماڵتا



ڕامالّینی بەفر



خانووەکانی ئیشون

# ئەشغال و نیشتەجێکردن

# ئەشغال و نیشتەجێکردن

لە درێژەی پرۆسەی پەرەپێدان و بووژاندنەوەی وڵات، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردنەوە بایەخێکی زۆری بەهەردوو بواری ڕێگاوبان و بیناسازی داوە. لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا پرۆسەی دروستکردن و چاککردنەوە و قیرتاوکردنی چەندین ڕێگای سەرەکی بەردەوام بووە و، هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک پردی جۆراوجۆر لە سنووری هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆک دروستکراون یان چاککراونەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش گەلێ ئامێری قورسی ڕێگاوبان و ژمارەیەک کارگەی قیر و بەردشکێن، بەتوانا و شارەزایی تەکنیککارانی خۆماڵی چاککراونەتەوە و بۆ ئیشوکاری ڕێگاوبان ئامادەکراون. لە بواری بیناسازی و نیشتەجێکردنیشدا ژمارەیەک باڵەخانە و خانووی نیشتەجێ لە سنووری هەردوو پارێزگا بیناکراون.

بەگشتی لە ساڵی ٢٠٠٢دا (١٤٠,٣١٧,٥٥٤) دینار لە هەردوو بواری ڕێگەوبان و بیناسازیدا بەم شێوەیەی خوارەوە خەرجکراوە:

١- ٥٧,٩٦٠,٩٢١ دینار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری ڕێگاوبان سەرف کراوە.

٢- ١٣,٥٠٥,٨٣٨ دینار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کورستان لە بواری بیناسازیدا خەرجکراوە.

٣- ٦٨,٨٥٠,٧٩٥ دینار لەسەر بودجەی بەرنامەی ٩٨٦ لە بواری ڕێگاوبان خەرجکراوە.

سەرەڕای ئەمانەش چەندین پرۆژەی گرنگ و ستراتیجی کە زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن دیناریان تێ دەچێت خراونەتە ناو فێزە جیاجیاکانی بەرنامەی (٩٨٦)ەوە. تەنها لە ساڵی ٢٠٠٢دا (٥٧) ملیۆن دینار بۆ دروستکردنی ڕێگاوبان و پرد و خانوو و شووقە و باڵەخانەی جۆراوجۆر و کڕینی چەندین کارگە و ئامێری قورس لە هەردوو فێزی (١٢,١٣)دا تەرخانکراوە.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی ئەو کار و چالاکیانەیە کە لە ڕێگای وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردنەوە ئەنجام دراون:

**یەکەم: پرۆژەکانی ڕێگاوبان**

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی هەر وڵاتێک بوونی ڕێگاوبانێکی گونجاوە بۆ هاتوچۆی هاووڵاتیان و گواستنەوەی بەرهەم و کەلوپەلی جۆراوجۆر لە نێوان شار و شارۆچکە و گوندەکاندا.

پوختەی پرۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٢ی بواری ڕێگەوبان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- دروستکردن و قیرتاوکردنی ٤٦ کم ڕێگا لە سنووری پارێزگای هەولێر کە ١٢,٥٧٧,١٨٧ دیناری لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم لێ خەرجکراوە هەروەک:

- تەواوکردنی قۆناغی سێیەمی ڕێگای جوت سایدی (هەولێر - سەلاحەدین) و، دەستبەکاربوون بەئەنجامدانی قۆناغی چوارەم کە لە بەستۆڕە دەست پێدەکات و لە پێچی سێیەم کۆتایی دێت.
- دروستکردنی چەندین ڕێگا لە دەڤەری مێرگەسوور.
- قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناو شاری سۆران و چەندین پرۆژەی تر کە لە خشتەکانی هاوپێچدا ڕوون کراونەتەوە.

٢- دروست کردن و چاککردنەوە و قیرتاوکردنی (٣٣٧کم) ڕێگا لە سنووری پارێزگای دهۆک کە بەگشتی (٣١,٠٩٦,٦٩٢) دیناریان لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم بۆ تەرخانکراوە هەروەک:

- دروستکردنی ڕێگای (گردەشین - دێرەبوون).
- دروستکردنی گۆڕەپانی ئۆتۆمۆبێل لە ڕێگای گومرگی ئیبراهیم خەلیل.
- قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆ لە زاخۆ و سمێل.
- قیرتاوکردنی ڕێگەی گەلی زاخۆ و گەلێ پرۆژەی تر.

٣- دروستکردن و قیرتاوکردنی ٦٦کم ڕێگا لە سنووری پارێزگای هەولێر کە ٢٦,٩٤٦,٣٢٠ دیناری لەسەر بودجەی بەرنامەی ٩٨٦ لێ سەرفکراوە هەروەک:

- دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگای جووت سایدی (کاوانیان - شەقلاوە).
- دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگای گەلاڵە.
- دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگای (حوجران - ڕەزگە).

٤- دروستکردن و قیرتاوکردنی ٩١کم ڕێگا لە پارێزگای دهۆک، کە بەگشتی

(٤١,٩٠٤,٤٧٥) دیناری لەسەر بودجەی بەرنامەی ٩٨٦ لێ خەرجکراوە هەروەک:
- قیرتاوکردنی ڕێگای (ڕوڤیا - ئیفراز).
- دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگای (گردەسین - بەردەڕەش).
- دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆی گەڕەکی ڕەزا لە دهۆک و گەلێ پرۆژەی تر.

سەرجەم پرۆژەکانی ڕێگاوبان بەوردی لە خشتەکانی هاوپێچدا خراونەتە ڕوو.

**دووەم: پرد**

هەر لە ساڵی ٢٠٠٢دا لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ٦ پرد لە سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دروست کراون یا چاککراونەتەوە، کە بەگشتی (١٠,٩٨٧,٠٤٢) دیناریان لێ خەرجکراوە، هەروەک:

- دروستکردنی پردی بەستۆڕە لەسەر ڕێگای جووت سایدی (هەولێر - سەلاحەدین). درێژی پردەکە (٩٦) مەترە و بەشێوازێکی ئەندازەیی نوێ دروستکراوە و زیاتر لە (١٠,٥٠٠,٠٠٠) دیناری تێچووە.
- چاککردنەوەی پردەکانی (کەلەک، قەندیل، پردی ڕێگای بنەسلاوە و پردی قولتەپە) کە بەگشتی (٢٨١,٠٤٢) دیناریان بۆ تەرخانکراوە.
- دروستکردنی پردی کرابرسکی لە پارێزگای دهۆک کە (٢٠٦) هەزار دیناری لێ خەرجکراوە.

**سێیەم: دروستکردنی چاڵە قیر**

بۆ ئەمبارکردنی قیری شل بۆ کارگەکانی قیر لە هەرێمدا، لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا (٢,٦٠٠,٠٠٠) دینار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردن و فراوانکردنی (٤) چاڵە قیر تەرخانکراوە، کە بریتین لە:

- دروستکردنی ١ چاڵە قیر لە پارێزگەی هەولێر (٦٥٠,٠٠٠) دینار.
- دروستکردنی ٣ چاڵە قیر لە پارێزگەی دهۆک (١,٩٥٠,٠٠٠) دینار.

### چوارەم: بەفر ڕامالّین

کـاری بەفـر ڕامـالّین و پاککردنەوەی ڕێگاوبانەکـان درێژەی هەبووە و، لە مـاوەی ئەم ساڵەدا ٢٩٦٤کم ڕێگا لە ناوچە شاخاوییەکانی هەردوو پارێزگا لە بەفر پاککراوەتەوە.

تێچووی ئەم کارانەش نزیکەی (٧٠٠) هەزار دینار بووە و، لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجام دراوە:

- پاککردنەوەی ١٨٠٦کم ڕێگا لە پارێزگای هەولێر ٣٢٥٠٠٠ دینار.
- پاککردنەوەی ١١٥٨کم ڕێگا لە پارێزگای دهۆک ٣٧٥٠٠٠ دینار.

### پێنجەم: چاککردنەوەی کارگەکانی قیر و بەردشکێن و ئامێری قورس

لەبەر ئەوەی زۆربەی کارگەکانی قیر و بەردشکێن و ئامێرە قورسەکانی بواری ڕێگاوبان کۆنن و پێویستییان بەئاگاداری و چاککردنەوەی بەردەوام هەیە تا بۆ ئیشوکاری ڕێگاوبان ئامادە بکرێن، بۆیەش لە ساڵی ٢٠٠٢دا ١٠ کارگەی قیر و بەردشکێن و ١١٢ ئامێری قـورسی ڕێگاوبان، بەتوانا و شـارەزایی ئەندازیار و تەکنیککارانی وەزارەتی ئەشغـال و نیشتەجێکردن چاک کراونەتەوە لەوانەش:

- چاککردنەوەی ٣ کارگەی قیر و بەدشکێن لە سنووری پارێزگای هەولێر.
- چاککردنەوەی ٧ کارگەی قیر و بەردشکێن لە سنووری پارێزگای دهۆک.
- چاککردنەوەی ٥٢ ئامێری قورس لە سنووری پارێزگای هەولێر.
- چاککردنەوەی ٦٠ ئامێری قورس لە سنووری پارێزگای دهۆک.

### شەشەم: بەرهەمهێنانی کارگەکانی قیر و بەردشکێنەکان

بۆ دابینکردنی قـیـری تێکەڵە بۆ پرۆژەکـانی قـیـرتاوکـردنی ڕێگاوبان و، دابینکـردنی بەردی شکاو بۆ هەمـان مـەبەست، بایەخی تەواو بەبەرزکـردنەوەی ڕادەی بەرهەمـهـێنانی کارگەکانی قیر و بەردشکێنەکان دراوە. لە ساڵی (٢٠٠٢)دا (٢٣٤,٧٢٣) تەن قـیر و (١٤٤٨)م٣ بەردی شکاو لە کارگەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوەی بەرهەم هێنراوە:

- کارگەکانی قیر لە هەولێر ٦٨,٢٥٣ تەن.
- کارگەکانی قیر لە دهۆک ١٦٦,٤٧٠ تەن.
- بەردشکێنەکان لە هەولێر ٣,١٢٤م٣ بەردی شکاو.

- بەردشکێنەکان لە دهۆک ١١,٣٦٤م٣ بەردی شکاو.

**حەوتەم: هێڵکاری و دانانی نیشانەکانی هاتوچۆ**

هێڵکاری و دانانی نیشانەکانی هاتوچۆ یەکێکە لە کارە گرنگەکانی بواری ڕێگاوبان، کە کار دەکاتە سەر کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و سیمایەکی جوان و شارستانی بەڕێگاوبانەکان دەبەخشێ.

هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا ٧٢کم ڕێگا هێڵکاری کراون و، زیاتر لە (٧٥٠) دانە لە نیشانەکانی هاتوچۆ بۆ ڕێنمایی کردنی شۆفێرەکان لەسەر ڕێگاوبانەکانی سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دانراون.

**هەشتەم: نەخشەکێشان**

لە ساڵی ٢٠٠٢دا یەکەی نەخشەکێشان لە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن نەخشەی چەندین پرۆژەی گرنگی بیناسازی و ڕێگەوبانی کێشاوە هەروەک:

- کێشانی نەخشەی ١٠ پرۆژەی بیناسازی و نیشتەجێکردن، لەوانەش:

باڵەخانەی هۆڵی پارێزەران، باڵەخانەی سەندیکاکان، بینایەی پارێزگای دهۆک، تەلاری پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و ژمارەیەکی زۆر شوقە و خانووی نیشتەجێ.

١- کێشانی نەخشەی ٥ پرۆژەی ڕێگاوبان و پرد، لەوانەش:

قۆناغی چوارەمی ڕێگای (هەولێر - سەلاحەدین)، ڕێگەی (زارگەلی - سۆران)، قۆناغی یەکەمی ڕێگای (کانی بۆت)، دوو پرد و چەند پرۆژەیەکی تر.

**نۆیەم: بیناسازی و نیشتەجێکردن**

لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا ٥ باڵەخانەی حکومی لە هەردوو پارێزگا و ٢٥٠ خانووی نیشتەجێ بۆ خانەوادەی شەهیدان لەلایەن وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردنەوە ئەنجام دراون. تێچووی گشتیی ئەم پرۆژانەش، جگە لە ٢٥٠ خانووەکەی شەهیدان، (١٣,٥١٤,٨٣٨) دینار بووە و لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجام دراوە:

١- دروستکردنی ٢٥٠ خانووی شەهیدان لە پارێزگای هەولێر.

٢- دروستکردنی باڵەخانەی کۆڕی زانیاری کورد، کە لەژێر ئەنجامدایە.

٣- دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبانی هەولێر، کە لەژێر ئەنجامدایە.

٤- دروستکردنی هۆڵی مافپەروەران لەناو دادگای هەولێر.

٥- دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبانی دهۆک.

٦- دروستکردنی گەرماو و کۆگە لە میوانخانەی دهۆک.

تێچووی هەر پرۆژەیەک لەم پرۆژانە لە خشتەکانی هاوپێچدا ڕوون کراوەتەوە.

**دەیەم: بەرنامەی داهاتوو**

جگە لەو پرۆژانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، گەلێ پرۆژەی گرنگ خراونەتە ناو فێزەکانی بەرنامەی (٩٨٦)ەوە. لە فێزەکانی ١٢و١٣دا ئەم پرۆژانە پێشنیارکراون:

١- دروستکردنی ١٨٧٠ شوقە.

٢- دروستکردنی ٢١ باڵەخانەی جۆراوجۆر.

٣- دروستکردن و قیرتاوکردنی ٧٠٩ کم ڕێگا.

٤- دروستکردنی ٧ پردی گەورە و بچووک.

٥- کڕینی ١٨ ئامێری قورس و ٢ کارگەی دروستکردنی قیر و چەندین ئامێری تر.

شایانی باسە کە زۆر لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی بواری ڕێگەوبان پرۆژەی گرنگ و ستراتیجین هەروەک:

- قیرتاوکردنی ڕێگەی سەرەکی (هەولێر - دهۆک).
- قیرتاوکردنی ڕێگەی (سۆران - چۆمان - حاجی ئۆمەران).
- چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی (سۆران - سیدەکان).
- چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی (گردەشین - دیرەبوون).
- چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی (دهۆک - زاخۆ).
- چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی (دهۆک - ئامێدی).
- دروستکردنی پردی ڕێزان و پردی چامە و پردی بەرسلین و پردی باڵندە و پردی ئەتروش و گەلێ پرۆژەی تر.

بەگشتی تەنها لەم دوو فێزەی سەرەوەدا زیاتر لە ٥٧ ملیۆن دۆلار بۆ پەرەپێدانی بواری ڕێگەوبان و ئەنجامدانی پرۆژەی بیناسازی تەرخانکراوە.

خشتەی ژمارە (١)
پرۆژەکانی ڕێگاوبانی ئەنجامدراو لە سنووری پارێزگای هەولێر لە ساڵی (٢٠٠٢)دا

**لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم**

| ژ | ناوی پرۆژەکان | درێژی (کم) | گۆژمە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی جووت سایدی (هەولێر – سەلاحەدین) بەشی پردی بەستۆڕە لەگەڵ مقتەرەباتی پردەکە | ٣ | ٣,٥٠٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی جووت سایدی (هەولێر – سەلاحەدین) بەشی (بەستۆڕە – بانەمان) | ٦ | ٣,٣١٦,٦٧٤ | لەژێر ئەنجامە |
| ٣ | دروستکردنی ڕێگە بۆ (١١) گوند لە کەرتی مێرگەسۆر (خەردن، ژاژۆک، بێدود، واژی، مامیسک، وبیرسیاف، مەمۆلان، هەلون، خێرزوک، هەزیر، خالونە، موسی مەغریبی) | ٢٦ | ٣,٢٠٩,٤٨٨ | لەژێر ئەنجامە |
| ٤ | قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆیی سۆران: | | | |
| | أ- شەقامی کۆمەڵگەی گەلاڵە | ١,١٥٠ | ٤٥٥,٤١٣ | ئەنجام دراوە |
| | ب- شەقامی تەنیشت یاریگە لە گەڕەکی گەلاڵە | ٠,٢٦ | ٣٣٤,٥٧٠ | |
| | ج- قیرتاوکردنی شەقامی لقی (١٠) | ٠,٤ | ١٩٥,٩٨٨ | |
| | د- نێوان جووت سایدی فلکەی گەڕەکی نەورۆز | ٠,٥٥ | ١٥٧,٥٠٠ | |
| | هـ- شەقامی جووت ساید تاکو سی مەتری | ٢ | ٤٣٦,٦٥٥ | لەژێر ئەنجامە |
| ٥ | قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆیی کەسنەزان | ٢,٥ | ٥٤٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |

ماویەتی

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | دروستکردنی ڕێگەی بارەگای تایبەت | ٣,١٥ | ٣٣٣,٩٣٥ | لەژێر ئەنجامە |
| ٧ | قیرتاوکردنی گۆڕەپانی Ktv ئاسمانی لە سەلاحەدین | ٠,٣١٠ | ٥٩,٥٥٨ | ئەنجام دراوە |
| ٨ | قیرتاوکردنی شەقامی کۆلیژی ماف | ٠,٢ | ٣٧,٤٠٦ | لەژێر ئەنجامە |
| | کۆی گشتی | ٤٥,٥٢ کم | ١٢,٥٧٧,١٨٧ دینار | |

خشتەی ژمارە (٢)

لیستی (پرد دروستکردن و چاککردنەوە) کە ئەنجام دراوە لە سنووری پارێزگەی هەولێر لە ساڵی (٢٠٠٢)دا

**لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

| ژ | ناوی پرۆژەکان | گوژمە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی پردی بەستۆڕە | ١٠,٥٠٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢ | چاککردنەوەی پردی کۆنی کەلەک | ١٠٥,٠٩٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ٣ | چاککردنەوەی پردی قەندیل | ١١٠,٦٧٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ٤ | چاککردنەوەی پردی ڕێگەی بنەسلاوە | ٤٩,٢١٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ٥ | چاککردنەوەی پردی قولتەپە لە ڕێگەی کۆنی قوشتەپە | ١٦,٠٧٢ | لەژێر ئەنجامە |
| | کۆی گشتی | ١٠,٧٨١,٠٤٢ دینار | |

## خشتەی ژمارە (٣)
## پرۆژەکانی ڕێگاوبانی ئەنجامدراو لە سنووری پارێزگای دهۆک لە ساڵی (٢٠٠٢)دا

**لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم**

| ژ | ناوی پرۆژەکان | درێژی (کم) | گۆژمە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی گردەشین – دیرەبوون | ٣٠ | ٩,٥٠٦,٦٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢ | دروستکردنی گۆڕەپانی ئۆتۆمبیل لە ڕێگەی گومرگی ئیبراهیم خەلیل | – | ٤,٥٠٠,٠٠٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ٣ | دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامی سی مالکا – زاخۆ | ٥,٥ | ٣,٠٧١,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٤ | قیرتاوکردنی ڕێگەی گشتی سمێل – کۆمەڵگەی مرینا | ٦,٦ | ١,٤٢٦,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٥ | قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناو سمێڵ | ٥ | ١,٠٢٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٦ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی دهۆک – قەندیل کەرتی شرفونا | ٣ | ١,٠٠٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٧ | فراوانکردن و قیرتاوکردنی سێ شەقام لە زاخۆ – کەرتی کندک | – | ٧٥٩,٠٦٥ | لەژێر ئەنجامە |
| ٨ | قیرتاوکردنی گۆڕەپانی مقداد بەدرخان – کارگەی قووتوبەند سایدی دووەم | ٤,٥ | ٧١٥,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٩ | قیرتاوکردنی ڕێگەی گەللی دهۆک | ٣ | ٦٢٤,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٠ | قیرتاوکردنی ڕێگەی پیشانگەی ئۆتۆمبیل لە دهۆک | ٢ | ٤٠٨,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١١ | قیرتاوکردنی گۆڕەپانی کارگەی ئالیکی پەلەوەری بدلیا | ١,٧ | ٣٧٦,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٢ | دروستکردنی ڕێگەکانی ناو دارستانی زاوێتە | ٣ | ٣٠٦,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٣ | دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامی قائمقامیەی ئاکرێ–شەقامی (١١)ی ئەیلوول | – | ٢٩٥,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٤ | دانانی دوبە لە گومرگی فیشخابور | - | ٢٧١,٩١٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ١٥ | چاککردنەوەی ڕێگەی فیشخابور - تەرەدلا | ١٢ | ٢٥٦,٥٠٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ١٦ | چاککردنەوەی ڕێگەی گەلی زاخۆ / قۆناغی ٣ | - | ٢٤٩,٠٠٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ١٧ | چاککردنەوەی ڕێگەی زاخۆ - ئیبراهیم خەلیل | ٩ | ٢٤٣,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٨ | چاککردنەوەی ڕێگەی سمێل - باسطکی | ٢٠ | ٢٤٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٩ | دروستکردنی ڕێگەی گوندی زیوە - برجین | ٢ | ٢٢٣,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٠ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی لۆفەکانی زریزا | ٠,٣٥ | ٢٣٦,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢١ | قیرتاوکردنی شەقامی (١١) ئەیلوول لەناو ئاکرێ | ٠,٣٥ | ٢٢٩,٦٢٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٢ | دروستکردنی ڕێگەی دووڕیانی .K.R.O - گەڕەکی شەهیدان | ٢,٤ | ٢٠٦,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٣ | چاککردنەوەی ڕێگەی ئەتروش - بلکیف | - | ٢٠٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٤ | دروستکردنی ڕێگەی گوندی ارادن | ٢ | ٢٠٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٥ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی تایبەت/ ١ | ٠,٢٥ | ٢٠٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٦ | چاککردنەوەی ڕێگەی بیکوفا - کانی ماسی | - | ٢٠٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٧ | چاککردنەوەی ڕێگەی زاویتە - ئامێدی | ٩٦ | ٢٠٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٨ | فراوانکردنی شەقامێک لە گۆڕەپانی بتول بۆ ئیبراهیم خەلیل | ٣ | ١٩٤,٦١٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ٢٩ | دروستکردنی ڕێگەی گوندی چلوان | ٣,٢ | ١٨٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٠ | چاککردنەوەی ڕێگەی بامەڕنی | ١٤ | ١٨٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |

ماویەتی

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣١ | هێلکاری ڕێگەی گردەشین – دیرەبین | ٣٢ | ١٧٥,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٢ | دروستکردنی ڕێگەی طاوکی | ٢,٥ | ١٧٥,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٣ | دروستکردنی ڕێگەی رەبیەی کری لە بامەڕنی | ٠,٦ | ١٥٨,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٤ | فراوانکردنی ڕێگەی دهۆک – هەولێر (دەروازەی ئاکرێ) | ١,٥ | ١٥٠,٣٥٧ | ئەنجام دراوە |
| ٣٥ | چاککردنەوەی بەنزینخانە لە دهۆک | – | ١٤٦,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٦ | دروستکردنی ڕێگەی کارگەی ئالیک ناو پەلەوەری بدلیا | ١,٦ | ١٤٥,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٧ | قیرتاوکردنی شەقامی دەوروپشتی لقی (٨) لە زاخۆ | ٠,٦٥ | ١٤٤,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٨ | دروستکردنی ڕێگی نافشکی – ئیکما لە خابور | ٣,٢ | ١٣٤,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٩ | دروستکردنی ڕێگەی نافشکی – گوندی کوسە | ٣,٢ | ١٣٤,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٤٠ | چاککردنەوەی ڕێگەی روفیا – بەردەڕەش | – | ١٢٧,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٤١ | دروستکردنی سدە لەگەڵ ڕێگە لە گومرگی فیشخابور | – | ١٢٠,٣٠٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ٤٢ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگە بنکەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | ٠,٤ | ١١٦,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
لە سەردانی پێشانگەیەکی هونەری شێوەکاریدا



یادکردنەوەی دەرچوونی
گۆڤاری هەنگ



کۆنسێرتێکی هونەری لە هەولێر




فیستیڤاڵی هەژاری موکریانی

# ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی

# ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامییەوە بایەخی بەپاراستن و خزمەتکردنی شوێنە ئایینییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی زانایانی ئایینیی داوە. ئەمڕۆ دەستی ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان گەیشتۆتە هەموو گوندێکی ئەم کوردستانە و، پێشنوێژ و وتارخوێن و بانگبێژیان بۆ دابین کراوە. لە پایەتەخت و شارە گەورەکانیشدا، وێڕای دروستکردنی مزگەوتی تازە، هەڵمەتی نۆژەنکاری و تازەکردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری مزگەوت و مەڵبەندە ئایینییەکانی گرتۆتەوە.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرنگترین کار و چالاکییەکانی ساڵی ۲۰۰۲ی بواری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامییە:

**١- کردنەوەی کۆلیژی شەریعە:**

دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر سەرەنجام کۆلیژی شەریعە لە هەولێری پایەتەخت بۆ پێگەیاندن و بەرزکردنەوەی ئاستی کادیرانی ئیسلامی کرایەوە. بەشی ئیمام و خەتیب لەم کۆلیژەدا رۆڵێکی گرنگ لە پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە گرنگە و دابینکردنی ئیمام و خەتیبی لێهاتوو بۆ مزگەوتەکان دەگێڕێ. بۆ ئەم ساڵ (۱۰۰) قوتابی لە دەرچووانی قوتابخانەکانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی لەم کۆلیژەدا وەرگیراون.

**٢- کۆنفرانسی پەروەردەیی قوتابخانە ئیسلامییەکان:**

بەمەبەستی گەشەپێدان و بەرەوپێش بردنی رەوشی خوێندنی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستاندا، رۆژانی ۹-۱۱ / ۹ / ۲۰۰۲ کۆنفرانسێکی پەروەردەیی فراوان بەئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر بەسترا. لە کۆنفرانسەکەدا چەندین لیژنەی جۆراوجۆر لە پسپۆڕان و مامۆستایانی ئایینی، بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی دەستنیشان کردن و چارەسەرکردنی کەموکورییەکان پێک هێنرا. کۆنفرانس کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردەو ڕێنماییی بۆ پێشخستنی رەوتی خوێندنی ئیسلامیی لە هەرێمی کوردستاندا دەرکرد.

### ٣- ڕاگەیاندنی ئایینی:

لەبەر ڕۆڵی گرنگی ڕاگەیاندنی ئایینی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئایینی و نەتەوایەتییی خەڵکدا، دەستەیەک لە زانایانی ئایینیی شارەزا و چەند مامۆستایەکی پسپۆڕی بواری ئیسلامی لە زانکۆدا پێک هێنرا. ئەم دەستەیە توانی بەرنامەیەکی کارا بۆ بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندنی ئایینی، بەتایبەتیش لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا دابڕێژێت و، نەخشەیەکی ڕێکوپێک بۆ یادکردنەوەی هەموو بۆنە ئایینی و نیشتمانییەکان، هەروەک یادی مەولودی پێغەمبەر (د.خ) و ئیسراو میعراج و سەریساڵی کۆچی و هی تر، ئامادە بکات.

### ٤- دەرماڵەی تایبەت بەمامۆستایانی ئایینی:

لە ڕوانگەی بایەخدان بەگوزەرانی مامۆستا و پیاوانی ئایینی، بۆ جاری سێیەم دەرماڵەیەکی تایبەتیان بۆ تەرخان کرا، هەروەک لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

أ- (١٥٠) دینار بۆ پێشنوێژ و وتار خوێنەکان.

ب- (١٠٠) دینار بۆ بانگبێژ و قورئان خوێنەکان.

ج- (٥٠) دینار بۆ خزمەتگوزار.

د- (٧٠) دینار بۆ فەقێی حوجرە ئەهلییەکان.

هەروەها لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا زەوی بەسەر مامۆستایانی ئایینی دابەش کراوە.

### ٥- ئەنجامدانی فەریزەی حەج:

یەکێک لە ئامانجەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بریتییە لە ڕێکخستن و ڕەخساندنی دەرفەتی ئەنجامدانی فەریزەی حەج بۆ گشت هاووڵاتیان. لەم ڕووەوە پرۆتۆکۆلێک لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئاسانکردنی کاروباری حاجییان مۆرکراوە. بۆ ئەمساڵیش نیاز وایە (٧٢٠) حاجیی لەم ڕێگەیەوە بەرەو شانشینی عەرەبی سعودی بەڕێ بکرێن و، کۆمەڵێک حاجیی دیکەش لە ڕێگەی عێراقەوە بەرەو ئەم وڵاتە بکەونە ڕێ.

٦- **مووچەی بڕاوە:**

مانگانە (٧٠ - ١٠٠) دینار مووچەی بڕاوە بۆ خەڵکانی کەم دەرامەت و فەقێیانی حوجرەکان و ئەو پیاوە ئایینییانەی کە دوای خانەنشینی سوود لە توانایان وەردەگیرێت سەرف دەکرێت. مانگانە (١٤٠٠) کەس ئەم مووچەیە وەردەگرن.

٧- **بیناسازی:**

لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا، (٣,٥١٣,٦٧٤) دینار بۆ دروستکردن و چاککردنەوەی ١٤ مزگەوت لە ناوچە جیاجیاکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم بەم شێوەیەی خوارەوە سەرف کراوە:

- دروستکردنی مزگەوتی بەردەڕەش لە ئاکرێ (١,٩٠٧,٧٤٩) دینار.
- نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی ئازادی لە دهۆک (٣٩٤,٠٠٠) دینار.
- نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی شێخ مستەفا نەقشبەندی لە هەولێر (٥٣٨,٥٠٥) دینار.
- چاککردنەوەی مزگەوتی فرقان لە هەولێر (٩٣,٧٤٥) دینار.
- چاککردنەوەی مزگەوتی گەویلان لە ئاکرێ (٨٠,٣٦٠) دینار.
- دروستکردنی منارەیەک بۆ مزگەوتی ئال میران لە شەقڵاوە (٢٧٠,٠٨٠) دینار.
- چاککردنەوەی مزگەوتی لائقە ژنون لە هەولێر (٥٧,٠٢٥) دینار.
- چاککردنەوەی مزگەوتی گوندی کەژەک لە سیدەکان (٣٩,٣٢٠) دینار.
- چاککردنەوەی قوتابخانەی ناوەندیی ئیسلامی لە شەقڵاوە (١٠,٧٩٥) دینار.
- تەواوکردنی هۆڵی بۆنە ئایینییەکان لە دارەتوو (١٨,٣٥٧) دینار.
- چاککردنەوەی قوتابخانەی ئیسلامیی شەقڵاوە (٧,٧٠٦) دینار.
- چاککردنەوەی مەزاری شێخ عبدالقادری گەیلانی لە خەبات (٣٦,٧٢٨) دینار.
- چاککردنەوەی دەروازەی مزگەوتی شێخ ئەحمەدی خەیلانی لە هەولێر (١٨,٧٠٠) دینار.
- دروستکردنی کۆگایەک بۆ هۆڵی بۆنە ئایینییەکان لە سەلاحەدین (٤٠,٦٠٤) دینار.

**٨- دابینکردنی کەلوپەل:**

هەر لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا (٥٠،٤٥٨) دینار و (١) هەزار دۆلار بۆ کڕینی کەلوپەلی پێویست بۆ چەند مزگەوتێکی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک سەرف کراوە، هەروەک: مزگەوتی کەلوک سەر بەقەزای مێرگەسوور، مزگەوتی گوندی پانکە سەر بەناحیەی پیرمام، مزگەوتی خدیجة الکبري لە هەولێر، مزگەوتی سەواف لە هەولێر، مزگەوتی گوندەکانی گۆرانک و کوراو زانا لە پارێزگای دهۆک، تێبینەرایەتی ئەوقافی شەقلاوە، کڕینی کۆمپیوتەر و پەرینتەر بۆ قوتابخانەی دواناوەندیی ئیسلامی لە هەولێر.

**٩- چالاکیی جۆراوجۆر:**

أ- بۆ ئەوەی ئیشوکاری بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ئاسان بکرێت، تێبینەرایەتییەک بۆ ئەوقافی دهۆک لە دەڤەری شێخان کرایەوە. بەم شێوەیە ژمارەی تێبینەرایەتییەکان گەیشتۆتە (٥) تێبینەرایەتی.

ب- ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، بۆ بەڕێوەبردنی موڵکەکانی ئەوقاف و دروستکردنی پرۆژەی سوودبەخش لە سەریان، چەندین کۆبوونەوەی سازداوە و ڕێنماییی پێویستی دەرکردووە.

ج- ئەنجومەنی زانستی لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، بەمەبەستی تاقیکردنەوەی مامۆستایان و کارگوزارانی مزگەوتەکان بەر لە دامەزراندنیان، (١٠) کۆبوونەوەی ئەنجام داوە.

د- بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٣ی ڕۆژی ٩/١٠/١٩٩٤ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، (١٠) خاوەنی بڕوانامەی زانستیی بڕوانامەکانیان لەگەڵ بڕوانامەی شەشی ئامادەیی بەرامبەر کراوە.

هـ- بۆ یەکەمین جار پێداویستییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، لە ڕووی دورستکردن یا نۆژەنکردنەوەی باڵەخانە و قوتابخانەی ئیسلامی و بەشە ناوخۆییەکان و، دابینکردنی کەلوپەل بۆ مزگەوت و قوتابخانەکان خرایە ناو فێزی ١٣ی بەرنامەی (٩٨٦)ەوە.

## خشتەی ژمارە (١)
### ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٢ تەواوبوون لە سنووری پارێزگەی هەولێر

| ژ | ناوی پرۆژە | شوێنی پرۆژە | گوژمەی تەرخانکراو | ڕێژەی ئەنجامدان | بەرواری دەست بەکاربوون | بەرواری تەواوبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چاککردنەوەی مزگەوتی لائقە ذنون | هەولێر | ٥٧,٠٢٥ | ٪١٠٠ | ٢٠٠١/١١/٢٩ | ٢٠٠٢/١/٢٥ |
| ٢ | دروستکردنی کۆگایەک بۆ هۆڵی بۆنە ئایینییەکان | سەلاحەدین | ٤٠,٦٠٤ | ٪١٠٠ | ٢٠٠٢/٢/١٠ | ٢٠٠٢/٣/١٠ |
| ٣ | دروستکردنی منارەیەک بۆ مزگەوتی ئال میران | شەقلاوە | ٢٧٠,٠٨٠ | ٪١٠٠ | ٢٠٠١/١١/١ | ٢٠٠٢/٥/١٦ |
| ٤ | چاککردنەوەی مزگەوتی شێخ مستەفا نەقشبەندی | هەولێر | ٥٣٨,٥٠٥ | ٪١٠٠ | ٢٠٠٢/١/٥ | ٢٠٠٢/٤/١ |
| ٥ | چاککردنەوەی مزگەوتی گوندی کەژەک | سیدەکان | ٣٩,٣٢٠ | ٪١٠٠ | ٢٠٠٢/٣/٢٧ | ٢٠٠٢/٥/٢ |
| ٦ | چاککردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی ئیسلامی شەقلاوە | شەقلاوە | ١٠,٧٩٥ | ٪١٠٠ | ٢٠٠٢/٣/١٩ | ٢٠٠٢/٥/١٦ |
| ٧ | چاککردنەوەی مزگەوتی الفرقان | هەولێر | ٩٣,٧٤٥ | ٪١٠٠ | ٢٠٠٢/٥/٢٤ | ٢٠٠٢/٧/٢١ |
| ٨ | تەواوکردنی هۆڵی بۆنە ئایینییەکان لە دارەتوو | دارەتوو | ١٨,٣٥٧ | ٪١٠٠ | ٢٠٠٢/٨/٢٠ | ٢٠٠٢/٩/١٧ |
| ٩ | چاککردنەوەی قوتابخانەی ئیسلامی شەقلاوە | شەقلاوە | ٧,٧٠٦ | ٪٥٠ | ٢٠٠٢/١١/٩ | لەژێر دەستدایە |
| ١٠ | چاککردنەوەی مەزاری شێخ عەبدولقادر گەیلانی لە خەبات | خەبات | ٣٦,٧٢٨ | ٪١٠٠ | ٢٠٠٢/١٠/١٥ | ٢٠٠٢/١١/٦ |
| ١١ | چاککردنەوەی دەروازەی مزگەوتی شێخ ئەحمەد خەیلانی | هەولێر | ١٨,٧٠٠ | ٪١٠٠ | ٢٠٠٢/٧/٨ | ٢٠٠٢/٨/٢٠ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٢ تەواوبوون لە سنووری پارێزگەی دهۆک**

| ژ | ناوی پرۆژە | شوێنی پرۆژە | گوژمەی تەرخانکراو | ڕێژەی ئەنجامدان | بەرواری دەست بەکاربوون | بەرواری تەواوبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چاککردنەوەی مزگەوتی ئازاد | دهۆک | ٣٩٤,٠٠٠ | ٪١٠٠ | ٢٠٠١/٨/٢٩ | ٢٠٠٢/٥/١٠ |
| ٢ | دروستکردنی مزگەوتی بەردەڕەش | ئاکرێ | ١,٩٠٧,٧٤٩ | ٪١٠٠ | ٢٠٠١/٣/١٠ | ٢٠٠٢/١/١٢ |
| ٣ | چاککردنەوەی مزگەوتی گەویلان | ئاکرێ | ٨٠,٣٦٠ | ٪١٠٠ | ٢٠٠٢/١٠/٢٩ | ٢٠٠٢/١٢/١٠ |



بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی
لە ئاهەنگی ئیسرا و میعراجدا



کۆبوونەوەیەکی پیاوانی ئاینی



وانەی ئاینی بۆ منداڵانی کوردستان



قوتابخانەیەکی ئاینی ئیسلامی پیرۆز



مزگەوتێک لە مامزاوا



مزگەوتێک

# یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری

# یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری

چالاکییەکانی بواری یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری لە چەند تەوەرێکی سەرەکیدا بەرجەستە دەبێ، هەروەک: رێکخستنی جموجۆڵی سەفەر بۆ دەرەوە یان ناوەوەی هەرێم لە رێگەی خاڵە سنوورییەکانی ئیبراهیم خەلیل و پیشخابوورەوە، پەیوەندیکردن بەرێکخراوە ناحکومییە بیانییەکان و سەرپەرشتی کردنی ئیشوکارەکانیان، سەرپەرشتی کردنی چالاکییەکانی نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات و چالاکییەکانی تایبەت بەهەڵگرتنەوەی مین.

وێڕای ئەم تەوەرە سەرەکییانەش، وەزارەتیی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی بەرنامەی ٩٨٦ لە هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان لە کات و ساتی خۆیاندا، چەندین دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ یونۆکی و سەرجەم ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی UN سازداوە. بەرهەمی کۆبوونەوەکانیش لە چارەسەرکردنی زۆر لە کەموکوڕی ئاژانسەکان و چالاکترکردنی لایەنە جیاجیاکانی بەرێوەچوونی بەرنامەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

هەروەها دیدار و کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ سەرجەم ئەو رێکخراوە ناحکومییە بیانی و خۆماڵییانە ئەنجام دراوە کە لە کوردستان چالاکی دەنوێنن، هەروەک: رێکخراوی تیمی پزیشکیی باکوری رۆژئاوا، رێکخراوی مندالپاریزی بەریتانی، رێکخراوی DC، رێکخراوی MAG بۆ هەڵگرتنەوەی مین، رێکخراوی ئیمێرجێنسی و چەندین رێکخراوی تر.

جگە لەوانەش پێشوازی لە گەلێ شاندی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمی کراوە و، دیدار و کۆبوونەوەیان لەگەڵدا ساز کراوە، لەوانەش: شاندێکی پەرلەمانتارانی بەلجیکا، شاندێکی پەرلەمانتارانی هۆڵەندا، شاندێکی زانکۆی ئەمریکا لە بەیروت، سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئەنقەرە، شاندێکی کۆمەڵەی کورد لە ئیتالیا، شاندێکی زانکۆی پێرمنگهام، شاندێکی رێکخراوی جنیڤە لۆکاڵ، شاندێکی فەرمانگەی کۆچی سوید و گەلێ شاندی تر.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی کار و چالاکیی بوارە جیاجیاکانی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکارییە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا:

**یەکەم: ڕێکخستنی کاروباری سەفەر**

هەوڵ دراوە ئاسانکاریی پێویست بۆ سەفەری ئەوانەی کە پێویستیان بەسەفەر هەیە هەروەک شاندی ڕەسمی و بازرگان و نەخۆش و حاڵەتی دیکەی لەم بابەتە، پێشکەش بکرێت. تەواوی ڕێنماییەکانی وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری لە ڕووی قەدەغەکردنی دیاردەی تەزویری بەڵگەنامەکان یان سەفەرکردن بەناوی جیاوازەوە جێبەجێ کراون و، ڕێگە لە واستەکاری و ڕەشوە و کاری دزێوی لەم جۆرە گیراوە.

وێڕای گۆڕانکاریی بارودۆخی سەر سنوورەکان و کەمبوونەوەی ڤیزا و زۆر گیروگرفتی دیکە، دەزگای سەفەر توانیویەتی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کارەکانی بەڕێوەببات و ئاسانکاریی پێویست پێشکەش بەو هاووڵاتیانە بکات کە پێویستیان بەسەفەر هەیە.

دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی سەفەری دهۆک و کردنەوەی یەکەی ژمێریاری و دانانی خەڵکی شارەزا بۆ ئەنجامدانی کارە ژمێریارییەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، یەکێکە لە چالاکییە بەرچاوەکانی ساڵی ٢٠٠٢ لەم بوارەدا. ئەم دەزگایە زۆربەی زۆری ئیشوکاری سەفەری هاووڵاتیانی دەڤەرەکە ئەنجام دەدات، بەجۆرێ کە هاووڵاتی تەنها لە کاتی سەفەردا پێویستی بەوە دەبێت کە سەردانی هەولێر بکات.

لە لایەکی دیکەوە بەڕێوەبەرایەتیی سەفەری ئیبراهیم خەلیل هاوکاری تەواو لەگەڵ بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکە، هەروەک گومرگ و ئاسایش، ئەنجام دەدات. دروستکردنی تەلاری نوێی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە ناو کۆمەڵگەی ئیبراهیم خەلیلدا گوڕوتینێکی زیاتری بەڕێکخستنی کار و چالاکییەکانی بەخشیوە.

دوای ئەوەی ئەرکی بەڕێوەبردنی ئیشوکاری هاتوچۆی هاووڵاتیان لە خاڵی سنووری پیشخابوورەوە بەوەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی سپێردرا و، دوا بەدوای دامەزراندن و دەستبەکاربوونی بەڕێوەبەرایەتیی خاڵی پیشخابووری سنووری، کار و چالاکیی گرنگ ئەنجام دراون و ئەم دەزگایە وەک دەزگایەکی شارستانی پێشکەوتوو، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئیشوکاری سەفەری هاووڵاتیان لەم خاڵە سنوورییەوە بەڕێوەدەبات.

بەشێک لە چالاکییەکانی پەیوەست بەم بەڕێوەبەرایەتییە بریتی بوو لە:

* تەرخانکردنی نرخێکی گونجاو بۆ کرێی پەڕینەوە بەبەلەم، یا بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێلی بارهەڵگر و گواستنەوەی هاووڵاتیان و، یەکخستن و دانانی سنوورێک بۆ ئەو پارە جیاجیایەی کە لەم ڕووەوە لە هاووڵاتیان وەردەگیرا.

* کردنەوەی لقی بانک بۆ گۆڕینەوە و وەرگرتنی پارەی عێراقی و بیانی.
* دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی شارستانیی کەم وێنە، کە لە تەلاری ئیدارە و بنکەی گومرگ و پۆلیس و چەند بەشێکی دیکە پێک هاتووە.

هەر لە بواری ڕێکخستنی کاروباری سەفەری هاوولاتیاندا، هەماهەنگیی تەواو لە نێوان وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری و وەزارەتی ناوخۆ بۆ پاراستنی مافەکانی هاوولاتیان و پاراستنی خاڵە سنوورییەکان لە هەر خراپەکارییەک، ئەنجام دراوە. بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ڕاپۆرتی پزیشکی بۆ ئەو کەسانە ڕێک دەخرێت کە بۆ چارەسەری نەخۆشی سەفەری دەرەوەی وڵات دەکەن. هەروەها ئاسانکاریی تەواو بۆ شاندە حکومی و حزبییەکان و بازرگانان و ئەو قوتابییانەی کە بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن سەفەر دەکەن پێشکەش کراوە و، لە سەرجەم خاڵە سنوورییەکاندا ئیدارەی ڕێکوپێک دروست کراوە و بەکادیری پسپۆڕ و لێهاتوو دەوڵەمەند کراوە.

## دووەم: پەیوەندییەکان و یارمەتیدانی ئاوارە و گەڕاوەکان

بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەیوەندییەکان لە وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاریدا، ئەرکی پەیوەندیکردن بەڕێکخراوە ناحکومییە بیانییەکانی پێ سپێردراوە. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە شێوەی پەیوەندیی ڕێکخراوەکان بەدەزگا جیاجیاکانی حکوومەت دیاری دەکات و، ئاسانکاریی پێویست بۆ هاتوچۆکردنیان بۆ ناوەوە و دەرەوەی هەرێم پێشکەش دەکات. گرنگترین چالاکییەکانی ئەم بوارەش بریتین لە:

١- بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی SCFی بەریتانی دوو کۆمیتە بۆ ئامادەکردنی بەرنامە و پلان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کارەسات پێک هێنرا، کە نوێنەرانی چەند دەزگایەکی حکوومەتی هەرێم و ڕێکخراوە ناحکومییە بیانی و ناوخۆییەکان بەشداریان تیادا کرد. پاش ساڵێک هەیکەلی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی فریاکەوتن) داڕێژرا و خرایە بەردەستی ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی (UN)، بۆئەوەی بەسوودوەرگرتن لە بڕیاری ٩٨٦ جێبەجێ بکرێت.

٢- نووسینگەی پەیوەندیی ئاوارەکان لە وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتیی و هاوکاری بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئاوارەکان دروست کرا، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم ئۆفیسەوە کاروباری لیژنەکانی پەیوەندیدار بەئاوارە و گەڕاوەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک ڕێک بخرێت و، لە ڕووی کارگێڕی و داراییەوە هاوکاری بکرێن. کاری

سەرەکیی ئەم ئۆفیسە بەرنامە دانانە بۆ یارمەتیدانی ئاوارە و گەڕاوەکان و دابەشکردنی کەلوپەلی هاوینە و زستانە بەسەریاندا.

٣- بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کێشەی بێ ئاوی (٥٨) خێزانی دەرکراو و گەڕاوەی دانیشتووی خێوەتەکانی بنەسلاوە چارەسەر کرا و، ڕۆژانە بەتانکەر ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین دەکرێ.

٤- بەهاوکاری لەگەڵ ئاژانسی یونۆپس چەندین پرۆژە و کاری خزمەتگوزاری بۆ ئاوارە و گەڕاوەکان ئەنجام دراوە لەوانەش:

* دەستنیشان کردنی پێداویستییەکانی (٢٢٠٠) خێزان لە ئەنفال کراوەکانی سنووری ناوچەی مێرگەسوور و، ڕێکخستنی زانیارییەکان بەپێی فۆرمێکی تایبەتی کە وەکو نموونە بەسەر (٩٧) خێزان لەم خێزانانە دابەش کرا.
* ئەنجامدانی پرۆژەی دروستکردنی ٢ گەرماو و ٤ ئاودەست و حەوزێکی گەورە بۆ ئاوەڕۆ و، ڕاکێشانی بۆڕیی ئاو بۆ ئەو خێزانە پەناهەندانەی کە لە گوندی گردەچا نیشتەجێن.
* ئەنجامدانی پرۆژەی گەرماو و ئاودەست بۆ دەرکراو و ئاوارەکانی بنەسلاوە.
* وەکو نموونە لە کۆی (٣٩٦٠) خێزانی گەڕاوەی نیشتەجێی سۆران و ناوچەی مێرگەسوور و دێیەکانی دەوروبەری، فۆرمی تایبەتی بەسەر (٤٥) خێزان لەو گەڕاوانە دابەش کرا. مەبەست لەم هەنگاوەش زانینی بارودۆخ و گرفت و پێداویستیی گەڕاوەکانی ئەم دەڤەرەیە، بۆئەوەی چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە. بەهەمان شێوە زانیاریی پێویست دەربارەی (٢٩٦٠) خێزانی گەڕاوەی نیشتەجێی ناوچەی بارزان و، خێزانە دەرکراوەکانی نیشتەجێی شوقەکانی ناو شاری هەولێر و چەند شوێنێکی دیکە کۆ کرایەوە.
* چاودێری کردن و سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی دابەشکردنی کەلوپەلی زستانەی پێویست بەسەر (١١٦) خێزان لە دەرکراوە تورکمانەکان لە لایەن ڕێکخراوی یونۆپسەوە.
* سەرپەرشتی کردنی کاری دابەشکردنی کەلوپەلی هاوینە بەسەر (٤٢٢) خێزانی گەڕاوەی ئێران لە بنەسلاوە و ناو شاری هەولێر و دەوروبەری.
* چاودێری کردنی چۆنیەتیی دابەشکردنی کەلوپەلی هاوینە بەسەر (١٠٤) خێزان لە دەرکراوەکانی شەڕی پەکەکە لە سۆران.
* دابەشکردنی کەلوپەلی هاوینە لە کومبار و تانکی ئاو و فانۆس و تەباخی نەوت و هی

تر بەسەر (٢٣٦٥) خێزانی سنووری هەردوو ناوچەی بلێ و مێرگەسوور.

* سەرژمێرکردنی (١٠٤) خێزان لە دەرکراوەکانی شەڕی پەکەکە لە دێی (ستوونێ دەرێ) لە سۆران، بەمەبەستی دابەشکردنی کەلوپەلی هاوینە بەسەریاندا.

* پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بۆ (٧٢) خێزان لە ئاوارەکانی نیشتەجێی قەڵاتی هەولێر، بەمەبەستی دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بۆیان. بەهەمان شێوە زانیاریی پێویست سەبارەت بە(٣٠) خێزان لە دەرکراوەکانی شەڕی پەکەکە لە گوندی (شەرێ) لە ناوچەی بلێ کۆکراوەتەوە.

* دابەشکردنی کەلوپەلی هاوینە بەسەر ٩ خێزان لە دەرکراوەکانی شەڕی پەکەکە، کە ئێستا لە گوندی (ستونێ) نیشتەجێن.

* دەست کردن بەتۆمارکردنی سەرجەم خێزانە ئاوارە و گەڕاوەکانی نیشتەجێی پارێزگای هەولێر، ئەوانەی تا ئێستا یارمەتی نەدراون، بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا وەکو ئاوارە و گەڕاوەکانی تر هاوکاری بکرێن.

٥- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی وەرزی لەگەڵ گشت ئەو ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییانەی کە لە هەولێر و دهۆک چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن.

**سێیەم: نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوە**

١- نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ڕۆڵێکی کاریگەر لە ناساندنی کێشەی کورد بەناوەندە ڕەسمی و ناڕەسمییەکانی دەرەوەی وڵات و بەدەستهێنانی هاوکاریی پێویست و ئەنجامدانی هەماهەنگی لە بوارە جیاجیاکاندا دەگێڕن. هەر بۆیەش لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا ٣ نوێنەرایەتیی تازە لە فەرەنسا و ڕوسیا و سویسرا کرانەوە.

٢- سەردانی چەندان شاندی کوردی بۆ کوردستان لە ڕێگەی نوێنەرانەوە ڕێکخراوە و، ژمارەیەک نێردراوی کوردستانیش هەر لە ڕێگەی نوێنەرایەتییەکانەوە بۆ دەرەوەی وڵات نێردراون.

٣- ڕێکخستنی بەرنامەی گونجاو بۆ ئەو میوانە بیانییانەی کە لە دەرەوەی هەرێمەوە سەردانی کوردستان دەکەن، بەشێوەیەک کە کاریگەریی ئیجابی کردۆتە سەر بۆچوون و هەڵوێستیان. هەر بۆ نموونە سەرۆکی شاندی پەرلەمانی سویدی، دوای سەردانی

کوردستان و گەڕانەوەی بۆ وڵاتی سوید، بەجلوبەرگی کوردی بەشداریی یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی سویدی کرد و ئاڵای کوردستانی بەرز کردەوە.

٤- بەهاوکاریی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە هۆڵەندا توانرا سنوورێک بۆ بڕیاری گەڕاندنەوەی (٩) هەزار پەنابەری کوردی نیشتەجێی هۆڵەندا دابنرێت و، بەرنامەیەک بۆ ئەوانەی بەئارەزووی خۆیان دەگەڕێنەوە ڕێک بخرێت.

٥- نوێنەران بەشدارییان لە زۆر کۆڕ و سیمینار و بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا کردووە و، وێڕای داکۆکی کردن لە کێشەی گەلەکەیان، بەرپەرچی پروپاگەندەی دوژمنان و ناحەزانیان داوەتەوە.

٦- وەکالەتنامەی هاووڵاتیانی کوردی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات لە لایەن نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمەوە ڕێک دەخرێت و، چەندین کارئاسانی پێشکەش بەهاووڵاتیان دەکرێت.

٧- نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات بەشدارییان لە سەرجەم ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسانەدا کردووە کە دەربارەی کورد لە دەرەوەی وڵات ساز کراون.

### چوارەم: هەڵگرتنەوەی مین

بەڕێوەبەرایەتیی مین هەڵگرتنەوە لە وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری، بەهەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی یونۆپس، سەرپەرشتیی بەڕێوەچوونی ئیشوکاری هەڵگرتنەوەی مین و قەرەبووکردنەوەی قوربانییانی تەقینەوەی مین و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لەم مەترسییە دەکات. گرنگترین کار و چالاکییەکانی ئەم بوارەش بریتی بوون لە:

١- پرۆسەی خۆماڵی کردنی چالاکی هەڵگرتنەوەی مین بەردەوامە و، دەسکەوتێکی تری ئەم هەوڵدانەش دامەزراندنی دوو ڕێکخراوی خۆماڵی ناحکومییە بەناوی (ڕێکخراوی ئاراس بۆ هەڵگرتنەوەی مین لە هەولێر) و، (ڕێکخراوی تیرۆژ بۆ هەڵگرتنەوەی مین لە دهۆک). تەواوی ستافی ئەم دوو ڕێکخراوە خۆماڵین و لە شوێنی بەڵێندەرە بیانییەکان کاری هەڵگرتنەوەی مین لە ئەستۆ دەگرن. وا چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتاییی ئەم ساڵەدا ڕێکخراوی ئاراس تەواوی کارەکانی بەڵێندەرە بیانییەکان لە ئەستۆ بگرێت و، ڕێکخراوی (تیرۆژ)یش لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣دا کارەکانی لە ناو کێڵگە دەست پێ بکات.

هەوڵ و کــۆشش بەردەوامــە بۆ ئەوەی لە چوارچێــوەی بەرنامــەی ۹۸٦دا، وێڕای دابینکردنی یارمەتیی دارایی، یارمەتی تەکنیکیی پێویست بەتایبەتیش لە ڕووی مەشق و ڕاهێنانی کادیرانی ئەم بوارە بۆ هەردوو ڕێکخراوەکە مسۆگەر بکرێت.

۲- بەشداری کردن لە کۆنفرانسی پلاندانانی ستراتیجی بۆ بەرنامەی هەڵگرتنەوەی مین لە کوردستـان، کە بۆ پێداچوونەوەی کار و چالاکییـەکانی ساڵی ۲۰۰۲ لە بواری پاکتاوکردنی مین و، داڕشتنی نەخشە و پلانی پرۆژەکانی ساڵی ۲۰۰۳ی ئاژانسی یونۆپس، لە شاری دهۆک بەسترا.

۳- یەکلاکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییـەکانی نێوان یونۆپس و دانیشـتوانی دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان و، هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانییان و، دەســتــەبەرکـردنی خـزمـەتگوزاریی پزیشکی پێـویست بۆ بریندار و پەککەوتووانی تەقینەوەی مین.

**خشتەی ژمارە (١)**

**ئاماری گشتی دەرچوان لە هەرێمی کوردستان لە ١/١/٢٠٠٢ تاکو ٣١/١٢/٢٠٠٢ (سڕەی سوریا)**

| مێژووی سەفەر | ژمارەی دەرچوانی هەولێر | ژمارەی دەرچوانی دهۆک | ژمارەی دەرچوانی سلێمانی | ژمارەی دەرچوانی کەرکووک | ژمارەی دەرچوانی شوێنی تر | چارەسەرکردن | کۆکردنەوەی خێزان و داوەتنامە | کۆچ | هی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگی ١ | ٨٩ | ٧٣ | ٧٦ | ٦٢ | ٨٨ | – | ٣٢٢ | – | ٦٦ |
| مانگی ٢ | ٨٨ | ٦٦ | ٤١ | ١٨ | ٦٩ | – | ٢٨٢ | – | – |
| مانگی ٣ | ١٠٠ | ١٢٦ | ٦٧ | ٢٦ | ١٢٨ | – | ٤٤٦ | – | ١ |
| مانگی ٤ | ١٤٢ | ١٦١ | ١٢٠ | ٦٩ | ١٢٦ | – | ٦١٢ | – | ٧ |
| مانگی ٥ | ٩٣ | ٩٠ | ٨٣ | ٢٩ | ٨٢ | ٤ | ٣٦٢ | ٨ | ٣ |
| مانگی ٦ | ٩٧ | ١٠٦ | ٦٦ | ٥٣ | ٨٦ | – | ٣٧٥ | ٢٥ | ٨ |
| مانگی ٧ | ٩٨ | ٧٢ | ٨٢ | ٢٩ | ١٣٠ | – | ٣٩٥ | ١١ | ٥ |
| مانگی ٨ | ٥٥ | ٨٠ | ٣١ | ١٠ | ٦٣ | – | ٢٣٢ | ٤ | ٣ |
| مانگی ٩ | ٨٩ | ٨١ | ٨٠ | ٣٧ | ٤٨ | ٢ | ٣٢٤ | ١ | ٨ |
| مانگی ١٠ | ١٢٧ | ١١٣ | ١٢١ | ٣٦ | ٥٩ | ٧ | ٤٤٦ | ٣ | – |
| مانگی ١١ | ٩٦ | ٤٤ | ٣٩ | ٣٢ | ٤٧ | ١ | ٢٥٢ | ٤ | ١ |
| مانگی ١٢ | ٨٢ | ١٠٦ | ٦٣ | ٣٧ | ٩٤ | – | ٣٧٠ | ٥ | ٧ |

## خشتەی ژمارە (٢)
### ئاماری گشتی دەرچوان لە هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٢/١/١ تاکو ٢٠٠٢/١٢/٣١

| میژووی سەفەر | سەرەی وەزارەت | سەرەی تورکمان | فڕینەی بەغدا لیزپاس و فڕینەی سنوور و هیتر | ژمارەی دەرچوانی هەولێر | ژمارەی دەرچوانی دهۆک | ژمارەی دەرچوانی سلێمانی | ژمارەی دەرچوانی کەرکووک | ژمارەی دەرچوانی شوێنی تر | نەخۆش و مرافق | بازرگان | کۆکردنەوەی خێزان و داوەتنامە | گەشتوگوزار | کۆچ | هی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگی ١ | ١١١ | ١٠١ | ٨ | ٧٣ | ٥٣ | ٣٥ | ١٩ | ٤٠ | ٣٢ | ١٥ | ٤٩ | ٦ | ١٧ | ١٠١ |
| مانگی ٢ | ٦٥ | ١٠٨ | ٨ | ٧٥ | ٣١ | ٢٦ | ٢٥ | ٢٤ | ١٤ | ٦ | ٤٦ | ٤ | ٢٨ | ٨٣ |
| مانگی ٣ | ١٢٠ | ١٤٣ | ٣٣ | ١٠٤ | ٧٣ | ٤٧ | ٢٥ | ٤٧ | ٢٨ | ١١ | ١٠٨ | ٨ | ٦١ | ٨٠ |
| مانگی ٤ | ١٠٥ | ١٧٦ | ١٠ | ٨٧ | ٧٩ | ٣٦ | ٢٤ | ٦٥ | ٢٣ | ١٣ | ٤٣ | ١ | ١٩٨ | ١٣ |
| مانگی ٥ | ١١٠ | ١٩٨ | ٤ | ٨٦ | ٦١ | ٣٧ | ١٣ | ١١٥ | ٢٨ | ١ | ٧٩ | – | ١٦٣ | ٤١ |
| مانگی ٦ | ١٥٤ | ١٨٨ | ١٢ | ٨٠ | ١١٠ | ٧٢ | ٢١ | ٧١ | ٢٧ | ٦ | ٥٢ | – | ٢٥٩ | ٣٠ |
| مانگی ٧ | ١٨٩ | ٢٦١ | ٦ | ٩٥ | ١٤١ | ٩٢ | ٤٦ | ٨٢ | ٣٣ | ٨ | ٨٢ | ٣ | ٣٠٦ | ٢٥ |
| مانگی ٨ | ١٨٤ | ٢٦٦ | ٢٠ | ١٠٣ | ١١٠ | ٧٢ | ٢٥ | ١٦٠ | ٢٧ | ٧ | ٧٣ | ١١ | ٣١٧ | ٣٥ |
| مانگی ٩ | ١٢٧ | ٣٤٢ | ٢٦ | ١٠٩ | ١٤٩ | ٥٤ | ٢٩ | ١٥٤ | ٢٥ | ٨ | ٦٤ | ١٦ | ٣٧٥ | ٧ |
| مانگی ١٠ | ١٢٢ | ١٩١ | ١١ | ٩٠ | ٧١ | ٦٢ | ٢٨ | ٧٣ | ٢٥ | ١١ | ٥٠ | ٣ | ٢٠٨ | ١٧ |
| مانگی ١١ | ٦٧ | ١٦٩ | ٤ | ٧٨ | ٥٣ | ٢٩ | ٤١ | ٣٩ | ١٣ | ١٣ | ٤١ | – | ١٦٤ | ٩ |
| مانگی ١٢ | ٤٦ | ١١٦ | ٢٠ | ٦٢ | ٣٧ | ٢٣ | ٢٧ | ٣٣ | ١١ | ١٠ | ٣٣ | ١ | ١١٥ | ١٢ |

**خشتەی ژمارە (٣)**
**خشتەی داهاتی وەزارەت لە ٢٠٠٢/١/١ تاکو ٢٠٠٢/١٢/٣١**

| مانگەکان | دینار | دۆلار |
|---|---|---|
| مانگی ١ | ٦٤٣,١٠٠ | ٦٠٠ |
| مانگی ٢ | ٥٩٧,٠٠٠ | ٩٠٠ |
| مانگی ٣ | ١,٠٦٠,٠٠٠ | ٢١٠٠ |
| مانگی ٤ | ١,٠١٩,١٤٠ | ٦٠٠ |
| مانگی ٥ | ١,٠٠٤,٥٢٧ | ٦٠٠ |
| مانگی ٦ | ١,١٠٦,٥٠٠ | ٩٠٠ |
| مانگی ٧ | ٩٢٤,٢٨٥ | ١١٠٠ |
| مانگی ٨ | ١,٤٠٢,٣١٠ | ١٤٠٠ |
| مانگی ٩ | ١,٠٨٠,٦٧٦ | ٢٢٠٠ |
| مانگی ١٠ | ١,٠٥٠,٦٣٧ | ٧٠٠ |
| مانگی ١١ | ٧٤٥,٢٩٦ | ٤٠٠ |
| مانگی ١٢ | ٦٢٩,١٥٩ | ٨٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ئیبراهیم خەلیل | ٢٩١,٠٠٠ | ٤١٦,٥٠٠ |
| سەفەری پیشخابوور | ١,٩٢٧,٩٦٥ | ٨٢٣,٢٥٠ |
| سەندیکای گواستنەوە | ٥٤,٥٦٥ | - |
| سەفەری دهۆک | ٦٦٦,٠٠٠ | - |

خشتەی ژمارە (٤)

خشتەی تۆمارکردنی رێکخراوە خێرخوازەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢

| ژ | ناوی رێکخراو | ناوی کورتکراوی رێکخراو | رەگەز | مێژووی دەرکردنی تۆمار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵی پاراستنی ئاو<br>Water Reservation Association | WRA | ناوخۆ | ٢٠٠٢/٤/٢٠ |
| ٢ | کۆمەڵەی تالاسیمیا و هیمۆفیلیای کوردستان<br>Kurdistan Thalassemia Hemophelia Society | K.T.H.S. | ناوخۆ | ٢٠٠٢/٤/٢٠ |
| ٣ | E- Factor | E- Factor | هۆڵەندی | ٢٠٠٢/٢/١٢ |



بەڕێز وەزیری یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری
لە خولێکی هەڵگرتنەوەی مین



بارەگەی ڕێکخراوی تیرۆژ
بۆ هەڵگرتنەوەی مین



تیمەکانی هەڵگرتنەوەی مین



تیمەکانی هەڵگرتنەوەی مین
لە ژووری وانەوتنەوەدا



مین هەڵگرەوەیەک
لە کاتی هەڵگرتنەوەی میندا



دروستکردنی دەستوپێی دەسکرد



پەیمانگەی ڤنسنت



جەوازاتی برایم خەلیل

# مافى مرۆڤ

# مافی مرۆڤ

لە پێناوی چاکترکردنی هەلومەرجی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دڵنیابوون لەوەی کە سەرجەم یاسا نیشتمانییەکان لەگەڵ سەرەتا بنچینەییەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکاندا گونجاون، هەروەها بۆ چاودێریکردنی چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ زیندانییان و هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی وەزارەتی مافی مرۆڤی دا. ئەرکی سەرەکیی ئەم وەزارەتە ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵ و داکۆکیکردنە لە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافی منداڵ و ئافرەت بەتایبەتی. وەزارەتی مافی مرۆڤ کە لە مانگی ئابی ٢٠٠١ەوە دەستبەکاربووە چەندین دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی لە ڕووی ناساندن و چەسپاندنی سەرجەم بەندەکانی مافی مرۆڤدا، هاوکاری و هەماهەنگییان لەگەڵدا بکات. لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا جەختی لەسەر گرنگیی ڕێزلێنانی مافی مرۆڤ و ڕەچاوکردنی ئازادی و مافی ئافرەتان و منداڵان کردووە و، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لەو مافانە دەکەن کاری کردووە. ئەمەی خوارەوەش گرنگترین کار و چالاکییەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤە لە ماوەی دەستبەکاربوونیدا:

**یەکەم: چاودێری باری مافی مرۆڤ لە کوردستان**

١- بۆ ئاگاداربوون لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ گیراوان و لێکۆڵینەوە لە باری تەندروستی و خۆراکی زیندانییان و، دڵنیابوون لەوەی کە مافەکانیان ڕەچاو دەکرێت، بەشێوەیەکی بەردەوام سەردانی بەندیخانە و بنکەکانی پۆلیس کراوە و، لە کاتی پێویستدا ڕاپۆرت بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرزکراوەتەوە.

٢- بەدواداچوونی مافەکانی ئافرەتان و منداڵان بەتایبەتیش لە کاتی ڕووداوە نائاساییەکاندا، هەروەک خۆسووتاندنی ئافرەتان و، لێکۆڵینەوە لە ژیان و گوزەرانی منداڵانی ئیشکەر و ئەو منداڵانەی کە ڕووبەڕووی کێشەی یاسایی دەبنەوە.

٣- لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەو سکاڵایانەی کە لە لایەن هاووڵاتیانەوە پێشکەش بەوەزارەتی مافی مرۆڤ کراون.

**دووەم: پەروەردەی شارستانی**

دوای بەشداربوون لە کۆنگرەی ساڵانەی (سیڤیتاس) لە مۆسکۆ کە لە ماوەی نێوان ٥ تا ٢٠٠٢/٩/١٠ بەئامادەبوونی ٢٣ دەوڵەت و ٤٣ ویلایەتی ئەمریکا سازکرا، وەزارەتی مافی مرۆڤ لە پێناوی دارشتنی بنچینەیەکی پتەو بۆ پەروەردەیەکی شارستانی و دیموکراتی، کاری دانان و وەرگێران و چاپکردنی چەندین پرۆگرامی تایبەت بەدیموکراسی و شێوازی پەروەردەی نوێی لە ئەستۆ گرت، بۆ ئەوەی دوای گفتوگۆ لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایانی بواری پەروەردە تێکەڵ بەپرۆگرامەکانی خوێندن بکرێن.

**سێیەم: کۆڕ و کۆنفرانس و سیمینار و وانە**

ئامانجی سەرەکی وەزارەتی مافی مرۆڤ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤە، بۆ ئەم مەبەستەش بەشداریی لە چەندین کۆڕ و کۆنفرانس و سیمینار کردووە و وانە و موحازەرەی تایبەت بەم بوارەی پێشکەش کردووە، لەوانەش:

- بەشداربوون لە کۆنفرانسی (دوربان) دژی رەگەزپەرستی کە لە ماوەی نێوان ١ تا ٢٠٠١/٩ لە باشووری ئەفریقیا ساز کرا.
- بەشداریکردن لە کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ سەبارەت بەکێشەی حوکمڕانی و مەسەلەی کورد لە عێراقدا، کە لە ٢٠٠١/١١/٢٠ ئەنجام درا.
- بەشداربوون لە کۆنفرانسی زانستی - ئەکادیمیی ئەنفال و، دەرخستنی ئاکامەکانی ئەو کارەساتە و کاریگەریی لەسەر مرۆڤی کورد و رەنگدانەوەی لەسەر مافەکانیان. کۆنفرانسەکە لە ١٤-١٦ / ٤ / ٢٠٠٢ ساز کرا.
- بەشداریکردن لە کۆنگرەی ساڵانەی (سیڤیتاس) بۆ پەروەردەی شارستانی، کە لە رۆژانی ٥ تا ٢٠٠٢/٧/١٠ لە مۆسکۆ بەڕێوەچوو.
- بۆ زیاتر ئاشناکردنی کۆمەڵگاکەمان بەگشتی و دایکان و باوکان بەتایبەتی بەمافەکانی منداڵ و لابردنی ئەو یاسایانەی کە لەگەڵ تەمەن و هەستی منداڵدا گونجاو نین، رۆژی ٢٠٠٢/٩/١ بەسەرپەرشتی لیژنەی باڵای مافەکانی منداڵ کۆنفرانسێکی زانستی ساز کرا.
- پێشکەشکردنی سیمینارێک لە (دیترۆیت) سەبارەت بە(یاسا و مافی مرۆڤ لە کوردستانی عێراقدا).

- سازدانی چەندین سیمینار و کۆڕی جۆراوجۆر سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ هەروەک: سیمیناری تیرۆر و مافی مرۆڤ، سیمیناری (مافی مرۆڤ لە ڕووی یاساوە) کە بەهاوکاری لەگەڵ لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردن لە کۆلیژی یاسا ساز کرا، سیمینارێک لە کۆمەڵەی هیوای عێراقی، چەند سیمینارێک لە کۆلیژی پۆلیس، سیمیناری (ئەوەی پێی دەڵێن تاوانی شەرەف) لە بنکەی کاوەی ڕۆشنبیریدا، ئامادەکردنی کۆڕێک لەسەر گرنگیی جاڕدانی مافی مرۆڤ لە کۆلیژی یاسا و ڕامیاری.
- پێشکەشکردنی چەندین وانەی جۆراوجۆر لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم، هەروەک: وانەیەک لەسەر (کوردستانی عێراق وەک نموونەیەکی دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لە شاری تۆرینتۆ لە کەنەدا، چەند وانەیەک لە سەر (پەیوەندیی کورد و ئەمریکا لە چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەمدا) لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن، پێشکەشکردنی چەند وانەیەک دەربارەی (پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە عێراق) لە دانمارک، چەند وانەیەک لە بنکەی توێژینەوەی کوردی لە زانکۆی فلۆریدا، وانەیەک دەربارەی پەروەردەی مافی مرۆڤ لە ناوچەی ڕزگاری لە هەولێر و وانەیەک لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی دهۆک.

### چوارەم: پرۆژە پێشکەشکراوەکانی بواری مافی مرۆڤ

١- بۆ نەهێشتنی پێشێلکاری و جیاکاری دژ بەئافرەتان، وەزارەتی مافی مرۆڤ چەند پرۆژەیەکی دەربارەی لابردن و هەموارکردنی ئەو یاسایانەی کە لەگەڵ بەندەکانی مافی مرۆڤ و بنەما سەرەکییەکانی مافی ئافرەتدا گونجاو نین پێشکەش کردووە، هەروەک مادەکانی تایبەت بەکوشتنی ئافرەت بەبیانووی پاراستنی شەرەف.

٢- هاریکاری ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کرا بۆ دامەزراندن و ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ماڵی خانزاد، کە تایبەتە بەچارەسەرکردنی ئەو ئافرەتانەی کە دووچاری گرفتی دەروونی دەبن.

٣- ڕۆژی ٢٠٠٢/١١/١٩ پرۆژەی جاڕنامەی مافی زیندانی و گیراوان لە لایەن وەزارەتی مافی مرۆڤەوە پێشکەش بەسەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران کرا. مەبەست لەم پرۆژەیە چاککردنی باری زیندانیان و ڕەچاوکردنی ڕێنمایی و یاسا نێودەوڵەتییەکانە بۆ هەڵسوکەوت لە گەڵیاندا.

٤- بەمەبەستی شارەزابوونی منداڵان لە ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ و

بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی پاراستنی مافەکانی منداڵ، نامیلکەی (مافەکانی منداڵ) بەوێنەی ڕەنگاوڕەنگ و بەهەردوو زاراوەی زمانی کوردی و، بەزمانی سریانی و تورکمانی و عەرەبی ئامادەکراوە و لەژێر چاپدایە.

٥- نووسینی ڕاپۆرتی ساڵانەی تایبەت بەباری مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا. ڕاپۆرتەکە زۆر بواری جیاجیا دەگرێتەخۆ هەروەک: ڕەوشی یاسایی و ئایینیی هەرێم، بارودۆخی کەمە نەتەوەکان، باری منداڵ و ئافرەتان، پێشکەوتن و گرفتەکانی بواری پەروەردە و تەندروستی و زۆر بواری تر.

**پێنجەم: کردنەوەی خول**

١- بۆ برەودان بەچالاکیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە کۆمەڵدا و دیاریکردنی ئەرک و مافەکانیان لە هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی هەماهەنگی لە نێوانیاندا، وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ڕۆژانی ١٧ تا ٢٦ / ٨ / ٢٠٠٢ خولێکی بۆ ئەو ڕێکخراوانە سازکرد. لە خولەکەدا چەندین بابەتی تایبەت بەکاری ڕێکخراوەکان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و شێوازی داڕشتنی بەرنامەی کارکردن و زۆر بابەتی تر تاوتوێ کران.

٢- لە ڕۆژانی ٢ تا ٢٠٠٢/١١/٧دا، خولی (ستانداردی نێودەوڵەتی مافەکانی منداڵ) بۆ ئەو وەزارەتانە سازکرا کە پەیوەندییان بەبواری منداڵانەوە هەیە، هەروەک وەزارەتەکانی ناوخۆ، داد، پەروەردە، تەندروستی و چاودێریی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ. لەم خولەدا چەندین بابەتی تایبەت بەجاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و جاڕنامەی جیهانی مافەکانی منداڵ و شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵان لە دابونەریت و ئایینە جیاجیاکان و یاسا و دەستوورەکاندا باسیان لێوە کرا.

٣- کردنەوەی ٣ خولی تایبەت بە(ئاسایش و مافی مرۆڤ) بۆ کارمەندانی ئاسایش، کە هەر یەک لەم خولانە ماوەی ٢١ ڕۆژی خایاند.

٤- کردنەوەی خولی فێربوونی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بۆ کارمەند و فەرمانبەرانی وەزارەت.

**شەشەم: چالاکیی جۆراوجۆر**

١- ڕۆژی ٢٠٠٢/٦/١ کەرنەڤاڵێک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵان لە شاری هەولێر سازکرا، بۆئەوەی منداڵانی کوردستان بەمافەکانیان ئاشنا بکرێن و هەست بەوە بکەن کە حکوومەت و پەرلەمان هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەدات.

٢- لە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٨/٣١دا، پێشانگایەکی تایبەت بەئەنفالکراوە بارزانییەکان لە شاری هەولێر سازکرا، کە وێنەی ئەنفالکراو و گوندە خاپوورکراوەکانی گرتبووە خۆ.

٣- بۆ ئاگاداربوون لە باری ژیان و گوزەرانی بەندکراوەکان و چاودێریکردنیان، بەردەوام سەردانی بنکەکانی پۆلیس و چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتان کراوە.

٤- بەبۆنەی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤەوە (٦) هەزار دانە لە نامیلکەی بەندەکانی مافی مرۆڤ چاپ و بڵاوکرایەوە. هەروەها لە یادی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی منداڵدا شانۆی (بووکەڵە) لە لایەن بنکەی ژین بۆ منداڵانی ئیشکەر لە ئۆردوگاکانی دەوروبەری هەولێر و خانەکانی نەوجەوانان پێشکەش کرا.

٥- سەردانی ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵات کراوە و پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵدا دروست کراوە، لەوانەش: سەنتەری دانمارک بۆ مافی مرۆڤ، بەشی مافەکانی مرۆڤ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی دانمارک، دەزگای نێودەوڵەتی بۆ سیستەمەکانی هەڵبژاردن، ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ، پەیمانگەی کوردی لە واشنتۆن، گروپی یاسایی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی، پەیمانگەی دیموکراتیی نیشتمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، پەیمانگەی کۆمەڵگەی کراوە، ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی گەڕان بەدوای زەمینەی هاوبەش، پەیمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی، سەنتەری بارزانی لە زانکۆی ئەمریکا و چەند ڕێکخراوێکی تر.

٦- لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٢دا وەزارەتی مافی مرۆڤ، بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ (٣٨) کتێب و پرۆگرام و بەڵگەنامەی ئامادەکردووە، یان بۆ سەر زمانی کوردی وەری گێڕاون. بابەتەکانیش ئەمانەن:

* فێربوون دەربارەی دەسەڵات.
* فێربوون دەربارەی تایبەتمەندی

* فێربوون دەربارەی بەرپرسیاریەتی.
* فێربوون دەربارەی دادوەری.
* بنەمای دیموکراسی و بەرپرسیاریەتی.
* هەنگاوە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ.
* ئەلفوبێی فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ.
* مافی مرۆڤ و پۆلیس.
* مبادىء الديموقراطية - السلطة.
* مبادىء الديموقراطية - العدالة.
* مبادىء الديموقراطية - المسؤولية.
* مبادىء الديموقراطية - الخصوصية.
* بێریڤانی ماسی فێری تایبەتمەندی دەبێت (ڕابەری مامۆستا).
* دليل ادارة السجون وحقوق الانسان.
* چەند دەقێکی گرنگ لە مەڕ مافی مرۆڤ و پۆلیس.
* بەندەکانی مافی منداڵ.
* جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ.
* ملحق ادارة برامج المتطوعين.
* مافەکانی خۆت بناسە.
* چۆنیەتیی نووسینی پێشنیار.
* ماهي الديموقراطية.
* برنامج عمل المنظمات الغير حكومية NGO.
* أسس التواصل داخل المنظمات.
* حقوق الانسان الاساسية.
* اختيار القضية الصحيحة.
* استراتيجيات فعالة لحملات التطوع.
* الائتلاف والشبكات.

* التخطيط الاستراتيجي.
* المتطوعون قيمة لاتقدر بثمن.
* المصدر - دليل كامل للاعمال والتخطيط الاستراتيجي.
* الخطوات الضرورية.
* حكم القانون.
* تقنيات التطوع.
* بناء الائتلاف والانخراط فيها.
* كيف تحل المشاكل للمجتمع.
* دليل لعقد اجتماعات ناجحة.
* نموذج دليل لتحضير اقتراحات مشاريع.



بەڕێز وەزیری مافی مرۆڤ لە سیمینارێکدا



یادی ڕۆژی جیهانیی منداڵان



پێشانگەی ئەنفالەکان



ڕۆژی جیهانیی منداڵان

# کاروباری پێشمەرگە

# کاروباری پێشمەرگە

کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی تەواوی بەدابینکردنی پێداویستییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە داوەو بودجە و توانا و پشتگیریی پێویستی بۆ ڕەخساندووە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەشێوەیەکی ڕێکوپێک سەرپەرشتیی ئیدارەی لەشکری کوردستان بکات و هەلومەرجی پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی توانای بەرگریی ئەو لەشکرە دەستەبەر بکات. لەشکری کوردستان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە سوود لە زانستە سەربازییە نوێیەکان و ئەزموونی پێشمەرگایەتیی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان وەربگرێت و، لە ڕێگەی پەرەپێدانی شێوازەکانی مەشق و ڕاهێنان و ئەندازەی سەربازی نوێ و بەکارهێنانی تەکنیکی تازەوە، بەرەو پێکهێنانی لەشکرێکی نیزامی هاوچەرخ هەنگاو بنێت، لەشکرێک کە بیروباوەڕی پارتی و ڕێبازی بارزانی بکاتە مەشخەڵی ڕێگەی خەبات و، بەچاکترین و کاریگەرترین شێوە بەرگری لە ئەزموونی ئازادی و دیموکراتی گەلەکەمان بکات.

ئەمەی خوارەوەش گرنگترین کار و چالاکییەکانی ساڵی ٢٠٠٢ی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە بواری ڕێکخستن و پەرەپێدانی کاروباری پێشمەرگەدا:

١- ئەکادیمیای سەربازی لە زاخۆ کە یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی ئەزموونی گەلەکەمان، بەپێی پرۆگرامێکی هاوچەرخ وانە و مەشقی سەربازیی پێشکەوتوو پێشکەش بەقوتابیانی خولەکان دەکات و، بەردەوام ئەفسەری بەتوانا و لێهاتوو بۆ ڕیزەکانی لەشکری کوردستان پێ دەگەیەنێ. تا ئێستا زیاتر لە ٥٠٠ ئەفسەر لەم ئەکادیمیایەدا خوێندنیان تەواو کردووە و لەناو ڕیزەکانی لەشکری کوردستاندا ڕێک خراون. ئێستاش قوتابیانی خولی شەشەم درێژە بەخوێندن و مەشقی سەربازی دەدەن و، لە ماوەیەکی نزیکدا وەکو ئەفسەری لەشکری کوردستان خزمەتی گەل و وڵاتەکەیان دەکەن.

٢- تا ئێستا ٥ فێرگەی سەربازی لەسەر شێوازی نوێی سەربازیی دامەزراون. لەم فێرگانەدا پێشمەرگە بەشێوازی سەربازیی ڕێک دەخرێن و، چەندین مامۆستای شارەزای خاوەن ئەزموون وانە دەڵێنەوە و مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بەپێشمەرگە دەکەن.

٣- بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجی بەرگریکردن بەشێوازی نوێ، لەشکری کوردستان لە هەر شوێنێک بەپێویستی زانیبێ، قەڵا و بنکەی سەربازیی پتەوی دروست کردووە، بۆ ئەوەی پێشمەرگە بتوانێ بەشێوەیەکی کاریگەر ڕووبەڕووی هەر دەستدرێژی و پەلامارێک ببێتەوە و بەرگری لە خاکی نیشتمان بکات. جیا لەوەش بەشی پرۆژەکانی لەشکری کوردستان دەیان پرۆژەی دروستکردنی بارەگا و خانووی پێشمەرگە و کردنەوەی ڕێگاوبان و دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی ئەنجام داوە.

٤- لە ڕوانگەی خەمخۆری بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە ڕۆژگارێک لە ڕیزەکانی لەشکری کوردستاندا خەباتیان کردووە و، لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی کە فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، پرۆژەی یاسای خانەنشینیی پێشمەرگە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری لەسەر درا. بەپێی ئەم یاسایەش گشت ئەو پێشمەرگانەی کە ماوەیەکی زۆر لەناو ڕیزی لەشکری کوردستاندا خەباتیان کردووە و ئێستاش بەساڵداچوون سوودمەند دەبن.

٥- بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، مۆڵەتی شوفێری بە ١٢٠٠ شوفێری لەشکر درا. ئەمەش دوای ئەوەی کە گشت شۆفێرەکان لە خولێکی ٣ ڕۆژەدا بەشدارییان کرد و، تەواوی پێداویستییەکانی وەرگرتنی مۆڵەتیان بەجێ گەیاند، هەر لە پشکنینی پزیشکی و تاقیکردنەوەی میکانیکی و یاسای هاتوچۆوە، تا دەگاتە تاقیکردنەوەی مەیدانی و پراکتیکی.

٦- بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانی ئاسایش و بەجێ گەیاندنی ڕێنماییەکانی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و، لە پێناوی ڕێگە گرتن لە پێشێلکردنی یاسا و قەدەغەکردنی چەک هەڵگرتنی پێشمەرگە لەناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا، ئینزیباتی سەربازی لەناو بازاڕ و بازگەکانی دەوروبەری هەولێر و شوێنە گشتییەکان دانراون.

٧- بەمەبەستی ئاشنا کردنی پێشمەرگە بەبنەما و یاساکانی جەنگ و فریاکەوتنی لێقەوماوان، زیاتر لە ٣٠ کادیری لەشکری کوردستان بەشدارییان لە خولێکدا کرد کە ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی ئەنجامی دا. کادیرانی دەرچووی خولەکەش، لە ڕێگەی وتنەوەی چەندین وانە و موحازەرەی بەردەوامدا، یاسا و ڕێساکانی کاتی جەنگیان بۆ پێشمەرگە شی کردەوە و، داوایان لێ کردن کە جێبەجێیان بکەن.

٨- بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لەناو ڕیزەکانی لەشکری کوردستان و، بۆ ئەوەی زۆرترین

ژمارەی پێشمەرگە فێری خوێندن و نووسین بکرێن، چەندین خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەو پێشمەرگانە کرایەوە کە خوێندەوار نین.

٩- لە هەر یەک لە بارەگای وەزارەتی پێشمەرگە و بارەگای سوپا و فەرماندەییەکاندا، یەکەیەکی کۆمپیوتەر دامەزراوە، کە زۆربەیان بەیەک تۆڕ بەستراونەتەوە. هەروەها بنکەیەکی تایبەت بەئینتەرنێت پێک هێنراوە و، ڕۆژانە هەواڵە گرنگەکانی دنیا لە شێوەی بڵاوکراوەیەکدا بەسەر بەشەکانی ناو لەشکر بڵاو دەکرێتەوە.

١٠- بۆ پاراستنی دارستانەکان و ڕێگەگرتن لەو کەسانەی دارو درەختی خۆڕسک بۆ مەبەستی جۆراوجۆر دەبڕن، وەزارەتی پێشمەرگە بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، لە بەهاری ڕابردوودا هەڵمەتێکی بەرفراوانی بۆ پاککردنەوەی دارستانەکان ئەنجام دا.

١١- لە پێناوی بایەخدانی زیاتر بەبواری تەندروستی پێشمەرگەکانی لەشکری کوردستاندا، نەخۆشخانەی (ڕاپەرین) بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگە و خانەوادەکانیان کرایەوە.



بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە لە نێوان کادیر و ئەفسەرانی لەشکری کوردستاندا



خۆنواندنی لەشکری کوردستان



خۆنواندنی لەشکری کوردستان



ئەکادیمیەی عەسکەریی زاخۆ



خۆنواندنی سەربازیی لەشکری کوردستان



خۆپیشاندانی سەربازیی
لەشکری کوردستان



بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە



خۆنواندنی سەربازی

# دەزگای شەهید

# دەزگای شەهید

بایەخدان بەجێبەجێ کردنی ئیشوکاری خانەوادە و کەسوکاری شەهیدان و هاوکاری کردنیان لە ڕووی دارایی و دابەشکردنی زەوی و دابینکردنی خانووبەرە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پەروەردەیی و تەندروستی و هی تر ئەرکی سەرەکیی سەرشانی دەزگای شەهیدە، کە بەپشتیوانی و ڕێنوێنیی سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی دامەزراوە.

دەزگای شەهید لە پێناوی ڕێکسختنی لیستێکی دروست و تەواو بەناوی سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەرفرازی گەل و نیشتمان و، لە بواری خزمەتکردنی خێزان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیداندا زۆر کار و چالاکی ئەنجام داوە.

دابینکردنی مووچەی مانگانە و دابەشکردنی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەسەر خانەوادەی شەهیدان و، دروستکردن و دابەشکردنی زیاتر لە (٥٠٠) خانوو و بەخشینی هەزاران پارچە زەوی و، هاوکاری کردنی خانەوادە و کەسوکاری شەهیدان لە ڕووی گەیاندنی خزمەتگوزاریی پەروەردەیی و تەندروستی و، دابەشکردنی کەلوپەل و زۆر ئاسانکاریی دیکە، ئەمانە هەموویان بەڵگەی بایەخدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانن بەرەخساندنی هەلومەرجی ژیانێکی ئاسوودە و سەرفراز بۆ منداڵ و خێزان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرنگترین چالاکییەکانی ساڵی ٢٠٠٢ی دەزگای شەهیدە:

١- هەر دوو مانگ جارێک بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام مووچە بەسەر خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دابەش کراوە و، ڕێنمایی پێویست بەبانکەکان دراوە بۆ ئەوەی لەم ڕووەوە ئاسانکاریی پێویستیان بۆ بکرێت.

٢- لە ژێر ڕێنماییی ڕاسپاردەکانی سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی، بایەخ بەژیان و گوزەرانی خانەوادەی شەهیدان دراوە و، لەم ڕووەوە لە ساڵی (٢٠٠٢)دا (٥٢٢) خانووی تازە بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر خانەوادەی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەرفرازی گەلەکەمان دابەش کراوە:

أ- دابەشکردنی ٤٠٢ خانوو بەسەر خانەوادەی شەهیدانی سنووری هەولێر و سلێمانی و کەرکووک، کە لە ئەنجامدا گەڕەکێک بەناوی گەڕەکی سەروەران لەسەر ڕێگەی کەسنەزان لە شاری هەولێر دروست بوو.

ب- دابەشکردنی (١٠٠) خانوو بەسەر خانەوادەی شەهیدانی سنووری دیانا و دەوروبەری.

ج- دابەشکردنی ( ٢٠ ) خانوو بەسەر خانەوادەی شەهیدانی سنووری ناوچەی خەلیفان.
٣- لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی چوارەمدا زیاتر لە ( ٣١٠٠ ) پارچە زەوی بەدوو قۆناغ بەسەر خانەوادەی شەهیدان لە سنووری پارێزگای هەولێر دابەش کراوە. لیستی قۆناغی سێیەمیش کە دابەشکردنی زیاتر لە ١٧٠٠ پارچە زەوی لە سنووری پارێزگەی هەولێر دەگرێتەوە ئامادە کراوە و، دوای تەواوبوونی کارە هونەرییەکان لە تۆمارگەی خانووبەرە و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، بەسەر خانەوادە و کەسوکاری شەهیدان دابەش دەکرێت.
٤- قەرەبووکردنەوەی ئەو زەوییانەی کە کەوتوونەتە هەردوو دیوی شەقامی گولان و، ژمارەیان (١١٢) پارچە زەوی دەبێت، بەپارچە زەویی دیکەی هاوشێوەی خۆیان لە شوێنێکی تردا. ڕێنمایی پێویست بەسەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر دراوە بۆ ڕەخساندنی ئاسانکاریی پێویست لەکاتی تۆمارکردنی زەوییە قەرەبووکراوەکان بەسەر خانەوادەی شەهیداندا.
٥- گۆڕینی ١٩٥ پارچە زەوی لە عەنکاوە کە لە خزمەتگوزاریی شەقام و ئاو و ئاوەڕۆ بێ بەشن، بەپارچە زەویی گونجاوی دیکە کە شایستەی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانن و خزمەتگوزاریی پێویستیان بۆ دابین کراوە.
٦- بەدواداچوونی بەردەوام بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ گەڕەکی سەروەران لە شاری هەولێر و، چارەسەرکردنی کەموکوڕیی خانووەکان. هەروەها قوتابخانەی پێویست بۆ منداڵانی شەهیدان لەم گەڕەکە دابین کراوە و هۆی گواستنەوەی قوتابیان بۆ قوتابخانەکان دەستەبەر کراوە. جگە لەوانەش بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خانەوادەی شەهیدانی دانیشتووی گەڕەکی سەروەران دوو لیژنە لە هەمان گەڕەکدا پێک هێنراون..
٧- کردنەوەی عیادەیەک بۆ چارەسەرکردنی خانەوادە و کەسوکاری شەهیدان لە شاری دهۆک بەناوی (بنکەی ١٦ی تەباخ) و، دابین کردنی داوودەرمان و دانانی ژمارەیەک پزیشکی شارەزا لە عیادەکەدا. هەروەها پێداویستییەکانی عیادەی خانەوادەی شەهیدان لە هەولێر دەستەبەر کراوە و هەردوو عیادەکەش لەلایەن دەزگای شەهیدەوە سەرپەرشتی دەکرێن.
٨- دابینکردنی ( ٤٠٠ ) هێڵی تەلەفۆن بۆ کەسوکاری شەهیدان لە شاری هەولێر.
٩- ئاسانکاریی پێویست بۆ ئەنجامدانی مامەڵەی بەناوکردن یان فرۆشتنی زەویوزاری شەهیدان پێشکەش کراوە و، ڕێنمایی بەدامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم دراوە بۆ

ڕەخساندنی ئاسانکاریی پێویست و جێبەجێ کردنی ئیشوکاری خانەوادەی شەهیدان.
١٠- بەهەماهەنگی لەنێوان دەزگای شەهید و وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بڕیار درا لە نیوەی کرێی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە لەلایەن کەسوکاری شەهیدانەوە بەکرێ گیراون چاوپۆشی بکرێت.
١١- دروستکردنی فۆڕمێکی نوێ بۆ پێداچوونەوەی مامەڵەی شەهیدان بەپێی ئەم فۆڕمە تازەیە. ڕێنماییی پێویست سەبارەت بەچۆنیەتیی پڕ کردنەوەی فۆڕمەکە بەگشت لقەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دراوە و، بۆ هەمان مەبەست دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەنجام دراوە.
١٢- بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە مامەڵەی شەهیدان و کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەنامەی پێویست سەبارەت بەچۆنیەتیی شەهیدبوونی هەر شەهیدێک بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە لیستێکی ورد و ڕێکوپێک بۆ ناوی سەرجەم شەهیدان ڕێک بخرێت.
١٣- بەشداریکردن لە یاد و بۆنەکانی مانگی ئادار و سازدانی کاروانێکی گەورە بۆ سەردانی مەزاری نەمران لە بارزان. کاروانەکە لە (١٠٠) کۆستەر پێک هاتبوو و ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکار و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان بەشدارییان لەم کەرنەڤاڵەدا کرد.
١٤- بەهاوکاری لەگەڵ سەنتەری خاتووزین دوو خولی دروومان بۆ ئافرەتانی خاوەن شەهید و، خولێکی کۆمپیوتەر بۆ کۆمەڵێک کچە شەهید لە سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین کرانەوە.
١٥- دابەشکردنی زیاتر لە ٥٠٠ جووت پێڵاو بەسەر منداڵانی شەهیدان لە قوتابخانەی گەڕەکی سەروەران و، سازدانی ئاهەنگێک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵان بەهاوکاری لەگەڵ سەنتەری خاتووزین لە باخچەی گڵکەند، کە زیاتر لە ٥٠٠ منداڵە شەهید بەشدارییان تیادا کرد.
١٦- ئامادەکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بەناوی (ئاواتی شەهید)، کە باس لە خەبات و قوربانیدانی شەهیدان دەکات و، لە هەمان کاتدا داواکاری و سکاڵای خانەوادەی شەهیدان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرز دەکاتەوە. هەر لە ڕێگای ئەم بەرنامەیەوە ژمارەیەکی زۆر لە خانەوادەی شەهیدان بەسەر دەکرێنەوە.

## ناوەڕۆک

پێشـەکی ........ 17
وتاری بەڕێز سەرۆک مسعود بارزانی لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن ........ 19
وتاری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا ........ 24
وتاری جێگری سەرۆکی حکوومەت بەڕێز سامی عەبدولڕەحمان لە کۆنفراسی دانیمارک ........ 30
وتاری بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران ........ 33
پوختەی چالاکییەکانی کابینەی چوارەم لە ماوەی سێ ساڵدا ........ 43
دارایی و ئابووری ........ 91
پاراستنی ئەمن و ئاسایش ........ 111
داد و سەروەری یاسا ........ 125
پەروەردە ........ 143
خوێندنی باڵا ........ 161
تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی ........ 185
کشتوکاڵ و ئاودێری ........ 209
پیشەسازی و وزە ........ 265
گواستنەوە و گەیاندن ........ 279
ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان ........ 295
ئەشغال و نیشتەجێکردن ........ 319
شارەوانی و گەشتوگوزار ........ 345
ڕۆشنبیری ........ 419
ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ........ 431
یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری ........ 443
مافی مرۆڤ ........ 461
کاروباری پێشمەرگە ........ 473
دەزگای شەهید ........ 483